ژمارە ١١ی بەهاری ٢٠٢٥

شازدەی چوار

گۆڤاریێکی تایبەتە، ساڵانە لە یادی کیمیابارانکردنی شێخوەسان و بالیسان دەردەچێت

- پەیامی وەزارەتی ژینگەی عیراق
- ڕۆمانووس ئارام موحەممەد لە دیدارێکی تایبەتدا
- ئیش و کاری جارانی ژن لە خۆشناوەتی
- بەرەو روانین لەپرسی ژینگە وەك خەمێکی نەتەوەیی
- لە ژەهری گازی کیمیاییەوە بۆ فێستیڤاڵی تریێی ڕەشمیریی
- لە سەردەشتەوە

حەلیم خان ژنێك لە لوتکەدا

جوانتر دروستی دەکەینەوە!

سەرنوسەر

مێژووی ئەو مەملەکەتە خێر لەخۆ نەدیوە، تژییە لە تراژیدیا، پڕیەتی مالوێرانی و دەربەدەری، نەیارانی ئەو میللەتە تا تڕۆپکی دڵڕەقی مامەڵەیان لەگەڵدا کردووین و دەشیکەن. جینۆسایدی گەلی کورد، وەک یەکێک لە سێ تاوانە گەورەکانی جینۆساید لە جیهاندا دەناسرێ، لێ ئێمە بێباکیمان سنوری تێپەراندووە، لەهەموو ئاستەکاندا لە ئاست ئەو تاوانکاریە گەورەیەی سەدەی بیستەم کەم تەرخەم و نەزان و بێبابکین... ئێمە کۆمەڵکوژکراوین، کۆمەڵکوژ، کەچی هێشتا بە دەست نەخۆشی خێل و گەڕەک و شارچێتیەوە دەتلێنەوە، هێشتا دوای سی و چوار ساڵ حوکمڕانی نەمانتوانیوە ئەو کەیسە تەنانەت وەک پێویست بیخەینە ناو پرۆگرامەکانی خوێندنیش! گەروەتر بڕوانین چی پێچەوانەیە ئەوەمان کردووە، هێندە نەزانین سەرەڕای بەخشینی جاش و موستەشارەکانی ئەوێ ڕۆژێ، (کە پێشتر دەیانگوت بە سزای گەلیان دەگەیەنین!) باشترین پۆست و باشترین زەوییەکانی ئەو نیشتیمانەشمان پێبەخشیون! ڕۆژانە هەمان ئەو دەسەڵاتدارانەی ئەوی ڕۆژێی سەردەمی بەعس ڕووبارانە بە ڕەتڵێک ئوتومبێل و پاسەوانەوە بەهەمان نزمی ئەوکاتی بەبە ردەممانداا تەراتێنیانە!.

بێباباکانە بەدیار مەرگی بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی و شایەدحاڵانی ئەنفال وەستاوین، بە دونیایەک میدیای زەبەلاح و دام دەزگای ئەکادیمی و فەرمییەوە زاتی بە ئەرشیفکردنی مەرگەسات و ڕووداوەکانیش وەک پێویست نیە!

شۆڕشگێرانی ئەوێ ڕۆژێ، ئەو دەمەی وێرانکاری دەگەیشتە لوتکە دەیانگوت (جوانتر دروستی دەکەینەوە)، چەند جوانتر دروست کرایەوە! لە ساڵی ١٩٩٢ دیمانەی کەسێک کراوە کە خاوەنی ١١ شەهیدە، لە دیمانەکەدا دەڵێ: "داواکارین جادەمان لۆ چاکبکەن و دختۆرمان لۆ دابین بکەن" ئێستا کە ٢٣ ساڵ بەسەر داواکاری ئەو کەسە خاوەن شەهیدەدا تێپەڕیوە هەمان قەوان دووبارە دەبیتەوە، تکایە ڕێ و بانی ئەو ناوچەیە چاک بکەن و خەمێک لەو هەموو بریندارانەی چەکی کیمیایی بخۆن!

چەند شەرمە دوای ئەو هەموو ماوەیە هێشتا داوای خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بکرێت!

شازدەی چوار

ژمارە ١١ی بەهاری ٢٠٢٥

لەم ژمارەیەدا...

- جێنۆساید، لەگفتارەوە بۆکردار ڕەشکردن، دواتر لەگۆڕنان ل٢٠
- کوردستانی نوێ و یەکەم یادکردنەوەی کیمیابارانی شێخوەسان و بالیسان ل٧٤
- تەندوستی دەرونی لای بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی ل٧٨
-ژینگەی خۆشناوەتی بەرەو کوێ؟ ل١٧٠

سوپاس و پێزانین...

- بەناوی ستافی گۆڤارەکەمان، سوپاسی بێ پایانی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە بەناردنی بابەت و سەرنج و تێبینیەکانیان لە دەرکردنی ئەم ژمارەیە هاوکارمان بوون..

- زۆر سوپاسی بەڕێز ماموستا خدر مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەڵبەندی ٦ی سۆران و دامەزراوەی خەرجیەکانی سەربە مەکتەبی دارایی و ئیدارەی گشتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەکەین کە ئەرکی چاپکردنی ئەم ژمارەیان گرتە ئەستۆ

خاوەنی ئیمتیاز

کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباران و ئەنفالی خۆشناوەتی

سەرنوسەر

توانا موسلیح موحەممەد

0750 109 0661

0771 174 3737

ستافی نوسین

صالح ئەکرەم حەیدەری

سەردار عەبدولڕەحمان شێخوەسانی

کەریم عەبدوڵڵا هەرتەلی

ئەحمەد موستەفا زەکی

موحەممەد جەمال توتمەیی

چاپ

چاپخانەی شەهاب - هەولێر

٠٧٥٠٤٤٨٣٨٦٣

فۆتۆی بەرگ

سەنگەر شەهید محمد بیکەیسی

دیزاینی شازدەی چوار

توانا موسلیح

سۆران تاودەر

ئەو بابەتانەی لە گۆڤاری شازدەی چوار بڵاودەکرێنەوە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکەی دەکات گۆڤارەکە لێی بەرپرس نییە

پێڕستی شازدەی چوار

ووتارو لێکۆڵینەوە:

دیسان ٤/١٦	٤
پەیامی وەزارەتی ژینگەی عیراق	٥
کۆمەڵکوژی لە دۆڵی بالیساندا	٧
ئێمە لە چاوی ڕۆژنامەوانێکی بیانییەوە	١٤
کۆتایی یادکردنەوەکان	١٦
جینۆساید...سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی	١٨
جێنۆساید، لەگفتارەوە بۆکردار ڕەشکردن، دواتر لەگۆڕنان	٢٠
جینۆسایدی کورد لە چوارچێوەی یاساو پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان	٢٧
پێشنیارێکی پێویست	٢٩
قوربانیدانی دەقەرێک.....	٣٣
ئازارە لەبیرنەکراوەکان	٤١
دواهەمین شەهید	٤٣
بە بەر کیمیا کەوتنم لە گوندی وەرێ	٤٥
دەنگی سروشت و ڕای قەڵەم!	٥٠
هۆکاری سەرەتایی خۆپارێزی خەڵکی خۆشناوەتی	٥١
لە ڕووداو دا، ژیان شکۆمەندی هەیە؟	٦١
حەلیم خان، ژنێک لە لوتکەدا	٦٢
گەیشتن بە ناسنامەی مرۆڤایەتی	٦٣
کیمیابارانی دۆڵی خۆشناوەتی	٦٤
لاپەڕەیەکی گەشی بەشێک لە شەهیدانی شێخ وەسانان	٧٢
کوردستانی نوێ و یەکەم یادکردنەوەی کیمیابارانی شێخوەسان و بالیسان	٧٤
کیمیاو خەردەل (شیعر)	٧٧
لە کیمیا بارانەوە بەرەو پێشکەوتنی بواری وەرزش	٧٧
تەندوستی دەرونی لای بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی	٧٨
کتێبی گەشت بەناو بریندا	٨٢
شێخ محەمەد بالیسانی وەک نوێکەرەوەیەکی	٨٤
سەردەمی ڕژێم و دوای ڕاپەرین. هەستی نیشتیمانپەروەری و	٨٩

دیمانەو بەدواداچوون

کیمیابارانی خۆشناوەتی لە زمانی پێشمەرگەیەکەوە	٩١
دوو دیمانەی تایبەت	٩٩
دیمانەیەک لە گەڵ رۆمانnوس ئارام موحەمەد	١٠٩
شوکریە موحەمەد، بەرکەوتووی چەکی کیمیایی.....	١١٤
بریندارانی کیمیابارانی مەلەکان بۆ شازدەی چوار دەدوێن	١١٦

لە سەردەشتەوە

دۆسیەی سەردەشت بۆچی؟	١١٩
ڕاستی چیرۆکی کارەساتی مام قوربانیە	١٢٠
بەسەرهاتی شەهیدبوونی شارێک... وتوویژ لەگەڵ مستەفا ئەسەدزادە	١٢٩
دیمانە لەگەڵ عومران نیکدوست	١٣٤
ئێرە سەردەشتە بەکاتی بەغدا	١٣٩
دوو شیعری ئەمیر رەشیدی (دڵبەخوێن)	١٤٢
چارەنووسم بەستراوە بە مڕەی سەگێکەوە	١٤٣

مێژوو و کەلتور

ئیش و کاری جارانی ژن لە خۆشناوەتی	١٤٤
ئاشی ئاو	١٤٧
حاجی حوسێن شێخ وەسانی پیاوێک لە پەڕەی گوڵدا	١٤٩

ژینگەو چەکی کیمیایی

بەرەو روانین لەپرسی ژینگە وەک خەمێکی نەتەوەیی	١٥٢
چەکی کیمیایی	١٥٤
ژینگە لەبەردەم چەکی	١٦٨
ژینگەی خۆشناوەتی بەرەو کوێ؟	١٧٠
چەکی کیمیایی لە مێژووەوە تا کیمیابارانی...	١٧٣
لە ژەهری گازی کیمیاییەوە بۆ فێستیڤاڵی تریێ ڕەشمیریی	١٧٦
باڵندەکانی خۆشناوەتی	١٨١

دوا دێڕ

نەوەی دوای تراژیدیا	١٨٣

دیسان شازدەی چوار



ئاریز عەبدوللا

هێشتا حکومەتی هەرێم لە ناساندنی تراژیدیاکانی گەلەکەمان نەک لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بگرە لەسەر ئاستی ناوخۆیش بناغەیەکی وای دانەناوە کە جێگای ئومێدێکی گەورە بێ

شازدەی نیسانی ١٩٨٧ ئەو ڕۆژەیە، کە بۆ یەکەمجار ڕژێمی داگیرکەری بەغدا ئاوایی شێخ وەسان و کانی بەرد و بێراوە و بالیسانی بەچەکی قەدەغەکراوی کیماوی بوردمانکرد، دواتریش چەندین جاری تر هەموو گوندەکانی دۆڵی بالیسان و دۆڵی ئالانە و دۆڵی مەلەکان لە ناوچەکە گیمیاباران کران و بەو هۆیەشەوە دەیان هاوڵاتی لە پیر و پەککەوتە و گەنج و منداڵ و ژن و پیاو شەهید و بریندار بوون. ٢٤سەعات تێنەپەڕی، لە کەرپولاڵیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بەو تاوانانە دەڤەری جافایەتیشی بەهەمان شێوە بوردمان کرد. لەوە بەدواوە کیمیابارانکردن لەلایەن ڕژێمی بەغدا بوو بە پلان و خەڵکی کوردستانیش ناچار خۆی لەگەڵ ڕاهێنا، بەڵام ڕژێم ڕۆژ دوای ڕۆژ ئۆپەراسیۆن و بۆردومانەکانی فراوانتر و بەهێزتر کردن تا کاری گەیاندە ئەنفال و کۆمەڵکوژکردنی هەموو خەڵکی کوردستان

مێژووی ئێمە پڕ لە یادەوەریی لەو بابەتەیە، زێدەڕۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی دوازدە مانگی ساڵ نییە کارەساتێکی گەلەکەمانی تێدا نەقەومابێ. ئێمە ساڵانە یادی ئەم ڕۆژانە دەکەینەوە و هەر بەو بۆنەیەشەوە شازدەی چوار کراوەتە ڕۆژی ژینگەی کوردستان، بەڵام هەر ئەو یادکردنەوە نەریتیانە بەس نین، بەڵکو دەبێ یادکردنەوەکان بەشێوازێک بن کە لە کۆ هەست و نەستی گەلەکەماندا وا جێگیر ببن تا هەتایە بۆ پەند لێوەرگرتن لە یاد نەچنەوە.

لەبواری ئەدەبی و هونەری (چیرۆک، ڕۆمان، شعر، نیگار، شانۆ، فیلمی سینەمایی دیکۆمێنتاری و ...) هێشتا ئەوەندە کەمان هەیە بەپێوەرێکی سەد پلەیی پلەیەکیان نەبڕیبێ. پێویستە لەو بوارانەدا نەک هەر بۆ خۆمان، بەڵکو بۆ جیهانیش ئەو چیرۆک و داستان و مەینەتیانە بە جوانترین و مۆدێرنترین شێوە بگێڕینەوە، تەنانەت ئەگەر دەقا و دەقیش بن ڕەنگە بۆ خەڵکی دورە دەست بڕوا کردە نەبن. هێشتا حکومەتی هەرێم لە ناساندنی تراژیدیاکانی گەلەکەمان نەک لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بگرە لەسەر ئاستی ناوخۆیش بناغەیەکی وای دانەناوە کە جێگای ئومێدێکی گەورە بێ

لە خوێندنگە و زانکۆکان وەکو پێویست ئەو ڕووداوە تراژیدیانە ناخوێندرێن و پارەی پێویست بۆ نوسین و وەرگێڕان و فیلمە دیکۆمێنتاری و سینەماییەکان تەرخان نەکراوە. بۆیە لێرەدا ئەو ڕەخنانە دەگرم تا سەرنجی کاربەدەستەکانی وڵاتەکەم بۆ ئەو بابەتە هەستیارە ڕاکێشم، بەڵکو لەمەودوا ئەرکی سەرشانیان باشتر جێبەجێ بکەن و ساڵ دوای ساڵ باشتر و گونجاوتر یادەکان بکەینەوە و مێژووی ڕاستەقینەی گەلەمان بنوسینەوە

لە کۆتاییدا درود بۆ گیای پاکی شەهید و بریندارانی کیمیابارانی دۆڵی بالیسان سەرجەم ناوچەکانی کوردستان دەنێرم

بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و کاریگەرییە ئەخلاقییەکانی

ئەو تاوانە دڕندانەیانەی کە ڕژێمی بەعس لە دژی مرۆڤایەتی و سروشت ئەنجامی دان

مێژووی کۆن و هاوچەرخ، شاهیدی هەموو جۆرە تاوانێکی دڕندانە و قێزەون بووە، کە دژی مرۆڤایەتی ئەنجامدراوە، بەڵام کەمێک لەوانە بەراورد دەکرێن بە ترسناکیی بەکارهێنانی قێزەونترین تاوان، کە ئەویش بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بوو لەلایەن ڕژێمی سەدام حسێن و باندەکەی بەرانبەر گەلانی ئاشتیخواز.

بۆردومانکردنی شاری بێتاوانی هەڵەبجە لە ١٦ ئازاری ساڵی ١٩٨٨ کە ئەمڕۆ مانگێک بەسەر ٣٧ـەمین ساڵیادی ئەو کارەساتە تێدەپەڕێت، وە لە پێشتریش کیمیابارانکردنی ناوچەکانی دیکەی کوردستان، وەک تاوانی کیمیابارانکردنی خەڵکی سڤیلی شێخ وەسان و بالیسان لە ١٩٨٧/٤/١٦، کە بۆ یەکەمجار ڕژێمی لەناوچووی بەعس چەکی کیمیایی بەکار هێناو شەهیدو قوربانی لێکەوتەوە، وە دواتر کیمیابارانکردنی ناوەچەکانی تری وەک سێوسێنان و و گۆپتەپەو عەسکەر و دۆڵی مەلەکان و گەرەوان و بادینان و چەندین شوێنی تری کوردستان، هاونیشتیمانیان و ژینگەی وولات تیایدا بوونە قوربانی. ئەو تاوانکاریە دەرهەق بە هاوڵاتیان و ژینگە یەکێک بوو لە تاوانە قێزەونەکانی سەردەمی مۆدێرن کە ڕژێمی پێشوو دڕندەترین چەکی کیمیاوی بەکارهێنا و بەهۆیەوە کۆمەڵکوژییەکی ترسناکی لێکەوتەوە و هەزاران هاوڵاتی بێتاوان گیانیان لەدەستدا و زیاتر لە دەیان هەزار کەسی دیکەش بریندار بوون، لە نێویاندا گەنجان و ژن و منداڵ و بەساڵاچووان

هەڵەبجە و شێخ وەسان و بالیسان و ناوچەکانی تری کیمیابارانکراو، وەک بریندکی ساڕێژنەکراو دەمێنێتەوە، ئەو گازە ژەهراوییە جیاوازی نەکرد لەنێوان مرۆڤەکان بە پیاو و ژن و منداڵیشەوە، تەنانەت ئاژەڵ و باڵندە و سروشتیشی تووشی چارەنووسێکی هاوشێوە کرد، خاک و ڕووەکەکان زیانیان پێگەیشت و بەم هۆیەوە زەوییەکە بۆ ماوەیەکی زۆر بەکەڵکی ژیان نەهات.

ئەم تاوانە پەیامێکی ڕوونبوو کە ڕژێمی سەدام نەک هەر شەڕی خەڵکی بێدەسەڵاتی خۆی دەکرد، بەڵکو شەڕی مرۆڤایەتی و خودی سروشتیشی کرد. شەڕی سروشت و ژینگە تاوانەکانی ڕژێمی پێشوو تەنها بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی سنووردار نەبوون، بەڵکو دریژبووەوە

بۆ بەرەنگاربوونەوەی ژینگە بەشێوازی جۆراوجۆر، دیارترینیان ئاوەڕۆی تالاوەکانی باشووری عێراق بوو.

ئەم پڕۆژە تاوانکارییەی ڕژێمی بەعس، ئامانجی بنەبڕکردن و سزادانی شێوازی ژیانی دانیشتوانی ناوچەکە بوو، بەڵام کارەساتێکی ژینگەییشی لێکەوتەوە کە کاریگەرییەکانی تا ئەمڕۆش بەردەوامن. سەرچاوە ئاوەکان وشک بوون، باڵندە و ماسییەکان لە شوێنی سروشتی خۆیان کوژران و ئاوارە بوون، خاکی کشتوکاڵیش تێکچووە، ئەمەش گۆڕانکارییەکی جددی دیمۆگرافی و ئابووریی بەدوای خۆیدا هێناوە. کاریگەری ئەخلاقی ئەم تاوانانە تا ئێستاش بوونی هەیە. کاریگەری ئەم تاوانانە تەنها لە زیانەکانی جەستەیی و ماددیدا سنووردار نییە، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ کاردانەوەی قوڵی دەروونی و ئەخلاقی. کاتێک مرۆڤ لە شارەکەی خۆیدا دەکوژرێت، و ئەو سروشتەی کە ڕۆژێک لە باوەشی گرتبوو، لەناو دەچێت، ڕزگاربووەکان هەست بە بێدەسەڵاتی و بێهیوایی دەکەن و دیمەنی ئازار و وێرانکاری لە یادەوەریی بەکۆمەڵدا چەسپاوە.

هەروەها ئەم تاوانانە پەڵە لەسەر وێژدانی مرۆڤەکان بەجێدەهێڵن و زیاتر هۆشیارییان دەدەنەوە لە مەترسییەکانی ستەمکاری و دیکتاتۆرییەت و پاڵنەریان بۆ داوای دادپەروەری و لێپرسینەوە. پێویستە بەردەوام لەبیرت بێت و لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە ئەوەی لە کوردستان و تالاوەکان و شارەکانی تر ڕوویدا نابێت لەبیر بکرێت. ئەرکی گەلی عێراق و هەموو گەلانی ئاشتیخوازە، سالانە ئەو کارە دڕندەییانە لەبیر نەکەن، نەک تەنها بۆ یادکردنەوەی قوربانییەکان، بەڵکو بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە تاوانانە لە داهاتوودا.

> **"یادکردنەوەی هەڵەبجە و دۆڵی بالیسان و ئەنفال و قوربانیانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، دووپاتکردنەوەیەکە کە دادپەروەری لەبیرنەچێتەوە"**

یادکردنەوەی هەڵەبجە و دۆڵی بالیسان و ئەنفال و قوربانیانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان دووپاتکردنەوەیەکە کە دادپەروەری لەبیرنەچێتەوە، مرۆڤایەتیش ڕێگە نادات کارەساتی لەمشێوەیە دووبارە ببنەوە. لە کۆتاییدا ڕژێمی لەناوچوو نموونەیەکی بەرچاوی شەڕی بێهودە بوو دژی مرۆڤایەتی و سروشت، ئەمەش وایکردووە ناوەکەی وەک یەکێک لە دڕندەترین ڕژێمەکان لە مامەڵەکردنی لەگەڵ خەڵک و ژینگەکەیدا لە میژوودا تۆمار بکرێت. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو وێرانکارییە، هیوایەک هەیە کە یادەوەری قوربانییەکان وەک چرایەک بمێنێتەوە کە ڕێگای داهاتوو ڕۆشن دەکاتەوە و ئیلهامبەخش بێت بۆ نەوەکانی داهاتوو بۆ بنیاتنانی عێراقێک کە ڕێز لە ژیان و ژینگە بگرێت و بەهاکانی دادپەروەری و مرۆڤایەتی بەرز ڕابگرێت

وەزارەتی ژینگەی عیراق

کۆمەڵکوژی لە دۆڵی بالیساندا

د. سەرباز مەجید خۆشناو

«تۆڕێنەوە سایکۆلۆژییەکان، ئەوەیان سەلماندووە، کە دەستبردن بۆ کردەی ئەنجامدانی کوشتنی بەکۆمەڵ پەیوەندیی بە بونیادی دەروونیی ئەنجامدەرانییەوە هەیە»

بەرایی

لە ماوەی حوکمڕانیی بەعسییەکان لە عێراقدا، بە مەبەستی سەرکوتکردن و لەناوبردن، گەلی کورد ڕووبەڕووی زۆرترین هێرش و پەلامار بووەتەوە. هەرچەندە پڕەنسیپی هەموو کردە نامرۆڤایەتییەکانیان لەسەر بنەمای ڕووبەڕووبوونەوەی دژە بەعسییەت و دژە دەسەڵات بووە، بەڵام لەجیاتی چارەسەر و لەیەکتر نزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتن و دانان بە مافە ڕەواکانیان، بەچاوی دوژمنایەتی باوەڕیان بە لەناوبردن و سڕینەوەی نەیارەکانیان هەبووە. ئەو باوەڕبوونەی بە عسییەکان بە لەناوبردن (الابادة) لەیەکەم ڕۆژی کودەتا سەربازییەکەیانەوە دەردەکەوێت، کە لە بەیاننامەی ژمارە (١٣)دا بە ڕوونی ئاماژەی پێکراوە؛ هەموو ئەو کەسانە لەناو دەبردرێن، کە دژی کودەتا دەوەستنەوە و بەرگری لە عەبدولکەریم قاسم دەکەن». ئەو بنەمایە لەگەڵ گرتنە دەسەڵات و بەهێزبوونی پێگەی سەربازیی بەعسییەکان قوولتر و ترسناکتر و هەستیارتر بوو، بۆیە نەک هەر لە کوردستان، لە ناوچەکانی دیکەی عێراقیشدا، ئەگەر هەست بە بزاوتێکی نەیارانە کرابێت، هەڵمەتی کوشتنی بەکۆمەڵ بەرامبەر بە دانیشتوانەکانیان ئەنجامدراوە، جیهانیش بە پاساوی کێشەی ناوخۆیی لەبەرامبەر ئەو تاوانانەدا بێدەخلییان هەڵبژاردووە و لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەموو بڕگە و ماددانەی مافی مرۆڤ، کاردانەوەیەکی مرۆڤدۆستانەیان نەبووە

بەعسییەکان هیچ کاتێک لە بەرامبەر گەلی کورددا، سڵیان لە ئەنجامدانی ویستی لەناوبردن نەکردۆتەوە، هەر لە ڕاگواستنی کوردە فەیلییەکان و دەستگرتن بەسەر مووڵک و ماڵی گواستراوە و نەگواستراوەیان و کوشتنی بە کۆمەڵی بارزانییەکان و شەڕی دوژمنکارانە بە مەبەستی سەرکوتکردنی شۆڕش و ڕاپەڕینە کوردییەکان، تا دەگاتە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و هەڵمەتەکانی ئەنفال بۆ لەناوبردنی ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە و ڕاگواستنیان و وێرانکردنی گوندەکان، کە هەموو ئەمانە لە فەرهەنگی سیاسی و عەسکەریدا بە تاوانی گەورەی دژ بە مرۆڤایەتی لەژێر ناوی جیاجیادا پێناسەکراون. لەم نووسینەدا هەوڵدەدین لە چیەتیی و مەبەست و چۆنیەتیی هەندێک لەو چەمکانە بدوێین، کە بە عسییەکان لە چوارچێوەی لەناوبردنی بەکۆمەڵ و پاکتاوی نەژادی لە بەرامبەر بە خەڵکی گوندنشینی دۆڵی بالیسان پیادەیان کردوون

چیەتیی جینۆساید

جینۆساید وەک زاراوە، لە (Genocide)ی یۆنانی وەرگیراوە، کە وشەیەکی لێکدراوە لە (Genos) بە واتای ڕەگەز و (cide) بە واتای کوشتن دێت، بەیەکەوە کوشتنی ڕەگەز دێت. لەڕووی چەمکەوە کوشتنی بەکۆمەڵی ڕەگەزی مرۆڤ دەگەیێنێت، کە وەک ڕێکارێک بۆ لەناوبردن ئەنجامەدرێت. بەو واتایەی لە بنەڕەتدا کردەی جینۆساید ئامانج نییە، بەڵکو هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە ئامانج. جینۆساید بەپێی بڕیاری ژمارە (٩٦)ی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، کە لە ١١/ ١٢/ ١٩٤٨ دەرکرا، وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی پێناسەکراوە، بەو واتایەی تاوانێکە تەنیا دژ بە کۆمەڵێک یان نەتەوەیەک، یان ئاینێک نییە، بەڵکو وەک پێشێلکاری و هەڕەشە بۆ سەر تەواوی مرۆڤایەتی لێی دەڕوانرێت، هەر بۆیە لە چەندین بڕگە و بابەتی دیکەدا ڕێکاری یاسایی بەرامبەر جینۆساید گیراونەتەبەر، وەک بڕیاری دامەزراندنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، کە لە ساڵی ١٩٩٨ زیاتر لە ١٢٠ دەوڵەت واژۆیان لەسەرکردووە.

ڕێکارەکانی ئەنجامدانی جینۆساید فرە ڕەهەند و فرە جۆر و فرە مەبەستن، بەپێی قەبارەی تاوانەکان سنووری جیاوازیان هەیە، بۆ نموونە زۆرجار گوێبیستی دەستەواژەی پاکتاوی نەژادی، یان پاکتاوی ڕەگەزی دەبین. هەرچەندە پاکتاوی نەژادی لە نێو ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکاندا پێناسەیەکی سنووردار و سەربەخۆی بۆ نەکراوە، بەڵام وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. مەبەست لە چەمکی پاکتاوی نەژادی ئەوەیە، کە بەبێ ویست و ئارەزوو، کەسانێک بە ڕاگواستن و دەستبەردارببوون لە شوێن، یان ناسنامە، یان ڕەگەز و ئایینی خۆیان ناچار بکرێن. ئەمەش بە چەندین ڕێکاری دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجامەدرێت، تا دەگاتە ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی و دەست نەپاراستن لە ژن و منداڵ و پیر و کەنەفتەکان. هەموو ئەمانەش بە مەبەستی سەربازی، یان سیاسی، یان ئابووری، یان ئایینی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ ئەنجامەدرێن. بۆیە هەندێک لە شارەزایانی بواری جینۆسیاد، پێیانوایە هەموو ئەو کردانەی دەبنە هۆی کوشتنی بەکۆمەڵ چ ڕاستەخۆ بن، چ ناڕاستەوخۆ، لە چوارچێوەی جینۆسایددا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی هەژمار دەکرێن.

فاکتەری دەروونی و ڕەنگدانەوەی لە کردەی جینوسایددا

تۆڕینەوە سایکۆلۆژییەکان، ئەوەیان سەلماندووە، کە دەستبردن بۆ کردەی ئەنجامدانی کوشتنی بەکۆمەڵ پەیوەندیی بە بونیادی دەروونیی ئەنجامدەرانییەوە هەیە، بۆ نموونە بڕیاربەدەستێکی وەک (هیتلەر) سەرەتای ژیانی منداڵیی لە ناو خێزانێکی پەرتەوازە بووە و لە سایەی شەڕ و ناکۆکیی بەردەوامی دایک و باوکی پەروەردە بووە. (ستالین)یش بە هەمان شێوە، کوڕی باوکێکی هەژاری ئاڵوودە بووە، کە ڕۆژانە بەشێوەیەکی دڕندانە لە خۆی و لەدایکی دراوە. بەپێی تیۆری دروونشیکاریی فرۆید، ئەم ڕووداوانە لە ژیانی منداڵدا، لە دواڕۆژدا ڕەنگدانەوەی نەڕێنییان لەسەر کەسایەتییاندا دەبێت. جا کاتێک ئەوانە بەدەسەڵاتێکی ڕەها دەگەن، سڵ لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە ناکەنەوە. بەو واتایەی زۆربەی جار ئەو بڕیارانە تاکە کەسین و پشت بە پرس و ڕاگۆڕینەوە و لێکۆڵینەوە نابەستن. (سەددام حوسێن) لە ماوەی حوکمڕانیی بەعسییەکاندا وەک کەسێکی بااڵدەست و دواتر وەک سەرۆکی عێراق، کە ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی لە جینۆسایدی کورد و گەلانی دیکەی عێراقدا هەبووە، بەپێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە، (سەددام) لە گوندێک هاتوتە دنیاوە، کە

خەڵکەکەی بە تووندوتیژی و بێ بەزەیی ناسراون، تەنیا دەتوانن لەڕێی هێز و کوشتن و لەناوبردن کێشەکانیان چارەسەربکەن، خودی سەددامیش لە منداڵییەوە کەوتۆتە ژێر دەستی زڕباوکێکی بێ بەزەیی، لەگەڵ ئەوەی منداڵێکی بچووک بووە، بەڵام بەوپەڕی دڕندەییەوە مامەڵەی لەگەڵداکردووە و لێیداوە. سەددام لە منداڵییەوە هەستی بە سۆز و میهرەبانی نەکردووە، ئەمە بووەتە گرێی دەروونی و ئەو تێگەیشتنەی، کە ژیان بەزەیی تێدا نییە. ئەو گرێیە لە زۆر لە وتار و نووسینەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. جگە لەمەش سەددام ئاشنای ڕێچکەی ستالین بووە و کەوتۆتە ژێر کاریگەریی بڕیارەکانی، لەزۆر لە کردەوەکانیدا بۆ مانەوەی لە دەسەڵات هاوشێوەی ستالین ڕەفتاری کردووە. لەبارەی سەددام حوسێنەوە، دکتۆر جیراد بۆست، مامۆستای دەروونناسی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن وتوویەتی: سەددام دووچاری نەرگسسیەت و شێتیی گەورەیی (جنون العظمة) بووە، چێژ لە ئازاردانی خەڵک دەبینێت و لە بەرامبەردا هەست بە پەشیمانی ناکات، هەر ئەمەش وایکردووە، بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ، بڕیار لەسەر چەندین کردەوەی کۆمەڵکوژی و لەناوبردن و ڕاگواستن و زیندەبەچاڵکردنی ژن و منداڵ و خەڵکی بێتاوان بدات و سڵ لە بەکارهێنانی هەرجۆرە چەکێکی کوشندە و قەدەغەکراو نەکاتەوە

جینۆساید لە دۆڵی بالیساندا

ناوچەی خۆشناوەتی بە گشتی و دۆڵی بالیسان بە تایبەتی بە درێژایی مێژووی خەباتی چەکداریی کورد، بە لانکەی شۆڕشەکان ناسراوە، ئەمەش بۆ سەختیی ناوچەکە و بوێریی خەڵکەکەی دەگەڕێتەوە، کە بە ئاشکرا پشتوانی لە شۆڕشەکان بکەن و بەرەوڕووی زوڵم و ستەم و داگیرکاری بوەستنەوە، چاونەترسانە لەو پێناوەدا قوربانی بدەن. دوای ئەوەی بەعسییەکان ماوەیەکی زۆر بەدەست شەڕی

دۆڕاوی دژ بە وڵاتی ئێران لە پاشەکشەی بەردەوامدا بوون، یەکێک لە هۆکاری شکستەکانیان بە بوونی شۆڕشی ناوخۆی چەکداریی کوردەکان دەزانی، لە لاوازترین ساتەکانی دەسەڵاتیشدا، نەیاندەتوانی بە پڕەنسیپی لێکتێگەیشتن و گفتوگۆ و لەبەرچاوگرتنی خواستی شۆڕشگێڕانی کورد و دانان بە مافەڕەواکانیان کار بکەن، هەردەم ویستوویانە بە زەبر و زەنگ و بە دڕندانەترین شێوازی لەناوبردن ڕووبەڕووی شۆڕش ببنەوە و گوێ بە هاونیشتمانی بوونی خەڵکی بێ چەکی ناوچە کوردستانییەکان نەدەن و دەست لە کوشتنی بە کۆمەڵی ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە نەپارێزن. بەعسییەکان لەئەزموونێکی دیکەی جینۆسایییدا، بۆ یەکەمجار لە دۆڵی بالیساندا پەنایان بۆ بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی (کیمیاوی) برد. لەو کاتەدا ناوچەی خۆشناوەتی بەگشتی و دۆڵی بالیسان بە تایبەتی، زۆرترین بارەگای پارتە سیاسی و مۆڵگەی چەکداریی پێشمەرگەی گرووپە جیاجیاکانی لێبووە، کە بە (٤٢) بارەگا خەملێندراون. هەر ئەمەش وایکردووە بەعسییەکان بیر لە کیمیاباران کردن و هێرشکردنە سەر دۆڵی بالیسان و دەوروبەری بکەنەوە.

مەبەستی بەعسییەکان لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاویدا هەرچییەک بووبێ، نابێتە پاساو بۆ کردەی لەناوبردنی بەکۆمەڵ و ژەهراوی کردنی ژینگەی گوندنشینەکان، کە شوێنەوارێکی دوور و درێژی پڕ مەترسی بەدوای خۆیاندا جێدەهێڵن. دۆڵی بالیسان لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵدا چەند جارێک و لە چەند هەڵمەتێکی جیاوازدا لەلایەن بەعسییەکانەوە ڕووبەڕووی جینۆسایید بووەتەوە.

سەبارەت بە یەکەم هەڵمەت، لە دیدارێکمان لەگەڵ (محەمەد جەمال توتمەیی) کە بۆخۆی لەو کاتەدا لە بالیسان بووە، گوتی: بەپێی پلانێکی جەنگی، لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٦/ ٤/ ١٩٨٧، هێزێکی زۆری سەربازی و جاش و بە پاڵپشتیی تانک و چەکی قورس، لە چەند تەوەرێکەوە لەسەر ڕێگای زینەتیر و لە سپیلک و خەلیفان بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەکە کۆکرانەوە، هەواڵی هاتن و پێشڕەویی هێزی سەربازیی بەعس سات لەدوای سات دەگەیشتە ناوچە گوند نشینەکان، بەڵام لە چۆنیەتی و لەکاتی هێرشکردنەکە ئاگادار نەبوون. ئێوارەی هەمان ڕۆژ (نیو کاتژمێرێک بەر لە خۆر ئاوابوون) لە ١٦/ ٤/ ١٩٨٧ هەشت فڕۆکەی جۆری (سیخۆ) لە بالیسان و شێخوەسان و گوندەکانی کانیبەرد و تووتمە و بالووکاوە چەندین بۆمبیان خستنە خوارەوە. خەڵکەکە هیچ زانیارییەکی لەبارەی بۆمبەکانەوە نەبوو، تەنانەت لە بێ هێزیی دەنگی بۆمبەکان و بوونی دوکەڵێکی بێ ئاگر سەریان سوڕمابوو، بەبێ ئەوەی بزانن چەکی کیمیاوی چییە، چونکە یەکەم جار بوو لەلایەن ڕژێمەوە بەرامبەر بە خەڵک بەکار دەهێنرا، تەنانەت لەسەرەتای دەرکەوتنی نیشانە بەراییەکانیشدا بیریان بۆ چەکی کیمیاوی و گازی ژەهراوی نەدەچوو، هەر لە دەم وشکبوون و هەستکردن بە بۆنی سێوی ترشاو و تووشبوون بە هەناسە تەنگی. هیچ هۆشیارییەک لەبارەی خۆپارێزییەوە نەبوو، تا ژەهرەکە کاریگەریی خۆی کردە سەر تەندروستیی بەرکەوتووەکان و قوربانیی زۆری لێکەوتەوە. دوای چەند کاتژمێرێک و لە سەرەتای هەمان شەو (١٦ لەسەر ١٧) جارێکی دیکە بە چوار هێلۆکۆپتەر و بە هەمان چەک کڵاوقاسم و زەردکان و ناوچەکانی ساوسێوۆکان و زنجیرەچیای دەرەشیر بۆردومانکراوییەوە، ڕژێم پێیوابوو، کە گوند نشینەکان بەرەو بەرزاییەکان ڕۆیشتوون. دوای ئەوەی گوندنشینەکان زانییان بەر چەکی کیمیاوی کەوتوون، هەر ئەو شەوە، تێکڕا بەرەو سەروچاوەی خۆشناوەتی کەوتنەڕێ و گوندەکانیان چۆڵکردن. لە بەرەبەیانیی ڕۆژی

١٩/ ٤/ ١٩٨٧ سوپای هێرشی زەمینیی دەستپێکرد، لەبەر ئەوەی کەس لە ناوچەکەدا نەمابوو، بەئاسانی پێشڕەوییانکرد، دەستیان بە هەڵمەتی وێرانکردن سووتاندنی ئاواییەکان کرد

دوای پێنج ڕۆژ لە (٢١/ ٤/ ١٩٨٧) دووبارە بالیسان کرایەوە ئامانجی چەکی کیمیاوی. گوینە ڕۆبێرتس، کە ڕۆژنامەنووسێکی بەناوبانگی بەریتانییە، لە ٢١/ ئەیلوول/ ١٩٨٧ ڕاپۆرتێکی دەربارەی کیمیابارانکردنی دۆڵی بالیسان لەژێر ناونیشانی (سکالای قوربەسی کوردەکان لە دەست بەغدا، هێرشی کیمیایی بۆ سەر گوندە کوردنشینەکان) لە ڕۆژنامەی (نۆیە تسویرخە تسایتونگ) لە سویسرا بڵاوکردۆتەوە. هیوا سالح بابەتەکەی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و لە ٣٠/ ٤/ ٢٠١٩ لە سایتی پەیسەر – زەمەن بڵاوی کردۆتەوە. ئەمە لەڕووی میژووییەوە بەڵگەنامەیەکی بەهێزە دەربارەی کۆمەڵکوژی و بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو دژ بە خەڵکی گوندنشینی دۆڵی بالیسان.

لە (٢/ ٧/ ١٩٨٨) لە هەڵمەتێکی دیکەدا، بالیسان و خەتێ و دەراش و چەند ئاواییەکی دیکەی وەک گەرەوان و نازەنین و سەروچاوە و سماقوولی و گەناو و شاسینە کەوتنەوە بەر شالاوی کیمیاباران کردن. هەر لەو مانگەدا و لە (٣١/ ٧/ ١٩٨٨) جارێکی دیکە بالیسان و هیران و سماقوولی کیمیاباران کرانەوە و لە (٢٥/ ٨/ ١٩٨٨)یش گوندەکانی خەتێ و وەرێ کیمیاباران کرانەوە. لەم هەڵمەتانەدا ژمارەیەکی زۆری قوربانیی لێکەوتۆتەوە و زەرەر و زیانێکی زۆری بە ئاژەڵ و ژینگەی ناوچەکەدا گەیاندووە، تا ئێستاش شوێنەواری چەندین نەخۆشیی بەسەر جەستەی بریندارەکانەوە دیارە

بەنووسین ئێش و ئازارەکان بەرجەستە ناکرێن، تەنیا ئەوانە دەتوانن هەستی پێبکەن، کە بەرکەوتە و بریندارن ئەو چەکە ژەهراوییانەن

لێکەوتەکانی جینۆساید لە هەڵمەتەکانی کیمیابارانکردنی دۆڵی بالیساند

هەروەک لە پێناسەکانی جینۆسایددا هاتووە، هەموو ئەو کردەنامرۆییانە دەگرێتەوە، کە دژ بە کۆمەڵە کەسێک دەکرێن، ئەو کردانەی وەک جینۆساید لە هەڵمەتەکانی کیمیابارانکردنی بالیساندا ئەنجامدراون بە چەند شێوەیەک دەردەکەون

یەکەم: کۆمەڵکوژی

بەکارهێنانی چەکی کیمیایی خۆی لە خۆیدا، چەکێکی کۆمەڵکوژە. ژمارەی قوربانییەکان دەوەستێتە سەر چڕیی دانیشتوان و ڕێژەی ژەهری بەکارهاتوو. لەبەر ئەوەی ئەم چەکە دژ بە خەڵکی سیڤیلی گوندنشین بەکارهاتووە، بەو واتایەی هیچ سیستەمێکی بەرگری و هۆشیاریی خۆپارێزییان نەبووە، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر بەرکەوتووەکانەوە هەبووە، جگە لەوەی ماددەی جیاوازی وەک (خەردەل و فسفۆر و سیانید) لە چەکە کیمیاییەکاندا بەکارهاتووە، هەموو ئەمانە ڕۆڵیان لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی کوشتندا هەبووە. ژمارەی شەهیدەکانی چەکی کیمیاوی لە دۆڵێ خۆشناوەتیدا، وەک ئەوەی لە پەرتووکی کیمیابارانی لە خۆشناوەتیدا ناوەکانیان تۆمارکراوە، دەگاتە ١٥٣ شەهید، جگە لە بریندارببوونی ٢٣٩ کەس، کە ئەمەش بەراورد بە ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە ڕێژەیەکی

زۆرە و ئەوە دردەخات، کە کاریگەریی چەکەکە لە ئاستێکی بەرزدا بووە

دووەم: دەربەدەربوون

دوای ئەوەی خەڵکی گوندەکانی دۆڵی خۆشناوەتی بەهۆی خراپیی باری تەندروستیی بریندارەکان و مەترسیی ژەهراوی بوون ڕوویان لە سەروچاوەی یبێتواتەکرد، خەڵکی سەروچاوە بەپیر بەرکەوتووەکانەوە چوون و لەماڵەکانی خۆیان دااڵدەیان و بریندارەکانیان بۆ نەخۆشخانەی ڕانییە گواستنەوە. دەربەربوون و چۆڵکردنی گوندەکان و ماڵوێرانی، وەک بەشێک لە پاکتاوی نەژادی تاوانێکە دژ بە مرۆڤایەتی و تێکدانی ژیانی ئاسایی خەڵکە لەسەر زێدی باب و باپیرانی خۆیان. ئەم تاوانە لە دۆڵی بالیساندا، نەک هەر دەربەدەربوون بوو، بەڵکوو تاوانێک بوو تێکەڵ بە تاوانگەلێکی دیکەی نامرۆڤانە. گوندنیشینان بۆ بژێوی ژیانیان لە زێدی خۆیان خەریکی ئاژەڵداری و ڕەز و باخ و شینایکردن بوون، بۆیە قورسایی ئەم تاوانە، تەنیا لەچوارچێوەی ڕاگواستن و دەربەدەری پێناسە ناکرێت، بەڵکو کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر باری تەندروستی و بژێوی و دەروونی و کۆمەاڵیەتیشەوە هەبوو

سێیەم: بێسەروشوێنکردن

بەمەبەستی چارەسەرکردن، خەڵکی سەروچاوە، لە گواستنەوەی بریندارەکانیان بۆ نەخۆشخانەی ڕانیە، هاوکاری خەڵکی دۆڵی بالیسان بوون، بەاڵم ڕژێمی بەعس بە مەبەستی شاردنەوەی تاوانەکەیان و بە پاساوی چارەسەرکردن، بریندارەکانیان بۆ هەولێر گواستنەوە و لە کەسوکارەکانیان دایانبڕین. دواتر بێ سەروشوێنکران، تا لە دوای ڕاپەڕین تەرمی (٢١) کەسیان لە گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرانەوە، هیچ بەڵگەیەک نییە، کە بە مردوویی نێژرابن، یان زیندەبەچاڵ کرابن. جگە لەمانیش هێشتا کەسانێک هەن چارەنووسیان بە نادیاری ماوەتەوە. هەموو ئەمانەش تاوانگەلێکی گەورەی دژ بە مرۆڤایەتیین، کە دوای کیمیاباران و دەربەدەرکردن، دەرهەق بە خەڵکی دۆڵی بالیسان کرابێت

چوارەم: وێرانکردن

دوای ئەوەی لەشکری عێراقی دەگاتە گوندەکان، ئاوایێکان بە چۆڵکراوی دەبینن، دەبینن خەڵک لەترسی کاری نامرۆڤانە و درندانەی بەعسییەکان

گوندەکانیان جێهێشتووە، دەست دەکەن بە سووتاندن و ڕووخاندنی خانووەکان، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دانیشتوانەکانیان نەتوانن بە مەبەستی ژیانکردن بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان، ئەمەش وەک سەرەتایەک بۆ ئەنجامدانی پڕۆسەی ئەنفال دادەنرێت، کە لە ناوچەکە و ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا پیادەکرا

پێنجەم: ئازاری جەستەیی

یەکێک لەو شێوازانەی وەک کردەی جینۆساید ئاماژەی پێدەکرێت، ئازاردانی جەستەیی بە کۆمەڵی خەڵکە. شێوازەکانی ئازاردان زۆر و هەمەچەشنن، ئەوەی لە ئەنجامی کیمیابارانکردنی دۆڵی خۆشناوەتیدا دەردەکەوێت، بریندارببوونی ژمارەیەکی زۆری خەڵکە، کە بەپێی جۆری چەکە بەکارهاتووەکان، لێکەوتەی نەخۆشیی جۆراوجۆریان لەسەر جەستە و باری تەندروستیی بەرکەوتووەکان جێهێشتووە، کە بوونەتە مایەی ئازارێکی درێژخایەن و بەردەوام، کە ژیانی بەشێکی زۆری بریندارەکانی بەمەرگ گەیاند، وەک هەناسەتەنگی و هەوکردنی بەردەوامی ئەندامەکانی لەش بە تایبەتی لە ئەنجامی بەرکەوتن بە گازی (خەردەل) و نەخۆشییەکانی دەمار لە ئەنجامی بەکارهێنانی (سیانايد) و نەخۆشییەکانی پێست لە ئەنجامی بەرکەوتنی فسفۆر و چەندین نەخۆشیی دیکەی جیاوازی جەستەیی و دەروونی، کە وەک ئازارێکی بەردەوام کاریگەریی لەسەر بەرکەوتووەکان و کەسوکار و دەوروبەری بەرکەوتووەکانیش جێهێشتووە

جینۆساید لە دۆڵی خۆشناوەتی و لە هەر ناوچەیەکی دیکەی کوردستان و لە هەر شوێنێکی جیهان بێت، کارێکی نامرۆڤانەیە، وێرانکردن و تێکدانی ژیان و ژینگەی مرۆڤەکانە و بەنووسین ئێش و ئازارەکان بەرجەستە ناکرێن، تەنیا ئەوانە دەتوانن هەستی پێبکەن، کە بەرکەوتە و بریندارێ ئەو چەکە ژەهراوییانەن.

ئەنجام

لەم نووسینەدا دەگەینە چەند ئەنجامێک

- لەڕووی مێژووییەوە، کیمیابارانکردنی دۆڵی بالیسان، وەک یەکەم ئەزموونی بەکارهێنانی چەکەکە دەردەکەوێت، کە لە کوردستانی عێراقدا دژ بە خەڵکی ئاسایی پیادەکرابێت و گازەکانی (خەردەل و فسفۆر و سیانايد) تێدا بەکارهاتبێت

- بەهۆی نا ئاشنایەتی وبەهۆی نەبوونی هۆشیاریی خۆپارێزی، زۆرترین ڕێژەی شەهید بوون و بریندارببوونی خەڵک لێکەوتۆتەوە ئەگەر لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوانەکەی بەراورد بکرێت. بەمەش کیمیابارانکردنەکان زۆرترین زەرەر و زیانییان بە مرۆڤ و ئاژەڵ و ژینگەی ناوچەکە گەیاندووە

- کیمیابارانکردنی دۆڵی بالیسان بە هەموو پێوەرێک دەچێتە خانەی جینۆسایدو تەواوی لێکەوتەکانی جینۆسایدکردنی تێدا بەرجەستە دەبن، وەک (کوشتنی بەکۆمەڵ و ڕاگواستن و بێسەروشوێنکردن و وێرانکردن و ئازاردانی جەستەیی)

سەرچاوەکان

- تەها سلێمان (٢٠١٧) جینۆسایدلە باشووری کوردستان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژ ٧٧، ل٣١١- ٣٢٨.

- سامی حمد صالح و أیمن عبد عون (٢٠٢١) جرائم الابادة الجماعیة فی ظل حکومة البعث الثانیة (١٩٦٨ – ٢٠٠٣)، جامعة التنمیة البشریة، ص ٤٨٩ – ٥١٠

- گوینە ڕۆبێرتس (١٩٨٧) سکالای قورسی کوردەکان لەدەست بەعدا، هێرشی کیمیایی بۆ سەر گوندە کوردنشینەکانی عێراق)، وەرگێڕانی: هیوا ناسیح، پەیسەر- زەمەن.https://www.peyserpress ٢٠٤٢/com/detail

- محمد جمال توتمەیی و کریم عبدالله هەرتەلی و صالح اکرم حەیدەری (٢٠٠٦) کیمیابارانلە خۆشناوەتیدا، بەرگی یەکەم، ڕانیە، چاپی یەکەم، چاپخانەی هیوا

- چاوپێکەوتن (٨/ ٣/ ٢٠٢٥) لەگەڵ (محەمەد جەمال توتمەیی) نووسەر و دانیشتووی بالیسان و بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی و شایەدحاڵی ڕووداوەکان

ئێمە،
لە چاوی ڕۆژنامەوانێکی بیانییەوە

زیرەك كەمال

«بەداخەوە بۆ ئێوە، کە ئەنفال و کیمیاباران و سیاسەتی جینۆسایدبەگشتی ئێوەی یەك نەخست. بەڕاستی نازانم چی یەکتان دەخات !»

ناوەڕاستی دوو هەزارەکان، لە ئۆفیسی خۆم لەناو بارەگای حزبی شوعی کوردستان، کە ئەوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەوحزبە بووم، دانیشتبووم. لەپرسگەی حزب پێوەندیان پێوە کردم و گووتیان: دوو میوانی بیانیت هاتوون. گوتم: بابێنە ژوورەوە. دوای هاتنەژوورەوەیان و چاک وچۆنی، دەرکەوت یەک لە میوانەکان ڕۆژنامەنووسێکی فەڕەنسیە و ئەوەی دووەمیشیان ئەردەنیە و وەکو وەرگێڕ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە فەڕەنسیەکەدایە. دواتر لەڕێگای وەرگێڕەوە گفتوگۆیەکی گەرم لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە فەڕەنسییەکە دروست بوو

یەکەم پرسیار کە لێی کردم و بەلامەوە سەیر بوو، دواتر زانیم ئەویش چەپە. گوتی: خەریکی چیت؟ گوتم: خەریکی نووسینی بەیاننامەیەکم بەناوی حزبی شوعی کوردستان، لەسەر کیمیابارانی شێخوسانان و بالیسان و ئەو دەڤەرە بەگشتی. بە سەرسوڕمانێکی زۆرەوە سەیری کردم و گوتی: بۆ ئێوەی کورد کیمیاباران کراون؟ منیش بە بێزاری وهەڵچوون و تووڕەییەکی زۆرەوە پێم گوت: بەڵێ کیمیاباران کراوین و زۆریش بەداخەوە، کە وەڵاتەکەت نە بەرگری لێ کردین لەو کۆستە نەتەوەییە و نە بەهاناشمانەوە هات. ئەو تراژیدیایە کە بە چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی بە بەرچاوی ئێوەو هەموو جیهان لە دژمان ئەنجام درا، لای ئێوە و زۆرینەی وڵاتان، تەنانەت نەکرا بە هەواڵێکی ڕۆژنامەوانیش

دوای ئەوە هەستی بە تورەبوونی لەڕاددەبەری من کرد، بەزمانێکی هێمن و لەسەرخۆ پێی گوتم: ئەوەی گوتم گلەیی بوو، ئەگینا باش دەزانم کوردەکان چەندین شار و گوند و ناوچەی جیاجیایان کیمیاباران کراوە. دەشزانم سەدوهەشتاو دووهەزار ڕۆڵەی گەلەکەتان ئەنفال کراوان. دەزانم هەزاران گوند و شارۆچکەتان خاپوور کراون. بەشێکی فراوانی خاکی وڵاتەکەتان کراوەتە سوتماک و کەڵکی ژیانی نەماوە. بەڵێ ئەوەش دەزانم حکومەتی سەدام حوسێن، خەریک بوو نەک جینۆسایدی هەموو گەلی کورد بکات، بەڵکوو تەنانەت خەریک بوو، ئاسەوار و هەموو مۆرکێکی نەتەوایەتیشتان بسڕێتەوە. دواتر ڕۆژنامەوانە فەڕەنسییەکە، ماوەیەک بێدەنگ بوو، پاشان ڕووی لێ کردمەوەو گوتی: ئایا ڕاستە گەلێک ئاوای بەسەرهاتبێت و ئەو هەموو کارەسات و تراژیدیایەی بەسەر

هاتبێت، ئەو هەموو کۆستەی کەوتبێت، دووچاری مان و نەمان بووبێت ،بەڵام شەڕی ناوخۆی لەناودا بەرپا بێت و سیاسییەکانی لە بنار و پێدەشت وشاخ و گرد و کێوەکان، بەوپەڕی دڵڕەقی و دووژمنکاری، بکەونە وێزە و گیانی یەکتری؟

بەڕاستی من زۆر وڵاتانی جیهان گەڕاوم، بە نێو کوچە و کۆڵان و بەنێو مێژوو و کولتوری دەیان گەل ومیللەتدا گەڕاوم. بارگەی ڕۆژنامەنووسیم لە سەدان شار و وڵاتی دنیا داناوە. سەدان کاربەدەست و بەرپرسی ئیداری و حکومی گەلانم دواندووە، دیداری ڕۆژنامەوانیم لەگەڵ دەیان سەرۆک ئەنجام داوە، هەستم پێنەکردووە و نەمبینوە و نەمزانیوە هیچ گەل و نەتەوەو کەسێک بە قەد کورد ڕقی لەیەکتر ببێتەوە. پیاوە فەرەنسیەکە زیاتر چۆکی گلەیی و توڕەبوونی چەقاند و گوتی: من هەست دەکەم ئێوەی کورد، کێشەی گەورە و سەرەکیتان لەگەڵ خۆتان هەیە، نەک لەگەڵ تورک و عەرەب وفارس، بۆیە پێم باشە لە جیاتی ئەوەی قسە لەسەر ،سەدام حوسێن و کیمیاباران بکەن هاوار و داد و فیغان بۆشەهیدەکانتان بکەن. بڕۆن دادگایی ئەو کولتورە سیاسی وکۆمالایەتییەی ناوخۆتان بکەن، کە تەژی و لێوانلێوە لەشەڕانگێزی و دووبەرەکی و دووژمنایەتی ناوخۆیی و یەکتری قبوڵنەکردن، بەداخەوە بۆ ئێوە، کە ئەنفال و کیمیاباران و سیاسەتی جینۆساید بەگشتی ئێوەی یەک نەخست. بەڕاستی نازانم چی یەکتان دەخات ! خوێنەری بەڕێز لەم دانیشتنەدا لەبەرامبەر قسەکانی ڕۆژنامەنووسە فەرەنسیەکە، هیچم پێنەما و چین چین ئارەقەی شەرمەزاریم ڕشت و بە وێنەی کەوێکی بەزیو هەڵاتم بۆ ناو قەفەزی تێکشکان

کۆتایی یادکردنەوەکان!

هەندرێن شێخ راغب

«بەعسیەکان بە داباراندنی چەکی کیمیاوی بەسەر خۆشناوەتی و ناحیەی بالیسان نەك هەر مرۆڤ، بەڵکو ژینگەو بنەماکانی ژینگە لە ئاوو، هەوا، خاك، رووك و زیندەوەرو ئاژەڵیان کۆمەڵکوژ کرد»

کوردستان نیشتمانێکە، سەر زەمینی کارەساتی جەرگ بڕو لەیاد نەچووە. لەوەتەی ئەم نیشتمانە بێ دەوڵەت و بێ سنوری جوگرافیایەکی سیاسی یە، بۆتە مەیدانی بەیەکدادانی نەتەوەو دەوڵەت و هێزەکانی ناوچەکەو بەرژەوەندی نێودەوڵەتی. بەداخەوە لە دوای دروست بوونی دەوڵەت-نەتەوەو کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، بەپێی دەرەنجامەکانی جەنگ و هێزە براوەکان، نەخشەی سیاسی ئەم ناوچەیەی ئێمە داڕێژراو قوربانی یەکەمی گەلی کورد بوو. دروستکردنی دەوڵەتی عێراق لە سێ ویلایەتی دەوڵەتی عوسمانی دۆڕاوی جەنگ(ویلایەتی بەغدا، ویلایەتی بەصرە، ویلایەتی موصڵ) یەکێک لە دیاردە تازەکان و دەرهاویشتەکانی کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم بوو، کە لە رێککەوتننامەی سایکس-بیکۆو دواتر پەیماننامەی لۆزان، مۆری کۆتایی لێدراو ناوکیان بڕی و ناویان لێنا عێراق

ویلایەتی موصڵ کە بەشی باشوری کوردستان دەگرێتەوە، بۆ رووبەڕووبونەوەی واقعی داسەپاوو رەتکردنەوەی شوناسە تازە دروست کراوەکە، لەیەکەم ساتەوەختەوە دەستی دایە خەبات و تێکۆشان و قوربانی دان. بەمجۆرە زنجیرەی ژیانی مەرگەسات و تراژیدی کورد دەستی پێکرد، کە تا ئەمڕۆش لەناو هەمان فەزا ئەژی و تایبەتمەندیەکانی ئەم دۆخە ناهەمواریەی لە کۆڵ نەبۆتەوە. بەهەرحاڵ کاروانەکە کەوتە ڕێ، بەڵام مخابن بەئاگرو ئاسن وەڵامی خواستی رەوای گەلی کورد درایەوەو جەستەی نیشتمانەکەی بە دەیان کارەساتی لە یادنەکراو داغان کرا. کە یەکێ لەوانە کیمیاباران کردن و جینۆسایدکردنی دۆڵی بالیسان و شێخ وەسانان بوو لە ١٩٨٧/٤/١٦ لەسەردەستی دەوڵەتی عێراق. کە بەعسیەکان حوکمیان دەکرد. ئەم کارەسات و کۆمەڵکوژی و جینۆسایدە لە مێژوودا بێ وێنەیە، چونکە بەهۆی چەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی رووبدا. بەعسیەکان بە داباراندنی چەکی کیمیاوی بەسەر خۆشناوەتی و ناحیەی بالیسان نەک هەر مرۆڤ، بەڵکو ژینگەو بنەماکانی ژینگە لە ئاوو، هەوا، خاک، رووک و زیندەوەرو ئاژەڵیان کۆمەڵکوژ کردو لەناو برد. ئەم مەرگ بەشینەوە بەکۆمەڵە بەکەس وێنا ناکرێت و ئاسان نیە چیرۆکی مردنی هەموان بەیەکەوە بگێڕینەوە. یادێکە تراژیدی و مەترسیدار بەهەموو ماناکانی

تاوانی جەنگ. بۆیە ئێمەی کورد ساڵانە یادی کیمیابارانکردنی بالیسان و شێخ وەسانان دەکەینەوەو هەرگیز حەسرەتی لە دڵی کورد دەرناچێت.

بەڵام دەبێت راستیەک هەیە ئاماژەی پێ بدەین و راشکاو بین، ئەم یادکردنەوە سۆزداری و دروشم و راگەیەنراوو بەیاننامەو فرمێسک و ئاخەکان دەبێت کۆتایی بێت. بەڵکو دەبێت یادکردنەوەکە بە دەزگایی بکرێت. (دەزگایی) کردنی یادەکە زۆر گرنگەو کۆتایی هاتنی ئەم نەریتەیە لە سۆزداری و کولانەوەی برینەکان و رژاندنی فرمێسکەکان. دەبێت هەوڵ بدەین لە رێگای دروستکردنی دامودەزگا یادەکە بکەینەوە. چۆن؟ بۆ نمونە لەیادی کیمیابارانکردنی بالیسان و شێخ وەسانان، ساڵانە توێژینەوە بکرێت لەسەر زیانە ئاویەکانی، چەند کانیاوی ژەهراوی کردووە؟ چەند سەرچاوەی ئاوی تێکداوە؟ چەند جۆگەی وێران کردووە؟ چەند رەزو یاخ و باخچە بەهۆی خراپکردنی ئاوی ناوچەکە وشک بووە؟ چەند پەلەوەرو رووەک و گیاو ئاژەڵ بەهۆی خراپکردن و ژەهراویکردنی ئاوی ناوچەکە مردن و خنکان و توشی نەخۆشی و دەردو قایرۆس بوونە؟ ئەم تێکدانی ئاوو سەرچاوەو جۆگەو جۆبارو ئاوەڕۆو کانیاوو دێراوانە، چەندە زیانی ماددیان لە ناوچەکەو خەڵکەکەی داوە؟ چەندەی داوا بکەین بۆ قەرەبووکردنەوەمان. ئایا چەند ملیۆن دۆلار دەکات بەس قەرەبووکردنەوەی ژینگەی ئاو؟. چۆن لەرێگای دامودەزگاکاندا داوای قەرەبوو لە عێراق بکەینەوە؟ چۆن زیانەکانی ئەم کیمیابارانە لە کۆمپانیاکان وەربگرینەوەو بیاندەینە دادگا. ئینجا ئەمە بۆ تەواوی پەلەوەرو ئاژەڵ و رووەک وگیاو رەزو باخ و شینایەتیش راستە، بۆ ژینگەی هەواو ژینگەی خاکیش راستە. دەبێت لەسەر مریشک و کەڵەشێرو قازو مراویش ئاوا ئامارو داتاو توێژینەوە بکەین و هەموی بە دامودەزگایی بکەین. بابەتێکی دیکە زۆر گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەویش ئەوەیە لەبری یادکردنەوەی سۆزدارەکی و فرمێسک و کولانەوەی برینەکان، دەبێت حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان، فشاری گەورەیان لەسەر دروست بکرێت کە دەستی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری بگەیەننە ناوچەکە، بۆ نمونە بەمجۆرە: حکومەتی عێراق لە ساڵیادی کیمیابارانکردنی بالیسان و شێخ وەسانان، نەخۆشخانەیەکی منداڵبوونی لەناوچەکە دروست کرد. واتە کردنەوەو دروستکردنی یەک پڕۆژە دەیان راگەیەنراوو بەیاننامەو قسەو لێدوان دەهێنێت. ئەمەش بەوە دەکرێت خەڵکی ناوچەکەو کەسوکاری شەهیدان و بریندارەکان کۆببنەوەو خۆیان سەری خۆیان بخورێنن و خەمەکە لە کۆڵ بنێن، هەتا وا دەکەن یادەکە بە دەزگایی دەکەن و دەیخەنە سەر سکەی خۆی. کە چووە سەر سکەی خۆی ئەوکات لە خەم دەردەچێت و بەچوارپێنج گەنجی بەڕێوەدەچێت.

درود بۆ گیانی شەهیدان و سلاو لە بریندارەکان. بەڵێ بۆ خزمەتگوزاری و نا بۆ راگەیەنراوو بەیاننامەی دووبارە

جینۆساید... سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی

شاناز هیرانی

چەندین ڕووداو هەن لە مێژووی گەلی کورددا، کەبەپێی پێوەرەرە نێودەوڵەتیەکان و بواری جینۆساید، دەچنە بواری جینۆسایدکردن، کوردیش نەتەوەیەکە کەجیاواز لە هەموو نەتەوەکانی تر ئەو تاوانەی بەرامبەر کراوە، کەبریتی بووە بە لەناوبردنی هەموو کورد یان بەشێکی، هەر لە ڕێککەوتنی (لۆزان) و دامرکانەوەی (شۆڕشی شێخ محمود)، سوتاندنی دێکان و بۆمبارانی (قەڵادزێ) و (هەڵەبجە) لە(١٩٧٤) و ڕاگواستنی گوندنشینان لە سا لە کا نی (١٩٧٨و ١٩٧٩) . ئەنفالکردنی (بارزانیەکان) لەسالّی(١٩٨٣) و(کیمیابارانکردنی هەڵەبجە) لەسالّی (١٩٨٨) (پرۆسەکانی ئەنفال،جینۆساید کردنی کوردانی فەیلی) تاکو دواین جار ئەوەی لە (شەنگال) ئەنجامدرا. کەهەموویان ڕووداوی مەترسیدارو ئامانجییان سڕینەوەو لەناوبردنی نەتەوەیەکە خاوەنی خاک و زمان و فەرهەنگ و کلتور و مێژوو...هتد بووە. جینۆساید، مەترسیدارترین تاوانە لەکۆمەڵگاکانی دونیادا و بەدرێژایی مێژوو چەندین تاوانی لەو جۆرە ئەنجامدراون لەلایەن ڕژێمە دڕندەو دیکتاتۆرە جیاجیاکاندا. ئەم تاوانە، کەبەتاوانی نێودەوڵەتی هەژمار دەکرێت، کاریگەرییەکی ترسناکی هەمەجۆر لەدوای خۆی بەجێ دەهێڵێت، چونکە جیاوازی نەژادی، ئیتنی و ئاینی دەکاتە ئامانج و هەوڵی لەناوبردن و سڕینەوەیان دەدات، سەرباری پێشکەوتن و گۆڕانکاری گەورەش لەجیهاندا لەڕووی سیاسی و ئابوری و هۆشیاری و کۆمەڵایەتییەوە، کەچی نەبۆتە ڕێگرلەبەردەم ئەنجام نەدانی و هەمیشە دووبارە دەبێتەوە. تاوانی جینۆسایدی گەلی کورد، یەکێکە لەتاوانە بەربەرییەکانی ڕژێمی بەعس لەسالّانی ڕابردوودا لەکوردستان، بەهەموو شێوەو ڕەهەندو فەلسەفی و فیکری و سیاسیەکەی بەعس، کاولکاری بوو لەسەر هەموو ئاستەکان (کۆمەڵایەتی، تەندروستی،ئابوری، ژینگەیی، دەروونی). ئەو پەلامارییە سەربازییەو ڕەش بکوژییەی بەعسی فاشیزم کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر ناوچە و سروشتی و مرۆڤایەتییەوە تادوور مەودا دەمێنێتەوەو وا بەئاسانی ناتوانرێت شوێنەواری بسڕێتەوە لەزیهن و بیری ئەوانەی بەچاوی خۆیان شایەت حاڵی ئەو مەرگەساتانە بوون. ئەگەر لەسەرجەم ڕووەکانەوە دەربارەی بابەتی جینۆساید بدوێین کەسەرباری زۆری لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی لەسەریشی کراوە، بەڵام هێشتا مێژوویەکی (دوور و نەزانراوە) لەسەر هەردوو ئاستی سروشت و مرۆڤەوە هەیە، چونکە

(١)

ڕژێمی بەعس هەردووکیانی کردە ئامانج لەنەخشەو سیاسەتی خۆیدا و کاری کرد لەسەر تێکشکاندن و داڕمانی بەتەواوی. لەئەنجامدا جگە لەوەی مرۆڤ (کوردبوون) بەپێی جیاوازی (ڕەگەز، تەمەن، بیروڕا، ناوچە) هەموویان بونە ئامانجێک بۆ لەناو بردن و کاولکردن

کاریگەری تاوانی جینۆساید لەسەر ژنان بەتایبەتی ڕەگەزی مێ(ژن) لەتەواوی تاوانەکانی جینۆسایدا لەجیهان و سەرجەم تاوانەکانی تری جەنگ و دژ بەمافی مرۆڤ. لەتوێژە هەرە زیانمەند و بەرچاوەکانی قوربانییەکانە، ئەم بابەتە لەسەرجەم تاوانەکانی لەوجۆرەداو لەو وڵات وناوچانەی تێیدا ئەنجام دراوە چەندین قات و پلە دووبارە دەبێتەوە و نمونەی زۆریش هەن لەسەری. بۆیە کاریگەری جینۆساید لەسەر ژن لەپلەی بالادایە، کە تا ئێستاش نەتوانراوە ڕەهەندە جیاجیاکانی ئەو کاریگەرییە بەڕاست و دروستی دیاری بکەین و شلگێرانە کاری

جیدی لەسەر بکرێت
هەرچەندە لەو تاوانانەدا جیاوازی نەکراوە لەنێوان(ژن و پیاو و پیرو گەنج)، بەڵام لەم جینۆسایدەدا زەرەرمەندی یەکەم و سەرەکی ژن بوو بەتایبەتی، چونکە پرۆسەیەکی تابلێی نامرۆڤانە و دوژمنکارانە بوو، ژن وەکو (دایک،خوشک،هاوسەر) ئەو تاوانەی دەرحەق کراوە، بۆیە لێرەدا دەڵێن ژنان زەرەرمەندی سەرەکی بوون، چیرۆکە تراژیدیاکانی ئەو ژنانە ئەوەندە ناخ هەژێنن کە زۆربەیان مرۆڤ دەخاتە تێڕامان وپێی وایە لەناو وەهمێکدایە. مردنی کۆرپەی ساوا لەبەر چاوی دایک و ڕاپێچکردنی کچانی هەرزەکار بۆ چارەنوسی نادیار و کوشتنی هاوسەر و برا و کەس وکار بەبەرچاوی ئەو ژنانە وا دەکات بە هیچ جۆرێک(ژن) نەبێتەوە بەو کەسەی پێشتر ژیانێکی ئاسای هەبووە، ئەمە جگە لەوەی زۆربەی جار گۆڕێکی بە کۆمەڵ دەدۆزنەوە، زۆربەی قوربانیەکان ژن و منداڵن. کەواتە ڕژێم نەک هەر کاری لەسەر سڕینەوەی شوناسی نەتەوە و فەرهەنگ و کلتور و ژینگە کردەوە، بەڵکو کاری لەسەر پاکتاوکردن و سڕینەوەی وەچەی نەتەوەی کورد کردووە، بەجۆرێک کە لە ژمارەشدا کەم ببنەوە
تاوانی جینۆساید بۆ خۆی سەراپای چیرۆکی جەرگ بڕ و مەرگهێنە، پڕە لەمەینەتی و سەرگوزشتەو کارەسات و ئەو ئەقڵیەتەشی لەپشت هەر جینۆسایدکەوەیە، سەرەتاو ئاماژەگەلێک نیشان دەدەن و دواتر دەست نیشانی ئەو گروپە دەکەن کە ئامانجیانە و ئیدی پلانی بۆ دادەڕێژن. بەمانەیەکی تر جینۆساید تاوانێکی لەناکاو کتوپڕ نییە، چونکە توانایەکی زەبەلاحی پێویستە لە ڕووی سەربازی و مرۆیی و لۆجیکی

(٢)

گەرەکە. ڕژێمی بەعس بۆهەر جینۆسایدێک وێنەی کورد پێشتر لەلایەن ئەو ئەقڵیەتە مەترسیدارە و درندەیەوە خوێندۆتەوە و پلانی بۆ دانراوە. تەنانەت پێشوەختە لە ڕێگای لادان و تەکفیرکردن و تۆمەتبار کردن و بەعەمەلیکردنی دەرەکییەوە زەمینە سازی بۆ کراوە. دوای تێپەڕ بوونی چواردەیە بەسەر ئەو کارەساتەدا، بەشێک لەو ژنانەی پاشماوەی ئەو مەرگە ساتانەن، سەربوردە و چیرۆکەکانیان بونەتە بەشێکی سەرەکی ژیانیان لەچاوەڕوانی ئازیزیانیشیاندا هەمیشە چاو لە دەرگان. ئەو ژنانە سەرباری ئەم کارەساتەیان، ڕووبەڕووی سەختی ژیان و گوزەرانیش بونەتەوە زۆربەیان بەشێکی خێزانەکانیان (ئەوانەی لە مردن و لەلەناوبردن) ڕزگاریان بووە کەوتونەتە سەرشانیان و جۆرەها کار و نارەحەتیان بینیووە لەپێناو مانەوە، مانەوەیەک کەپڕ لەیادگاری ئازار بەخش و برینی ساڕێژ نەبووە، چونکە ژن خۆی بونەوەرێکی بەسۆزتر و هەستیارترە، بۆیە هیچ کامێک لەو ژنانە نەیانتوانیوە بەئاسانی دەربازی ببێت. (بەجلە ڕەشەکانیان، بەچاوی پڕفرمێسکیان، بەدڵی پڕلەناسۆریان) بونەتە سومبولی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیەک، بە داخەوە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و دامەزراندنی سیستەمێکی نوێ لە عێراق لە ساڵی(٢٠٠٣) دا، وا چاوەڕوان دەکرا سەرەتایەک بێت بۆ گێڕانەوەی مافی قوربانیانی شاڵاوەکانی جینۆساید. بەڵام تا ئەمڕۆش ئەو کەیسانە بە چارەسەر نەکراوی ماونەتەوە و دۆسیەکان تۆزی پەراوێز خستنیان لەسەرنیشتووە. گرنگی بەڕەهەندە جیاوازەکان نەدراوە. تا ئێستا بەشێکی زۆری عێراقیەکان بێ ئاگان لە ئازارەکانی ئەنفال و جینۆساید، جێگای پرسیارە ئاخۆ بۆچی تا ئێستا جینۆسایدی میلەتێک تەنها لە چوار چێوەی برینێکی نەتەوەیدا ماوەتەوە !
لە ڕاستیدا پشکی زۆری ئەو ڕاستیە تاڵە دەگێڕێتەوە بۆ مامەڵەی خودی کورد خۆی لەگەڵ کەیسی جینۆسایدە، زۆر جار هەوڵی تاک و تەرا هەن، بەڵام ئەوانە بەس نین بۆ بەجیهان کردنی ئەو کەیسە. یان بەلایەنی کەمەوە بۆ بەنیشتیمان کردنی ئەو پرسە لە عێراق دا. ناکرێت تەنیا ساڵانە بەماتەم گێڕان ئەو یادە بکرێتەوە، پێویستە پەروەردەی نوێ بۆ گۆڕینی ئەو یادە هەبێت بۆ بەرگری نەتەوەیی. میکانیزم و تێگەیشتنی نوێ. ئێمەی کورد ئەگەر بمانەوێت سەرنجی جیهان بۆ ئازارەکانمان ڕابکێشین، سەرەتا پێویستمان بە گۆڕینی تێڕوانینی تاکەکانی خۆمان لەسەر ئازارەکانمان، پێویستە بە جیهان بڵێین ڕۆژی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەییمان، ڕۆژی بەرگری کردنی نەتەوەییمانە

جێنۆساید، لەگفتارەوە بۆکردار

ڕەشکردن، دواتر لەگۆڕنان

هۆمەر محەمەد

١٨ی ئازاری ٢٠٢٥ - سلێمانی

پێشەکی

جینۆساید تاوانێکی گەورەی نێودەوڵەتیە، ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی هەیە، لەسەرەتاوە بەهۆی ڕێگری و تالانی و غەنیمەت و تەماحی سەروەت و سامان لە شێوەی دەستەو تاقم و پێکهاتە خێڵەکیەکاندا دەرکەوتووە، وک هەڵگوتانە سەر یەکتر و قڕکردنی یەکتری ، بەڵام لەگەڵ گەشەی تەکنەلۆژیاو بەتایبەتی تەکنەلۆژیای سەربازی تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی و ئامرازەکانی کۆمەلکوژیش هەڵکشاون و پێشکەوتوون. دوای جەنگی جیهانی دووەم بەتایبەتیش لەدوای کۆمەڵکوژی جووەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ناوی جێنۆسایدیش هاتە ناو ئەدەبیاتی سیاسی و یاساییەوە، کە بۆیەکەم جار لەلایەن یاساناسی پۆڵەندی ڕافائیل لیمکەنەوە چەمکەکە داهێندراو ئیدی بووتە زاراوەیەکی نێودەوڵەتی

جینۆساید ترسناکترین جۆرەکانی تاوانە، هەندێکیش بەدایکی تاوانەکان ناوی دەبەن. بەهۆی لێکەوتە نەرێنییەکانییەوە، سنوری ناوخۆیی بەزاندووەو ترازاوەتە ناو یاسا نێودەوڵەتیەکانەوە، بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکانیش گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر ژیان و کەرامەتی مرۆڤ و ئابڕووی مرۆڤایەتی، جگەلە زیانە زۆرەکانی کە بەتاک و کۆمەڵگەی دەیگەیەنێت، وەک هەڕەشە لە سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەژمار دەکرێت بەهۆی ئەو پێشێلکارییە مەترسیدارانەی کە لە هەندێک ناوچەی جیهاندا ڕویانداوە. بووەتە جێگەی سەرنجی یاساناسان و شارەزایانی یاسایی و لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا چوارچێوەیەکی یاسایی پێدراوە هەتا ڕێوشوێنێک بۆ بنبڕکردن یاخود سنوردانان لەبەردەم ئەم تاوانە دابندرێت بۆ پاراستنی بەهاو ئابرومەندی مرۆڤایەتی و پاساوێکی یاسایی بدۆزێتەوە بۆ سزادانی تاوانبارانی ئەم کردەوانە. بەڵام لەگەڵ بوونی پەیماننامەو ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکانیش بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و قەدەغەکردنی تاوانی جێنۆساید، هێشتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتیش ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی نەیانتوانیوە یاخود نایانەوێ پێش بەو تاوانانە بگرن و ئابروی مرۆڤایەتی و ژیانی کەمینە نەتەوەیی و ئاینیەکان بپارێزن.

کورتەیەک دەربارەی مێژووی جێنۆساید

بەرلەوەی ناوی جێنۆسایدی لێبندرێت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، چەندین وێستگەی جیاواز هەن کە "تاوانی گەورەو کۆمەڵکوژی" تیاندا ڕووی داوەو بەملیونان مرۆڤ تیایاندا کوژراون. بەرچاوترینیان "جینۆسایدی هندیە سوورەکانە کە باس لە نێوان بۆ "١٠٠" ملیۆن کەس دەکرێت تێداچووبن و ئێستا لە سەرتاسەری جیهاندا بەرێژەیەک کەم بوونەتەوە تەنها چوار ملیۆن ڕەسەنی ئەمریکی ماون، کە بەسەر سەدان هۆزدا دابەشکراون، کە لە ململانێیەکی بەردەوامدان بۆ بەدەستهێنانی زیاتر لەو مافانەی کە بە دەستووری ئەمریکا بۆ هەموو هاوڵاتیانی ئەمریکی دەستەبەرکراون.(مرکز دراسات:

٢٠٢٤

"بەپێی تۆمارە میژوویییەکان و ڕاپۆرتە میدیاییەکان، لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی سیستماتیک لە ڕێگەی کوشتن و ئاوارەکردن و ئاسیمیلەکردنی (تواندنەوەی) زۆرەملێ، هیندییەکانی لە مافەکانی ژیان و مافە سەرەتاییە سیاسی و ئابووری و کولتووریییەکانیانی زەوت کردووە، لە هەوڵیدا بۆ بنبڕکردنی جەستەیی و کولتووریی ئەم گرووپە. لەمڕۆشدا هیندییەکان هێشتا هەر ڕووبەڕووی قەیرانێکی جیددیی ژیان دەبنەوە". (توفیق:٢٠٢٣) لەدوای ئەوانیش هۆڵۆکۆست وجینۆسایدی جووەکانە بەدەستی نازییەکانی ئەڵمانیا. کە نزیکەی ٦ ملیۆن کەسیان کوژراو تەنیا لە وڵاتی پۆلۆنیا ملیۆنێک مرۆڤ کوژران یان بەگازخنکێنران. هەرلەو ماوەیدا پەلاماری هێرۆشیماو ناکازاکی لە وڵاتی ژاپۆن بەبۆمبی ئەتۆم لەساڵی ١٩٤٥دا لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە ئەنجامدراو. لە ڕواندا لە ماوەی سەد ڕۆژی ساڵی ١٩٩٤دا مەزەندە دەکرێت کە پەلاماری (هۆتۆ) کان زیاد لە هەشتسەد هەزار کوژراوی ئیتنیکی تووتسیی لێکەوتەوە لەسەر دەستی ئیتنیکی زۆرینەی هۆتۆ و دەستیان لە ژن و منداڵیش نەدەپاراست و هەر شوێنێکی وەک کەنیسە و خوێندنگە و تاد. پەنایان بۆ دەبرد لەوێ کۆمەڵکوژیان دەکردن"(توفیق:٢٠٢٤، ١٠) جێگەی ئاماژەیە کەوا کورد یەکەم گروپی پەلاماردراوی جینۆسایدە لەباکوری کوردستان، لەپێش ئەم تاوانانەوە لەساڵانی ١٩٢٥-١٩٣٠ واتا دوای سەرهەڵدانی شێخ سەعیدو شۆرشی ئارارات لەساڵی ١٩٣٧ ئەنجامدراوە. کە "هیچی لە کۆمەڵکوژی ئەرمەن و جووەکان کەمتر نییە، بەتایبەتی لە شێوەی ئەنجامدان و ئەو میتودانە(شێوازانەی) خەڵکیان پێ لەناوبردوون." (یلدرم چاپی دووەم ، ٢٠٢٢، ٦) هەڵبەت لەپێش کوردەکانەوە کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لەساڵی ١٩١٥ بەدەستی تورکەکان ڕویداو نزیکی یەک ملیۆن ونیو کەسیان کوژران و بێسەروشوێن کران. بێگومان جگەلە کۆمەڵکوشتنیان هەزاران منداڵیشیان فراندو بەتورکیان کردن چیرۆکی (فەتحیە چەتین) بەڵگەیەکی ئەوتاوانەیە، ئەو ڕۆژی تێکشکانی شوناسی خۆی لە بیرە. ئەو کاتەی یاسای دەخوێند نەنکی هێنایە تەنیشتیەوە و نهێنی شەست ساڵ لەوە پێشی بۆ درکاند، پێیگوت ئەو، واتە نەنکی، بە ئەرمەنی و کریستیانی لە دایک بووە بەدەستی ئەفسەرێکی



تورکی دەربازبووە لەیەکێک لە کۆڕەوە مەرگبارەکاندا. ساڵی ١٩١٥لە دەست دایکیان فراندووەو لەسەردابی تورکی و ئیسلامی گوشیان کردووە."(ئەنفالستان:٢٠٠٩).

کاتێک کە تاوانە دڕندایەتییەکانی نازییەکانی ئەڵمانیا لە دوای جەنگی جیهانی دووەمدا ئاشکرابوون، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە پەیماننامەی کۆمەڵەی گەلان (نەتەوە یەکگرتووەکان) کورتی هێناوەو زیادەڕۆیی نەکردووە لە پێناسەکردنی ئەو مافانەی کە ئاماژەی پێکردووە، پێویستە ئەم مافانە بەرەو ئاستی کۆتایی هێنان بچن و لە یاسای نێودەوڵەتیدا پێناسە بکرێن و چەسپێنرێن.(الشرق نیوز:٢٠٢٤)

سروشتی تاوانی جینۆساید

تاوانی جینۆساید تەنها بریتی نیە لەکۆمەڵکوژی بەڵکو بریتیە لە نکۆڵیکردن لەبوونی کۆمەڵەمرۆڤێک هەڵگری شوناسی تایبەتی خۆیانن وەک زمان و ئاین و کلتورو خاک و نەتەوە. بۆیە دەشێت بڵێین : جینۆساید بەنیازو ئەنجامەکەیدا دەناسرێتەوە، مەرج نیە هەموو پێشێلکارییەکی مافی مرۆڤ و هەموو کۆمەڵکوژییەک بچێتە خانەی جینۆسایدەوە، بۆنمونە دیلکوژی بەکۆمەڵ، تاوانێکە دەچێتە خانەی تاوانی جەنگ و دژەمرۆڤایەتیەوە، بەڵام مەرج نیە لەهەموو (دۆخ –سیاق)ێکدا بچێتە خانەی جینۆسایدەوە، ڕاستە ڕەگەزێکی جینۆساید پێکدەهێنێ، وەک تاوانی دژی مرۆڤایەتی. بەڵام هەلومەرج و دۆخی ئەنجامدانی تاوانەکە ئەوەساغ دەکاتەوە. چونکە جینۆساید ئامانجی سرینەوەی ڕەگەزی گروپێکی دەستنیشانکراونیە. تاوانێکە فیزیکی مرۆڤەکان دەکوژێ. جیاوازییەکە ئەوەیە کە مەرج نیە لەهەموو حاڵەتێکدا دیلی جەنگ بکوژرێن. بەڵام لە جینۆسایددا وانیە دەستنیشانکراو لەهەر حاڵەتێکدابێ چ خۆی ڕادەست بکات یان بەرگری بکات، هەردەکوژرێ. لەم بارەیەوە هێلێن فاین دەڵێت : "قوربانیەکان توانای بەرگری لەخۆکردنیان نییە و لەهەر حاڵەتێکدا بێت دەکوژرێن، جا خۆیان تەسلیمبکەن یان بەرەنگاری بکەن."(گۆران باباعەلی:٢٠٢٤، ٢١٠) . زاراوەی جینۆساید زۆربەی جاران بۆ وەسفکردنی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ بەکاردێت. بۆ ئاماژەدان بەو تاوانانەی لە چوارچێوەی شەڕە چەکدارییەکان بەبەرچاوی جیهانەوە ئەنجامدراون، وەک ئەوەی لەدارفۆر یان لەکوردستان ڕویانداوە بەتایبەتی لەتاوانی هەڵەبجەو ئەنفال و شەنگالدا بەڵام جینۆسایدی فەیلیەکان لەکاتێکدا ئەنجامدراوە کە وڵات لەجەنگدا نەبووە!

نکۆڵی لێکردن

ئەگەرچی ئێستا هیچ گومان و مشتومڕ دەربارەی جینۆسایدکردنی کوردەکان لەئارادا نەماوە چونکە لەبری دۆسێیەک چوار دۆسێی بەفەرمی لەدادگادا یەکلایی کراونەتەوە، بەڵام ئایا لەدوای بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق و دانپێدانیان لەپەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستاندا بووەتە هۆی ئەوەی مەترسی جینۆساید کردنەوەی لەسەر نەمێنێ ؟ بێگومان ئەم پرسیارە بەبەڵێ یان نەخێر وەڵام نادرێتەوە بەڵکو پێویستی بەئارگێومێنت و بەڵگەیە. یەکێک لەو مەترسیانەی لەبەردەمی کورددایە و دەبێتە بەڵگە بۆ ئەو مەترسیە (نکۆڵی کردنە) هێشتا لە چوار دەوڵەتدا لەسێ دەوڵەتیاندا کە کوردستانیان بەزۆر بەسەردا دابەشکراوە لەدەستوری وڵاتەکانیاندا کورد بوونی نییە، زمانی کوردی لەدام و دەزگای دەوڵەتیدا قەدەغەیە. جل وبەرگ و کلتوریان جێگەی سوکایەتی پێکردنە تەنانەت لەعێراقدا کە کورد مافەکانی لەدەستوریشدا سەلمێندرابوون کەچی ستەمکاری گەیەشتە جینۆسایدی فیزیکی هەمیشە کورد وەک پلەدوو تەماشا کراوە لەهەرکاتێکدا کە دەسەڵاتدارانی عەرەب بۆیان لوابێت نکۆڵییان لەبوونی کردووەو لەمرۆڤایەتیان دارنیوە.

ڕەشکردن :

یەکێکی تر لەسروشت ونیشانەکانی ناسینەوە نیازی

ئەنجامدەرانی تاوانەکەیە، کە بریتیە لە(رەشکردن) و بێزراندنی قوربانی، کە پێش وەخت قوربانی دەبێژرێندرێت ناشرین دەکرێت کافر دەکرێت یان وەک خائین و دوژمنی گەل، دوژمنی ئاین و نەتەوە تۆمەتبار دەکرێت وەک چۆن جووەکان لە هۆڵۆکۆستدا بەرەگەزە پیسەکەو کوردیش لە ئەنفالدا بەکافرو خائین و بەکرێگیراوی ئێرانی ناودەبران. ئەوە "بەئاژەڵکردن" و "لە مرۆڤ دامالێن"ی مرۆڤێکی تر؛ نازییەکان جووەکانیان بە جرج دەشوبهاند و هوتووەکانی ڕواندا توتسییەکانیان وەک قالۆنچە وێنا دەکرد، هەردووکیشیان بیانووبان بە خۆیان دا تا لایەنی بەرامبەر جینۆساید بکەن و بیانسڕنەوە"(ئالان:٢٠٢٤، ٤-٥ لەکاتی ئەنفالدا "عەلی حەسەن مەجید" کە دەسەڵاتی لەئاستی سەرۆکدا بوو، پگەی سیاسی و مەعنەوی هەبوو بەزمانێکی ئیجگار نزم دەدوێ و کورد بە بزن و سەگ ناو دەبات، ئەمە نابێت نادیدە بگیرێت و ببەستێتەوە بەئاستی نزمی ڕۆشنبیری و خراپەکاری تاکە کەسێک بەڵکو دەبێت بگەڕێندرێتەوە بۆ ئاستی دەوڵەتداری و یاساو داکۆکیکردن لەمافە سیاسی و کلتوریەکان. ئاخۆ جڵەوی دەوڵەت بەدەست کێوەیە ؟ لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ گەورە لێپرسراوانی حزب و پاریزگاری شارەکان بەلوتبەرزییەوە قسە دەکات دیارە لەسەروی خۆیەوە داوای ناوی هەموو ئەوکەسانەیان لێکردووە کە لەقۆناغەکانی ئەنفالدا گیراون، بەڵام ئەو بەسوکایەتی پێکردن بەکوردە دەستگیرکراوەکان و بەلوتبەرزییەوە لەئاست بەرپرسەکان قسەدەکات و گاڵتە بەوان و بەو ژمارە زۆرەی گیراوان دەکات و ئاماژەیەکیش بەوەدەکات کەهێندە زۆرن ئەژمارناکرێت دەڵێت: " داوای ناوی تێکدەرانم لێدەکەن بۆئەوەی بڵاوی بکەنەوە باشە ئەوەی لە تەلەفزیون بینیوتانەو لەڕۆژنامە خوێندوتانەوە بەس نییە؟[*] چیم لەو خەڵکە زۆرە بکردایە کە گیرابوون؟ "ئایا دەکرا هەروا بە سەلامەتی بیانهێڵمەوە؟ ئەی کەواتە دەبوو چی لەم بزنانە بکەم؟ ئاگام لێیان بێت، خزمەتیان بکەم؟ نەخێر، بەڵکو بە بلدۆزەر دەیانکەمە ژێر خۆڵەوە سەریان پاندەکەمەوە ئەو جۆرە سەگانە"(مێدیل ئیست وۆچ:٢٠٠٤،ل٤٣٢)

لەگۆڕنان

سەرئەنجام قسەکەی بردەسەرو هەرچی گیرابوون بەکۆمەڵ کوشتنی و ئێستاش دۆزینەوەو دەرهێنانەوەی ڕوفاتەکانیان بوونە ئاڵۆزترین کێشە لەوڵاتدا. پێشئەوەی پەلامارەکانی ئەنفال دەستپێبکات کەسوکاری نزیکی پێشمەرگەیان دەگرت و دواتر دەیانبردن لە ناوچەیەکی نزیک دەسەڵاتی پێشمەرگە دایاندەبەزاندن و دەیاننارد ناوچە قەدەغەکراوەکان و پێیاندەگوتن بڕۆن با ئێران بەخێوتان بکات. ئەوەش پلانێک بوو هەتا هەموو ئەوانەی مەبەستیانە لە پرۆسەی ئەنفالدا لەناوببەرن. لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ لێپرسراواندا، ڕۆژی ١ی ئابی١٩٨٨، بەتورەییەوە دەربارەی پاریزگاری موسڵ قسەدەکاو دەڵێت : ئێمە داوامان لێکردوون هەموو ئەوکوردانەی لەوێ دەژین (مەبەستی موسڵە) بیاننێرن بۆ چیاکان بۆئەوەی وەک بزن بژین.) دوای ئەوەش جنێوێک دەدات روی ئاوەدانی نیە!(هەمان سەرچاوە)

ئەنفال(١٩٨٧-١٩٨٩) بەوتاوانە دەوترێت، کە لەبەهاری ١٩٨٧ سەرانی ڕژێمی بەعس بیریان لە (دواچارەسەر) کردەوەو سەرئەنجام بەکۆمەڵکوژی و وێرانکردنی کوردستان کۆتایی هات. پرۆسەکە بەسێ قۆناغی پلان دانان و هەشت قۆناغی سەربازیدا تێپەڕی. "لە(١٨)ی مارتدا ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و سەرکردایەتیی

(*) مەبەستی لەو گرتەڤیدیۆیانەیە کە لە نیسانی سالی ١٩٨٨ دا بۆماوەی هەفتەیەک لەتەلەفزیونی دەوڵەت وەک نیشانەی سەرکەوتن نیشان دەدران وێنەکان ئەوکەسانە بوون کە دەستگیرکرابوون، دوای ڕاپەڕینیش تەلەفزیونەکان لە کوردستان چەند جارێک بڵاویان کردەوە. قسەکەی عەلی حەسەن جگەلە زمانە نزمەکەی ئاماژەیەکی ڕوونە بۆئەوەی خەڵکەکە ئەوەندە زۆربوون ئەژمارکردن وناونوسینیان ئاسان نەبووە.

هەرێمایەتیی حیزبی بەعس پێکەوە بڕیاریاندا بە دانانی ئەلمەجیدی ئامۆزای سەرۆک بە سکرتێری گشتیی مەکتەبی باکووری ڕێکخراوی حیزبی بەعس." (میدیل ئیست وۆچ: ٢٠٠٤ ، ١٠٥) دوای ئەوەش کۆبوونەوەی ٢٩ی ئازاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ "دواچارەسەری کێشەی کورد" بەستراو تیایدا عەلی حەسەن مەجیدکرایە دەسەلاتداری بێ ڕکابەری ناوچەی باکور. هەموو ناوەندەکانی دەسەلات و سوپاو ئەمن و هەواڵگری خرایە ژێر فەرمانەکانیەوە. لەقۆناغی یەکەمدا کەوتە دانانی نەخشەی کۆمەڵگا زۆرەملێکان و ڕوخاندنی گوندەکانی سەرجادەگشتیەکان و نزیک شارەکان و توندکردنەوەی گەمارۆی ئابووری سەرگوندەکان و دواتریش قۆناغی دووەمی بەدواداهات کە بریتی بوو لە دەرکردنی ڕاسپاردەی (س.ف ٤٠٠٨) کە کۆمەڵێک ڕاسپاردەی مەترسیداری تێدابوو.. لەوانە (کوشتنی هەرجۆرە مرۆڤ و ئاژەڵێک لەو ناوچانەی بە قەدەغەکراو ناوبراون. قۆناغی یەکەم لە٢١ی نیسان دەستی پێکردو هەتا ٢١ی مایسی خایاند، قۆناغی دووەم لە٢١ ی مایسەوە هەتا ٢١ی حوزێرانی خایاند دەبوو لەماوەی ئەو دوو مانگەدا تەواوی خەڵکی گوندنشین لەگوندەکانیان نەمێنن و بچنە کۆمەڵگاکانەوە. بەڵام هێشتا زۆر گوند هەر پێشیان نەزانی بوو کە ڕژێم بەنیازی چییە لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٧ بە دواوە ئیتر وادەی هاتن بۆ کۆمەڵگا کۆتایی هات و بەپێی ڕاسپاردەکەی نوسینگەی باکور بەواژۆی عەلی حەسەن مەجید ئیتر ئەوەی لەگوندەکاندا بێت وەک بەکرێگیراوی ئێرانی و پێشمەرگە ئەژمار دەکرێ و هەر کەسێک لەو ناوچانەدا بگیرایە دەبوو دەسبەجێ بکوژرایە بێ هیچ ڕاڕاییو دوودڵییەک بەپێی ئەو بڕیارو ڕاسپاردانەی لە بریاری (س، ش. ٤٠٠٨) لە حوزەیرانی ١٩٨٧ بەواژۆی عەلی حەسەن مەجید دەرچووە، لەم بارەیەوە ناوبراو لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٥ی نیسانی ١٩٨٩دا دەڵێت : "ئەو خەڵکانەی کەوا ئێمە لە ٢١ی مایسەوە بۆ ٢١ی حوزێران ڕامانگواستن، یەک کەسیان لە ناوچە قەدەغەکراوەکاندا نەبوون. بەڵام لە ژێر کۆنترۆڵی تێکدەراندا بووبێتن یان دژیان.

عەلی حەسەن مەجید بەئاشکرا لەکۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی ڕێکخستنی باکوورو بەرپرسانی حیزبی بەعسی پارێزگاکانی باکوردا دەڵێت : دەمەوێت بە چەکی کیمیایی هێرش بکەم. من هەر هەموویان بە چەکی کیمیایی تاقبڕ دەکەم! بزانم کێ قسە دەکات؟ کۆمەڵی نێودەوڵەتی؟ لەکۆمەڵی نێودەوڵەتی بەمو لەوانەش گوێیان لێدەگرن! . (ل٤٤١)[٢] ئەم هەڕەشانە بێ بنەماو لە خۆڕا نەبوون، بەڵکو عێراق سۆزی ئەمریکای بەدەستهێنابوو، هەتا عێراق خۆشەویستی ئەمریکای بەدەست دەهێنا، کوردەکان خۆشەویستی عێراقیان لەدەست دەدا.(سەمانسا پاوەر:٢٠٠٨ ، ٢٤) ئەگەرچی ساڵی ١٩٨٣ سوپای عێراق چەکی کیمیایی لەبەرەی جەنگی حاجی ئۆمەران بەکارهێنابوو، بەڵام لەبەرئەوەی بەرێژەیەکی کەم بووە زۆر دەنگدانەوەی نەبوو، بەڵام بۆیەکەمجار کەسوپای عێراق لە گوللە تۆپدا چەکی کیمیایی بەکارهێنا، "ڕۆژی ١٥ی نیسانی ساڵی ١٩٨٧ بوو، لە دۆڵی جافەتی و شارباژێردا بەڵام زۆر زیانی نەبوو دەنگەکەشی زۆر نزم بوو"(شازین: ٢٠١٠) هەرلەم بارەیەوە میدیل ئیست وۆچ شایەتحاڵێکی دواندووەو دەڵێت : شەوێک یان دوان دوای سەرکەوتنەکەمان. ئێمە نەماندەزانی ئەوە کیمیاییەو دەنگەکەی وەک دەنگی تۆپبارانی

(*) لەبارەی ڕێکەوتی کۆبوونەوەکە میدیل ئیست وۆچ لە پاشکۆی (A) دا باڵاوی کردووەتەوە نوسیوێتی : ئەم قسانەی عەلی حەسەن مەجید لەکۆبوونەوەیەکدا بوون لەگەڵ بەرپرسانی حزبی بەعسی پارێزگاکانی باکورو لەسەر نەوار تۆمارکراون و دواتر لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لەماڵەکەی خۆیدا دەستیان بەسەرداگیراوە و لەگەڵ کۆی ئەو بەڵگەنامانەی تر ڕادەستی میدیل ئیست وۆچ کراون و براون بۆ ئەمریکا. کاسێتەکە ڕێکەوتی ٢٦ی مایسی ١٩٨٨ی لە سەرە، بەڵام بەپێی قسەکان و بەڕاوردکاری لەوەدەچێ هی ساڵی ١٩٨٧بێت

ئاسایی زل نەبوو و بۆنی سێوی گەنیو و سیرمان دەکرد. گوللە تۆپێکی لە ژمارە نەهاتوو بەسەرماندا دابارین، بەڵام زۆر کاریگەر نەبوون'(میدیل ئیست ووچ: ٢٠٠٤، ١١٠) هەرلەم بارەی بەکارهێنانی کیمیاوییەوە راپۆرتەکەی میدیل ئیست ووچ لەپەراوێزدا نوسیوێتی : وەک باسدەکرێت لە ١٥ی نیسانی ١٩٨٧دا هێرشێکی کیمیایی کراوەتە سەرباڕەگای KDP لە زێوە، کە ناوچەیەکی گەورەی چۆڵکراو بوو نزیک سنووری تورکیا.(هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە)

وەک دەردەکەوێ کیمیابارانی بالیسان و شێخ وەسانیش دەکەوێتە ڕۆژێک دوای کیمیابارانی پێشمەرگەی یەکێتی پارتی. بەڵام هێشتا قۆناغی یەکەم لەسەرەتادا بوو، کۆمەڵگا زۆرەملێکانیش دروست نەکرابوون، کەوا بۆ تۆقاندنی خەڵک هەردووک گوندی بالیسان و شێخ وەسانان بە چەکی کیمیایی لە ١٩٨٧/٤/١٦ دا پەلامارەران و کۆمەڵکوژیی و بریندارکردن و وێرانکارییان لێکەوتەوە، کەهەتا ئێستاش کاریگەرییە مەترسیدارەکانی لە ئاراداان و بریندارەکانی بەدەست ئازارەوە دەنالێنن.

دادپەروەری و مافی قوربانی

یەکێک لە باشترین و گونجاوترین ڕێگا بۆ گەڕاندنەوەی شکۆی قوربانیەکان و سزادانی تاوانبارانی لەدوای جەنگ و جێنۆساید قۆناغی (دادپەروەری ڕاگوزەرییە- عدالة الانتقالية) کە زەمینە سازدەکات بۆ ئاسایی کردنەوەی دۆخ و گەڕانەوەی قوربانیەکان بۆناو ژیانی ئاسایی بەداخەوە ئەم قۆناغەش زۆرجار بێ تەگەرە دانامەزرێ و دەسەڵاتداران زەمینەی بۆ ناڕەخسێنن بۆیە قوربانیەکان هەر لەدۆخی نائاساییدا دەمێننەوە. هەلبەت یەکێکیش لەکۆسپە گەورەکان بۆ گێڕانەوەی مافی قوربانی سەلماندنی تاوانەکەیە، تۆمەتی "جینۆساید" ئاسان ناسەلمێندرێت چونکە " ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە لە سەلماندنی تاوانەکان، لەبەرئەوەی زۆرجار ئەنجامدەرانی تاوانەکان بەڵگەکان ون دەکەن بۆنمونە کاتێک لەساڵی لە مانگی ئازاری ١٩٤٤ ، هاوپەیمانان سوپای ئەڵمانیان لە چەند ناوچەیەک تێکشکاند و لە هەندێک ناوچە جووەکان لە کامپەکان رزگارکران " نازییەکانیش دەستیان بە لەناوبردنی بەڵگەکان کرد و چەند کامپێکیان لە پۆڵەندا سووتاند."(K٢٤،٢٠٢٠)، هەندێکجاریش سەرباری بوونی

بەڵگەش تۆمەتبار لەبەر نەبوونی بەڵگەی پێویست ناتوانێت سزای تۆمەتبار بدات ئەمە کت ومت لەدادگایی کردنی تۆمەتبارانی ئەنفال ڕوویدا تۆمەتبار تاهیر توفیق ئەلعانی سەرباری ئەوەی بەڵگە لەبەردەستی دادگادابوو کە لەگەڵ عەلی حەسەن مەجیدابوو و تەنانەت لە سەر بڕیارەکانی فەرماندەیی مەکتەبی باکووری حزبی بەعس واژۆی دەکرد (میدل ئیست ووچ: ٢٠٠٤، ٤٤١) تاهیر توفیق ئەلعانی ئەوسا سکرتێری لێژنەی کاروباری باکوور و سەر بە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بوو.کەچی لەدادگا دەربازی بوو

لەوەها دۆخێکدا کە سکالاکار پێویستی بە دۆکیومێنت و شایەتحاڵی جێ متمانە هەیە کۆسپ بۆ دادگاو گەڕانەوەی مافی قوربانیەکان دروست دەبێت. لەلایەکی تریشەوە سزای تاوانکارانیش قورسەو هیچ پارێزبەندییەک نایانگرێتەوە، بۆیە ناتوانرێت لەهەموو دادگایەک دۆسێیان بۆ بکرێتەوەو دادگایی بکرێن. پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بۆ تاوانەکە بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای "نیاز- مەبەست" و پێویستی سەلماندنی داواکارانی گشتی کە تۆمەتبار بە "مەبەستێکی دیاریکراو" مامەڵەی کردووە بۆ سڕینەوەی تەواوی گرووپێک. زۆرجاریش ئەوانە ئاسان نایەن بەدەستەوە. ڕێککەوتننامەی جینۆسایدکە لە ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کراوە، تاوانی جینۆسایدبەم شێوەیە پێناسە دەکات: "ئەو کردەوانەی کە بە مەبەستی لەناوبردنی، بە تەواوی یان بەشێکی، گرووپێکی نەتەوەیی، یان ئایینی ئەنجام دەدرێن". ڕێککەوتننامەکە بۆ یەکەمجار تا سەرەتای سالانی نەوەدەکان، زیاتر لە چوار دەیە دوای پەسەندکردنی، لە کاتی پرۆسەی دادوەری دوای ململانێکانی ڕواندا و بالکان، جێبەجێ نەکرا

سەرچاوەکان

١. مالپەڕی ئاوێنە، جینۆسایدی ئەمریکی بۆ "هیندییە سوورەکان"، ڕاستییە مێژووییەکانو بەڵگە سەلمێنراوەکان،، ڕاگەیاندنی وەزارەتی دەرەوەی چین، سالی٢٠٢٢، لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەسالح تۆفیق، ٨/ ١٢/ ٢٠٢٣.

٢. دیوێک لەکارەساتی ئەرمەنیەکان. نهێنیەکی شەست ساڵە لە تورکیا بنەماڵەیەک ڕیشەکێش دەکات، دان بلیشکی، وەرگێڕانی سەعید عارف. ئەنفالستان ژمارە (٧) ٢٠٠٩، ل ٣٨ .

٣. مؤید جبار، سلسلة حروب الولایات المتحدة إبادة الهنود الحمر (السکان الأصلیین) الحرب الأولی، مرکز الدراسات الاستراجیة، جامعة کربلاء ٢٠٢٤

٤. نیورۆبایۆلۆجیی ئەنفال، د. سەهەند ئالان، ئەنفالستان ژمارە (١٦) ٢٠٢٤، سلێمانی.

٥. الشرق نیوز، جرائم "الإبادة الجماعیة".. ما أبرز القضایا التاریخیه، ١٦ یناير ٢٠٢٤.

٦. (K24) مالپەڕی کوردستان ٢٤ ئەدۆلف هیتلەر لە پێنج سال شەش ملیۆن جووی جینۆسایدکرد. پرۆسەی جینۆسایکردنی جووەکانی ئەوروپا چۆن دەستیپێکرد؟ ٢٠٢٠/١/٢٧.

٧. جێنۆسایدلەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد. لەئینگلیزییەوە محەمەد حەمەسالح توفیق. سلێمانی چاپی دووەم خانەی وەرگێران ٢٠٠٤.

٨. گۆڕی بەکۆمەڵ لە مێژوودا، عێراق لەمەشدا بەدناوترینە محەمەد حەمەسالح توفیق . ئەنفالستان ژمارە (١٦) ٢٠٢٤.

٩. گۆران بابا عەلی، گۆران بابا عەلی فانتازیای بەعس و دواهەمین چارەسەر، ئەنفال وەک قۆناغێک لە پرۆسەی پێکهێنانی دەوڵەتدا، ئەنفالستان ژمارە ١٦، ٢٠٢٤ ل٢٠٨.

١٠. دیدار لەگەڵ شازین هێرش پێشمەرگەی دێرین، ٢٢ی نیسانی ٢٠١٠ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ، سلێمانی.

١١. سەمانسا پاوەر، ئەمریکاو ئەنفال. وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە، بەختیارکەریم، چاپی یەکەم ٢٠٠٨.

جینۆسایدی کورد
لە چوارچێوەی یاساو پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان

شالاو عەبدوڵڵا

چەمکی کۆمەڵکوژی، یەکێکە لەو چەمکانەی، کە لە بوارەکانی سیاسەت و یاسادا بەکار دەهێنرێت. ئەم چەمکە بۆ ئەو تاوانە نێودەوڵەتیانەیە، کە مەبەست لێی کۆمەڵکوژکردنی گەلێک یان نەژادێکە. ئەم چەمکە لە بنەمادا دوو بەشە: جینۆ، واتە نەژاد، ساید، واتە ئیبادە یان بەکۆمەڵ کوشتن.

بەپێی ڕێکەوتنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، بەزۆر دەرکردنی کۆمەڵە خەڵکێک لەسەر ماڵ و زەوی و شوێنی ژیانیان و ڕاگواستنیان بۆ شوێنێکی تر، قەدەغەکردنی زمان و کولتوریان، کوشتن و لەناوبردنیان، ڕێگریکردن لە شێوەی ژیان و لەناوبردنی سەرچاوەی ئابووری و بژێویی ژیانیان و کۆمەڵکوژکردنیان، بە جینۆساید ئەژمار دەکرێت.

دوای ئەو کارەساتەی لە هۆڵۆکۆستدا نازییەکان بەسەر جولەکەکانیاندا هێنا، نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٨دا بڕیارێکی بۆ قەدەغەکردنی کۆمەڵکوژیی گەلان دەرکرد. لەپاڵیشیدا بڕیارێکی بۆ سزادانی ئەو دەسەڵاتانە دەرکرا، کە بەو کردەیە هەڵدەستن ، دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٥٩ واژووی لەسەر ئەو پرۆژە بڕیارەی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد. هەرچەندە بە هیچ شێوەیەک حکومەتی بەعسی عێراقی پابەند نەبوو پێوەی.

بۆ یە کە مین جار کومە ڵە ی گشتیی نە تە وە یە کگرتووە کان لە ڕۆژی (١١/١٢/١٩٤٦) بریاری ژمارە (٩٦)(١) دە ر کردو جینۆسایدی بە تاوانێک دانا لە یاسای نیۆدە وڵە تیدا. وە لە بڕیارە کە دا هاتووە کە جینۆساید نکوڵی کردنە لە مافە کانی تاک و کومە ل و دژی ڕە وشتی یاسا و ئامانج و گیانی نە تە وە یە کگرتووە کانە و تاوانێکی هزر و ویژدان هە ژێنە و دە بیتە هۆی لە دە ستدانێکی گە ورە ی مرۆڤایە تی و جیهانی شارستانی سە رزە نشتی دە کات دوو ساڵ پاش تێپەڕبوونی ئە م بڕیارە کومە ڵە ی گشتیی نە تە وە یە کگرتووە کان لە ڕۆژی (٩/١٢/١٩٤٨) بە بڕیاری ژمارە (٢٦٠) ڕێککە وتننامە ی قە دە غە کردنی جینۆسایدو سزا خستنە سە ر تاوانکارانی لە شاری پاریس دە ر کرد و بۆ یە کە مین جار جینۆسایدبوو بە یاسا ئە و ڕێککە وتننامە یە لە (١٩) نۆزدە ماددە پێک هاتووە و لە (١٢/١/١٩٥١) ە وە کارییێدەکرێت تا ئێستا (١٤٧) دە وڵە ت لە و ڕێککە وتننامە یە دا ئە ندامن ئە و ڕێککە وتننامە یە کە بە ڕێککە وتننامە ی نە تە وە یە کگرتووە کان بۆ جینۆسایدناسراوە.

لە پرۆتۆکۆڵی جنێف (١٩٢٥/٧/١٧) هاتوە ئەڵی بەهەموشیوەیە ک قەدەغەیە چەکی کیمیایی(گازی خنکێنەور وژەهراوی) و (چەکی بایۆلۆجی- بەکتریۆلۆجی) لەکاتی جەنگدا بەکار بێت.هەروەها لە نیسانی ١٩٧٢ جارێکی تر پشت راست کرایەوە کە جەکی بایۆلۆجی بە هەموشیوەیەک بەرهەم هێنان و بەکارهێنانی قەدەغەیە،لە ساڵی ١٩٦٨ وە دوای پێکهێنانی لیژنەی داماڵینی جەک باس و خواستی چەکی کیمیایش هاتە گۆڕی ئینجا لە کۆنگرەی داماڵینی

جەکدا سالی ١٩٨٤ هەمدیسان باسی لیوەکراوە، لەسالێ ١٩٩٢ دا کۆنگرەی دامالینی چەک لەژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتوەکان بەتەواوی باسی لە نەهێشتنی چەکی کیمیایی کرد،وە لە ٣٠ ئەیلول ١٩٩٢ دا کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان پشتراستی کردوە و واژۆکرا،پاشان لە ڕێکەوتنامەی پاریسدا لەسالێ ١٩٩٣ بەتەواوەتی چەسپا و کەوتە بواری جێ بەجێ کردنەوە،،وە دوای دامەزراندنی ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی لە سالێ ١٩٩٧ ،ئەم ڕێکەوتنامە لەسەر ئاستی جیهان جێ بەجێ دەکرێ.

کێ چەکی بە ڕژێمەکەی سەدام فرۆشت؟

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (دی تاگستایتونگ - Die tagezeitun)ی ئەڵمانی، کە لە ١٧ی دیسەمبەری ٢٠٠٢دا بڵاویکردووەتەوە، زیاتر لە (١٥٨) کۆمپانیای جیهانی بەڕێگەی نایاسایی یارمەتی ڕژێمەکەی عێراقیان داوە، بۆ بەدەستهێنانی کەرەستەی جەنگی قەدەغەی جۆراوجۆر بە چەکی ئەتۆمی و کیمیایی و بایلۆژییەوە. لەوانەش (٨٠) کۆمپانیای ئەڵمانی، (٢٤)ی ئەمریکی، (٨)ی فەڕەنسی، (١٧)ی بەریتانی، (٥)ی یابانی، (٦)ی ڕووسی، (٧)ی بەلجیکی، (٣)ی چینی، (٣)ی ئیسپانی، (٣)ی هۆڵەندی و (٢)سویدی بوون.

تاوەکو ئێستا بەڵگەی پێویست و سەلمێنەر لەسەر ٢٥ کۆمپانیایان کۆکراوەتەوە، کە بەپێی ئەو بەڵگانە دەسەلمێنرێت ئەو کۆمپانیایانە ماددەی کیمیاییان بە سەدام داوە و ئەو ماددە کیمیایەشیان لە دژی دانیشتوانی شێخ وەسانان و دۆڵی بالیسان و هەڵەبجە بەکارهێناوە. لەسەر ئەو بنەمایەش کار بۆ ئەوە دەکرێت، کە سکالا لەسەر ئەو ٢٥ کۆمپانیایە تۆمار بکرێت و بدرێن بە دادگای نێودەوڵەتی.

دامەزراندنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی

لەسالێ ١٩٩٨ لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ئیتالیا بەڕێوە چوو بە پشتبەستن بە ڕێککەوتنامەی سالێ ١٩٤٨ بۆ پێکهێنانی دادگایەکی تایبەت بە تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و تاوانی دژی مرۆڤایەتی و جەنگ، بڕیاری پێکهێنانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی درا، ١٢٠ وڵات ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. ٩٢ وڵات بە بەڵێ دەنگیان دا و ٧ وڵات دژ بوون و ٢١ وڵاتیش خۆیان لە دەنگدان پاراست. عیراق یەکێک لەو ٧ وڵاتە بوون کە دەنگی نەخێری دا (ئەمریکا، ئیسرائیل، چین، عیراق، قەتەر، لیبیا و یەمەن) دەنگی نەخێریان دا. پرۆسەی جینۆسایدکردن و کۆمەڵکوژی و ئەنفال یەکێکە لە گەورەترین تاوانە ترسناکەکانی بەعس لەدژی گەلی کورد، کە بە پێی پلانێکی تۆکمە و بەرنامە بۆ داڕێژراو لە هەشت قۆناغدا ئەنجامدرا کە تێیدا ١٨٢ هەزار کەس تێدا لەناو بران و بە هەزاران گوند خاپوور کران.

وە شایەنی ئاماژە پێکردنە کە یەسی ئە نفال یە کێک بوو لە کەیسە کانی کورد لە دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقیدا کە یە کە م دانیشتنی دادگا لە (٢٠٠٦/٨/٢١) دە ستی پێکرد. پاش (٦١) شە ست و یە ک دانیشتن دادگا لە (٢٤/٦/٢٠٠٧) دا کە یەسی ئە نفالی بە جینۆساید ناساند و بڕیاری لە سێدارەدانی دەرکردبۆ ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆساید و ئەنفال.

لیستی سەرچاوەکان

١-ئاواره حسێن، جینۆسایدی گەلی کورد لە ڕوانگەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتیەوە،٢٠١٧، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی.
٢- تەها سلێمان، جینۆسایدی کوردستان، ٢٠١٦،چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی.
٣-پەیماننامەی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی سالێ (١٩٩٣).

پێشنیارێکی پێویست

صالح ئەکرەم حەیدەری

بۆتێگەیشتن و دەستکەوتنی زانیاری راستەقینە روداوێ، پێویستت بەوەیە بەوردی لێکۆلینەوەیەکت لە بەردەست بێت کە کۆی روداوەکە شەن وکەو کرابێت و هەموو لایەنەکانی ساغ کرابێتەوە،چونکە ون بوونی هەر بەشێک لە روداوەکە،وێنە جوان و راستەقینەکە تلخ دەبێ و بکەر و پالەوان و قوربانی دەرەکان باش نابینرێن،بۆیە لە ئەنجامیش ستەم لە پالەوان و بکەرە داهێنەرەکان دەکرێ و خەلکی مشەخۆر و هیچ لەبار دەبن بە پالەوان و بکەری روداوەکە.

لە کۆمەلگای مرۆڤایەتی لە کوێ چاکە هەبوبێ خراپەش هەبووە،ستەم هەبوبێ قوربانی هەبووە،بۆیە زانایانی کۆمەلناسی پێیان وایە ئەمە هۆکاری گەشەی کۆمەلگا یە وە ئەو گۆڕانە بەردەوامە دەبێتە هۆی روداوی زۆر و گۆڕان لە رۆل و پێگە ی تاک و کۆمەل.

کوردیش وەک هەموو نەتەوەی تر، لە نێو ئەو خولانەوەیەدا بە پێ ی قۆناغ و سەردەمەکان رۆل و پێگەی بەرز و نزمی تێکەوتووە،بەلام بە دیار کراوی لەپاش شەری چالدێرانی ١٥١٤ئیتر کورد و خاکەکەی دابەشی سەر نفوزی هەردوو ئیمپراتۆریەتی ناوچەکە (سەفەوی و عوسمانی) کراوە، هەر جارێ لەتێکی لێ کراوەتەوە، ڕۆلەکانی کراون بە قەلغانی تەماحی ئەم دوو ئیمبراتۆرە و سەروەت و سامانیشیان تالان کراون،جار جار گەر سەفەوی و عوسمانی شکەستیان هێنابێ و ڕۆلیان کەمتر بوبێ، ئەوا داگیرکەریتر هاتوون خاک و داهات و ڕۆلەکانی ئیمەیان تالان کردووە و خوێنی ئیمەشیان بەهی ئەو دووداگیرکەرە زانیوە.

هەرچی هاتۆتە ئەم جوگرافیایەی کورد تیادەژی دەستی خۆی نەپاراستووە،بۆیە کورد بە درێژایی مێژووی ٥٠٠ساڵە واهیلاک کراوە،لەلایەک نەیتوانیوە سەر پێ بکەوێ و بەهێز بێ و ڕۆل و پێگە بۆ خۆی دروست بکات و سنورێک بۆ دەست درێژی بۆسەر خاکەکەی دابنێ،وە بتوانێ شتێ لە مێژوو و واقیعی ئەو کات بنوسێتەوە،ئەم داگیرکاریە وای کردووە لەلایەکی تر ڕۆلەکانی کورد دابەش بن بەسەر میحوەرکانی هێز و زۆرجار دەوری ئەوەیان پێ دراوە کە بن بە دیواری خوێن لە نێوان سەفەوی و عوسمانی وەکو ئەوەی ئەوەی سولتان سولەیمانی قانونی لە گفتوگۆیەک لەگەل دایکی ، دوایی ئەوەی زۆرینەی باشوری کوردستانی لە دەستی صەفەویەکان دەرهێناوە، گەراوەتەوە قوستنتەنیە، دایکی پێ ی گووتووە کوڕم سلاو بۆ سەرکەوتنت، بەس ئەو خاکەی رزگارت کردووە چۆن دەپارێزی، ئەویش دەلێ دایە، بە دیواری خوێن، پارێزگاری لە سەرکەوتنەکانم دەکەن، بە داخەوە تا ئێستاش کوردی پارچەکانی تر و لە نێو یەک پارچەش، دەوری ئەم دیوارە دەبینن بۆ دوژمنی خاک و ئاومان.

دوژمنەکان و خۆشمان، باڕێکمان دروست کردووە، بۆتە گرێ ی دەروونی، زۆر ئەستەمە لێ ی دەرچین، دوژمنەکانمان ڕەحممان پێ ناکەن، ئێمەش لە نێو خۆمان زیاتر لە دوژمنەکان بە خۆمان دەکەین،بۆیە بۆ نوسینەوەی لاپەرەکی مێژووش دوژمنەکانمان دەکەین بەهاوبەش و هەندێ جار دەوری پالەوانیشیان پێ دەدەین.

ئەو جوگرافیا جوان و پر خێر و بەرەکەتەی کورد تیادا دەژی، نمونەی نیە، بەس حەیف خۆخۆڕی و خەمساردی و بێ کەلکیمان لە ئیدارە دان و هەلسوڕاندنی لە پێناو میللەتی خۆمان، بەشێکی زۆری هێناوینەتە ئەو باوەڕی کە دەلێین بێ حیکمەت نیە کورد بە درێژایی مێژوو بۆ نەبۆتە دەولەت، گەر بەوردی بە کۆی روداوە مێژویەکان دابچینەوە شەرمەزاری دەمان گرێت،و پێمان دەلێ دەبێ هۆکار چ بێت کورد پەند لە دوێنێ وەرناگرێ و بۆ بەرامبەر خوێنی خۆی

لێبووردە نیە و توانای یەکتر قبولکردنی وا لاوازە.
ئەوەی زیاتر نائومێدمان دەکات نەبوونی سەرکردە و سەرۆکێکە، نەخشەی دوورونزیکی بەرژەوەندی بالای خاک و نیشتمان بێ،زۆرینەی رەها لە بازنەی بەرژەوەندی حیزب و خێل و خانەوادە و کەسی خۆیان

"ئایا توانراوە رووداوەکان وا دیکۆمینت بکرێت کە خوێنەر و لێکۆڵەوەری تایبەتمەند بەم بوارە، خۆمالی و بیانی، کە دەستیکەوت بتوانێ بەتەواوی وێنەیەکی گشتگیری دەست کەوێت؟"

دەخولێنەوە بۆیە زۆر پێویست مان بە بوونی سەرۆک و سەرکردەیەکی وا خاوەن کاریزمی، هۆکار بێ بۆکۆبوونەوەی زۆرینەی هاونیشتمانی بە دەوری نەخشە ڕێگاکەی و گەیشتن بە ئامانجی دوور و نزیک، بوونی سەرۆکی باش، تاکی بە هێز وکۆمەلگایەکی تەندروست و حکومەتیکی (عاقل و ڕەشید)مان بۆ بەرهەم دێنێ، کە هۆکاری کاریگەرن بۆ دروست بوونی کیانی دلخوازی میللەت.
ئەم پێشەکیەم وەک ڕەشبینیەک وەرمەگرە خوێنەری ئازیز،ئەمە واقیعە تاڵەکەی خۆمانە،خۆزگە وا نەبوایە،بەدەر لە هەموو کەم وکوڕیەکان پێویستە مرۆڤ لە هەول نەکەوێ تا دەرفەت دەرەخسێ بۆ گەیشتن بە برگەی سەرەوەم.
گەر سەد ساڵ(١٩٢١-٢٠٢١)وەربگرین لە مێژووی کورد بەگشتی و باشوریش بەتایبەت، ئەوا زنجیرەیەکی دووردرێژی دەکەوێتە بەر چاوومان، کە پڕە لە ڕووداو،هەندێکیان دەرفەتی زێرین بوینە بۆ دروست بوونی کیانی کورد، هەندێکیشیان تاوانی گەورە و قێزەونن دەرحەق بەم میللەتە لەسەدەی بیستەم ئەنجام دراون، کەم میللەت و کەمینەی نەتەوەی ڕووبەڕووی بوونەتەوە،هەتا پارچەکانی تریش لە کوردستانی گەورە بە بەڕاورد بە باشور بەرامبەریان نەکراوە،بەغدای نوێ بە نەخشە و بەقۆناغ هەولیداوە کورد لە سەر نەخشە دیمۆگرافیای عیراق بسڕێتەوە.
قۆناغی یەکەمی ڕاگواستن و تەعریب لە سەردەمی پاشایەتی (فەیسەل و غازی و فەیسەل دووەم)و سەردەمی کۆماری (عبدالکریم قاسم، عبدالسلام عارف و عبدالرحمن عارف-احمد حسن بەکر وصدام حسین)کە سەردەمی ئەفسەرە ئازادەکان و بەعسیەکان دەگرێتەوە، لە دوای ڕوخانی حکومەتی دیکتاتۆری صدام حسین لە ٢٠٠٣، سیستەمێکی نوێ ی حوکم هەتا ئارا، ئەویش سیستەمی پەرلەمانیە و تیایدا سەرۆک وەزیران هەموو دەستەلاتی جێبەجێکردنی هەیە وسەرەڕای ئەمەش سەرۆکی هێز چەکدارەکانە، پاش حەفتا سال دەستەلات لە کەمینەی سوننە وەرگیرایەوەو درابە زۆرینەی شیعە، لە ماوەی ئەم سەد ساڵە ڕاگواستن و تەعریب و تاوانەکان دەرحەق بە کورد گەیشتن بە ترۆپکە بەردەوامیان هەیە بە ئێستا شەوە کە گوایە بڕا شیعەکان دەستەلاتداری یەکەمی عیراقن و زیاتر هاوسۆزن لەگەل قەزیەی کوردت بە داخەوە تەعریب و ڕاگواستن ئێستاش بەشێوازێک لە شێوازەکان هەر بەردەوامە ، نمونەش دەزانین پارێزگاری سەپێنراوی شاری کەرکوک ڕاکان جبوری پاش ١٦ی ئۆکتۆبەر چۆن بەردەوامیدا بەم سیاسەتە چەپەڵە،ئێستا ئاهێک هاتۆتە بەر شار دوایی ئەوەی پارێزگارێکی کورد بە هەلبژاردن حوکمی شار دەکات.
ئەو چیرۆکە ناخ هەژێنانەی لە میانەی جێبەجێکردنی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیا باران و ڕاگواستن و تەعریب و بە زیندانی کردنی تەواوی باشووری کوردستان، هێندە مەزن و گەورەن، کەم نوسەر و داهێنەری بەسلیقەی ئەدەب و هونەر دەتوانێ ئاوەڵی پێویستی بکات و حەقی خۆی پێ بدات، خەمی گەورەشی ئەوەیە هەوڵەکان سنوردارن بۆ بە دیکۆمینت کردن و لێکۆڵینەوە لەسەر کردنیان بە شێوەی ئەکادیمی و گشتگیری، بۆئەوەی خوێنەر و تاکی کورد بتوانێ وێنە جوانەکەی دەستکەوێ و لە هەموو کون وقوژبنی تاوان و ڕووداوەکە شارەزا ببێ و زانیاری تەواوی دەست بکەوێت.

خوێنەری بەڕێز....

- تاوانی بە عەرەب کردن یان وەک لە ئەدەبیاتی کوردی بە تەعریب هاتووە لە سەردەمی پاشایەتی تا سەردەمی راکان جبوری بەردەوامی هەبووە.

-تاوانی راگواستن، فەیلیەکان بە بیانووی شیعەگەریان و دوایش گوندو شارۆچکەکانی سەر سنوور بە بیانووی ئەمنی و شەری عیراق -ئێران، راگواستنی کۆی گوندکانی کوردستان و شارۆچکە و شارەکان پاش ئەنفالی ١٩٨٨بەردەوام بوو،گەر کوێت داگیرنەکرابایە هیچ گومانی تێدا نەبوو،شارە گەورەکان تەخت دەکران و زۆربەی میللەتی کوردیش ئەنفال دەکران، بەلام ئەو ئەحمەقیەی سەدام حوسین گەلی کورد و باشوری پاراست.

-تاوانی جینوساید، ئەنفالکردنی بارزانیەکان و کوشتن و بزرکردنیان، کردەی سەربازی ئەنفال لە سالی ١٩٨٨ و کوشتن و لە ناوبردنی نەک مرۆڤ هەموو زیندەوری کە لە ناوچە قەدەغەکراوەکان جێ بە جێ دەکرا،سەدان چیرۆکی ناخ هەژێنمان بۆ دەگێرێتەوە کەوا لە مرۆڤ دەکات بە هیچ کاردانەوەیەک بەرامبەر ئەم تاوانبارانە مرۆڤ دلی ئاو نەخواتەوە.

-تاوانی کیمیا بارانکردن درێژەیی تاوانی جینوساید کردنی کوردی باشوورەکە سەرەتا لە شێخ وەسان و بالیسانی خۆشناوەتی لە ١٦-٤-١٩٨٧دەستی پێکرد و جافەتی و هەلەبجە وبادینان و چەندین شوێنی تر کۆمەلکوژ کرد، ئەمە هەرچیرۆک نیە بەلکو رۆمانێکی تراژیدییە کە حکومەتێکی خوێن رێژ بەرامبەر خەلکی سیڤیلی خۆی ئەنجام دابێت و لە جیهاندا نمونەی نیە.

کورد لە رێگای نوسەر و ئەدیب و رۆژنامەنووس و چالاکوانەکانی خۆی و پەیوەندیە دەرەکیەکانی، بە قۆناغ و لە ماوەی ئەم سەد ساڵەدا، توانیویەتی لە سەر لاپەرەی کتێب و گۆڤار و رۆژنامەکان و لە رێگای کەنالی راگەیاندنی بینراو و بیستراو، لە سەردەمی شاخ و شار دا توانیویەتی، ئەم تاوانانە بەرچاو بخات و دیکۆمینتیان بکات و بیکات بە کارتێک کە دەنگی مەزلومیەتی خۆی بە دونیا بگەینێ، ئەم هەولانە وەک تاک وەک دەزگا، یاخود لەسەئاستی حکومەت و حیزبەکان کە کاریان لەسەر کردووە،ئەرشیفێکی زەنگین و مەزن دەخاتە بەردەستمان کە دەبێتە هۆکار بۆ سەرلەنوێ نوسینەوەی ئەم روداو و تاوانانە بە شێوەی ئەکادیمیی و سەلمێنراو بە بەلگەی باوەڕ پێکراو و بۆ ئیمرۆ و نەوەکانی داهاتوو.

پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە؟؟؟

کۆی گشتی هەولەکان بەدرێژایی شۆرش و بەرخۆدان، وە ٣٤ساڵەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئایا توانراوە رووداوەکان وا دیکۆمینت بکرێت کە خوێنەر و لێکۆڵەوەری تایبەتمەند بەم بوارە، خۆمالی و بیانی، کە دەستیکەوت بتوانێ

بەتەواوی وێنەیەکی گشتگیری دەست کەوێت، کە بتوانێ بزانێت پێش رووداوەکان و هۆکاری سەرهەلدانی رووداوەکە و کاتی رووداو و ئەنجام و ئیفرازاتی چ بووە لەسەر تاک و کۆمەل و کۆی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد؟؟؟

دلنییام هەموو مام دەلێین نەخێر شتێکی وامان نیە تینویەتی خوێنەر و لێکۆلەوەر بشکێنێ، کۆی وێنەکەی بەجوانی بۆ روون بکاتەوە.

خوێنەری بەڕێز...

بەوردی بەدواداچوونم بۆئەم بابەتەکردووە،لە کۆی کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو خولەکانی پەرلەمان، دەزگایەک، لیژنەیەک، نەبووەو نیە، تایبەت بێت بەم بابەتە هەستیارە.

لە هەموو دونیا زانکۆکان گرنگترین شوێنن بۆ ئەم لێکۆلینەوە هەستیارانە و کار کردن بەشێوەی ئەکادیمی ئەرکی ئەوانە، کەچی لەم بوارەش بێ ئومێد دەبین و دەزانین هیچ هەولێکی وا گشتگیر نەبووە بۆئەم بابەتە،حەسرەتی گەورەش ئەوەیە بڕواناکەم بەشە زانستی یە مرۆڤایەتیەکان لە کۆی زانکۆ حکومی و ئەهلیەکان هێندە زۆرن گەر بێتو بەئاگا بوون لە یەکتر، دەیانتوانی دەیان نامەی ماستەر و دکتۆراولێکۆلینەوەی زانستی لەم بوارە پێشکەش بکەن، بە کۆی گشتی ئەم پرۆژە نیشتمانیە دەهاتە بوون.

بەداخەوە نە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان نەوەزارەتی رۆشنبیری، بڕوام وایە نە پرۆژەی تایبەت و نەپرۆژەی هاوبەشیان نەبووە بۆ بە دیکۆمینت کردن و گەیشتن بە وەلامی ئەم پرسیارەمان، بۆیە خەم ساردی لەم بوارەدا هەموومان بێ ئومێد دەکات، خۆئەگەر پرۆژەی نوسینیان نەبێت،دلنیام پرۆژەی کۆکردنەوەی ئەرشیفیشیان نیە بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژە نیشتمانیە.

گەر بەکورتی بیرۆکەکەم بنوسم و کەسی خوێنەر لێم بگات، دەبێت لەم چەند خالەی خوارەوە روون بکەمەوە و لێکۆلینەوەکەش لەسەر رووداوی ١٦-٤-١٩٨٧بهێنینەوە کە رۆژی کیمیا بارانی شێخ وەسان -بالیسان و تەواوی خۆشناوەتیە.

١-باسێکی مێژووی، جوگرافی،کۆمەلایەتی،ئایینی،دیمۆ گرافی خۆشناوەتی باسبکرێت، بۆئەوەی کاکی خوێنەر بزانێت پێش رووداوەکە،ناوچەکە چۆن بووە لە هەموو بوارەکان.

٢-چ پالنەرێک بۆتە هۆی ئەوەی بەعس بریار بدات بۆ یەکەم جار لە عیراقدا و لە دژی هاولاتیانی خۆی ئەم چەکە کۆکوژە تاقی بکاتەوە.

٣-داتایەکی ووردی دانیشتوان ومال و خانووو مزگەوت و قوتابخانە و تەکیە و توانای ئابووری خەلکی ئەم گوندانە ئەنجام بدرێت لە کاتی رۆژی روداوەکە،ئەم داتەیە وا جێبەجێبکرێت کە کەلێنی هیچ کەم وکورتیەک جێ ی نەبێتەوە.

٤-لەو کاتەدا خەلک شەهید دەبێ، بریندار هەیە،پالەوان هەن هاوکاری خەلکی لێ قەوماو دەکەن، ترسنۆک هەن کەس و ئازیزان جێ دەهێلین، خەلک دەچێ بۆ شار و هەیە لە شاخ خۆی حەشار دەدات، باسکردنی کۆی لایەن و مەشهەدەکانی ئەم رووداوە بەرچاو رووندیت پێ دەدات کە چ کراوە و چ قەوماوە لەو کاتەدا.

٥-رۆژانی دوایی روداوەکە و ئیفرازاتی ئەو روداوە بەسەر بریندار و ئاوارە و ئەنفال کراوان ....هتد.

٦-کۆکردنەوەی سەرجەم دیکۆمینت و وێنە و نوسین لەسەر رووداوەکە،وا دەکات کاری بە دیکۆمینت کردن و بینینی هەموو لایەنەکان و ئەنجامەکانی رووداوەکە تەواو ببینرێ.

ئازیزان....

دلنییام گەر هەموو خالەکان ئەوانەی من بیرم بۆچووە و گەر خوێنەر و لایەنی تایبەتمەند بە خالی لە بیر کراو دەولەمەندی بکەن، ئەوا لە ئەنجام دەگەین بەوەی هەموو روداو و تاوانەکان لە چەندین بەرگی دەولەمەند بە زانیاری و چیرۆک و وێنە و دیکۆمینت لە بەردەست بێت و خوێنەر و لێکۆلەوەر بە ئاسانی کۆی وێنەی تاوانەکە تێبگات و بزانیت کێ قوربانی یە و کێ پالەوان، کێ دروست کەری مێژووی سەربەرزی بووەو کێش بۆتە رەمزی شەرمەزاری لە مێژوودا،کەس و کاری قوربانیەکانیش پایەی خۆیان دەزانن لەو کۆمەلگایەی تیایدا دەژی.

قوربانیدانی دەقەرێک

لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی حوکمڕانی سەد ساڵی ڕابردووی دۆڵی بالیسان

سەردار شێخ وەسانی

"دەقەری خۆشناوەتی پشکی شێری بەردەکەویت لە نەهامەتی و قوربەسەری"

ئەگەر چاوێکی خێرا بە مێژووی سەد ساڵەی ڕابردووی کوردستانی باشور بەگشتی و دەقەرکەمان بە تایبەتی بخشێنینەوە ، هەرلە روخانی دەولەتی عوسمانی وە هەتا هاتنی ئینگلیزەکان (روس) بەزاراوەی ئەوکات (عروس). دەبینین کە ئەم دەقەرە خێرلە خۆ نەدیوە بەسوتماک کراو و بەش مەینەتە ، بە خراپترین شێواز چەوساوەتەوە لەلایەن داگیرکەران ورژێمە یەک لەدوایەکەکانی عیراق . ڕەنگە زێدەڕۆی نەبێ گەر بڵێین هیچ گوندێک نەماوە چوار هەتا شەش جار نەسوتابێت ، خەلکە سڤیلەکەشی شەهید و بریندارو ئاوارە و دەربەدەر نەبوبێ مەڕ و ماڵاتی تاڵان نەکرابێت و ڕەز و باخی نەسوتێنرابێت.

بەڵام خەڵکە ئازاو خۆ ڕاگرەکەی هەمیشە بە هیواوە لە ئاسۆی ڕوانیوە ، بە ئیرادەیەکی پۆڵاین وهێزی شان و ئارەقەی نێوچاوانی درێژەی بەژیانی کولە مەرگی داوە ، لە پێناو دەستە بەرکردنی بژێوی ڕۆژانەی . وێڕای ئەو هەموو دەردە سەریەی خەڵکەکەی هەمیشە میوان دۆست و دڵفراوان بووینە ، بەو ژیانە سادە و ساکارەوە هەمیشە لانەی کەسانی ڕێبوار لێقەوماوان و شۆڕشگێران بوون.

زێدی خۆیان لا پیرۆز بووە و ئامادەی هەموو جۆرە گیان فیداییەکی بوون ، بەرگەی هەموو زەبر و زەنگێکیان گرتوە . کە بەپاس لە کوردایەتی و شۆڕش کراوە بە جۆش و خرۆشێکی وا هاتونەتە مەیدان تەنانەت لە زهنیەتی خۆیان سەرۆک و سەرکردەکانی شۆڕشیان بە کاریزما و بە فریاد ڕەس وێناکردوە . باوەڕیان وا بووە کە ڕەنجیان بە هەدەر ناچێت و دەگەن بە ئاوات.

لە دروست بوونی دەوڵەتی عێراق لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو ، لەگەڵ وەرگرتنی کورسی دەسەڵات لە لایەن ڕژێمی پاشایەتی یەوە تۆزێک ئاهێکیان بە بەردادێتەوە و کەمێک ئاسودە دەبن . تاکە کێشەیان ئەوە بووە کە پۆلیس و هەیتەی میری بە گوندەکان دا گەڕاون بەدوای کەسانی داواوکراو بۆ خزمەتی سەربازی و ئەو کەسانەی کە تاوانیان ئەنجام داوە کە پێیان دەگوترا ئەشقیا.

بەڵام لە دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی و سەرکەوتنی کودەتاکەی عبدالکریم قاسم لە (١٤ی تەموزی ١٩٥٨) ، هاتنە سەر دەسەلاتی ڕژێمی کۆماری کە ئەوەش بۆتە هۆکاری دڵخۆشی خەڵک و زەماوەندی بۆ دەگێڕن و ئێستاشی لەگەل بێ پێی دەگوترێت (زەمانی چەپڵە) . لەو سەر و بەندە دا سەرکردەی ئەو کاتی کورد (مەلامستەفا بارزانی) لە

سۆقیەت دەگەڕێتەوە لەگەڵ یاوەرانی ئەمەش هیوا و ئومێدی بە کوردەکان دا.

دوابەدوای ئەو گۆڕانکاریە گەورەیە لە سیستەمی حوکمڕانی عێراق ئازادی سیاسی فەراهەم دەبێت و ئازادی ڕۆژنامەگەری دێتە ئاراوە بۆ سەرتاسەری عێراق .

ئەم قۆناغە درێژە دەکێشێت تا سالی (١٩٦١) هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول . گەرچی ئەم شۆڕشە هیواو ئومێدێک بوو بەڵام دەسپێکی نەهامەتی و دەردەسەری بوو بۆ خەڵکی ئەم دەڤەرە ,کە لەلایەن نوسەر و تووێژەران زۆری لەسەر نوسراوە.

لێرەدا ئەوەی مەبەستە ، دەڤەری خۆشناوەتی پشکی شێری بەردەکەوێت لە نەهامەتی و قوربەسەری . خەڵک بە گشتی بە نان و چەکی خۆی ئامادە دەبێت و دەرگای ماڵەکانیان بۆ خزمەت هێزی پێشمەرگە (شعب) دەخەنە سەر پشت ، کە لە زۆربەی ناوچەکانی کورستان خەڵک بە کۆمەڵ دەهاتنە ریزی پێشمەرگایەتی . دیارە لەباربوون و گونجانی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی سەختی خۆشناوەتی وایکردبوو لێرە بگیرسێنەوە . ئیتر بوو بە ناوچەی ئازادکراو و مەڵبەندی سەرەکی شۆڕش و پێشمەرگە هەر لە بێتواتە تا دۆڵی ئالانە و بناری سەفین و دۆڵی هیران و سماقوڵی.

ئینجا شەڕ و کوشتار , تۆپ باران, بۆردومانی فڕۆکە زۆربەی هەرە زۆری گوندەکانی ئەو دەڤەرەی گرتەوە . ئەوانەی سالانی (١٩٦٠-١٩٧٠) شەستەکان و حەفتاکانیان دیوە چاک دەزانن (کە بۆ خۆشاردنەوە لەبەر مەترسی تۆپ باران و فڕۆکە خەڵک لە ئەشکەوتەکان و چیاکان ژیانیان گوزەراندوە یاخود کونە تەیارەیان لیداوە بۆ پاراستنی ژیانیان).

ئەمە لە لایەک ، لە لایەکی تریش شۆرش باج و زەکاتیان لێسەندون و سوغرە و ئیشیان پێکردون . لەوکاتەی کە هێزی پێشمەرگە لەبەرەکانی جەنگدا بووە ، هەرلەو سەردەمەدا چەندین گوند ڕوخێنراون خانوەکانیان سوتێنراون . بە سەدان کەس ئاوارەبوون و بەدەیان کەس شەهید بوون . دیارە ئەوکات بەدەیان و سەدان کەسی تێکۆشەر قارەمانانە و خۆبەخشانە چەکیان کردۆتە شان و هاتونەتە ڕیزی پێشمەرگە فەرماندەی ئازا و دلێریان لێ هەڵکەوتون ، کە زۆربەیان شەهیدبوون یان لە ژیان نەماون . کە ئێمە مانان شانازیان پێوەدەکەین هەر لەو ڕێگەیەوە بە سەدان کەسی سڤیل بونە قوربانی و شەهید بوون و یان کەم ئەندام بوون یان زیندانی کراون.

لە لایەکی تر ئەو ناوچانەی لە ژێر حوکمڕانی شۆڕش دابوون هەندێک دامەزراوەی وەک (لیژنەی فەتوا,قەزاوەت ,مەکتەبی تەنفیزی) بارەگای هێز دەسەڵاتی یەکەمی جێبەجێکردن بووە لە سنورەکە, دیارە لە ڕێگەی فەرماندە و کادیرەکاربەدەستەکان کەم تا زۆر پڕۆژەی گرنگیان ئەنجام داوە کە زیاتر بە هێزی هەرەوەزی و خۆبەخشانە بووە بۆ نمونە : چاککردنی کانیاوی گوندەکان ، لێک جیاکردنەوەی کانی ژنان و پیاوان و داپۆشین و سەرپۆشکردنی کانی ژنان ، شوراکردنی گۆڕستانەکان ، دانانی ڕەزی دێمەکار لە گوندەکان ، فراوانکردنی و چاککردنی ڕێگە سەرەکی و لاوەکیەکان وەک ڕێگەی دەرە دار و دەرە شیر کە دۆڵی بالیسان بە دۆڵی مەلەکان دەبەستێتەوە . لە هەموویان کاریگەرتر ڕێگەی زینەتیر بوو بە سەرپەرشتی شۆرش و بە کاری هەرەوەزی خەڵکی گوندەکان بووە کە بۆتە هۆی بەستنەوەی دۆڵی بالیسان بە دەشتی هەریر و قەزای شەقڵاوە .

لە ساڵی (١٩٧٠) بە تایبەتی لە دوای بەیاننامەی ١١ی ئازار و ڕێکەوتنی شۆرشی کورد

حکومەتی عیراق که جارێدانی حوکمی زاتی لێکەوتەوە و لێرەشەوە قۆناغێکی نوێ لەو سەردەم دەست پێدەکات. بۆ یەکەمجار قوتابخانە لەسەرجەم گوندەکان دەکرێتەوە, فەوجیک بە ناوی (حرس حدود) پاسەوانی سنور بۆ پێشمەرگە و پلەدارەکان لەو سنورە دانرا و موچەیان بۆ بڕایەوە . بڕە موچەیەکیش بۆ مالّە شەهیدەکان دابین کرا.لە قەرەبووی ڕوخان و سوتانی هەرگوندیک چەند خانوێک دروست دەکرێن یاخود بڕی (٣٠٠) سێسەد دیناری ئەوکاتیان پێدەدریت بۆ دروستکردنی خانوەکانیان هەرچەندە نا عەدالەتی هەبووە وەک: لە جیاتی دروستکردنەوەی خانو بۆ خەڵکی خۆجێی ئەو سنورە خانو بۆ چەند خێزانێکی بارزانی لە باڵیسان دروست کراوە و جێنشین کراون, هاو کات لەگەڵ نوسینی ئەم بابەتە کەسێکی بارزانی سەردانی سنورەکەی کردۆتەوە و بەمەبەستی سۆراغکردنی شوێنی خانوەکەی.

ئەم قۆناغە زۆری نەخایاند لە ساڵی (١٩٧٤) شۆرش دەستپێدەکاتەوە و نێوانی شۆرش و حکومەت تێک دەچێت و شەڕ وپێکدادان دەکەوێتەوە سنورەکە و حکومەت زۆر بێڕەحمانە دەکەوێتە گیانی خەڵکەکە لە ژێر زەبر و زەنگێکی زۆر دەیان کەس شەهید و بریندار و کەم ئەندام دەبن . بەشێکیش بە دیلی ڕاپێچی زیندان دەکرێن . تا سەرەتای ساڵی (١٩٧٥) لە مانگی سێدا شۆرش توشی هەرەس و نسکۆ دەبێت ئەمەش ناخۆشترین کارەسات بوو کە خەڵکی تەواو بێ ئومید کرد . بەسەدان خێزان ئاوارەی سنورەکانی ئەو دیو سنوری ئێران بوون ، چەکەکانی پێشمەرگە تەسلیم بە ڕژێم کرانەوە ئیتر شتێک نەما بەناوی کورد و شۆرش !. بارودۆخ گۆڕا و ناوچەی ئازادکراو نەما ڕژێم بە ماوەیەکی کەم بارەگا و ڕەبایە و سەنگەری گەیاندە سنورە سەختەکان . ئەوانەی ئاودیوی سنوری ئێران بوون ژیان و گوزەرانیان زۆر سەخت و دژوار بووە لە ئۆردوگا و خێوەتگاکانی ئێران . هەر ئەوە بوە هۆی ئەوەی کە خواستی گەڕانەوەیان هەبیت بۆ خواروی عێراق و ئینجا بۆ هەریمی کوردستان . لەو ساتە وەختە دەنگۆی هەڵگیرسانەوەی شۆرشی نوێ لە ناوەراستی ساڵی ١٩٧٦ ئەکەوێتە بەر گوێی خەڵک و مەفرەزە سەرەتایەکان بە ژمارە یەکی کەم دەردەکەونەوە و چەخماخەی شۆرش لێیدا و دڕیان بە شەوە زەنگی نا ئومیدی دا.

کەم تا زۆر شەڕ و پێکدادان دەستی پێکردەوە تەنانەت لە هەندێ گوند شەڕی دەستە و یەخە لە نێوان پێشمەرگە و جەیشی عێراقی ڕوویدا .دیسان خەڵکانیکی دڵسۆز و بە هیممەت لەو سنورە چەکیان هەڵگرتەوە . ڕۆڵێکی کاراو پیشەنگیان بینی . هەرچەندە ڕژێم لەو سەردەمە بەهێزتر و توند و تیژتر بوو ڕەبایە و کەمینی لەسەر هەموو ڕێگا هەستیارەکان هەبوو بارەگای سریە و فەوج و لیواش هەبوو لە ڕێگەی دام و دەزگا هەواڵگریەکانی چاودێری چڕی خستبوە سەر جوڵەی پێشمەرگە و ئەو کەسانەی هاوکاریان دەکەن. ئەگەر گومانیان لە کەسێک بکردایە هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکیان بەکاردەهێنا وەک لێدان, هەڵواسین, سوکایەتی, زیندان و تا لەسیدارەدانیش هەبوو , ئەم دۆخەش کەمێک درێژەی کێشا تاوەکو دەسپێکی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق ئێران لە (١٩٨٠-١٩٨٨) ڕژێم وردە وردە بارەگاکانی گواستەوە و پێشمەرگە مەیدانەکەی بۆ خۆشتربوو بەڵام ئەمجارە جیاواز لە پێشوو چەندین فکری جیاواز و حیزبی سیاسی جیاواز دروست بوبوون, هەریەکیان ئەسپی خۆی تاودەدا لە لایەکی تریش قورسایی ئەرکەکە کەوتبوە سەرشانی خەڵکی

جوتیار و ئاژەڵدار و ڕەش و ڕوت, بەهۆی شەڕی عیراق ئێران خەڵکی شارەکان لە خزمەت سەربازی ڕایان دەکرد (فیرار) و بەسەدانی تر هاتن بۆ ئەم سنورە هەندێکیان بونە پێشمەرگە و هەندێکیان وەک هاوڵاتی دەژیان, کە ئەمە هەلێکی باش بوو بۆ حیزبەکان یان بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کە تێیدا ژمارەی پێشمەرگە زیادی کرد ئینجا بارەگایان لە گوندەکان کردەوە وێڕای ناکۆکی و ململانێی سیاسی تا کار گەیشتە شەڕی براکوژی لە ساڵانی (١٩٨٢-١٩٨٣) دەتوانین بڵێین مەیدانی شەڕ لەو دەڤەرەبوو لە نێوان هێزی یەکێتی و بەرەی جود کە پێکهاتبوو لە پارتی و حیزبی شیوعی و(ح.س.ک) و پاسۆک دواتر بەسەرکەوتنی یەکیتی لەو سنورە کۆتایی هات .

لە مانگی ١١ی ساڵی(١٩٨٣) گفتوگۆ لە نێوان یەکیتی و ڕژێم دەستی پێکرد کە ئەوسا بارەگای سەرەکی سەرۆک مام جلال لە سنورەکە لە گوندی خەتێ بوو . وەفدی یەکیتی لە گوندی (زیخان) بە هێلیکۆپتەر بەرەو بەغداد کەوتەڕێ هەرچەندە ئەم گفتوگۆیە نەگەیشتە ئەنجام ڕژێم دانی بە داواکاریەکانی یەکێتی نەنا ، ماوەی چەند مانگێکی خایاند تا سەرەتای ساڵی(١٩٨٤)دوبارە شەڕ دەستی پێکردەوە لەگەڵ تۆپبارانکردنی فرۆکە، وەک ئەوەی لە شۆرشی ئەیلول باسمان کرد لە سەرانە و زەکات و سوغەرەکردن, باسی خزمەتگوزاری و دەسکەوتیشمان کرد . لە شۆرشی نوێ بە هەمان شێوە بارگرانی هێزی پێشمەرگە هیچی کەمتر نەبوو لەسەر گوندنشینان و بەردەوامی هەبوو وە قۆناغێکی نوێ دەگوزەرا بە کۆمەڵێک دەسکەوتی وەک:

١. هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گوندەکان ، کە نوێنەری خەڵک بوون بۆ گەیاندنی داواکاری و چارەسەری کێشەکان.

٢. هەبوونی دادگای باڵای شۆرش ، کە چەند دادوەرێکی هەبوو بۆ بەرقەراربوونی دادپەروەری.

٣. کردنەوەی نەخۆشخانەی شۆرش بۆ چارەسەری بریندارانی پێشمەرگە و نەخۆشی هاوڵاتیان.

٤. چەندین پڕۆژەی خزمەتگوزاری پێشکەش بە گوندنشینان کراوە ، وەک ئاوەدانکردنەوەی کانی و کاریز و کانیاوەکان.

٥. چاککردن و خۆشکردنی هەندێک ڕێگا بۆ ئاسانکردنی هاتوچۆی هاوڵاتیان و گوندە دورە دەستەکان.

٦. دابینکردنی مۆلیدەی کارەبا بۆ زۆرێک لە گوندەکان .

٧. ناوچەکە بوو بە سەنتەرێکی بازرگانی گرنگ بۆ ئاڵوگۆڕی کاڵای عێراقی و ئێرانی , کە تێیدا بالیسان و مێرگەسەر وەک بازاڕیان لێهاتبوو هەروەها خەڵکی چیوە ڕۆڵی کاریگەریان هەبوە لە هێنانی کاڵای ئێرانی بە ڕێگای قاچاغ.

٨. کردنەوەی قوتابخانەی شۆڕش بۆ گوندنشینان لە زۆربەی گوندەکان . مامۆستایانی شۆرش وانەیان دەگوتەوە کە بەشێک لەو مامۆستایانە شەهید بوون وەک (شەهید مامۆستا عبدالخالق ابراهیم و شەهید مامۆستا عبدالواحید اسماعیل) .

لە ساڵەکانی (١٩٨٥-١٩٨٦) ئاشتەوایی لە نێوان حیزبەکان بەرقەرار بوو کێشە و گرژیەکان کۆتایی هات و بارەگای حیزبەکان گەڕانەوە بۆ سنورەکە. هەرچەندە تۆپ باران و بۆردومانی سنورەکە هەر بەردەوام بوو شەوانە کەس نەیدەوێرا چرایەکیش دابگیرسێنێ لە ترسی تۆپباران کە لە هەر سێ لای ڕۆژهەلات : شکارتە و بێتواتە ڕۆژئاوا : خەلیفان و سپیلک باشوری ڕۆژئاوا : شەقلاوە و سەرمەیدان بەردەوام بووە.لە مانگی چواری (١٩٨٧)بڕیاری (معزول ئیداری) بەسەردا سەپا کە ئیتر نابێ کەس لەو گوندانە بژی و ناوچەکە چۆلبکرێ چونکە ئەمانە

بونەتە هۆی مانەوە و گەشە کردنی پێشمەرگە وە مۆڵەتێکیش دیاریکرا بوو بۆ چۆڵکردنی سنورەکە بەڵام ئەوەی سەیر بوو نە ڕژێم نە شۆڕش نە خەڵک باسی چەکی کیمیاویان نەبیستبوو تەنها گوایە لە شەڕی عێراق - ئێران بەکار هاتبوو. ئەو مۆڵەتەی ڕژێم داینا بوو هێشتا کۆتایی نەهاتبوو لە ئێوارەی ١٦ی٤ی١٩٨٧ دڕاندایەتی ڕژێم گەیشتە لوتکە و بە (١٢) فڕۆکەی جەنگی کەوتە وێزەی خەڵکی سۆقیل و بە چەکێکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی و بە گازی ژەهراوی ئەم دەڤەرە جوان و قەشەنگەی خەڵتانی خوێن و دوکەڵی کوشندەی کیمیا کرد . دەسپێک لە هەردوو گوندی (شێخ وەسان و بالیسان) کە بە سەدان کەسی شەهید کرد و بەسەدانی تریش بریندار بوون کە هەندێکیان تا ئێستاش بە دەست بریندکانیانەوە دەنالێن و سالانە شەهید دەبن . کە ئەوە گەورەترین و کاریگەرترین و تاوان و کارەسات بوو لە مێژووی مرۆڤایەتی دا کە بەسەر ئەم دەڤەرە دا هات . ڕژێم هەر بەمەش نەوەستا دوبارە لە ساڵی (١٩٨٨) (قاسماوە)ی بالیسان و گوندەکانی وەرێ مەلەکان و خەتێ و تەواوی سنورەکەی کیمیابارانکرد، بەدەیان کەسیش لە پیاوەکان ئەنفالکران و تا ئێستاش گۆڕەکانیان نادیارن . لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک خەڵکی خۆڕاگر هەبووە ناوچەکەی خۆیان جێنەهێشتووە . مانگی هەشتی هەمان ساڵ دوای کۆتایی جەنگی عێراق ـ ئێران ڕژێمی فاشیست ئەو دەڤەرە و باقی شوێنە ئازادکراوەکانی تری کوردستانی تەخت کرد و کانیاوەکانیشی تەقاندەوە بە پیی ئامارەکان (١٨٢,٠٠٠)کەس ئەنفال کراو زیاتر لە (٥٠٠٠) گوند خاپور کران کەتەنها تاوانیان ئەوەبوو کورد بوون . بەشێکی کەمی ماڵە پێشمەرگەکان ئاودیوی سنوری ئێران بوون ، زۆربەی هەرە زۆری خەڵکیی‌ش لە ئۆردوگا زۆرەملێکان نیشتەجێکران وەک (شکارتە,باسرمە,کەورگۆسک, حاجیاوە ...هتد) ، خەڵکی واش

هەبوو چوە شارەکان ئەمجارەشیان نا ئومێدی گەیشتە ئەوپەڕی لە نسکۆی (١٩٧٥)زۆر کاریگەرتر بوو.

قۆناغی دوای ئەنفال: ڕەشترین ڕۆژانی میژووی ئەم خەڵکە خێر لە خۆ نەدیوە بوو کە زۆربەی پیاوان و گەنجان لە پێشمەرگەو هەڵاتوەکان یان فیرار تەسلیمی ڕژێم بونەوە بە ناچاری . ئیتر پەناگەیەک نەما تا خۆیانی تێدا حەشاربدەن. ڕەوانەی سەربازی زۆرەملێ کرانەوە وە خەڵک لە حاڵەتێکی دەروونی یەکجار خراپ دەژیا .هیچ کەسێک لە خۆی دڵنیا نەبوو کە ئەمڕۆ یا سبەی لە لایەن دام و دەزگا داپڵۆسەنێرەکانی ڕژێمی فاشیست دەستگیرنەکرێت و ڕاپێچی زیندان نەکرێت ، یان گولە باران و لە سێدارە نەدرێت . ئەم قۆناغەش لە ساڵانی (١٩٨٨-١٩٩٠) بەم شێوەیە بەردەوام بوو لەم ساڵەدا ڕژێم پەلاماری وڵاتی کوێتی دراوسێی خۆی داو داگیری کرد ، بنەماڵەی دەسترۆیشتوی مەلیک و کاربەدەستانی کوێت ڕزگاریان بوو بەڵام دواجار ئەو وڵاتە داگیرکرا . خەڵکێکی زۆر بونە قوربانی و و کەوتنە بەر شاڵاوی تاڵان و کاولکاری و ژیرخانی ئابوری ئەو وڵاتە هەڵتەکێنرا . لە لایەن ڕژێمەوە کرا بە پارێزگای (١٩)ەمینی عێراق هەرچی ڕای گشتی و دامەزراوە نێودەوڵەتی بوو لەسەر ئەوە هاتنە دەنگ بە نەتەوەیەکگرتوەکانیشەوە . ئابڵوقەی ئابوری خرایە سەر عێراق ، چونکە پێشتر داوای لێکرا هێزەگانی لەم وڵاتە بکشێنێتەوە بەڵام ملی بۆ داواکەیان نەدا و چۆڵی نەکرد . سەرئەنجام جەنگێک دروست بوو بە ناوی (گەردەلولی بیابان) نزیکەی (٣٠)وڵات بەشداربوون حکومەتی عێراق توشی

"بێویژدانیە ئەگەر بڵێین هیچ نەکراوە بەڵام لە جێی خواست و ویستی خەڵک نەبووە چونکە ئەم خەڵکە شایستەی ژیانێکی زۆر لەوە خۆشتر و شەرەفمەندانەترە"

شکستێکی گەورە هات وکوێتی جێهێشت کە بە هەزاران خەڵک تیاچوو . فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بۆردومانی سەرجەم دامەزراوە سەربازی و پیشەسازی وکێڵگەنەوتیەکان و فڕۆکەخانە و شوێنە ستراتیژیەکانی کرد . شیعەکان لە خواروی عێراق دەستیان بە ڕاپەڕین کرد لە لای خۆشمان بەرەی کوردستانی ئەوسا لە ڕێی نامە گۆرینەوە و ڕتڵە پارتیزانەکان هەوڵی جاڕدانی ڕاپەڕینیان دەدا . ئەوەبوو لە ١٩٩١/٣/٥ لە ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕین , ڕاپەڕین دەستی پێکرد و سەرجەم شارو شارۆچکەکانی گرتەوە و لە کەرکوکی گڕ و بلێسە تاجی سەرکەوتنی لەسەرنا .

ڕاپەڕین بووە وەرچەرخانێکی میژووی گرنگ و زۆری نەبرد بەعس بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕین دەستی بە هیرشی پێچەوانە کردەوە , کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە گەورە و بچوک و ژن و پیاو شارەکانیان چۆڵکرد و بەرەو سنورەکان چوون . کە ڕەنگدانەوەی ئەرینی گەورەی بە دوای خۆی داهێنا و ئەوکات بڕیاری (٦٨٨) ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەرچوو، کە تایبەت بوو بە ناوچەی دژە فڕین و بۆ پاراستنی کوردەکان لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکان.

ئەوسا خەڵک زۆر بە جۆشەوەگەڕانەوە زێدی خۆیان و هەنگاوی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان دەستی پێکرد . ڕاگەیاندنی لۆکاڵی بەرەی کوردستانی ئەوسا و ڕێکخراوە خێرخوازیە جیهانیەکان بونە هاندەرێکی باش یۆ گەڕانەوە و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان .هەرچەندە گەمارۆی ئابوری نێودەوڵەتی و گەمارۆیەکی تری

حکومەتی عیراق بۆ سەر هەرێم و ژیانی خەڵکی قورستر کرد ڕێکخراوە جیهانیەکان هاوکاری باشی خەڵکیان دەکرد ، بە ئازوقە و جل و بەرگ و کەرەستەی بنیاتنانەوەی خانو لە هەندێک گوند بینای قوتابخانە و نەخۆشخانە و تەنانەت مزگەوتیشیان دروست کردووە . ئەمانە هەمووی هۆکار بوون بۆ سەر لە نوێ بنیاتنانەوە و گەشانەوە و ئاوەدانی گوندەکان ,دوای هەڵبژاردنی یەکەم ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان پەرلەمان (١٩٩٢-٥-١٩) و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم لە ٤ی٧ ی هەمان ساڵ . وردە وردە هاوکاری گوندنشینان دەکرا بۆ گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان بە هاوکاری زیاتری ڕێکخراوە خێرخوازیە بیانیەکان کە ئەو کات دەستیان کردبوو بە دابەشکردنی مەڕو ماڵات و باربەڕ و پێڕۆ . لەگەڵ پێداویستیە کشتوکاڵیەکان تۆ و سەماد و دەرمانی دژە ئافات , بەمەش تا ڕادەیەکی باش خەڵک هەستی بە ئارامی و ئاسودەیی کرد کەرتی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بوژایەوە . وێڕای نەهامەتیەکانی پێشوو ئەمجارە ساڵی (١٩٩٤) شەڕی نەگریسی ناوەخۆ دەستی پێکرد . دوبارە ناوچەکە بووە مەیدانی ڕووبەڕووبونەوە سەرەڕای برسیەتی و قات و قڕی و شەڕ و کوشتار بۆردومان و ئاوارەی و تالانکردن بەڵام هەموو ئەمانە بە دەستی کێ ؟ ... براکان کە ئەمەش چوار ساڵی گەرمی بەڕێکرد و بە هەزاران خەڵک بوونە قوربانی و تا ئیستاش ئاسەواری هەر ماوە !.

لە ڕووی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری لەم قۆناغە لە لایەن حکومڕانی خۆماڵی بێویژدانیە ئەگەر بڵێین هیچ نەکراوە بەڵام لە جێی خواست و ویستی خەڵک نەبووە چونکە ئەم خەڵکە شایستەی ژیانێکی زۆر لەوە خۆشتر و شەرەفمەندانەترە . کۆی دەسکەوت و پاداشتی نەهامەتیەکان ئەم خزمەتگوزاریانەن بۆ ناوچەکەمان کراون لە دوای ڕاپەڕین بۆ ئەوانەی تایبەتن بە سەنتەری ناحیەی بالیسان سودم لە کتێبی بالیسان تۆماری بیست ساڵەی بوون بە ناحیە – مخلص اسماعیل بالیسانی وەرگرتووە :

١.دروستکردنی قوتابخانە و بنکەی تەندروستی لە بالیسان و توتمە و شیخ وەسان.

٢. دروستکردنی مزگەوتی بالیسان لەلایەن ڕێکخراوێکی ئاینی ١٩٩٢, مزگەوتی شێخ وەسانان لە لایەن ڕێکخراوێکی بیانی .

٣. کارەبای نیشتیمانی لە ١٩٩٨/١٠/٣٠ بۆ زۆرێک لە گوندەکان. بە کەرستەی بەکارهاتوی ئۆردوگای شکارتە بە شێوەی هەرەوەزی . دواتریش هەموو گوندەکانی گرتەوە .

٤. دروست بوونی شارەوانی بۆ یەکەمجار لە ٣/٢/٢٠٠٠ و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانی .

٥. بینای بەیتەریەی بالیسان و خانوی پزیشک و چەند خانویەکی حکومی ٢٠٠١.

٦. کۆمەڵەگای فەرمانگەکان و ٣ خانوو لە ٢٠٠٢

٧. بینای بەشە ناوەخۆی خوێندکاران٢٠٠٣ کە ئەو کات هاتوچۆ سەخت بوو لەنێوان گوندەکان بۆ بالیسان وە لە دواییدا چوار ئۆتۆمبێل لە جۆری کۆستەر دابین کران کە ئێستاش بەردەوامی هەیە .

٨. دابەشکردنی زەوی بەسەر فەرمانبەران و بێ جێ و ڕێیەکان لە ٢٠٠٥.

٩. نەخۆشخانەی گشتی شەهید شێخ سلێمان لە ٢٠٠٥. و چەند بنکەیەکی تەندروستی لە دەڤەرەکە .

١٠. بورجی تۆڕی پەیوەندی تەلەفۆن لە ٢٠٠٥.

١١. تەلەفۆنی نۆرماڵ لە ٢٠٠٦.

١٢. هۆڵی بۆنەکان بەناوی شەهید مەلانجم لە ٢٠٠٦.

١٣. ٢٢ دوکانی شارەوانی لە ٢٠٠٦.

١٤. باڵەخانەی پزیشکان ٢٠٠٦.

١٥. پارکی هەڤاڵ مام جەلال ٢٠٠٧.
١٦. قیرتاوکردنی ڕێگای زینەتیر لە ٢٠٠٧ و ڕێگای زۆرێک لە گوندەکان ، هەندێک لە گوندەکانیش دەبڵ درسینگ .
١٧. هێنانەوەی فەرمانگەی باری شارستانی (نفوس) ٢٠٠٧.(دواتر بەبیانوی کارتی نیشتیمانی گواستراوە هیران).
١٨ . قوتابخانەی ئامادەیی بالیسان و ناوەندی شەهید عبدالخاق ٢٠٠٧ و ئامادەیی ئێواران و ئامادەیی سەردەران لە توتمە .
١٩. کۆنکرێتکردنی جۆگای ئاودێری بۆ زۆرێک لە گوندەکان ٢٠٠٩.
٢٠یاریگای چیمەنی دەسکرد لە بالیسان ٢٠٠٩ دوای ئەوێش لە توتمە و شێخوەسانان .
٢١. دانانی مەزار و کێڵی شەهیدان وەک هیما ٢٠١٠.
٢٢. قیرکردنی ڕێگای بالیسان - شێخ وەسان ٢٠١٠.
٢٣. هۆڵی پرسە ٢٠١٠.
٢٤. فەرمانگەی ئاوی بالیسان ٢٠١٠.
٢٥. بەردی بناغەی ١٥٠ خانوی شەهیدان ٢٠١١ و تەواوبونی ٢٠١٦.
٢٦. زێراب و تۆڕی ئاو٢٠١٢.
٢٧. هێڵی ئینتەرنێت یەکەمجار لە ٢٠٠٣ لە لایەن هەڤاڵ مام جەلال دابینکرا و دواتر لە ٢٠١٣ گەشەی کرد.
٢٨. وێستگەی کارەبای بالیسان ٢٠١٣.
٢٩. جگە لە خزمەتگوزاریەکانی وەک کردنەوەی بنکەی پۆلیس و ئاسایش و دارستان و یانەی وەرزشی و یانەی ڕۆشنبیری و کتیبخانەی گشتی و باخچەی ساوایان و ناوەندی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و چەند چاپکراوەیەکی ڕاگەیاندن...هتد
٣٠. تەواوکردنی خزمەتگوزاری گەڕەکی شەهیدان (لەسەر ئەرکی ئیدارەی گشتی ی.ن.ک)٢٠٢٥.
٣١. قیرتاوکردنی ڕێگای بالیسان - شکارتە ٢٠٢٥.
تێبینی : لەسەردەمی شەڕی ناوەخۆ هیچ پڕۆژەیک نەکراوە.

لێرەدا ئەتوانین بەراورد کاریەک بکەین لە نێوان قوربانیدان و نەهامەتی و دەردەسەری خەڵکی ئەم دەڤەرە کە ئایا خزمەتگوزاریەکان بۆ لە ئاستی خواستی پێویستی خەڵک دانین, وەڵامگەلێک هەن و هۆکارەکان فرە ڕەهەندن ڕەنگە خەڵکانێک بڵێن ئەم بارودۆخە نەخوازراوە دەگەڕێتەوە بۆ هاتنی تیرۆرستانی داعش و دروست بوونی قەیرانی دارایی و سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت کە کاریگەری لەسەر ئابوری هەموو جیهان دانا یان هەندێکی تر دەڵێن ئابوری سەربەخۆی هەرێم و بە بازاڕکردنی نەوتی کوردستان بوو, من پێم وایە دەسەڵاتی خۆماڵی کوردی تائێستا خاوەن بەرنامە و پلانێکی زانستی و ستراتیجی نیە بۆ بوژانەوەی ژێرخانی ئابوری ولات وگرینگیدان بە سەرجەم سێکتەرە جیاجیاکان وەک کەرتی کشتوکاڵ ,ئاژەڵداری ,پیشەسازی ...هتد هەروەها سود وەرگرتن لە توانای گەنجان کە دەبینین بە سەدان گەنج چونە دەرەوەی ولات و بەشێکیان بوونە خۆراکی ماسی دەریاکان, حکومەت پێی وابوو کە بەرزکردنەوەی بیناکان و ئەپارتمانی گەورە هۆکارە بۆ ئابوری بەهێز, ئەوەی جێگەی مەترسیە چۆڵ بوون و کۆچی پێچەوانەیە لە گوندەوە بۆ شارەکان, کە لە داهاتودا چەندین کێشە و قەیرانی تری لێ چاوەڕوان دەکرێت.بۆیە ئومێد دەکەین حکومەت لێکۆڵینەوە بۆ ئەم کێشە و مەترسیانە بکات و چارەسەری گونجاویان بۆ دابنێت . وە پێویستە ڕۆڵەکانمان لەسەر خۆشەویستی نیشتیمانەکەیان گوش بدرێن و بە دید و تێڕوانینێکی سەردەمیانەی ورد لێکۆڵینەوەی زیاتر لە مێژوی نەتەوەکەمان بکەن ، پەند لە ڕابردوو وەربگرن ببنە مایەی پێشکەوتنخوازی گەلەکەمان .

ئازارە لەبیرنەکراوەکان

سەنگەر موحەممەد بی کەی سی

"دایکم بینایی چاوەکانی لەدەستدابوو، بۆیە باوەڕی کردبوو بەو قسەیەی کە من مردبم"

ئازارەکانی ژیان نابڕێنەوە، ئیدی ئەمە مرۆڤە، شوێن بەرژەوەندیەکانی دەکەوێت، ئەمە کێشەیەکە لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتیەوە بەرۆکی مرۆڤی گرتوە.

نەتەوەی کورد، کە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە لەجیهاندا، لەمێژووی خۆیدا ڕووبەڕووی چەندین ڕوداوی تراژیدی بۆتەوە، هەر لە کۆمەڵکوژکردن و ڕاوەدونان و بەبەعسیکردن و تەعریبکردن و .....هتد. تاکوو ئەم چرکەیەش نەتوانراوە بەبۆنەی هیچ کام لەمانەوە، نەتەوەی کورد دەستەمۆ بکرێت و بەچۆکدا هێنرێت .

منیش کە یەکێکم لەو کوردانەی کە بێبەش نەبوینە لە ڕاوەدونان و ئازاردان لەلایەن دەسەڵاتە فاشیستە یەک لەدوای یەکەکان، چیرۆکەکەمان دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم کیمیابارانکردنی ناوچەی دۆڵی بالیسان و شێخ وەسانان.

ڕۆژ ١٦\١٤\١٩٨٧ ە، ناوچەی دۆڵی بالیسان و شێخ وەسانان، لەکەشێکی بەهارەی ئارامدایە، پێشمەرگەکانی تیپی ٨٣ی هەورێ بەڕێکرابوون بۆ بەشداریکردن لەداستانی ڕزگاری، کە باوکیشم یەکێک بوو لەفەرماندەکانی تیپی ٨٣، ئەمە یەکێک بوو لەخاڵە سەرەکیەکان بۆ ڕودانی ئەم کارەساتە، لەئێوارەی ١٦\١٤\١٩٨٧ حکومەتی بەعسی فاشیست ناوچەی شێخ وەسانانی کیمیابارانکرد، ئەم ڕوداوە تاکوو ئێستاش لەبیری خەڵکی ناوچەکەدا نەسڕاوەتەوە.

لەیەکەم ساتدا، گوندەکانی دەوروبەر بەتایبەتی(بێراوە و کانی بەرد) لەگەڵ ئەو خزمانەی گوند کە کەسوکاری پلە یەکیان لەوێ مابوو بەهانای برینداری‌کانەوە هاتن، قۆناغ بەقۆناغ برینداری‌کان گوازرانەوە بۆ سەروچاوە و ڕانیە و خەلیفان و بەشی هەرەزۆری بۆ هەولێر گوازرانەوە و بەشێکی کەمیشی بۆ سلێمانی، نامەوێ باسی ڕۆڵی نەبەردی و پڕ لەیارمەتی خەڵکی ئەو ناوچانە بکەم چونکە زۆری لەسەر نوسراوە و باسکراوە.

وادیارە دایکم (حلیمە محمود حسن) وەک هاوسەری فەرماندە محمد بیکەیسی، ئێوارە ئەم ڕۆژە خودا کۆڕپەیەکی کوڕی پێ بەخشی، بەڵام هەزار مخابن، بەهۆی ئەم کیمیابارانەوە بۆ شەوەکەی شەهید دەبێت.

بەهۆی دابڕانی من لەدایکم ئاسان نیە بتوانین بەچەند دێڕێک باسی ئەم خەمە بکەین کە دایکم هەیبوو، تەنها وێنای ئەوە بکە، ماوەی نۆ مانگ منداڵێک لەسکتدا هەڵگری دوای چەند سەعاتێک لە لەدایکبوونی شەهید بێت و چاوەکانت بیناییان لەدەستدابێت و هاوسەرەکەت لەشەڕی داستانی ڕزگاری بێت و ناوچەکەتان کیمیابارانکرابێت و شەش منداڵی ترت هەبێت و دانەیەکیشت لێ ونبێت کە ونبوەکەیان من بووم.

چیرۆکی من وەک یەکەم ونبووی ڕوداوی کیمیابارانەکە لێرەوە دەستپێدەکات.

چیرۆکی من دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی ١٧\١٤\١٩٨٧ کاتێک لەگوندی (شێخ وەسانان) گواستراینەوە بۆ نەخۆشخانەی ڕانیە، ئێمە برینداری چەکی کیمیایی بووین لەوێ.

بڕیندارەکانیان گواستەوە بۆ نەخۆشخانەی هەولێر.
من بارودۆخم زۆر خراپ دەبێت لەوکاتەدا، بۆیە من جیادەکەنەوە لەدایکم و پێیدەڵێن، کوڕەکەت مردووە .
دایکم بینایی چاوەکانی لەدەستدابوو، بۆیە باوەڕێیکردبوو بەو قسەیەی کە من مردبم.
بەڵام دواتر کەسێک هاوار دەکات و دەڵێت، ئەم منداڵە نەمردووە، کەسوکاریشی بەڕێکراون بۆ هەولێر، منیان لە نەخۆشخانەی ڕانیە هێشتەوە.
هەر لەم ڕۆژەدا شێرەژنێکی قارەمان دەرکەوت لەنەخۆشخانەکە کە جلوبەرگی بۆ بریندارەکان هێنابوو، لەوکاتەدا چاوی بەمن دەکەوێت و کە دەبینێ من ماوم و نەمردووم، باوەشی دایکانەم بۆ دەکاتەوە و لەگەڵ خۆیدا دەمباتەوە بۆ ماڵەوە، ئەم شێرەژنە قارەمانە ناوی (مریەم خان) دایکی کاک ئاکۆی عباس ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی ئاکۆ بوو.
ئەم دایکە میهرەبانە دکتۆری تایبەتم بۆ بانگدەکاتە ماڵەوە و چارەسەری تەواوەتیم بۆ دەکات، ، دوای ئەو ماوەیە کاک ئاکۆ بەدوای کەسوکارمدا دەگەڕێت، پرسیار لەخەڵکی خۆشناوەتی دەکات، کەسێک بەناوی(مام برایم حمد سۆی عولا) شیخ وەسانی چاوی بەمن دەکەوێت، دەڵێ پێم وایە ئەوە کوڕی محمد بیکەیسیە، هەر ئەوکات مام برایم بۆ دلنیا بوونەوە ناوی باوکم مامە کانم دەهێنیت منیش چاو دەگێرم و هەڵدەستمە پێوە و بەرەو لای ئەوان دەچم، ئیتر لەوەدا دڵنیادەبنەوە کەمن کوڕی ئەوانم، ئیتر هەواڵدەدەنە نەنکم کە ناوی (خدیجە احمد حمد)بوو، هەروەها دایکیشم و پێیان دەڵێن کوڕەکەتان زیندووە و لەماڵی کاک ئاکۆی عباس ئاغای ڕانیەیە، ئیتر بەم شێوەیە من دۆزرامەوە و گەڕامەوە باوەشی پڕ لەسۆز و خۆشەویستی دایکم.

ئەوەی کە جێی تێڕامان و لێوردبونەوەیە، ئەو کارە مرۆڤانەیەی بنەماڵەی بەڕێز کاک ئاکۆی عباس ئاغا و بەدیاریکراوی دایکی بەڕێز ئاکۆی عباس ئاغایە، کە بەرامبەر بەمن ئەنجامیاندا، بۆیە لێرەوە دەمەوێت لەسەر ئەو هەڵوێستە مەردانەیە چەند خاڵێک بخەمە ڕوو:
١_ ئەم هەڵوێستە ئاستی خانەدانی ئەم بنەماڵەیە دەردەخات، کە هەردەم پشت و پەنای خەڵکانی لێقەوماو بوونە لەکاتی تەنگانەدا، کە زۆر لەنەوادارانی مێژوو باسیانکردوونە.
٢_ ئەگەرچی کەم لەنێو شاردا دەژیان، بەڵام هەموو کات لەگەڵ ئازار و مەینەتی خەڵکەکەی خۆیاندابوون.
٣_ خەمخۆری دایکی بەڕێز کاک ئاکۆ بۆمن، لەئاستێکی بەرزدابوو، کاتێک منیان دایەوە بەبنەماڵەکەم، لەگەڵ منداد دەرمانەکانی منیشی دایەوە بەبنەماڵەکەم و بەدڵێک و تۆنێکی دەنگی پڕ لە سۆزەوە گوتی تخوا زۆر ئاگاتان لەو منداڵەبێت.
٤_ ئەوکاتە من تەمەنم تەنها چوار ساڵ بوو، مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵێکی لەم تەمەنە کە توشی ڕوداوێکی سامناکی لەم شێوەیە بووە، خۆی بەکارێکی قورس و پڕ لەئاڵۆزی دێتە هەژمار، بەڵام دایکی بەڕێز کاک ئاکۆ، گوێی بەمە نەداو ئەو کاتەی کە لای ئەوان مامەوە بەباشترین شێوە خزمەتیان کردم و هاوکارم بوون.
لەکۆتایدا دەمەوێت بڵێم، هەتاکوو لەژیاندا بمێنم، خۆم بەقەرزاربارى بنەماڵەی بەڕێز کاک ئاکۆی عباس ئاغا و بەدیاریکراوی دایکی بەڕێزیان (مریەم خان) دەزانم، ئەم کارەی ئەوان لەگەڵ منیان کرد، دەرخەری ئەوەیە کە، هەرچەندە ژیان خراپ بێت، هەرچەندە دڵڕەقی ڕەگ دابکوتێت لەنێو دڵی مرۆڤەکاندا، ئەوا هێشتا کەسانێک هەن کە لەخەمی مرۆڤایەتیدان.

دواهەمین شەهید

ژاکاو محەمەد

لە کۆتایی ساڵی دوو هەزار و بیست و چوار، لەنێو تاڵاوی بەردەوامی جینۆسایدا، دواهەمین شەهیدمان بە نیشتمانی لاشە سوربوو بە خوێن، بەخشی.

لەشازدەی چواری ساڵی ڕابردوو، بە هەناسەیەکی تەنگ و نابینایی، پڕۆسەی قەتل و عامی بنەماڵە و دەڤەرەکەی بەگشتی بۆ گێڕامەوە. بە تاسەوە گوێم بۆ یەکەیەکەی ئازارەکانی گرتبوو. من لەوەتەی هەستم بە هەبوونی ئەو دونیایە کردووە، لەگەڵ ئازارەکانی ئەو ژیاوم. هەمیشە قاچێکمان لە نەخۆشخانە و قاچێکمان لەماڵ بووە. هێندە لەگەڵ ئازار و ئەشکەنجە ژیابوو. سەری لە هەموو دەرمان و چارەسەرە پزیشکییەکان دەردەکرد. ڕۆژێک چاوێکی نابینا دەبوو. ڕۆژێک چاوەکەی تری. ڕۆژێک هەناسەی بە ئاستەم دەهات و دەچوو. ڕۆژێک پێستی سور هەڵدەگەڕاو، خورشت و برین و سووتانەوە هەموو گیانی دەتەنی. سەرباری هەموو ئەو ناڕەحەتیانە، بەر لە کارەساتی کیمیاباران حەفت مندااڵی لە کچ و کوڕ لەدەست دابوون. هەریەکە بەهۆکارێک، هەبوو بە خۆشی، هەبوو بە بۆمباران و ئاوارەیی و دەربەدەری، تەنها دوو کوڕی مابوو، کە هەموو ژیان و بوون و وجودی خۆی لەو دوو کوڕە بینیبوو، بەڕادەیەک لە خزمان

گۆڤاڕێکی تایبەتە، ساڵانە لە یادی کیمیابارانکردنی شێخوەسان و باڵیسان دەردەچێت

دەمبیست کە هەریەکە لە کورەکانی لەتەمەنی بیست و سێ ساڵی و بیست و یەک ساڵی بوون، کەچی وەک منداڵ لاواندوونییەوە و سەرپەرشتی کردوون. دوای ئەو کارەساتە جەرگبڕەی بەسەر دۆڵی بالیسان و گوندی شێخ وەسانان هات. هەردوو کورەکەی لە باوەشی خۆی لەدەست دا. بەو هەموو ناخۆشی و ئازارو مەینەت و نەخۆشییە سەختانەی ڕووبەڕووی بوونەوە، ئەرکی چوار نەوەی بێ دایکوباوک و چوار منداڵی پێنج ساڵ و چوارساڵ و سێ ساڵ و پێنج مانگیشی گرتە ئەستۆ. لەو هەموو ساڵە پڕ ناڕەحەتیانەدا، کەمن تا کۆتا چرکەی ساتەکانی ژیانی لە خزمەتی بووم، هیچ ڕۆژێکی بێ ئازار و نەخۆشی و بێئارامگری و سوپاسگوزاری خودا بەسەر نەبرد. دەڵێن ئەوەی زۆر ئازار بچێژێ بێدەنگ و گۆشەگیر و ناسک دەبێتەوە بەرانبەر قەدەر و پێشهاتەکانی ژیان، وەلێ بە پێچەوانەوە ئەو ئازار و نەخۆشی و جەرگسوتان، بەهێزتری کردبوو. لە دوای کیمیاباران بەهۆی ماڵسوتان و لەدەستدانی منداڵ و بێکەسی و بێ سەرپەرشتیاری، لەپێناو پێگەیاندنی نەوەکانی، بەو هەموو نەخۆشییەوە کاروکاسبی کردووە. نانی بۆ خەڵک کردووە. چەندین جار دکتۆر ئامۆژگاری کردووە، بەهۆی تەنگەنەفەسی نابێت نزیکی تەپ و تۆزو ئارد بکەوێت، یان بەهۆی هەستیاری پێستی نابیت لە گەرمای زۆر و ئاگر نزیک بێتەوە، بەڵام ئەو بەو هەموو نەخۆشییەوە کۆڵی نەداوە. خۆیی و هاوسەری تاکە ئامانجیان ئەوەبوو هەر چوار نەوەکەیان بە نانی حەڵاڵ و بە سەربەرزی پێبگەیەنن. لەگەڵ ئەو هەموو مەینەتیە، هەرگیز کەم دەست نەبوو لە وەفانواندن لۆ منداڵەکانی و هاوسەرەکەی، کە شەش ساڵ بەر لە ژیانئاوایی خۆی، هاوسەرەکەی لەدەستدا. هەمیشە دەیگوت کوڕەکانی من شەهیدن و شەفاعەتمان لۆ دەکەن، کەچی بەدرێژایی تەمەنی خێرو خێراتی بۆ دەکردن.

ئەو قوتابخانەیەک بوو لە ئارامگری. هەموومانی فێری ئارامی و شوکرانەبژێری کرد. لە دواڕۆژەکانی تەمەنی، بەهۆی نەخۆشییەکەی و نزیکبوونەوەی لە گەڕانەوە بۆ لای هاوسەر و منداڵەکانی، بیر و یادگەی گەڕابوویەوە ئەوکاتەی ئەو مەرگەساتانەی تێدا بەسەرهاتبوون. هەرکەسێک دەهاتە سەردانی، یان کە ئێمە لە خزمەتی دەبووین، بە شێنەیی باسی قادری کوڕی دەکرد، کە بە زیندویی بردبوویان و بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتبوو. دەیگوت: (قادریان لێ ستاندم. لەبن هەنگریان بە زیندی هینامە دەرێ. پارانەکیان پێوە نامو لێ نەگەڕان ئەمنیش لەگەری بچم. دەبی لە کێندەر چاوی بزر کرابن لە دنیایێ؟ دەبی چەند برسیتی و تینیەتی دیتبی هەتا خۆریان وەسەر هەردایە.)

دایەحاجی نموونەی برینێکی پڕ لە سوێ و نموونەی قوربانیدان و جەرگسووتان و نموونەی حەسرەتێکی قوواڵی ئەو مەرگەساتەیە، کە بە ناحەق بەسەر خەڵکی سڤیلی کوردستاندا هات. هەرکەسێک خۆزگە بە ژیانی سەردەمی دیکتاتۆری بەعس بخوازێت، مانای وایە نە بیستوویەتی، نە خوێندوویەتییەوە، نە هەرگیز ڕۆژێک لەناو ئەو کارەسات و برین و سەرگەردانیە نەژیاوە، کە بەسەر ئێمە و هەزارانی وەک ئێمە هات.

بە بەرکیمیا کەوتنم لە گوندی وەرێ

شـوان رابـەر

دوای ئەوەی مانگی رە مەزانی سالی ١٩٨٨ ماوەی مانگ یێك بوو لەگو ندی وەرێی خۆ شناوەتی دۆلی بالیـ سان مەلابووم، ڕۆژی ٢٨ ی ڕەمەزان، بەرابەر ١٩٨٨/٥/١٥ بەرە بەری ئێوارە بوو، تازەخۆر لە کەڵوی چیای هەورێ ئاوا دەبوو، خەڵك پەیتا پەیتا بەکۆڵ و بارو شەکەتەوە لەنێو زەوی وزارو، ڕەزو باخ و عەردەکانیان دەهاتـ نەوە مالێ، هە ندێکیان لەدوای ولاخ و باربوون، هەندێکیان کۆڵ و پاچە خاکەناس و بێڵ وپێمەڕیان پێبوو، مەڕو مالاتیش بەزگی تـ ێڕو، بەزاری تێ نو لەدە شت و دەر، لەدۆڵ وشیوو کێوە کان دەهاتـ نەوە ناو گوند، با عەباعی مەڕومالات وبۆڕە بۆڕی ڕە شەولاخ و، زەڕە زەڕی گوێدر ێڕۆ، حەوە حەوی سەگ و سار بوو، ڕۆژێ کی کش ومات بوو، ناوچەیەکی ئازاد، خەڵك چاوەڕێی جەژن و خۆشی و شادی بوو، ئێوارە بۆڕۆژو شکاندن چێشت (شیو) یان لە سەر ئاگردان بوو، ئێمەش دوای عە سرێکی درە نگ : من و کاك مەلا سەفین حاجی ا حمد وەرە یی و مامۆ ستا مەلا ئەبو بەکرحاجی ا براهیم بێراوە یی و کاك عبدالوا حد دەرا شی لە سەر گۆر ستانی تەنیـ شت گو ند بەرەولای گوندی نواوە پشومان دابوو، دەمێك ئاوێنەمان بەنیـ شانە دادانا یەوەو تفەنگمان تێ ی دەگرت، ئاخۆ کا مەمان باشتر لێ ی دەدەین، سوپاس بۆخوا من ئەو ڕۆژە ئاوێنە کەم شکاند، لەنیـ شانە (تفەنگا نە) زۆر باش بووم، باش لێم دەدا، ئەزموونم زۆربوو، لەو بارەیەوە لە گوند و دێهات ژیابووم ، پێ شمەرگەبوم، پەروەردە بـ بووم. دوا تـ ر پێ کەوە هاتینەوە ناو گوندی ، مامۆستا ئەبوبەکر لە بەر ئەرکی خۆی بەو ئێوارە یە گەڕایەوە گوندی هەرمك کە لەوێ مەلا بو، ئەگەر چی تەکلیفی ما نەوەشمان لێیکرد، وەڵێ نەمایەوە، ئێمەش: من و مامۆ ستا سەفین وەرە یی ئەو سا بەرەبەری ئێوارە لە سەربانی مالێ کاك نجم ا لدین فەقێ سلێمان تو تمەیی لە نز یك مز گەوت وە ستا بووین (هەلبە تە ناوبراو مالێ لەوێ لەوخانووەدابو ، دە نا خۆی خەڵکی گو ندی تو تمەبو ، بەس لەبەرشەڕوشۆڕو بۆردومان ئاوارەی ئەوێ ببو)، ئیترپەیتا پەیتا خەڵکی گوند بەوێ دا دە هاتن، بۆنمو نە یەکێك لەناوزەویەکان لەلای گو ندی مێرگە سەر ڕا ها تەوە، دوای سەلام کردن ، گوتی مامۆستا دەبێ بەیانی جەژن بێ، مـ نیش گوتم: جارێ دیار نـ یە، شەو موتابە عەی ئەخباری ڕاد یۆ دە کەین ئەو سا دەردە کەوێ ، ئە گەر جەژن بێ، دەیکەیـ نە جەژن. ئەو سا ئەو پەڕی سەعاتێکی بۆ بانگی ئـ ێوارە ما بوو، لەناکاو دوو فڕۆکەی گەورەی عێڕاقی بە نز می هاتـ نە سەر گو ند، عە لەمی عێراق یان پێوەد یاربو، گو ندیان کیم یا باران کرد، بۆمبەکانیان لە پشتی گونددا (چەند فڕۆکەی تریش لە سەر ناو چەکە دەسوڕان) کاتێ تەپە(دەنگی) بۆمبەکان هات، یەک سەر من هە ستم کرد ئەوە کیمیایە، ناپالم نیە، پێشتر زۆر گوێم لە دەنـ گی تۆپ و تەیارە و نا پالم بـ بو، ئەزمونم لەو بارە یەوە زۆر بوو ، کوڕا سەیەکیشم لەسەر چۆنیەتی خۆپارا ستن لە چەکی کیمیاوی خوێندبویەوە، سودی زۆرم لێ ی وەرگرتبوو، دوای تەقینەوەی بۆمبەکان کاك مەلا سەفین کە خەڵکی وەرێ بو، پێ شمەرگەبو، گوتی: با هەلبێنە خوارەوە کو نە گونجی لێ یە خۆمانی تێدا بشارینەوە مەبادا جارێکی تریش تەیارە ڕەمی بـ کات، مـ نیش گوتم کاکە ئەوە کیمیایە با بچینە مزگەوت ئاو بەخۆما ندا بـ کەین. ئیتر هەر کە سە و بەئەقڵ و بیروباوەڕ و تێگەیـ شتنی خۆی لە مە سەلەکە هەلات ، (موناقە شەم لەگەڵی نەکرد) ئەو هەلاتە لای کونە چاڵ بۆ خۆ حە شاردانی، مـ نیش چوومە مز گەوت بۆ ئاو بەخۆ دا کردنم و، ئیجرا ئات وەر گرتن، بۆ خۆپارا ستن لە کیم یا، چونکە خوێندبوو مەوە کە ئاو بەکارهێنان، ئاگر کرد نەوە، ما نەوە لە شوێنی دا خراو زۆر گرنگ و چارە سەرن. ئیتر کە بەغاردان دە چوومە مز گەوت دیتم خەڵك بەتایبەت ئافرەت لە مالآن دەهاتـ نەدەر، بەکو چە و کۆلا نەکان

"چەندان کەس دەست بەجێ لەناو گوند کەوتن، مردن، ئەوانیی تریش زامدار بوون، خەڵک کەم قوتاربو"

وەربوون ، هاوار و قیژەیان بوو، شێوا و پەشۆکاو بوون، شیویان لەسەر ئاگردان و منالّیان لە باوەش و لەژێر هەنگل بوو ، لەبەر من ئەوانیش ڕو یان لە مزگەوت کرد، وایان دەزانی من مەلام باشتر حەل و عیلاج دەزانم ، یەکەم کەس بووم کە پێم وە دەرگەی حەو شەی مزگەوت نا، دەرگەیەکی گچکەبو ، هەر کە گەیشتمە بەردەرگا، ئەوسا بۆنی کیم یام کرد، لە دڵی خۆم گوتم نەمگۆت ئەوە کیمیا یە، یە کەمجار بوو ئاوا بۆن بکەم، پێشتر هەست (حاسە) ی بۆنکردنم نەبوو، کەدەیانگوت بۆذێك دێ پێم سەیربو، لەو ساوە هەستی بۆنم بۆ تەوە، ئێستا کەمترین بۆن بێ بۆنی دە کەم. بە هەرحال خەڵکیش لە بەرمن هاتنە مزگەوت، گوتیان مامۆستا چ بکەین، منیش گوتم ئەوەی دەتوانی ئاو بەخۆی دابکا، ئەوەی دە توانی با ئاگادار بکاتەوە، بەلام ئاگرکرد نەوە زەحمەتە، با ئاو بەخۆمان دابکەین و بچینە ناو مزگەوت، دەر گا دا بخەین، تاکیمیا کە دەنێ شێتەوە، بۆ ئەوەی کاریگەری نەمێنێ، خەڵك ئەقڵی ئەوەی قبوڵ نەدەکرد، بەگوێیان نەکردم، پێیان وابوو دە بێ زوو لە گوندڕابکەن ، هەندێك گوتیان با بۆ گەڵی سیێ ڕابکەین (گەڵی سیێ دەکەوێتە ذێوان گوندی وەرێ و نواوە ، بەرەو گوندی بێناتان دەچێت) ، هەرکە سەو ڕێ گا و ئاڕا ستەیەکی بۆ ڕاکردن دیاری دەکرد. سەرەتا پشدێن و جەمەدانیم تەرکردن و بە سەر دەم و چاوی خۆم دادان ، لەدڵی خۆم گوتم مەبادا خەڵك شەرم بکا خۆی بخاتە ناوحەوزەکە، خۆی تەڕ بکا، بۆیە من خۆم هەڵدایە ناو حەوزی مزگەوت ، ئیتر کە دیتیان خۆم خستە ناو حەوزەکە، خەڵکیش وای کرد. دوای ئەوە هەرکەسە و بەلایەکدا چون ، هەرکەسەو لەلایەك مردن، بەس مام عبدالا لە و خدری کوڕی بە گوێ منیان کرد لە گەڵم هاتنە ناو مزگەوت، کەچومە ناو مزگەوت دە ستم لە زەوی دەکوتا لەبەرئەوەی پشدێن و جەمەدانیم تەواو بە سەرخۆدا دا بوون، نەدەبوو هەوای بدابا، نەدەبو ڕو ناکی دیار با، بە هەر حاڵ لە ژێرەوەی لای پێ کانم ترو سکایەکم دەدی بۆ ئەوەی بەرنە بمەوە، لە سەر ڕێ گە کەدە چومە ناومزگەوت، وە لەو بەینی زۆر کەمبو، بەس هەستم کرد پێم لەنە فەرنا. بە هەرحاڵ چوومە ناو مزگەوت، مام عەولاّ و کاك خدریش لە دوای من هاتن، خەڵك پەرتەوازە بوون، نازانم چیان لێ هات، کە چوومە ژورەوە دەر گام داخست، نایلۆنی کۆن لەناو مزگەوت هەبوو ، کون و کەلە بەرەکانم پێ ی گرت، لە لای مینبەر(میحراب)ە کە دانیشتین، کاتێك گوێمان لە گریان(نرکە و ناڵە) ی مام حمدامین اسماعیل سەر دۆڵێ بوو گریا، گوتی: ئەی ڕۆ، کوڕم جەمیل ئەوە ئەتۆی لێرە کەتی، تو مەز جەمیلی کوڕی لەوێ دەست بەجێ گیانی دەر چوبو، دوا تر زانیمان تەرمی مام حمدامینیش لەوێ لە سەر تەرمی کاك جمیلی کوڕی کەوتبوو. مام حمدامین بە ئەسل خەڵکی گوندی سەردۆل بوو، پیاوێکی ٦٥ ساڵ زیاتر بوو، لە گوندی وەرێ نیشتەجێ بوو، خزمی ئەوێ بوو، کاك جمیلی کوڕیشی گەنجێکی سۆرو سپی(جوان) ی تازە پێگەیشتوو بوو، زۆر دیندارو خواناس و گران بوو، بەردەوام شەوان دەها تە نوێژی تەراویح . ئیتر پەیتا پەیتا گوند کشومات و خامۆش و بێ دەنگ دە بوو،

هەست و خوستی لێ برا، ژانەسەر (سەر ئێشە) م دەستی پێ کرد، سەرم پرت کی دەکرد، سەرەڕای خۆم ، د لّی ئەو دوو پیاوەشم دەدا یەوە، ئەوانیش چاوەڕێ ی فر مانی مذ یان دە کرد، چی بـ کەین، کاتێ هە ستمکرد کاتی بانگ بووە، هە ستام لەناو مز گەوت لوقمی کۆنم دۆزیـ نەوە هێ نام، وێ مدان، خوارد نمان، بەربانگمان شکاند، بەمەزەندەی خۆ مان سەعاتەکی پێ چو، کیمیا کە نـ یشتەوە، بەوانم گووت کا کە با قۆ ناغی دووەم دە ست پێ بـ کەین لە مز گەوت بە چاو بە ستی بـ چینە دەرەوە، ئە گەر دە کرێ جـ لەکان بـ گۆڕین با شە، هە ستاین زۆر بەزەحمەت (بەچاو بەستی) لە مز گەوت چوینە دەرەوە، دەستم دەکوتا، خۆم لە دیذ گە و د یوار دەدا، جار جارە بەر دەبوومەوە، بەهەرحاڵ چوینە دەرەوە، لەبەرئەوەی جێ(مال)مان لێك جـ یا بوو، بۆیە لەتەنیشت مزگەوت لە لای سەر لێك جیا بووینەوە، ئەوان چونە ما لەوەیان و لێم دا بڕان، مـ نیش چوومە مالّی مام حاجی احمد کە جل و بەرگم لەوێ بوو، لەبن دوبانکەی خانو، چەند بانگم کرد، مام حاجی مام حاجی ، پـ لـ کە هەمین پـ لـ کە هەمین (هەردوکیان خو شك و برا بون)، کەس دەذ گی نەبوو، چۆل و هۆل بوو، سامت رێ دە کەوت، نەمزانی چارەنووس چیە، سەرم بە سەر ژورەکاندا داگرت ، هەستم بەهیچ نەکرد ، گوێم لەهیچ نەبو لەناو مالّ، بۆیە زیاتر نە چومە ژورەوە، لە پێش مالّ ، لەحەو شە بووم، بیرم لە تراژیدیا کە و رۆیشتن دەکردەوە ، کاتێك گوێم لێ بوو پیاوێك دەلّێ حەچە حەچە، تو مەز کاك صابر تو تەیی بوو، فەخری خانی خێزا نی سواری کەر کرد بوو، شتیان بە سەر خۆدا دا بوو، بەدەم جۆ گە لەرا ستی مز گەوت دە هاتن، لە گو ند دەرۆیشتن و دەردە چوون، مـ نیش گوتم کێ یە، ناوبراو و تی مامۆ ستا ئەتۆی، منیش وتم کاك صابر ئەتۆی، گوتی بەلێ، تا بەرەو ئەو چووم لە جۆ گە بەربوو مەوە، چونکە نەدەبوو پەردە لە سەرخۆ (دەمو چاو)م لا بدەم ، بە هەرحاڵ بەدوای کەوتم، لەبەر ئەوەی کەس بە کەس نەبوو، وەك پێویـ ست دونیا مان نەدەدی ، لەخوار گو ندی، لەنزیك جادەی قیرِی لـ یّك دا بڕاین، هەرکەسە و خەریکی ذ یەت و بەرنا مەی خۆ و خۆ قوتارکردن بوو، نازانم ئەو چی لێ هات، بەهەرحاڵ من بەناو ئەو چیل و چاڵە گەیشتمە سەر جادەی سەرەکی قیرِ، لە دلّی خۆم گوتم بەکام لادا بڕۆم ، بـ چمە سەرێ یا خوارێ ، بەلێ لای سەرێ، لای بالیسان ئازادترو باشترە بە حوکمی ئەوەی گوندی خۆم(خەتێ) لەو لا یە و پێ شمەرگەی لێ یە، خۆ شم لەئەسلدا پێشمەرگەم، وەلێ لەبەر ئەوەی لەکاتی کیمیا باران دەذ گی تەیارە لەولاش دە هات ، گوتم لەوانە یە کیمیابارنی کردبێ ، ئەوێ خە تەرتربێ، بۆیە بە تێگەیشتنی خۆم جادەو جادە چوومە لای سەرو چاوە، جار جارەش لە جادە لام دەدا، شەو داهات بوو، کاتێك لە شوێنێك مـ شوهۆڕی هە ندێ ئاژەڵ دە هات، ئێ ستاش نەمزانی چی بوون، نەمزانی ولاخ بون یا بەرازبون، جار جارەش بەرەو خوارەوەی پێم دەمڕوا نی تا بەحاڵ زەوی بەر پێ ی خۆم بـ ینم بەلّکو باش بڕۆم، کاتێك تۆز ێك جە مەدانیم لادەدا، هەنا سەم دەخواردەوە، هەستم زۆر بە بۆنی کیمیا دە کرد، وام دەزا نی کیم یای لەو ناو چەیەش داوە، تو مەز بە با بۆنی کیمیا لە دۆلی بالیسان بەرەو سەرو چاوە و چوارقورنە، لەو لاش بەرەو خەلیفان رۆیـ شتبوو، خەلّکی ئەوێ ئاگر یان کرد بۆوە، ئەوانیش هە ندێ کەس زیانیان پێ گەیشت، کە گەیشتمە دامەن گوندی نواوە، لەسەر جادەی رەئـ یسی ، لە سەر کاذ یاوێکی بـ چوك لا مدا، ئاوم خواردەوە ، دیسان ئاوم بە جەمەدانی و پشدێنەکەم دا کردەوە، بۆ ئەوەی زیانم پێ نەگا، لەوێش زۆر هەستم بەبۆنکرد ، لە بەر ئەوەی هەم ناو چەکە هەم جەمەدانیەکەم بارگاوی(بۆ ناویی) بـ بون، بۆ یە زو جەمەدانیە کەم بە سەر خۆم دادا یەوە ، ئیترماوە یەکی تر بە پێ رۆیشتم بە تەنیا، بەشەو، دونیا کشومات و بە سامە، هەموو شتەکان خراپ ڕ ێك کەوتبوون، لەلایەك بەبەر کیمیا کەوتوم، لەلایەك پێشمەرگەم، لەلا یەك لەناو چەی قاچاغ و کیمیاباران و پێشمەرگەڕادەچم، لەلا یەك بەپێ بێ سەیارەم، لەلا یەك جە مەدانیم بە سەر دە مو چاوی خۆم داداوە (چاوبە ستەم) ، لەلا یەك شەکەتوماندوو هیلاکم، لەلا یەك نازانم لەناو حکو مەت چارەنو سم چ لێ دێ، لەلایەك نوێژم نەکردوە، بە هەرحاڵ بە پێوە لە رێ نو ێژی ئـ ێوارەم کرد، کە گەیـ شتمە نز یك قە شان، هە ستمکرد سەیارەیەکی بە لا یت لە لای شکارتە(سەیتەرە) ڕا دێ ، کە هات قـ سەمان کرد زا نیم ئەوە کاك مەجـ ید

گوندی وەرێ بەر لە کیمیاباران

هەرمکی برادەر مە، تەراکتۆری پێ بو، گوتی: مامۆ ستا خ ێرە، سەلامەتی، چ قەوماوە، کێ ماوە، ئەوەی زا نیم بە خێرا پێم گوت ، لەوە ز یاتر ڕوداوە کەم لە بەر چاوی گەورە نەکرد بۆ ئەوەی نەڵێ لە بەر خۆی تی تابگەڕێ مەوە لەگەڵی سواربم ، قوتار بم ، واتە ئ یحراج و ناچارم نەکرد ، لەو وەز عە سەختەش عیززەتی خۆم پاراست، ئ یحراجم نەکرد ، دەنا بۆمن زۆر زەرور بو ، قەت شتی وانەبو، لەوکاتە تەنگانە سەیارە ئاوابێ لەگەڵی سوار بم، بەهەر حاڵ ئەو بۆ خۆی بەرەو سەرێ، بەرەو وەرێ، بەروە دۆڵی بالی سان ڕۆیی شت، د یاربو کەهە ستی بەبۆنی کیمیا، بەمەترسی کرد، یەکسەر سوڕایەوە، گەڕا یەوە شکارتە (ڕێ ی خۆی)، کە گەیشتەمن ، گوتی سواربە، لەگەڵی سواربووم، گوتی لە سەیتەڕەی ماڵی میری (مام ئەنوەر بەگ) مەڵێ کیم یا لێ ی داوم ، لەوەرێ ڕا د یم ، م نیش گوتم : بۆ وا نە لێم حکو مەت کیمیام لێم بدا و حاشاشی لێ بکەم، دەبا ئیعدامم بکەن ، لەوە زیاتر چی ، (ئەوسا خوێن گەرم و بەحەما سەت بوم) ، ئەویش گوتی ناتخوا وا مەڵێ با سەلامەت بین، کێشەمان بۆ دروست نەبێ، م نیش گوتم باش با کەیفی تۆ بێ، لەبەر خاتری تۆ خۆم کڕ دەکەم ، ئەگەر لێیان پرسیم بەبەر کیمیا کەتی درۆناکەم، ئە گەرناش ق سەناکەم، ئیتر کە گەیی شتنە سەیتەڕەکە، لەبەر ئەوەی کوردی چەکدار(جاش) بوون، کاك مجیدیش یان باش دەنا سی، م نیش لە ناوچەکە ژ یا بووم، لە بەر خۆێ ندن و مەلا یەتی هاموشۆم لەوناوچەیە هەبو (هەر چەندە ئەو سا من بەڕسمی پێ شمەرگەی بزوتنەوەبوم ، لەبەر ئەوەی من لە سالی ١٩٨٧ لە یە کەم بارە گای گو ندی مەلەکان چوبومە دەرێ ، بەس بەکاری خوێ ندن و پێ شمەرگایەتی هامو شۆی ناوشار و ناوچەکەم دەرکرد) ، زۆر کەس لەم ناوچەیە دەیانا سیم ، لە بەر ئەوەی لەمەلایەتی لە گو ندی دواوەو بێتوا تە و سەروچاوەم خوێندبو، دەیانزانی مەلام ، بەس نەیان دەزانی پێ شمەرگەم ، وە کو مەلا(مامۆ ستا) یەکی ئاینی ، لێ یان نەپر سیم ، ئیتر کە لە سەیتەڕەکە قو تاربوین ، چوینە ناو ئۆردو گای شکارتە، لەوێ لەسەر جادەی سەرەکی دابەزیمو لێك جیابووینەوە ، من بەدوای ماڵی ناسیاودا دەگەڕام ، دەرەنجام ر یێم کەو تە مالی کاك صابر مەلۆکی ، فەرمویان کرد ، چومە ژورەوە ، زاذ یان بەر کیم یا کەوتووم، جل یان بۆ هێ نام، مالیان ئاوا زۆر خز مەتیان کردم، خوای گەورە پادا شتیان بدا تەوە، لەناو حەو شەی خۆ یان لەتر سان ئاگر یان کرد بۆوە، م نیش چووم ج لەکانم بسوتێنم، لێ یان نەگەڕا، لەبەر خەسارە، بە هەر حاڵ ج لەکانم هەر سوتاندن تا لە بەر ج لی کیم یاوی من زیاذ یان پێ نەگات. دواتر لە دکتۆرم پرسی لەکوێیە، گوت یان عیادە یەك لە فلاّ نە جێ یە، بە تەنیا چومە عیادە کە، زۆر سەرم دێشا، بێ تاقەت بووم، لە ڕێگە دوو جار دانیِ شتم، بە هەرحاڵ چوومە عیادە کە دیتم کاك عزیز گەسفرۆشی سەروچاوەش لەوێ یە، یار یدەدەرە پزیشکییەکانش منیان دەنا سی، گوت یان ئۆی مامۆ ستا تۆش بەرکیمیا کەوتی، گوتم بەڵێ، گوتیان خەمت نەبێ ئیذ شاالله ئە جەلت نەهاتووە دەر مانی با شت دەدەی نێ، فیع لەن دەرزی با شیان لێ دام، شڕوبی ڤینۆس یان دا مێ، گەڕا مەوە، لە ڕێگە ڕ شامەوە، دوا تر تەندرو ستیم با شترو سوك بوو، ژانە سەرم کەم بوو، شەو لە هەمان مالّ ما مەوە، بەیانی ١٦ / ١٩٨٨/٥ چومە سەرڕوباری لە دواوەو بێتواتە کە بەتەنیشت ئۆردوگای شکارتە دا دەهاتە خوارێ، خۆم لەوێ بە ئاوی سارد پو خت بە سابوون شت، دوا تر گەڕامەوە، چومە سەرو چاوە، چومەمالێ مامۆ ستا مەلا کەمال بێلاوە یی کە

مامۆستای بە ڕێزی خۆم بوو، مالیان لە خانوی مامۆستا مەولودی چیوە دابوو لە نزیک مزگەوتی گەورە. ئەوسا نەمدەزانی لە خەمی خۆم بم ، نەلە خەمی ما لەوەم کە بەدوای هەواڵ مدان ، نە لە خەمی خەڵکی وەرێ ، بیرم لەو روداو و مەرگە ساتە جەرگبڕە دە کردەوە، زۆر بەپە لە بوم بۆ چارە سەر، بۆ ئەوەی هەواڵم بە مالەوەمان بگات.

هەر ئەو ڕۆژە لەمالّی مامۆ ستا مەلا کەمال ها تمە کۆ یە بۆ ئەوەی بـ چمە هەولێر، مالّێك مان لەوێ بوو، لە گەراجی کۆ یە سەیارە نەبوو، چونکە دوای عە سران ڕێ گەی گـ شتی نـ یّوان کۆ یە – هەولێر لە بەر پێ شمەرگە دا دە خرا، کێ شە هەبوو، نا چار گەڕا مەوە سەرو چاوە ، مالی مامۆ ستا کەمال، خواکردی کاك غازی برا شم پێ بەپێ بەدوای من دا هاتە ئەوەێ، لە دەر گای دا من دەرگام کردەوە، ئیتر پێکتر شاد بوو نەوە، دە ستمان شادی و بەکەیفخۆ شی و دە ستلەملانێ ی یەکتر کرد، زۆر دلّمان خۆش بوو، کاك غازی برا دوای تاو یّك گەڕا یەوە لای گو ندی خەتێ و، دوای ئەوەی کە مـ نی دۆز یەوە. مـ نیش شەو لەمالێ مامۆ ستا ما مەوە، بەیانی زو ١٩٨٨/٥/١٧ چومە کۆ یە ، لەوێش چوومە هەولێر، لە هەولێر مالێ کاك صمدی برام و کاك حاجی حـ سینی زاوا مان و زۆر یّك لە خز مانیش لەوێ بوون، کاك صمدی برا شم کە زانیبوی کیم یا لە وەرێ ی داوە، لە هەولێر ڕا بە چیای زی نەتیر دا بەقا چاغ دە چێتە گوندی خەتێ بۆ سۆراغی من، کاك غازی برا شم لە١٩٨٨/٥/١٦ بۆ بەیانی کیمیا باران لە خەتێ ڕا لە گەڵ کاك حمدامین حاجی صابری بن ئامۆزا مان زۆر بەدەردە سەری لەبەر ئەو جموجۆلە سەیارە نەبوو بە تەراکتۆری کاك مستەفا دەرو یّش خدر گو ندی شکەوتی بۆ سۆراغی من دێ نە گو ندی وەرێ ، لەوێ لەناو کوچە و کۆلان و لەناو زەوی و زار و چۆم و چاڵ و، لەناو تەر مەکان دەگەڕێن، زۆر تەرم دەدۆزنەوە، تەرمی من نەبێ، زۆر نیـ گەران دە بن، لە لا یەك لە تەرمی من دە گەڕێن، لە لا یەك ئەو هەموو تەرمە دەدۆزنەوە ، دەکەو نە ناو تەرم ستان ، بە سەرئەوتراژیدیاو مەرگە ساتەدادەکەون ، زا مداریّکی زۆر لەتەراکتۆرەکە باردەکەن بۆ ئەوەی بیان بەنە گوندی خەتێ ، بۆ ئەوەی لەوێ لە خەستەخانەی شۆرش تیماریان بـ کەن ، ئەو خە ستەخانەیە لەهە شتاکان لەسەردەمی شۆڕشی شاخ ڕۆلێ کی زۆری هەبوو ، هی (یەکێتی) بو، کاك دکـ تۆر زریان و کاك دکتۆر ئەبو بەکر (کارۆخ) و کاك دکـ تۆر خدرووان لەوێ بون ، ئیتر لەوێ زۆر ما ندو و شەکەت دە بن، لە هەمان کا تدا ناو چەکە بە کیم یایی ئالودەبووە، موعەڕەزن بۆ لەناو چون . دەرەنجام کاك حمدامین و کاك مـ ستەفا لەگەل زا مدارەکان دە چنەوەوە گو ندی خەتێ و، کاك غازی برا شم ، خۆ شی بەدوای مـ ندا دێ تە ئۆردو گای شکارتە، هەر ئەو ڕۆژە دەچێتە سەر ئەو تەرما نە کە خەریکە لە دە شتی قە شان دە یان ذ یژن، زۆر بە گەرمی و پڕ تاوی لەناو تەرمەکان بەدوای تەرمی مندا دەگەڕێ ، تەرمی من نادۆزیـ تەوە ، کاتێك حاجی مستەفای مەلا شێخی گو ندی شکەوتێ دەبیـ نێ کاك غازی ئاوا سەرگەرمی سۆراغی منە ، پێ ی دە لّێ : مزگێنـ یت بدەمێ ، مامۆ ستا سەلامەتە ، ئەویش نێو چەوانی ماچ دە کاو پـ یّی دە لّێ ، ئەوا نە هەموویان خو شك و برای منن شەهید بووێ نە، بەلام یاخوە خوای گەورە لە دواڕۆژدا بت حە سێنێ تەوە چۆن مـ نت حە ساندەوە . دوا تر کە دەگەڕێتەوە گوند خەبەر بۆ مالّەوە ، بۆ براکانی تریشم دەباتەوە. کاك جەعفەری برا شم لە هەریر ڕا موتابە عەی سۆراغی من دە کات. کاك مەجـ یدی برا شم لای خۆ یەوە سەرگەرمی شۆرش و پێ شمەرگایەتی بو، هەمو ما لەوەو خزما نمان لە خەمی من دا بون، ئیتر هەموویان بە سەلامەت بونی من دەحەسێنەوە. کاك صمدی برا گەورەشم (خوا عەفوی بکات) گەڕایەوە هەولێر و، لەوێ پـ یّك شادبووینەوە. مـ نیش لە هەولێر ماوە یەك لە لا یەن کاك دکـ تۆر خالید سی شەهید کە تەنزیمی (بزوتـ نەوەی ئێ سلامی) خۆ مان بوو ڕێنمایی و چارەسەری پزیشکی دەکردم، خوای گەورە پاداشتی بدا تەوە، ئەویش لە ١٢/٢٦ /١٩٩٠ لە لایەن رژێمی بەعس لە گەل مامۆ ستا مەلا مـ حـ مـ کونەفلوسەیی و حاجی مـ نەوەرو شەهید هیوا و پێنج ئەندامی تری موسل مان لە سجنی ئەبو غر یّب ، لە سەر بزوتـ نەوە ڕەمی کران. ئیدی بە گشتی ئەوسا تەنها لە گوندی وەرێ ٣٦ کەس شەهید بوون، دەیان کەسی تریش زامدار بوون، خۆشم زۆر بە سەختی زا مدار بووم، زۆر لە نزیـ کەوە بەر کیم یا کەوتم، وە لّێ ئە جەلمان نەهاتبوو نەمردین، تەیارە بۆمبەکانی لەسەروی گو نددا، تەپوتۆزو دو کەڵّی کیم یا وە کو چەترێك بە سەر گو ندا هات، گو ندی داپۆ شی، چا چمەکانیش لەنزیك ئێ مە کەوتنەخوارەوە ، چەندان کەس دە ست بەجێ لەناو گو ند کەوتن، مردن ، ئەوانیی تریش زامدار بوون ، خەڵك کەم قوتاربو .

دەنگی سروشت و ڕای قەڵەم!

عزەدین زەکیزادە

بەرد "من چیڕۆکی ڕەقیتی خۆم ناگێڕمەوە، باسی وردوخاشبوونیشم لەژێر زەبری بۆردوومان ناکەم ئەو سەردەمەی دەبوومە پەناگە و سەنگەری پێشمەرگە، دەڵێم سوپاس خوایە بینایيت پێم نەدا، دەنا دیتنی سپلەیی سەرکردەکانی شاخ دەرهەق بە دێهات و دێهاتی و منی بەرد، دڵی دەکردمە بەرد، بەردێک جارێکی دی دڵی نەرم نەبێتەوە بۆ دالّدەدانی مرۆی سپلە ".

ڕووبار "لە خەسڵەتی خۆم بەگومانم، بڵێی پێکهاتەکەم ئاو بێت؟ یاخود ئاوم خەسڵەتی خۆی لەدەستداوە؟ ساڵەهای ساڵ سەرکردەکان لە منداڵی خۆیان شووشت، کەچی زۆربەیان دەبینم گەنیویی ڕەفتارەکانیان مەملەکەتی پڕکردووە ".

گڵ "هەڵمەدەنەوە، هەر گرمتێکم، خوێنی شەهیدێکی تێدا مەیبوە، شەهید چاوی لە هەوای ئازادی بوو، لێگەڕێن، با لەناخی منداڵ نقووم بێت، هەڵمەدەنەوە هەوای نیشتمان بۆنی بۆرجوازییەت دەدات تا ئازادی ".

ئەشکەوت "ڕۆژانێک شانازیم دەکرد دەبووم بە منداڵی چەکداران، ئەوانەی شەهید بوون وەک من ڕەنجخەسار، گۆڕەکانیان بوو بە مەتەڵی هەڵنەهێنراو، هیچ بەرپرسێ سەری لێنەدانەوە، جارجار کۆنە پێشمەرگەیەک دێت بنەبانم دەگەڕێ بۆ شوونپێی بیرەوەرییەکانی، ئەویش ئێستا داخ بۆ خەساربوونی تەمەن دەخوات، بازرگانانی نیشتمان تەنافی شکۆدارییان لێستاندووە و کردوویانە بە سیمی ئەسانسۆری هۆتێلە پێنج ئەستێرەکانیان، دەنا کەسی دی نابینم وەبیری بێت من لە ڕەهڵە و تەمتومان دالّدەم داون".

دارستان "وامدەزانی سروشتدۆستن، نەیاندەهێشت کەس لقێکی دەرختێکم ببڕێتەوە، نەمدەزانی تەنیا خۆیان لەناومدا دەشارنەوە، چونکە کاتێک سوپای دووژمن دارەکانمیان بڕییەوە، لەبەر خرینگەی خڕخاڵی سەماکەران، کەس گوێی لە خشەی مشار نەبوو ".

قەڵەمی من "ئەوانەی دەیانگوت خاکی نیشتمان بەخوێن ئاودەدەین، خوێنی زۆر جوامێر و مێرخاسیان بە دەراوی باخەکانی خۆیاندا هەڵبەست و خۆیان تنۆکێکیان نەڕشت، دەیانزانی خاکی خوێندێر بەپیتترە"!

هۆکاری سەرەتایی خۆپارێزی خەڵکی خۆشناوەتی

لەمەترسی ڕووبەڕووبوونەوە ی چەکی کیمیاوی

کەریم عەبدوللاّ هەرتەلی

ئەو کات خەڵك بە کۆمەڵ مردووە بە کۆمەڵ بریندار بووە خەڵك بە گشتی هیچ زانیاریەکیان لەسەر ناسینەوەی ئەو چەکەو هەروەها خۆپارێزی لەو چەکە نەبووە

لە ڕ مارە (١٠) ی گۆ ڤاری شانزەی چوار ساڵی (٢٠٢٤) بابەتێکمان لە سەر ئە شکەوتەکانی ناو چەی خۆ شناوەتی وەك هۆکارێکی خۆ پارێزی خەڵکە کەی نوو سی لە سەرجەم ڕووداو شۆڕ شەکانی هاتۆ تە پێ شەوە کە ئەوان هەمی شە (ئە شکەوت) یان، بەکار هێ ناوە وەك لایەنێکی بەرگری و خۆپارێزی.

لەم بابە تەدا با سی ئەو هۆکارا نە دە کەین کە خەڵکی خۆ شناوەتی لە کاتی کیمیابارانکردندا پەنای بۆ بردووە بۆ خۆ پارێزی بە بێ ئەوەی زاد یاری پێش وەخ تەیان هەبێت لە سەر ئەو هۆکارانە یان ئاگادار کرابنەوە لە لا یەنی جیهەتێك کە ئەو کارە بکەن .

ئەو کاتەی کە کیمیا بارانکردنی ناو چەی خۆ شناوەتی دە ست پ ێدەکات و خەڵك هیچ زانیاریەکی لە سەر چەکی کیم یاوی نەبووە بۆ ئەوەی پەنا بۆ خۆ پارێزی ببات یان هەوڵ بدات بۆ کەمکرد نەوەی کاری گەری ئەو چەکە لە سەر خۆی ، چونکە لە لا یەك ئەو چەکە لە بەکارهێنانیدا نوێ بووە لە کاری گەریش بۆ سەر تەندرو ستی خەڵکە کەی چەند لایەنە بووە.

* خرا پی تێنەگەی شتنی خەڵك لەو کا تەی کیمیا باران دەکر ێت فرە لا یەن بووە وەك :

یەکەم : کاتێك کە چەکەکە نوێ بووە مەبەستمان ئەوەیە ئەو چەکە یەکمجار لە کاتی بەرکارهێنانی بۆ خەڵکی مەدەنی و گوندەکان یەکەم جار بووە لە گو ندەکانی خۆ شناوەتی بەکار هاتووە بۆ یە لەکاتی بەکار هێناد یدا خەڵك زاد یاری لە سەر نەبووەو، وە خەڵکی وەك هەر جارانی پێ شووی قە سفی ناو چەکە بۆ چەکی ئا سایی تەما شایی ڕووداوەکەی کردووە لە کاتێکی شا ئەو هێزانەی ئەو کات لە ناوچەکە بوون هیچ ڕێنما یەکی تای بەت بە خۆ پارێزی بەو چەکەیان نەداوە بە خەڵکەکە ئەمەش بێ خەمی هێزی پێشمەرگەی ئەو کات دەر دە خات کە ڕۆڵ یان نەبووە لە وو شیارکردنەوەی خەڵکی مەدەنی بۆ ئەوەی لە کاتی بەکارهێنانی ئەو چەکەدا ڕێنمایی پێش وەخ تە بدەن بە خەڵك تاکو خەڵك کات ێك ڕوودا نی بەکارهێنانی ئەو چەکە دێ تە پێ شەوە چی بکات یان چۆن چەکی کیم یاوی لە چەکی تر جیا بکەنەوە ئە گەر حکو مەت ئەو چەکەی دڕ بە خەڵکەکە بەکار هێ نا واتا هێزی چەکداری لایەنەکان ئەو کات خۆ یان هیچ زانیار یەکیان لەبارەی ئەو چەکە نەبووە کە ڕێنمایی بدەن بە خەڵك جا یان زانیاریان نەبووە لەو بارە ، یان کەمتەر خەم بوون لە پ ێدانی ڕێ مایی پێش وەختە چونکە ناکرێ لە هات نە پێ شەوەی ڕووداوی لەم شێوەیە خەڵکە کە هیچ زانیار یەکی نەبێت کە چۆن خۆی بپارێزێ.

دووەم : لە کاتی بەکار هێ نانی ئەو چەکەدا کاریگەری چەند لا یەنی هەبووە لە کاتێ کا خەڵك هەبووە نەیتوانیوە لایەنە کاریگەرەکانی سەر خۆی بۆ ئەو چەکە دەسنیشان بکات بۆ نموو نە ئەو چەکانەی بەکار هاتوون لە کاتی کیمیابارانداً چەند جۆرێکی هەبوون و بە پێ ی جۆرە کان کاری گەریان هەبووە، بۆنموونە هەبووە کاریگەری لە سەرچاوو بووە هەبووە کاری گەری لە سەر پێ ست هەبووە، هەبووە کاری گەری لە سەر

بینین و هەبووە، جۆری واش هەبووە کاریگەری لە سەر کۆئە ندامی هەنا سە هەبووە.

خۆ ئە گەر ئەو کا تە خەڵک کاریگەری ئەو چەکانەی جـ یا کردبا یەوە بۆ ئەو کاریگەرا نە ڕێ گای ئا سان هەبوو بۆ خۆ پارێزی و دوورکەوتـ نەوە لە مەترسیەکانی، بەڵام کە کەس هیچی لێ نەزانیووە بۆیە بەم خراپـ یە شکاوەتەوە خاتوو (نەجیـ بە خدر) کە بەر کەوتوویەکی چەکی کیمیابارانی گو ندی (شێخ وەسانانە) ئەو دە لێ لە یە کەم چرکە ساتی لێدانی چەکی کیمیاویدا من کوێر بووم هیـ چم نەدیت ئەوە لە کاتێکا کەسانی تر هە یە ووتوویەتی کاتێك کیمیا باران کراین ناو لووتم زوورا یەوە، کە سانی تر هە یە دە لێ کاتێ بۆنی گازی کیم یایم کرد تەنـ گە نە فەس بووم، لە بەرام بەردا کە سی تر هە یە دە لێ لە کاتی کیمیابارا ندا ئاو بەگوڕ بە چاوەکانمدا هاتە خوارەو و چاوم سوور بوون وەك گۆمی خوێن، ئەمە ئەوەمان پێ دەلێ ئەو چەکەی کە کیمیا یەو دژ بە خەڵکی سڤیل بەکار هاتووە هەموویان یەك جۆر نەبوون و هەر یەکەو چەند جۆرێك بووە، بۆیە ئەگەر خەڵك شارەزایی لە سەر ئەو چەکانە هەبوایە یان لە پێ شدا ڕێ ندمایی مەتر سی ئەو چەکانەو ڕێ ندمایی خۆ پارێزیان وەرگرتـ با بە دڵنیا یەوە کەس تووشی ئەو زیانە قورسە نەدەبوو.

بۆ یە ئەو کات کە گو ندەکانی خۆ شناوەتی لەژێر هەژموونی پێشمەرگەدا بوون دەبوا یە پێ شمەرگەی ئەو کات کە شوێنێکی وەك گو ندی (بالیـ سان) کە سەنتەری کۆ کەرەوەی چەند بارە گای پێ شمەرگەی لایە نەکان بوو تەنا نەت بارەگا یەکی گەورەی وەك مەڵبەندی یەکێتی لەو گو ندەدا بوونی هەبووە چۆن هەوڵیان نەداوە لە بواری چەکی کایمیایی و کاریگەری ئەو چەکە چەند خول و ڕێ ندمایی دەر بـ کەن بەناو گەنج و خوێ ندەوارانی ئەو کاتی ئەو ناو چەیە بە مەبە ستی خۆ پارێزی و، کەمکرد نەوەی زیا نەکانی خەڵکی ناوچەکە لەو چەکە پڕ مەترسیەدا کە هەموومان ئەنجامەکانمان بینی چۆن بە ز یان بە سەر خەڵکی ئەو ناو چەیە تەنا نەت پێشمەرگە شدا بە ز یانێکی گەورە شکایەوە، بۆ یە ئێ مە مەبەستمانە ئەوە بخەیـ نە ڕوو کە ئەو کات خەڵك بە کۆمەڵ مردووە بە کۆمەڵ بریـ ندار بووە خەڵك بە گـ شتی هیچ زانیار یەکیان لە سەر نا سینەوەی ئەو چەکەو هەروەها خۆ پارێزی لەو چەکە نەبووە بە مەش وەك جینۆ سایدێك وەك کۆمەڵکوژیەك ئەو چەکە بە ڕام بەر بە خەڵك ئەنجامدارەوە و زیانەکانیشی بەو وێنە گەورەیە دەرکەوتن.

*** هۆکارە کانی خۆ پارێزی لە لا یەن خەڵکی خۆ شناوەتی لە کاتی کیمیابارا ندا بە بۆ چۆنی خۆ یان بەم شێوەیە ئەنجامیان داوە .**

یەکەم : ئاو

خەڵکێکی زۆری ناوچەی خۆشناوەتی لە کاتی کیمیا بارانکردن لە گو ندەکانی (مەلەکان و وەرێ و بالیسان) پەنایان بۆ ئاو بردووە بۆ ئەوەی کاریـ گەری چەکی کیمیاوی لەسەر خۆیان کەمبکەنەوە لەم بارەیەوە هاوڵاتی (مام عەلی مەلەکی) لە چاوپێکەتنێکدا وو تی ئەو کا تەی کیمیاباران لە گوندی (مەلەکان) ڕوویدا یەکەم جار خەڵك پەنایی بۆ ئاو برد بە چەند ڕێگا یەك، هەبوو پەڕۆی تەڕ دەکرد و بە سەر دەم و چاوی خۆی دا، دەهێ نا هەبوو بە ئاو دەم و چاوی دەشووشتن هەبوو خۆی فرێ دەدایە ناو کاڵ یاو ڕوو بارو سەر چاوەکانی ئاو، هەبوو ئاوی دەپڕژا ند بە سەر بریندارەکان بە بۆ چوونمان وا بوو ئە مە کاریـ گەری ئەو چەکە بە سەر بریندارەکەدا کەم دەکا تەوە لە کاتێ کا ئێ مە نەمانزانی ئەو چەکە کیمیاو یە لەسەر چاوەی ئاوی گـ شتی دراوەو هەموو سەروو چاوەی ئاو هەموو ڕووبارە کەی پیس کردووە بە مەش ئەوەی خۆی بەو ئاوە تەڕکرد زیانی زیاتریان بەرکەوت دە لێ خێزانی خۆم خۆی فرێدایە ناو ڕوو بار بەڵام پێ ستی سوور بووەو تا ئێ ستاش چەندین جار پێستی فرێ داوە بۆ یە ئەو کارە مان بۆ خۆ ڕزگارکردن لە چەکی کیمیاوی هیچ سوودی نەبوو، هیچ دادی نەداین و زەرەرمان لێکرد .

هاوڵاتیەکی گو ندی (وەرێ) وو تی لە کاتی کیمیابارانکردندا زۆریـ نەی خەڵکی گوند هانایی بۆ ئەوە برد بـ چێت خۆی بخا تە کانی مز گەوت و کانی ژ نانی گوندی بەڵام بە پێ چەوانەوە ئەو کارە هیچ سوودی پێنەگەیا ندین بە پێ چەوانەوەو زۆریـ نەیان ئەوەی ئەو کارە یان کرد شەهید بوون و هیچ سوودی نەبوو، هەروەها کۆمەڵێك خەڵك خاوڵی تڕ کردوو دەم و چاوی خۆی پێ سرپیەوە لە کاتی کیمیا باراندا ئەو کا تە

کەمێك لە زیا نەکانی کەمکرد نەوە، لە کاتێکا کە بڕیندارانی چەکی کیمیاوی گو ندی مە لەکان دەگێندرێ نە ڕ یژان یە کەم کار کە بۆ یان ئەنجام دەدەن شووتنی خۆ یان جل و بەرگیان بووە ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێ شووتن و ئاو بۆ چەکی کی ماوی کارێ گەری با شی هەبووە بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو شوێنەی چەکی کیم یاوی لێ بەکار هاتووە ئاوەکەشی پیس بووە، بۆ یە ئەو ئاوە سوودی نەگا یندەووە بە بریندارە کە بەڵکو بە پێ چەوانەوە ز یانی زۆر تری هەبووە، هەروەها بریندارێك لە گوندی (شێخ وە سان) دە لێ پیاو ێك وو تی بەتانیان تەڕ کەن و جە ستەی پێ داپۆشن بە بێ ئەوەی هیچ زانیار یەکی پێش وەختەی هەبێت لەسەر ئەو کارەی بە بۆچوونی خۆی سوودی هە یە بەڵام دوا جار دە لێ تەنها پ لەکانی گەرمی دادە بەزی و هیچ سوودێکی تری نەدەگیاند.

لەو ڕووداوا نە دەگەینە ئەو ئەنجا مەی کە ئەو خەڵکا نەی کە بۆ خۆ پارێزی پەنایان بۆ ئاو بردووە هیچ سوودیان لێ نەدیتووە چونکە هیچ زانیار یەکیان لەو بارە یەوە پێش وەخ تە پێ ندراوە لە کاتێ کا ڕەنگ بێ ئاو وەك چارە سەری کاتی لە بەر کەوتنی چەکی کیمیا یدا سوودی ز یاتری هەبێت هەتا وەك خۆپارێزی.

دووەم : ئاگر

هۆ کارێکی تر کە خەڵك لەکاتی کیمیابارانکردندا پەنایان بۆ بردووە ئاگر کردنەوە بووە لەم بارەیەوە (مام عەلی مە لەکی) وو تی کاتێك کیمیا باران

دەستی پێکرد لە دۆلی مە لەکان خەڵك لە پێش مالی خۆی ئاگری دە کردەوە بەمەبە ستی خۆ پارێزی لە کاری گەری مەترسی چەکی کیم یاوی، ئەو دە لێ کاتێك دوکەڵی کیم یاوی بەری ئا سمانی دۆلی مەلەکانی گرت بوو تێ کەڵ بوو بوو لەگەڵ ئەو دوکەڵی ئەو ئاگرەی کە خەڵك لە شوێنە گ شتیەکان بە مەبە ستی خۆ پارێزی ئاگرە کەی هەڵیکردبوو، ئەو دە لێ من گوێم لە دەن گی هە ندی پێشمەرگە بوو بە ڕا کردن بەرەو شاخ دەڕۆ یشتن و هاوار یان دە کرد خەڵکی نە ئاگر بکە نەوە و لە دەوری کۆبب نەوە دەورەی لێ بدەن بۆ ئەوەی غازی کیم یاوی کار تان لێ نەکات بەڵام من خۆم یەکێك بووم لەوا نە ئاگرم کردووە بەڵام هیچ سوودی نەبوو بە پێ چەوانەوە خرابتر بوو بۆ خەڵکەکە، من ئەو کا تەم لە بیرە کاتێك کیمبارانی گو ندی (وەرێ) دەستی پێ کرد کە سانێك هەبوون لە ناحیەیی (سەروچاوە) لەبەر دەم مالی خۆیان ئاگر یان کردووە لەوا نە (مام زرار بەگ بێراوەیی) کە ئاگری کردووە ئەو کات هاو سێمان بوو کاتی ئاگری کردووە ووتی بۆیە ئەو ئاگرە دەکەمەوە چونکە ئەو بۆ نەی کیمیاو یە دەگا تە ئێرە هەتا کارمان تێ نەکات ئەوە بۆ یە ئەو کارە دە کەین بەڵام لە ڕا ستیدا ئەوە هە لّە بوو چونکە لە بن چینەدا کاریگەری کیمیاوی گوندی (وەرێ) بۆ گو ندی(سەرو چاوە) هیچ بوونێکی نەبوو.

هەروەها شەهید حاجی شێخ وە سانیش لە سالی (١٩٩٦) بۆ م نی باس کرد ووتی کاتێك گو ندی (شێخ وە سانان) بۆردوو مانکرا بە چەکی کیم یاوی بیرۆکە یەکی وا هەبوو خەڵك ئاگر بکاتەوە زۆر باشە بۆ خۆ پارێزی بەڵام ئەو کات خەڵك ئەوەندە بریندار بوون بێ سەرو بەری ڕوو یدا کەس فر یایی ئاگر کردنەوە نەکەوت .

سێ یەم : خانوو.

خانوو یەکێکی تر بوو لە هۆکارە کانی خۆ پارێزی لە کاتی کیمیا بارانکردنی گو ندەکانی خۆ شناوەتی لەم بارە یەوە هاولاتی (مو حەمەدی مەلا شێخ بالیسانی) ووتی لە کاتی کیمبارانکردنی بالیو ساندا خەڵکانێك هەبوون دەڕۆیشتنەوە خانووەکان و لە خانوودا ئەوان دەرگاو پەنجەرەیان دادەخ ستن و

لە ژووڕەوەش بە بەتانی خۆیان دادەپۆشی بەمەبەستی خۆپارێزی لە زیان گەیاندنی چەکی کیمیاوی بە ئەندامانی خێزانەکانیان ئەو دەڵێ ئەو کارە کارێکی باش بوونا ماژە بەوە دەکات کە خێزانی شەهید (فەتحوللا بالیسانی) بێ ئەوەی هیچ زانیاریەکی لە کەس وەربگرتبێ یان زانیاری لەسەر ئەو کارە هەبووبێت ئەم کارەی لە ماڵی خۆی ئەنجام دا بوو، منداڵەکانی لە ژووڕەوە دانابوو وە دەرگای داخستبوو وە پەنجەرەکانیشی داخستبوو ئە مە تا ڕادەیەک بەڕای من کارێکی باش بووە بۆ ئەوەی چەکی کیمیاوی کارت تێ نەکات.

هەروەها خاتووە (صەدریە) لە دۆڵی مەلەکان و لە یەکێك لە گوندەکانی ئەو دۆڵە ووتی :

کاتێك زانیمان چەکی کیمیاوی لە گوندە کەمان درا هەر بە فکرەی خۆم باوکم کە بەتە مەن بوو لە گەڵ ئەو منداڵەی خانەوادەی خۆم لە ژووڕەوە دانیشتین و دەگاو پەنجەرەم داخستن بۆ ئەوەی چەکی کیمیاوی یان کار تێ نەکات هەرچەندە من ئەو کارەم لە کەس گوێ لێ نەبوو بوو بەڵام پێم وا بوو کارێکی تەندرو ستەو جێ گای خۆی دەگرێت و، کاری خۆیشی کردو سوودمان لێ بینی، ئەو ووتی ئاوێشمان بەکار هێنا لە ڕێگای خاوڵی تەڕکردنەوە و وە هەروەها چاو شوو شتن و جل گۆڕینیشمان ئەنجامدا.

هەمان کار لە گوندی شێخ وە سانان ئەنجامدراوە خاتوو (نەجیبە) یەکێك لە بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی بۆمان دواو ووتی :

خەزوورم لە خانوو کەوتبوو بە هۆی کاریگەری چەکی کیمیاوی بە بەتانی لە ژووڕەوە خۆی داپۆشیبوو دەرگا شی لەسەر خۆی داخستبوو، من کە سێکم بەدوادا نارد ووتم با بێت پێکەوە بچینە خوارێ بۆ چارەسەر بەڵام ئەو ووتبووی لە ژووڕەکەم دەرگام لە سەر دا بخەن و بەتانییێکی تری ز یادەم پێ دا بدەن ڕەنگبێ ئەو چەکە کارم تێ نەکات لە ژووڕەوە بەڵام بەداخەوە هیچ سوودێکی نەبوو ئەو خەزوورەم شەهید بوو بە هۆی کاریگەری چەکی کیمیاوی و، ئێستاش دیمەنەکانم هەر لەبەر چاوە.

ئەوەش بۆمان دەر دەخا کە مانەوە لە ژووڕەوە بەمەبەستی خۆ پارێزی لە چەکی کیمیاوی بنەما یەکی زانستی وورد ی یە و، ئەوە خەڵکا نەی ئەو کارا نەی ئەنجام داوە هەر بە بیرو بۆچوونی خۆیان بووە، بیروو بۆچوونی ئەوانیش ئامانجە کەی نەپێکاوەو ئەو چەند ڕووداوا نەی گێڕناما نەوە ڕا ستی ئەو ڕووداوانەمان بۆ دەسەلمێنن .

چوارەم : نۆینە.

نۆینە : بریتیە لە تونێلێکی در ێژی باریکی نزم کە لە شێوەی جۆگە یە بە بەرد هەڵنراوە زۆر نزمە بەمەبەستی ئاو داپۆشین درو ستکراوە، لە گو ندی (وەرێ) کاتێك کیمیا بارانی لە گوندە ست پێ دە کات خەڵکە کە دەبێ تە دوو بەش بە شێکیان دەڕۆن خۆیان فرێ دەدەنە ناو ئاوی گوند وا تا کانی مز گەوت و کانی ژ نان ئەوا نە هەموویان شەهید دە بن چونکە ئاوەکەش خۆی پیس بوو بوو بە چەکی کیمیاوی، بەڵام خەڵکانێك دە چنە ناو ئەو (نۆینە) خۆیان دە شارنەوە هەر هەموویان سەلامەت دەر دەچن ڕەنگبێ ئەوە کارێکی خودایی و بێت و خوا ڕە حمی پێ کردن شەهید نەبوون، ئەگیان ئەو کارەش لە ڕووی زانستیەوە هیچ بەڵگە نامەیەکی لەسەر نیە کە ئەو شوێنە بۆ خۆپاراستن لە چەکی کیمیاوی بۆ خۆپارێزی بەکار بێت ، ئەو (نۆینە) بە بەرد دروست کراوەو ژێرەوە شی ئاو بووە ئەمەش کاریگەری هەبووە لە سەر سووکردنی کاریگەری ئەو چەکە لە سەر ئەو خەڵکە ڕەنگبێ ها نا برد نی خەڵکی لە کاتی کیمیا باران بۆ شوێنێکی وا تە سك و ناخۆش ئەو پەڕی ترس و نائومێدی بووبێت .

پێنجەم : جل گۆڕین

لە کاتی کیمیا بارانکردنی گو ندەکانی خۆ شناوەتی بە بێ ئەوەی هیچ ڕینما یەکی پێش وەخ تە هەبێت یان زانیاریەکی پێش وەخ تە هەبێت لە سەر جل گۆڕین کە سانێك هەبوون لە کاتی کیمیبارانکردنا پەنایان بردووە بۆ جلێ گۆڕین و جل فرێدان بۆ ئەوەی کاریگەری ئەو چەکە لە سەر خۆ یان کەمبکە نەوەو ئەو دیاردەیەش لە زۆر شوێن ڕوو یداوە لە گوندی مە لەکان هاوڵاتی (صەدریە) دەڵێت کاتێك کیمیا مان ل ێدرا م ندالی خا نەوادەی خۆ مان لە لای من بوون هەستم کرد ئەو چەکەی قە سفی پێ کرا چەکێکی ئا سایی ن یە بۆ یە بەنا چاری پەنام بۆ کۆمەلێك ڕێگا برد یە کەم جار چاوی منداڵەکانم و خۆم شوو شت، د یارە سوودی نەبوو، دوا یی چاومان زووراوەو تەنگەنە فەس بووین ئاو مان لە قورگی خۆ مان کردوو غەڕ غەڕەمان

پێکرد هەر سوودی نەبوو، ووتیان ئاگر با شە بیکە نەوە ئاگر مان کردەوە هەر سوودی نەبوو، دوا جار پەنام بردە بەردامالّینی جلەکانیان و جلم بۆ گۆڕین بۆ سەرجەم منداڵەکان لەو کا تەدا هەستم کرد کاریگەری ئەو چەکە لە سەر منداڵەکان زۆر کەمبووە تەوە، هەر لەو بوارەشدا کەسێکی دۆڵی مە لەکان وو تی کاتێك بەر چەکی کیمیاوی کەوتین بە پشتی ووڵاخ گوازراینەوە ووڵا تی ئێران بە چیایی قە ندیل دا تێپەڕین، کاتێك گەیشتینە ووڵاتی (ئێران) لیژنە یەکی پزیشکی هاتنە لا مان یە کەم کار کە کردیان هەموو جلەکانیان لە بریندارەکان لا بردو ووتیان دەبوا یە یە کەم چرکە ساتی لێدانی چەکی کیمیاوی ئەو کارەتان کردبا چوونکە ئەو چەکە لەسەر ئەو جلانە نیشتووەو کاریگەری خرا پی بە جێهێڵ شتووە لە سەر جە ستەی بریندارەکان، هەروەها هاوڵاتی یەکی گوندی (وەرێ) وو تی ئێمە لە ماڵی خۆ مان کاتێك کیمیا یمان بەر کەوت بە خێرا یی جلی هەندێ منداڵم زوو گۆڕی بەڵام نەمتوانی هەموان جلەکانیان بگۆڕم ئەوەی جلم بۆ گۆڕیبوون زۆر با شتر بوون لەوا نەی جلیان بۆ نەگۆڕابوو، هەروەها خاتوو (حەلیمە شێخ وەسانی) یەکێك لە بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی کە ئێستا لە ژیا ندا نەماوە بە هۆکاری کاریگەری ئەو چەکە شەهید بوو، وو تی کاتێك خکو مەتی عێرا قی ئێمەی لە سجنی هەولێر گواستەوە نزیك خەلیفان خەڵکی ئەو ناوچەیە کە ئێمەیان بردووە ماڵی خۆیان یەکەم کار جلیان بۆ گۆڕین و جەستەیان شوو شتین یەکسەر هەستمان کرد کە جەستەمان خۆشبووەو هەستمان بە مورتاحی کرد.

ئەو ڕێگا خۆپارێزیەیی کە نموونەمان لە سەر هێناوە یەوە ڕێگا یەکی تری خۆپارێزی خەڵکە کە بووە لە مەترسی کاریگەری چەکی کیمیاوی بەڵام لە بەر ئەوەی کارە کە زوو نەکراوەو بە بنەمایەکی زانستی ووردا تێ نە پەڕیووە بۆیە وەك پێویست کاریگەرە با شەکانی لە سەر بریندارەکان دەرنەکەوتووەو ئەگەرنا ئەوە لە ڕووی زانستی پزیشکی ڕێگا یەکی ساخڵەمەو تەنا نەت کالتێك کە سێك بە سووتانێکی ئاسیی دە سووتێت دەبێت جلی لە بەر دابکە ندرێ چ جای کە سێك گەر بەر چەکی کیمیاوی بکەوێت.

شەشەم : ڕێشتن بە پێچەوانەی هەوا

ڕۆیشتن بە پێچەوانەی هەوا یەکێکی تر بووە لەو ڕێگایەیا نەی خەڵك بۆ خۆ پارێزی بەکاری هێناوە لە کاتی کیمیابارانکردنی ناوچەکەیان وە لە زۆر شوێن سوودی باشی هەبووە هەرچەندە هیچ ڕێنمایەك و زانیاریەکی پێش وەختە نەبووە لەو کاتەی کە ئەو هەنگاوە باشە بنرێ بۆ دوور کەوتنەوە لە کاریگەری چەکی کیمیاوی بەڵام دیارە وەك بیرو بۆچوونێکی ئێو خەڵك ئەو هەنگاوە نراوە و کاریگەریشی هەبووە بۆ نموونە (مام عەلی مە لەکی) دە ڵێ کاتێك کیمیابارانی گوندی (سەروچاوەی باران) کرا لە دۆ ڵی مە لەکان هەندێ پێشمەرگەم دیتن بە پێچەوانەی با بەرەو بناری شاخ ڕۆیشتن و هاواریان دە کرد و دەیان ووت خەڵکینە ئەوە ئاراستەی با لەسەروە بۆ خوارەوەیە خۆتان لەو با یە لادەن چونکە کیمیایی هەڵگرتووە هاواریان دەکرد مەکەونە پێش با و بە پێچەوانەی ئەو با یە بارگاویە بە کیمیا بڕۆن زۆر مەترسی دارە دە ڵێ ئەوا نەی ئەو ڕێگەیان هەڵبژارد زۆر سەرکەوتوو بوون، هیچ کاریگەری چەکی کیمیایان بەسەرەوە نەما توانیان خۆیان ڕزگار بکەن، هەروەها خوالێخۆشبوو مامۆستا (مەلاجەمال وەریی) وو تی لە کاتی کیمیا بارانکردنی گوندی (وەرێ) خەڵکانێك هەبوون کەوتنە پ ێڕەوی ئارا ستەی با زۆرینەیان شەهید بوون بەڵام کەسانێك هەبوو بە پێچەوانەی باڵی بارگاوی بە چەکی کیمیاوی هەنگاویان نا ئەوانە کەمتر کاریگەری چەکی کیمیاویان بەسەرەوە دیار بوو، هەمان کار لە ناو گوندی (بالیسان) ڕوو یدا وە لەم بارەیەوە ئافرەتێك ووتی کە کیمیا لەناو گوندە کەمان درا دوو کەڵی کیم یایی هاتە خوارێ بەرەو خوارەوە زۆر ئاسان بوو بتوانی خۆی لە بەر لادەی هەندێ کەس ئەو کارەیان کرد باش بوو، بەڵام هەموو کەس نەیتوانی ئەو کارە بکات و خەڵکانێکی زۆر کەوتنە بەر ئەو شەپۆلە بایە کە کیمیایی هەڵگرتبوو دەست بە جێ شەهید بوون.

بۆیە ئەو ڕێگا خۆپارێزیەی ئەو خەڵکە لەو کاتەدا بە بیری خۆی بە بۆچوونی خۆی کردوویەتی کاری لە سەر کردووە بێ ئەوەی زانیاری لە سەر ئەو بابەتە هەبێت بیرێکی چاکی ئەو خەڵکە بووە لەو کا تەدا کە هەستیان بە مەترسی ئاراستەی بای بارگاوی بە کیمیا کردووە ئەوەش جارێکی تر چووتە کارێکی

خۆپارێزی لە غازی کیمیاوی لەو کاتەدا و تا ڕادەیەکیش هەر چەندە کارێکی قورس بووە بەڵام باش بووە و زیانەکانی کارێگەری چەکی کیمیاو یان لە سەر خۆیان کەمکردۆتەوە.

حەوتەم باران بارین .

باران بارین وەک هۆ کارێکی تری خۆ پارێزی و، ڕە حمی خوای گەورە بەرام بەر چەکی کیم یاوی لە لا یەن خەڵکی خۆشناوەتی ئەو کاتەی هە ست بە سوودەکانی کراوە لەو کاتەی بە چەکی کیم یاوی لێ یان دراوە خەڵکانی بڕێ ندار بە با شترین ڕێ گای نەمانی کارێگەری چەکی کیم یاوی چاویان لێکردووە بە وو تەی ئەوا نە ئە گەر ئەو بارا بارێ نە دوای چەکی کیم یاوی کە باریوە گەر نەباریبا کارە ساتەکە زۆر گەورەتر دەبوو

لە دوای کیمیا بارانکردنی گو ندی (بالیسان و شێخ وەسان) کە بە فڕۆ کە ئەنجام دەدرێ هەمان ڕ ێوارەش دوای قە سفی فڕۆ کەی جەنکی دوا تریش فڕۆکەی هەلی کۆبۆتەر د ێت دەورو بەری گوندو ڕێگا سەرەکیەکانی گو ند کیم یا باران دەکات بۆ ئەوەی ئەو خەڵکا نەی کە بیا نەوێ بۆ خۆ پارێزی لەناو گو ند ب چنە دەرەوەی گو ند بە هۆی ئەو قە سفەی هەلی کۆبتەرا نەوە ئەو ئوم ێدەیان نەمێنێت کە ڕابکە نە دەرەوەی گوند

لەم بارە یەوە خاتوو (نەجیە بە خدر ئە حمەد) وەک بڕێ ندارێکی چەکی کیمیاوی ووتی دوای ئەوەی کیمیا باران کراین وەک خوای گەورە ڕەحمی بە ئێمە کردب ێت بارانێکی ڕە حمەتی بارانی بەسەر گوندو دەورو بەردا باراند ئەمەش کارێ گەری چەکی کیم یاوی لە سەر کەمکردینەوەو وەک بڵێ ی گوندە کەمان و دەورو بەری شۆرابێتەوە وا یە ئە مەش هۆکارێکی باش بوو کە خودای گەورە کاریگەری ئەو چەکەی لەسەر خەڵکە کە لابردو گوندەکەمان شۆرایەوە لە تۆزی نیشتووی چەکی کیمیاوی .

هەروەها هاوڵاتی (مام عەلی مە لەکی) وو تی کاتێك گو ندی (مە لەکان) و گو ندەکانی ئەو دۆ لێ مە لەکان کیمیا باران کرا ئەو چەکە دو کەڵێکی زۆری هەبوو بە سەر گوندە کەدا ها تە خوارەوەو لەگەڵ پیسبوونی سەرچاوەی ئاوەکان کە هەندێ کانی و ڕوو بار بوون بەمەش خەڵك قەتیس ما لە ناو ئەو غازە خەستەی کیمیاویدا کەس نەیتوانی هیچ بکات بەڵام وەک خوای گەورەی ڕە حمی بە خەڵکەکە کردبێت باران بارین دەستی پێ کردو هەموو ناو چەکەی شوو شتەوە

بەم باران بارێ نە خەڵکێکی زۆر کارێ گەری ئەو چەکەی لە سەر نەما، لە مەوە بۆ مان دەردە کەوێت کە باراڕ بارینی دوای بەکار هێ نانی چەکی کیم یاوی لە ناو چەی خۆ شناوەتی کارێ گەری با شی هەبوو لە پارا ستنی خەڵك بۆ ئەوەی مەترسی ئەو چەکە کەمبێ تەوە لە سەر جە ستەی خەڵك و پاکردنەوەی ژینگە.

هەشتەم : دەرمانی کوردەواری.

لە کاتی کیمیا بارانکردنی ناو چەکە کە سانێك هەبون هەوڵیان داوە خەڵکی بڕێ ندارى کیم یاوی بە ڕێگا یەکی سروشتی لە کاریگەری خراپی ئەو چەکە ڕز گار ب کەن لەم بارە یەوە هاوڵاتی (سەعید مام عەبدوللاً هەرتەلی) ووتی ئەو کا تەی کیمیا بارانی گو ندی وەرێ دەستی پێکرد ئێمە خاوەن مەڕداربووین لە نز یك گوندە کە لە ذ ێوانی گو ندی (وەرێ) و گو ندی (بێنا تان) کاتێ بڕیندارەکان بەلای مالّی ئێمەدا هاتن و ڕا یان دە کرد زۆرێ نەیان بڕێ ندار بوون ئەو کا تە من و خێزانە کەم و منداڵەکانمان دە ستمان کرد بە مەڕ دۆشین هەر بڕێ ندارێك هات هەریە کەو پەرداخێکی شیری تەڕمان دەدا نێ زۆرینەیان ئەوەی شیرەکەیان خواردەوە لەسەدا هەشتای کاریگەری ئەو چەکەیان لەسەر نەما هەروەها لە ناو مالّی خۆم هەندێکیان بە ئاوی شلە تێن ناو دەم و چاوم شوو شتن وە بە ک لی حەجێش چاومان پاك کردنەوە.

هەروەها (مام عەلی مە لەکی) دە لێ کاتێك گوندی ئێمە کیمیابارانکرا هە ندێ خەڵك هەبوون شیری تەڕی مانگا یان خواردەوە زۆر سوودیان لێ بی نی، هەندێکیشیان بە چەوری دوونگی مەڕێ ئەو شوێنانەی خۆ یان چەورکرد کە سووتابوو سوودیان لێ ب ینن هە ندێکی تریش گیایی نەعنا واتە گیایی پونگیان دەکولاً ندو ئاوەک یان دە خواردەوە تەنگەنەفەسیان نەدەما، هەندێ خەڵکی تریش هەبوو جۆرە گیا یەکیان دەهێ نا کە لە نزیك ڕووباران شین دەب ێت کاتێك دەستی لێ دەخشێنی کەف دەکات وەک سابوون وا یە ، ئەو شوێنانەیان پێ دەشوو شت کە کارێ گەری چەکی کیمیاوی بە سەرەوە هەبوو، ئەو کا تە ئازارو سووربوونەی کەم دە کردەوە، ئافرەتێکیش هەبوو لە (مازی شین) و

لە تۆزی (گلاون و لە قە نەفڵ) بە تێ کەڵکردنی لە گەڵ دووز کی مەڕ کە هەمووی ل یێك دەدا شلەیەیەکی وەك مەڵ حەم درو ست دە بوو جە ستەی ئەوانەی پێ چەور دەکرد کە جە ستەیان سووتابوو بە چەکی کیمیاوی، سوودی زۆری هەبووە بۆ خۆڕز گارکردن لە سووتان بە چەکی کیم یاوی لە سەر جەستە، هەروەها هەندێ کەسی تریش هەبوون گ یا (تەڕە بەنیان) دەهێ ناو دە یان کولاڵ ندو وە ئاوە کەیان دە خواردەوەو سوودی هەبوو بۆ تەنگەنەفسی بە چەکی کیمیاوی، ئەمەو چەندین خەڵکی خاوەن شارەزا لە درو ستکردنی دەر مانی کوردی ڕۆ یان گ یڕا لە کەمکرد نەوەی ئازاری ئەو کەسانەی کەوا جەسەتیان سووتابوو بە چەکی کیم یاوی و چاویان توو شی پێکەوەنوو سان بوو بوو کەوا چارە سەرێکی کاتیان بۆ درو ست دەکردن کە د یارە ئەو کارا نە هەر بە بیری خۆ یان ئەنجا مداوە مەرج ن یە کارەکانیان ڕاست بووبێت ، چونکە من گوێم لە (شێخ مەحموودی تارینان) بوو وو تی هەر کە سێك کە تەنگەنەف سی هەبوو لە کاتی چەکی کیمیاو یدا ئەوا ئێمە چەلاوی گۆ شتی کەلە شێرمان پێ دەدا تەنگەنەفە سی نەدەماو شیری بزانن شمان دە کردە چاوی گەر چاوی پێکەوە نووسابا چاوی دەبوونەوە ئەوە وەك خۆی ئەو بۆچوونەی هەبوو وە ئەو کارەی کردبوو.

نۆیەم : لابردنی پاشماوەی چەکەکان .

خوالێخۆشبوو (فەقێ شێخ وە سانی) جارێک یان وو تی کاتێك لە شەڕی سەرکردایەتی گەڕان نەوە و زانی مان ناو چەکەمان کیمیا بارانکراوە کاتێك گەیشتمەوە ناو گوند بەسەر ئەو گو ندە خاپوورەدا کەوتم سەرم سوڕما یە کەم شت کە وی ستم دەستی بۆ ب بەم وی ستم ژیان بۆ ئەو گوندە بگێڕمەوە ئەویش بە خاوێنکردنەوەی گوند دەستم پێکرد لە پاشماوە کانی چەکی کیم یاوی جۆکارەکانی تر.

هە ستام چی بااڵ ندەی مردارەوە بوو کۆمکردەوە چی پا شماەی بۆم بو قومبەلەی ئەو چەکە ژەهراو یە هەبوو کۆمکردەوە لە شوێنێك تا ناو گوندم بە تەواوی پاکردەوە دواتر بە سووتاندنی پاشماوە کان و، پا ماڵینی ئەو کەل و پەلا نەی کە بۆنی ئەو چەکەیان لێ دەهات بەمە توانیم ئارامی و ئۆقرەیی و ژیان بۆ ئەو گو ندی (شێخ وە سانان) بگێڕمەوە لە لایەك لە لایەکی تریش وەك هۆکارێکی خۆپارێزی کە ئەو پاشماوا نە کارە گەری خەراپی نەمێنێ لە سەر تەندروستی ئەو کە سانەی دەگەڕێ نەوە ناو گوند جێ بە جێ ب کەم کە ئە مەش لە ڕووی دەروون یەوە زۆر باش کاری خۆی کرد، وە هەروەها لە ڕووی تەندروستیشەوە ئەنجامی با شی هەبوو بۆ گێڕا نەوەی ژ یانی ئا سایی بۆ ناو گوندو خەڵکی هێور کردەوە هەر چەندە من لە هیچ خوا یێك یان شوێنێك وەك زانست ئەو زانیاریەم پێ نەووترابوو یان زانیاری پێش وەخ تەم لە سەریان نەبوو .

دەیەم : دەرمان و دەرزی.

بۆ مەسەلەی داو دەرمان پێش وەخ تە هیچ دەرماز یێك لەناو خەڵ کدا دا بەش نەکراو بەمەبە شتی خۆ پارێزی لە مەتر سی ئەو چەکی کیم یاوی وەك دەرزی قی ناع و قەترەو سابوونی تایبەتی خۆشووشتن، لە کاتێکا هەموو لا یەك دەیزا نی کە مەتر سی بە کار هێنانی ئەو چەکەیە هە یە بەاڵم ئەوەی زا نراوە هە ندێ لە پێ شمەرگەکانی ئەو کات جۆرە دەرز یەکی پ یدراوە تا لە کاتی مەترسی هەبوونی چەکی کیمیاویدا بە کاری بهێ نێن لە دیمانە یەکا کە (سەنگەر وەر یی) لە گۆ قاری شانزەی

چوار ژمارە (٥) کردوو یەتی دە لێ من ئەو کات دەرز یەکم پ یدرا بوو وەک پێ شمەرکات ێك زا نیم چەکی کیم یاوی بەکار هاتووە لە ڕانی خۆم دا زیانم پێ نەگەی شت، هەروەها هە ندێ لە پێشمەرگەکانیش قیناعیان پێدراوە بۆ ڕۆژی تەنگا نە بەلأم ئەوەی تێبی نی کراوە هیچ کە سێك پێ شمەرگەیەك یان کەسێك لەو کاتەدا نەدیتووە قیانعی دژی چەکی کیمیاوی بە کار هێنابێت بۆیە پێ دە چێ دابە شکردنی قی ناع و دەرزی تای بەت بە چەکی کیم یاوی ئەو کات ئەگەر هەشبووبێت بە ڕادە یەکی کەم و بە ڕێژەیەکی دیاریکراو بووە.

گوێم لە هاولاتی (غازی ڕەفعەت) بوو ووتی ئەو کاتەی چەکی کیم یاوی بەکار هات کە من لەکاتەدا لە ڕێکخستن بووم ڕا سپێردرام بە زوو ترین کات دەرزی (ئەترۆپین) مەرهەمی چاو بۆ حەسا سیە پە یدا بکەم بەلأم من نەمتوانی ئەو دەرمانا نە لە کاتی خۆ یدا بگەینە مە شوێنی مەبە ست کە داوام لێکرا بوو هەر چەندە هە ندێکم پە یداکردبوو ،

هەروەها کارمە ندی تەندرو ستی (مەحمود سدیق) لە گو ندی (سەرو چاوە) دە لێ کات ێك بریندارانی کیمیاوی گو ندی (وەرێ) گەیە شتنە بن کەی تەندرو ستی (سەرو چاوە) یە کەم کار کە بۆ مان کردن دەرزی (ئەترۆپین) و مەرهەمی سووتانەوەی پێست و قەترەی چاو بۆ حەسا سیی لە گەڵ شروبی تەنگە نەفەسیمان بە بریندارەکان دا ئەوەی زوو ئەو چارە سەرەی وەر گرت زۆر باشتر بوو لەوانەی درەنگتر وەر یان چارەسەری گرت.

هەروەها (موحە مەد شێخ ئە حمەد بالیسانی) لە دیمانەیەك دا کە ئەنجامم داوە وو تی لە کاتی کیمیا بارانکردنی گو ندی (بالیسان) تا کە بن کەی تەندروستی شۆڕش لە گوندی (خەتێ) بوو کاتێك ئێمە چووین هەندێ چارەسەر بۆ بریندارەکانمان بهێنین ئەو بنکە یە هیچ چارە سەرێکی وای لێ نەبوو کە بتوانرێت بریندارەکان لە مەترسی ڕزگار بکات جگە لە هە ندێ ئاوی مو غەزی و هەندێ پاکەرەوە کە ئەوە نەچارە سەر بوو وە نەخۆپارێزی هەرچەندە دکتۆر (زر یان) بە قەدەر توا نایی خۆی چی لایبوو پێ ی دا ین، بەلأم (مام عەلی مە لەکی) دە لێ لە کاتی کیمیا بارانی گو ندی (مە لەکان) لە ئە شکەوتێك دەر مانی هە مە جۆر هەبوو بۆ بریندارەکان وەك قەترەو دەرزی و مەر هەم و شڕوب و زۆریە نەیان چارە سەری سەرەتاییان بۆ کرا هەرچەندە چارە سەرەکە زۆر کاریگەری نەبوو ئەوەی زۆر کاریگەری چەکی کیمیاوی لێکرا بوو کاری لێکرا بوو هەر دەمرد.

یازدەیەم : ئەشکەوت.

دوای دابە شکردنی کورد ستان بە سەر چوار دەوڵەتی دا گیر کەری (عێراق و ئێران و تورکیاو سوریا) دوای هاتنەدی ڕێ کەوتنی سایکس بیکۆ ئەو کا تە سڕینەوەی کورد جوانتر هەستی پێکراوە و، کورد کەوتۆ تە بەر هەڵ مەتی سڕینەوەی دەوڵە تە داگیر کەرەکانی کورد ستان لە ڕاگوا ستن و، جینۆ سایدکردن و، لەناوبردنی بە کۆ مەڵ و، تالأن کرد نی سەروەت و سامان و سووتماك کرد نی خاکە کەی بۆ یە هەمیشە گەلی کورد بۆ هێ شتنەوەی نا سنامەو ما نەوەی و، بەرگریکردن لە خۆی پەنای بۆ زۆر ڕێ گای هە مە جۆر بردووە تا هەم بە بەهێزی بمێنێتەوە هەمیش بەرگری لە مانەوەی خۆی بکات یەکێك لە ڕێگا کان بەکار هێ نانی (ئە شکەوتە) ە کە هەمیشە ڕێگای ئاسان بووە لەم بوارەدا. کوردستان بە هۆی، گەورەیی و فراوانی

روو بەری زەویە کەی، هەبوونی دە یان شاخ لە لە سەر خاکە کەی لەناو ئەو شاخانانەش دەیان ئەشکەوتی بچووک و گەورەو هە مەجۆرو هە یە کە ئە مەش وایکردووە هەمیشە ئەو شاخ و ئەشکەوتانە ببێتە پەناگەیەك بۆ ئەوەی خەڵکی زۆ لێ کراوی کورد ستان بۆ ما نەوەی خۆی و خۆ پارێزی بەکاری بهێنێت و، هەمیشەش هەروای کردووە کاتێك ترس لە سڕینەوەی و، مەترسی لەسەر دروست بووە ئەوا یەکمجار پەنای بۆ شاخ دوا تریش پەنایی بۆ ئەشکەوتەکان بردووە ئە مەش ها ندەرو ڕێ گا پێ شاندەر بووە بۆ سەلامەتی خۆیان و، خۆ پارێزیان.

هەربۆیەش ئەشکەوتەکان و، شاخەکان مالێکی ئاوەدان و قایم و، خۆشەویست و سەنگەری بە هێزی ما نەوەی گەلی کورد بوون، بە ئێستا شەوەو هەر بۆ یەش هەمیشە وو تراوە شاخەکان دۆ ستی یە کەمی کوردن و، لە شاخەکانیش ئە شەکەوتەکان هەم مالێ کورد و هەموو سەنگەری ما نەوەی کوردن و، شوێنی بەرگری سەر سەختی کردن و بە گژا چوونەوەی دوژمنەکانی بوون.

ناو چەی خۆ شناوەتی وەك ناو چەیەکی گرنگی ململا نەیی شەڕو ئا شووب وەك بەرگریەك لە گەلی کورد و ما نەوەی بە بەهێزی وەك هەر ناوچەیەکی کورد ستان شاخ و ئە شکەوتی بەکار هێ ناوە لە پر سی خۆپارێز یدا کە بە سەختترین ناوچەکەو گەرمترین شوێنی کورد ستان دادەنر ێت لە ڕووداوە گەرمەکا ندا، بە هۆی هەڵکەوتەی شوێنەکەی و، فراوانی ناو چەکەی و، سەختی شوێنەکەی و، دەوڵەمەندی خاکە کەی لە بواری سەرچاوەکانی ژیاندا ئەمەش وایکردووە هەمیشە دوژمنەکانی چاوی تەماعیان تێ ببڕن هەر ئەوەش وایکردووە هەر شۆڕشێك هەر سەر هەڵدانێك کە درو ست دەبێت بە بێ ناو چەی خۆ شناوەتی کە پاڵپشتی نەکات سەر کەوتوو نابێت .

کاتێك کە کیمیابارانی خۆ شناوەتی وەك پڕ مەترسیترین چەك دژی خەڵکە کەی بەکار هات هەر شوێنەو هەر گو ندە بە جۆر یێك ئە شکەوتی وەك هۆ کارێکی خۆ پارێزی بەکار هێ ناوە جا خەڵکی گوندی (باليسان) بۆ خۆ پارێزی لە چەکی کیمیاوی کە بە سەریاندا بارا ندن پەنا دە بن بۆ ئە شکەوتەکان وەك خۆ پارێزی لە چەکی کیم یاوی لەم بارە یەوە هاوڵاتی (مو حمەی شێخ ئەحمەدی باليسانی) دەڵێ :

(کاتێك کیم یا لە گو ندی باليسان درا ئەو کاتە لەوێ نەبووم شەو هاتمەوە ناو گوند تەماشم کرد ناو گو ند زۆر چۆڵە ووتم ئەو خەڵکە بۆ کوێ چوو، ووتیان خەڵك هیچ ڕێگا یەکی شك نەبرد بۆ خۆ پارێزی ج گە لە پەنا بردن بۆ ئە شکەوتەکان ، ئەو کا تە خەڵك هەمووی کوێر بووە، کاتێك ها تمە ناو گو ند ووتم ئەی ئەو خەڵ کە بۆ کوێ چووە ووتی هەموویان پەڕینەوە چیایی ئەو بەری گو ندی (باليسان) ، ئەشکەوتێکی گەورەی لێ یە، بە خۆم و بەکاك (یا سین باليسانی) پێ کەوە ڕۆیشتین لە (زار گەلی ئە شکەوتی) لە خوارەوە ئە شکەوتێکی گەورەی لێ یە نزیکەی جێ گا سەدان کە سی تێدا دەبێتەوە نەگیشتبووینە ئەوێ دیتمان تراکتۆر لە ڕێگادا دیار بوون دە هاتن، بۆ بنارى ئەو چیایەیی ، منیش ووتم کاك (یاسین) ئەوە شتێك قەوماوە بۆیە تراکتۆر هاتوو نە، بە دوایا ندا چووین گەیشتینە تراکتۆران وو تمان ئەوە چی بووە ؟ د یاربوو خەڵکی گو ندی (باليسانی) بە بڕیاری زۆر لەو ئە شکەوتانە بوون برادەرا نی (باليسانیێ) کە هە ستی ئێمەیان کرد و ئێمە ئەو بریندارا نەمان لەو ئە شکەوتە دیت دیتمان کەس چاویان هیچ نابینێ وە هەموویان کوێر بوو بوون، هاواریان کرد ووتیان ئێوە لە کوێ بوون ئەوە بوو هەندێکمان بەو تراکتۆرانەی لەوێ بوون ڕوا نە کردن بۆ گو ندی (دەراش و بێتوا تە) چەندین شوێنی تر، دوای ئەوەی زۆرینەمان ڕوانکردن چووینە ئەو ئە شکەوتە ئێ مە ئەو کات ئەوەی بینیمان نزیکەی (٧٠ بۆ ٨٠) کە سی بریندار لەو ئەشکەوتەی هەبوو، هیچیان چاویان چی نەدەدیت، وەك ڕۆژی حەشر وابوو، هەموویان کوێر بوو بون لە ژن و منداڵ و پیر و گەنج شین و هاوار بوو دەستیان کرد بە هاوار هاوار هەی هاوار چیمان لێ دە کەن و بەرەو کوێ دەمانگوازنەوە، منیش بە کاك (یاسین باليسانیم) ووت با بچینە گوندی (خەتێ) کە بنکە یەکی تەندروستی لێ بوو، وە (دکتۆر زیان) لەوێ دادەنیشت، دکتۆریکی باش بوو هی ئەو سنوورەی بوو، وو تمان با بچین بەڵکو چارە سەرێك کار یێك بۆ ئەو نەخۆشانە بکات، کە چووین دیار بوو ئەویش هەندێ بریندارى چوو بونەلا، ئەویش ووتی کاکە مالێ (ئەنوەر بەگی بێتواتە)

خە بەریان ناردووە ووتوویا نە بۆ چارە سەری بریە ندارانی کیم یایی داو دەرمانمان ئامادە کردووە لە ناو چەی (سەرئە شکەوتان) لە نز یك گو ندی (بێتواتە) چارەسەری تەوایان بۆ دە کەن، وو تی وا بە کەن ئەو بریندارا نە بنێر نە ئەوێ، وو تی ئێمە هیچ چارە سەرێکی پزیشکیمان نیە جگە لە هەندێ مو غەزی لە کاتێکا خەڵك زۆری کوێر بوو بوو ، دەربارەی ئەوەی کە خەڵك پەنایان بۆ ئە شکەوتەکان بردووە بۆ خۆ پارێزی کاك (موحەمەد بالیسانی) وو تی بەڵێ لە چیایی ئەو بەری ئە شکەوتی باش هەیە بۆ خۆپاراستن بەکار هاتووە وەك ئەشکەوتی (عەلی بۆزی، ئە شکەوتی چەك چەکیلەی) ئەو دوو ئە شکەوتە سەرەکین ئە مە و ێرای ئەوەی خەڵك شوێنی بۆ خۆی درو ستکرد بوو وەك ئەشکەوتی دە ستکرد بۆ خۆ پارێزی لە نزیك مالّی خۆی، تا ئە کا تەی خەڵك ئا مادەکرا بۆ ئەوەی ڕەوا نی خوارێ بکرێت خەڵك سوودی لەو ئە شکەوتانە دەبینی)

دواجار ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە کاتێك بریندارەکانی چەکی کیم یاوی و لەکاتی بەر کەوتنیان بەو چەکە پڕ مەترسیە ڕوو دەکەنە بنکەی تەندروستی شۆڕش لە گو ندی (خەتێ) هیچ چارەسەرو دەرمانێکی پێویستی لێ ن ییە ئەوەش بەڵگەی ئەوەمان دەدا تێ کە پێش وەختە هیچ ئامادەکاریەك نەکراوە لە لا یەن پێ شمەرگەو دە ستەلاتی ئەو کا تە کە هەژمونی بە سەر ناو چەکەدا هەبووە بۆ چارە سەری بریە ندارەکان لەکاتی ڕوودا نی لە هەر ئە گەرێکی ل ێدان بە چەکی کیم یاوی دوا تر چارە سەری بریە ندارەکان کاتێك ڕوو بەڕوو چەکی کیمیاوی دەبنەوە .

هەروەها خاتوو (نەجیە بە خدر) لە سەر کیمیا بارانی گو ندی (شێخ وەسانان) و، بەکار هێنانی ئە شکەوت وەك هۆکارێکی خۆ پارێزی دژی چەکی کیمیاوی ووتی :

(بۆ مەسەلەی خۆ پارێزی لە مەترسی چەکی کیم یاوی کەس زانیاری لە سەر چەکی کیمیاوی نەبوو تا خۆی بپارێزێت و بە ئاو خۆی تەڕ بکات بەڵام جاری دووەم کاتێك لە گو ندی (قا سماوای) بالیسان کیم یا بەکار هات دژی خەڵکە کەی، ئەو کات خەڵك خۆی خ ستبووە ناو ڕوو بارو کانیاوە کان بەمەبە ستی خۆ پارێزی هەر چەندە سوودێ شی نەبوو، بەڵام شەهید (یوسف) وو تی من عە سکەریم کرد یە وا با شە بچنە ژووە کان و دەر گا لە سەر خۆ تان قایم بکەن و دەم و چاویش بشۆن.

لە کاتی کیمیابارانکردنی گوندی (شێخ وە سان) دەر بارەی ئە شکەوتەکانی شێخ وە سانان کە بەکار هاتبن بۆ خۆپارێزی خاتوو (نەجیبە خدر) وو تی : لەگو ندی (شێخ وە سانان) بەڵێ ئەشکەوتی لێ یە و خەڵکیش هانایی بۆ ئە شکەوتەکان برد لە کاتی کیمیا بارانکردن ئە شکەوتە سەرەکیەکان گوندی (شێخ وە سانان) بریتین لە ئە شکەوتی (حە مەدەمینی قادری، ئە شکەوتی مالّێ حاج یان، ئەشکەوتی گەورە) کە خەڵك زۆرترین سوودی لێ بینیوون لە هەموو سەردەم و دەورێ کدا بەتایبەتی لە کاتی کیمیابارانکرد ندا زۆرێ نەی بریە ندارەکان لەو ئەشکەوتە بوون کە خۆم یەکێکم پەنام بۆ ئەشکەوتەکان برد تا مەترسی چەکی کیمیاویم لەسەر کەمبێتەوە .

هەروەها مام عەلی مە لەکی دەربارەی پەنا برد نی خەڵکی دۆڵی مە لەکان بۆ خۆپارێزی لە مەترسی چەکی کیم یاوی

بۆ ئە شکەوتەکان لە کاتی کیمیابارانکردنی ناوچەکە ووتی :

ئەو ئە شکەوتانەی زۆر بەناو بانگن لە گو ندی (مە لەکان) کە هەمیشە سوودیان لێ وەر گیراوە لەو کاتا نەی مەترسی سەر خەڵك درو ست بووە بە هەر جۆرە چەکێك بریتین لە ئەشکەوتی (دۆ لّی پ شتە ن گەنگێ، ئە شکەوتی ئۆمەری، ئەشکەوتی حاجی حو سێنی، ئەشکەوتی مەحمود خەتی) و چەندانی تر، هەروەها لە شۆڕشی ئەیلوول ئەو ئەشکەوتانە بەکار دەهات و پڕ بوون لە چەك و جبەخا نە وە لە شۆڕی نوێش دیسان ئەو ئەشکەوتانە بۆ نەخۆشخانەی شۆڕش و بارەگای سەرەکی پێشمەرگە بەکار دەهاتن لە ڕۆژا نی کیمیا بارانیش ئەو ئەشکەوتانە پڕ بوون لە بریندار ئەمە وێڕای ئەوەی لە یەکێك لە ئەشکەوتەکان بنکە یەکی تەندرو ستی هەبوو بۆ چارە سەر نەخۆش و بریە ندارەکانی چەکی کیمیاوی.

دوا جار دە لێین هۆکارە کان بۆ خۆ پارێزی خەڵکی ناو چەی خۆ شناوەتی دژی چەکی کیمیاوی بۆ ئەوەی کار لە تەندرو ستیان نەکات و پارێزراو بن، بەرنا مە بۆ دار ێژراو نەبووە بە قەدەر ئەوەی خەڵك بە بۆچوونی خۆی ئەو ڕێگا خۆ پارێزیا نەی هەڵ بژاردووە هەر چەند کەمێك سوودیان هەبوو بەڵام ناتوانین بڵێین قوربانی دانی بە ڕێژە یەکی باش کەمکردبێتەوە .

لە ڕووداو دا، ژیان شکۆمەندی هەیە؟؟

عەلی مستەفا- مامۆستای زانکۆ

پرسیار ئەوەیە ئێمە لەڕووداوی ١٦/٤ دا بەدوای چیەوەین، ڕووداو، یان کەڕامەت و ژیانێکی مرۆڤانە؟!

هەمیشە دەترسین بمرین، بەڵام دواجار حەقیقەتێک دەمرین، نازانین چۆن مردووین، بۆیە گرنگە بەدوای شکۆمەندی مردندا بگەڕێین.

مرۆڤەکان لەڕووداوی جیاوازدا هەڵدەوەرێن، بەڵام لە ترسی شەرم و گوناحەکانەوە دەکەونە تەڵەکانی ژیانەوە.

شەرم یان ترس لە لەدەستدانی هیچ نا، بۆتە خوی کۆمەڵگەی ئێمە، کە ڕادەی هۆشیاری تاکەکان لە نەفەسی چەند ئەزموون و گوتاری بریقەداردا پەپوولە ئاسا دەبریسکێتەوە و دواتر لە خامۆشبوونی پەیامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا ئەوانیش بێ هیوا دەبن و تروسکەی حەز و خولیا منداڵانەکانیان، لەکۆتایی گەڕەکەدا بێ بەها دەکرێت و شکۆمەندی ئینسانی هەر تاکێک کەم بایەخ دەکرێت. کەواتە ئێمەی مرۆڤ لە ڕووداوەکانی ژیاندا، بۆ نموونە لە ڕووداوی کیمیابارانی ١٦/٤ دا، کە یەکەمین تاقیکردنەوەی چەکی کۆمەڵکوژی بوو بەسەر خەڵکی خۆشناوەتیدا تاقیکرایەوە، بەدوای چییەوەین؟

مرۆڤ لە نەیار چاوەڕێی پاداشت و ستایش ناکات، کەواتە یار دێت لە ڕووداوێکی لەم چەشنەدا ستایش و قەرەبووی چەندی و جۆرێت دەکات، کەخۆی لە ئەزموونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری جیاوازدا دەبینێتەوە. کە ئەمەش ئەرکە لەسەر یار، دەبێ پاڕێزگاری لە شکۆمەندی مرۆڤ بوونی هاوڵاتی بکات، نەک لە چوارچێوەی ئامانج و پرەنسیپی ئۆرگانیدا دەرگا بەڕووی ڕووداوەکاندا بکاتەوە، ئەگەر کار گەیشتە ئەمە و هاوڵاتی پێشوازی لەم خوە ئۆرگانیزمییە کرد، ئەبێ بەوەش ڕازی بێت کە پەنجەی ژەهراوی بخرێتە شکۆمەندی و کەسایەتی بەکاربهێنرێت، لەم تێمایەوە هاوڵاتی بەدوای ئازادی کەسایەتی خۆیەوە نییە، بەڵکو لە هەوڵی داسەپین و ئۆرگانی پرۆگرامکراوە بەسەر کەسایەتی خۆی و ژینگەکەی، ئەمەش دەبێتە لەبار بردن و شاردنەوەی ڕووی دیار و گەورەی ڕووداوە گشتییەکان.

ئایا هاوڵاتی لەنێو کارەساتدا دەبێت بەدوای چیدا بگەڕێت؟ ئایا دەبێت دەستەوەستان بێت و چاوەڕێی ئیرادەی سیستەمێک بکات، کە هیچ کات باکی بە شکۆمەندی و ژیانی هاوڵاتی و سەلامەتی و چارەنووسی نییە، یان دەبێت هەمیشە لە تێکۆشان دابێت و هەمیشە گیانێکی جەربەزە و یاخییانەی هەبێت، بێگومان خاڵی دووەم خەسڵەتی مرۆییە لە هاوڵاتیدا، چونکە هاوڵاتی دەبێت هۆشیار بێت بە گۆڕانکارییە سیاسی و تەکنیکییەکانی سەردەم، کە هەمیشە لەڕۆژێکدا ڕۆحی میکانیزم و پرۆگرامی نوێی تەکنەلۆژیا و سیاسی لە دایک دەبێت و قێرجنی بەر لەخۆی ڕووت دەکاتەوە، ئەمەش تەنها خزمەت بە پرسی سەرمایەداری و بازرگانی سیاسی دەکات، ئەم شەپۆلانە سواری بێباکن و دەخزێنە نێو کۆمەڵگاکان، ڕاستەوخۆ ئایکۆنێک دەبن و دەنووسێن بە ئامانج و پرۆگرامی دەسەڵاتداری، بۆیە گرنگە هاوڵاتی لەبەرانبەردا خوی ئازادانە و بەرهەڵستکارانەی هەبێت، تا بتوانێت داکێکی لە ئایکۆنی ئینسانی و ڕەوشتی کۆمەڵگایی بکات.

گۆڤاری ١٦/٤ ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت، ئەگەر خاوەنی ئایکۆنی کیمیاباران بێت، بەڵکو پەیامێک بێت بۆ هێزی بەرهەڵستکاری و داکۆکی کردن لە پرۆگرامکردنی ژیان و شکۆمەندی هاوڵاتی

حەلیم خان.

ژنێك لە لوتكەدا

ئا. سەنگەر موحەممەد بیکەیسی

ناوی (حەلیمە مەحمود حەسەن)ناسراوە بە (حەلیمە خان)، لە ١٩٦٦/٧/١ لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر لە گوندی شێخوەسانان چاوی بە دوونیا هەڵێناوە، لەساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ خانەوادەکەی ئاوارای ئێران دەبن، دوای گەرانەوەیان بۆ کوردستان دەگوازرێنەوە بۆ خواروی عێراق. لەساڵی ١٩٨٠ هاوسەرگیری دەکات لەگەل فەرماندە موحەممەد بیکەیسی، لەم کاتەدا ژیانێکی نوێ دەست پێدەکات لەگەل پێشمەرگەیەکی کوردستان هەر لەسەرەتای هاوسەرگیری لە ڕۆژە یەکەمەکانیدا لە شەڕێکی قورسدا بریندار دەبێ.

بۆیە حەلیمە خان هیچ کاتێک گوێی بە قورسی ژیان نەداوە لەگەڵ فەرماندەدا. لەڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٦ حوکمەتی فاشیلی ئەوسا بە قورسترین چەکی قەدەغەکراوی دونیا گوندی شێخوەسانانی کرد کیمیاباران کرد، دواتر دەیانگوازنەوە بۆ سەروجاوە و پاشان بۆ ڕانیە دواتریش هەولێر، بۆماوەی چەند ڕۆژێک سجن دەکرێ، ئینجا ژن و پیاوەکان لەیەکتری جیا دەکەنەوە و پیاوەکان ئەنفال دەکرێن، ژن و منداڵەکان لە مەفرەقی خەلیفان فرێ دەدرێن دواتر کەس و کاریان بەهاواریانەوە دێن... یەکەم کەس دکتۆر عوسمان شێخوەسانی وەکو فریاد ڕەسێک یان وەکو فریشتەیەک بەهاواریانەوە دەچێت و بە پشتی خۆی دەیان گوازێتەوە، دواتر سەیارەیان بۆ دەگرێت و دەیان گوازێتەوە بۆ سەروچاوە، لەوکاتەدا هاوسەرەکەی (موحەممەد بیکەیسی) لە سەرکردایەتی دەبێت و کە خەبەری ئەوزامە گەورەیە دەزانێت، لەسەرکردایەتی یەکێتی کاک نەوشیروان خەبەرەکەی بە موحەممەد بیکەیسی دەڵێت پێویستە بگەڕێتەوە خۆشناوەتی و شێخوەسانان کەس و کارت کیمیا باران و ئەنفال کراون... هەر لە هەمان ساڵدا بەبریندارى دەیان گوازنەوە بۆ ئێران و چەند ماڵێکی تریش دەگوازنەوە بۆ نەخۆشخانەی ڕەزایە، پێشمەرگەیەک کە ناوی عومەری برای موحەممەد بیکەیسی بوو دەیانبات بۆ ئێران ، بۆ ماوەیەک لە نەخۆشخانە لەژێر جاودێری چڕدا دەبن، دواتر دێن و لە گوندی دێلزەی ئێران ژیان دەکەن لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی، دوای ئەوەی موحەممەد بیکەیسی دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان بەمەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ ڕاپەڕین، لە ١٩٩١/٦/١ خەبەری شەهید بوونی موحەممەد بیکەیسی بۆ خانەوادەکەی هات و گەڕانەوە بۆ کوردستان بۆ مەڕاسیمی تازیەی فەرماندە.. ژیانێکی زۆر قورستر لە پێشو چاوەڕێی حەلیمە خان دەکات. حەلیمە خان دوو کوڕی شەهیدە بەناوەکانی (ڕێباز و کیمیا)

لەگەڵ ئەوەی بریندارى کیمیایی بوو" شەش جگەر گۆشە پەروەردە دەکات بۆ خاک و نیشتیمان، بەداخوو بەژارەیەکی زۆرەوە ئەو شێرە ژنەی کوردستان و خۆشناوەتی لە ڕۆژی ٢٠٢٣/١٢/٥ دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێت مالئاوایی لە ژیان دەکات.

گەیشتن بە ناسنامەی مرۆڤایەتی

ئەدیبە عوسمان عیسا

"ناکرێ چیتر لە بێ خەمی دەسەڵات و کاربەدەستە لەرزۆکەکان ڕاوەستین ، هەل ومەرجی ژیان تێدەپەڕن و کات بە فیڕۆدان ترسەکان ناڕەوێنێتەوە"

هێشتان گوێمان لە ئازار وناسۆری هەموو قوربانی و برینداران و کەس و کاری شەهیدەکانە، تاکو ئێستاش دەنگی نیڵەی خاکی سوتماک و نیشتمانی زامدار دێت، گریانی درەختەکان ژیر نەبۆتەوە و کانی و روبارەکان بێرەدانایەنەوە، باڵندەکان تا ئەو ئێوارەیەش بە گومانەوە دەفڕنە پانتایی ئاسمانی دوور، دوای ئاوابوونی هەنیسکی نائومێدی هێشتانیش فڕۆکە ئاماژەیەکی ترسناکە لە گوندەکەم رادەمێنێ ، کوا هێلانەی ئۆخەی ژیان و حەسرەتگای خەونی منداڵە تۆراوەکانی نیشتمان؟ ئێرە تا بڕکردنی وەرزەکانیش بۆنی خەزان و پایزان دەدات، من و هەزاران دڵی پڕ گریانی ژانگرتووانی کیمیایی و خەردەل و درۆگەی بۆنی سێو نیگامان لە گەڕانەوەی مانگی ئومێد بڕیوە، ئێمەی جێماوی دوای کارەسات ناسنامەمان دەوێت، ناسنامەی مرۆڤ بوون ناسنامەی ژیانکردن، ناسنامەی گەڕانەوە بۆ خەونەکان، ئاخر کوا نیشتمان بۆنی بەشەری پێوە مابوو؟ ئەو ڕۆژانە نیشتمان پارچەیەک بوو لە ئاگر هەموو خەونەکانی تیا گڕیان گرت و لەگەڵ قەراشکەری خۆزگەکان سوتاین و بووینە یادەوەریەکی تاڵ تاڵ، ئێمە ناسنامەی مرۆڤبوونین پێویستە رابردووی گشت ئازار و مەینەتیەکانی ڕۆژگاری رابردوومان لە کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیاباران و هەموو روداوگە ترسناکەکان وەک کۆمەڵکوژ بناسێنن، سکاڵا و داوای قەرەبووی ئەو هەموو ستەم و کۆمەڵکوشتنە لە کێ بکەینەوە؟ کام ڕێگای گەیشتنمان بە سکاڵاکان بگرینە بەر؟

بێگومان زەمەنی نوزانەوە و گریە و نالە بەسەر چووە دەبێ کۆدەنگیەکی پراکتیکی و کارا بەرهەم بێنین و جولەی ئەو هەموو کەیسانە بخەینە شەقام، ناکرێ چیتر لە بێ خەمی دەسەڵات و کاربەدەستە لەرزۆکەکان ڕاوەستین ، هەل ومەرجی ژیان تێدەپەڕن و کات بە فیڕۆدان ترسەکان ناڕەوێنێتەوە، ئێمە لە قۆناغی ئاوابوون نزیک دەبینەوە بۆیە دەبێ زەنگی وریاکەرەوە بۆ حوکمڕانی لێ بدرێت و کەیسەکان بکەونە سەر پێ و بچنە پێشەوە، نە شەرمە و نە ترسیشە کارەساتی کیمیایی گەر بە تەنها ڕژێمی بەعس لێی بەرپرس نیە و دەبێ بەرپرسیارێتیە میژوویەکان بەدەرکەون و حکومەتی عێراقی لەڕووی یاساییەوە دان بەو کارساتە دابنێت و بە کۆمەڵکوژی بناسێ و بە ئەرکی قەرەبووی مەعنەوی و ژینگەیی و مادی هەڵسێت، هەم کۆمەڵگەی نیودەولەتی بەرپرسیارێتی پێدانی ئەو مادە ژەهراویانە بە ڕژێمی بەعس ساغ بکاتەوە، هاوکات ئەو خەم ساردیەی حکومەتی هەرێم لە ئاست کارەساتەکان نەهێڵێت

کیمیابارانی دۆڵی خۆشناوەتی

د.ئازاد محەمەد سەعید*

تەختکردنی زیاتر لە ٤٥٠٠ گوند و کیمیا بارانکردنی هەڵەبجەو دۆڵی خۆشناوەتی وگەرمیان و جینۆسایدکردنی ناوچە رزگار کراوەکان کوشتن و زیندەبەچاڵکردنی سەدو هەشتاو دوو هەزار مرۆڤی کورد. کە لە کۆی هەشت پرۆسەی ئەنفال حەوتیان بەر ئەم سنوورە کەوتوە.

بەرلە بۆردومانکردنی بارەگا و پێگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، فڕۆکەو باڵەفڕەکانی ڕژێمی لەناوچووی عێراق دەهاتن جەولەیەکیان دەکرد و لەدوای وەرگرتنی زانیاری دەهاتن بۆردومانی ناوچە ئازادکراوەکانیان دەکرد، هاتنی فڕۆکەکان دڵەڕاوکەیان دروست دەکرد بۆ دانیشتوانی ناوچا ئازادکراوەکان هەریەکە و بەپێی بیرکردنەوەو مەزندەی خۆی لێکدانەوەی بۆ دەکرد بەم شێوەیە:

١ ـ بەشێک پێ یان وابوو وێنەی شوێنە قەرەبالغەکان دەکێشێ، بۆ ئەوەی ئامانجە گلاوەکانیان بە چاکی بپێکن.

٢ ـ بەشێکی دیکە پێ یان وابووتەراتێن کردن بۆ زانینی ئاراستەی" با" چونکە لەکاتی ڕشتنی گازە کیمیاییەکە دەبوایە ئاراستەی "با" و توندی "با" بزانرێت، ئەگەر بۆمبەکان دژ بە ئاراستەی "با" بێت لەوانەیە گازەکە زیان بەر هێزە چلکاوخۆرەکانی خۆیان بکەوێت بۆیە کۆنترۆڵکردنی ئاراستی "با" لای فڕۆکەوانەکان گرنگ بوو، زۆر جار بیرو بۆچوونەکانی پێشمەرگەو هاو ولاتیان لە شوێنی خۆیدا دەبوو، بەڵام ئەگەر فڕۆکە تەنها هەڵسێت بە تەراتێن (جولە) بۆردوومانیی تیا نەبووایە، پێشمەرگەو هاو ولاتیان لە چاوەرانییەک و دڵە ڕاوکەیەکی زۆردا دەژیان.

زۆرجار بۆردومانکردنەکە باشتر بوو لە چاوەرانییەکە، بە تایبەتی ئێواران تا شەو مانەوە لە شوێنی بەرز دوور لە هەرەمی چاوەروانی دڵە ڕاوکە.

جۆرەکانی جەنگی دەروونی و کاریگەری لەسەر دەروونی تاکی کورد دا :.

١ ـ ڕژێمی سەدام ماوەیێکی زۆر بوو بڕیاری گەمارۆی ئابووری و کۆمەڵایەتی قەدەغە کردنی هاتوچۆی بۆ ناوچە ڕزگارکراوەکانی دابوو.

٢ ـ بە قەدەغە کردنی هەموو جۆرە خواردەمەنییەک و پۆشاک و جل و بەرگ و پێڵاو، هەموو ڕێ و شوێنێکی بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی شکست بە شۆرشی کورد بهێنێت، کە تاکە هیوای گشت میللەتی کوردبوو.

٣ ـ سنووری هەموو مین ڕێژ کردبوو، کەشێکی دەروونی سەختی سازاندبوو، مەگەر تەنها شۆرشگێڕەکان توانای بەرگری کردنیان هەبوو، ڕۆژانە دەیان شێوازی بەکار دەهێنا بۆ پەک

کەوتن و شکست هێنانی ووڕەو ووزەو توانای پێشمەرگە .

٤ ـ ولّاخ و هێستر هۆکارێکی زۆر باش بوون بۆ گواستنەوەی شەهید و بریندار و چەک و تەقەمەنی و ئاو و خواردن بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان،لە ساڵی ١٩٨٧ تاقمێک لە دۆڵی سماقولی گیران کە بە دەسیسەی رژێم بە نیاز بوون ولّاخ و هێستر و گوێ درێژ لە ناوچە رزگار کراوەکان بە پارەی زۆر بکرن و ڕەوانەی ژێر دەسەڵاتی رژێمی بکەنەوە، ئەمە تەنها بۆ ئەوە بوو هۆکاری گواستنەوە پەک بخەن لە نێو شاخەکان و گوندەکان کە ولّاخ هۆکارێکی گرنگی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، لە شوێنی گواستنەوەی ئاو و خواردن بۆ ئەو هێزانەی کەلەسەر شاخەکاندا گیریان دەخوارد و بریاری شەری مان و نەمانیان دەکرد، پێویست بوو لە ڕۆژێکدا جارێک، بە پشتی هێستر خواردنیان بۆ بجێت، بۆ ئەوەی لە کاتی شەردا خۆیان سەر قاڵی ئامادەکردنی خواردن نەکەن .

٥ ـ ژەهر دەرخوارد دانی لێپرسراو و شۆرشگێڕەکان لە ڕێگای خواردن و خواردنەوەدا .

٦ ـ هەروەها بۆردومانی ڕۆژانە بە فڕۆکەو بۆردومانی توپی قورس و درێژ هاوێژ، هەروەها چاندنی سیخور و جاسوس بە هۆکاری پەیوەندی کردنەوە بۆ وەرگرتن و پێدانی زانیاری لەسەر بۆردومانەکان و شوێن و مۆڵگەی هێزی پێشمەرگە .

٧ ـ هەروەها گرتن و ئازاردانی کەس و کاری پێشمەرگە، ئەمەش هۆکارێکی دیکە بوو بۆ سازشکردن و خۆ بەدەستەوەدانی پێشمەرگە، بەڵام پێشمەرگە زیاتر سور دەبوو لەسەر خەباتکردن و هەڵگرتنی دروشمی یان کوردستان یان نەمان، هیچ هێزێک نەیتوانی زەرەیەک لە ووڕەو ووزەی پێشمەرگە کەم بکاتەوە و ساردی بکاتەوە لە ڕێگای خەبات و تێکۆشان .

٨ ـ بۆردومان کردنی بۆمبی هێشوویی (عنقودی) جارێک چەکی کیمیایی جارێکی دیکە، یەک لە دوای یەک، بۆ نموونە کاتێک رژێمی دیکتاتۆری لەناوجوو بۆمبی هێشوویی بەکار دەهێنا هاو ولّاتیان و پێشمەرگە "کونە تەیارە"یان هەبوو کە بریتیی بوو لە ژێر زەمینێک بۆ خۆ پاراستن لە پارچەی بجووک بجووک لە ئاسمانەوە بە هۆی کۆپتەر و هەنتەر و سۆخۆی لە بەرزاییەوە شۆر دەکرانە خوارەوە کەبریتیی بوو لە جارێک تەنی و نیوتەنی کەلە شێوەی بەرمیل بوو هەر لە ئاسماندا دەکرایەوە سەدان گوللە کاتیۆشای تیادابوو پانتاییەکی زۆری دەگرتەوە بۆردوومانی دەکرد، مەترسییەکە لەوەدابوو کە فڕۆکە دەهات کەس نەیدەزانی بارەکەی چییە هێشوویە یان کیمیاییە، ئەگەر کیمیایی بووایە دەبووایە کونە تەیارە جێبهێڵی بە خێراییەکی

زۆرەوە بەسەر شاخ بکەوی یان بجیتە شوێنی بەرز هەروەها خاولی تەربکرێت و لەسەر دەم و لووت دابنرێت هەروەها ئاگر بکاتەوە لە دەوروو بەری خۆیدا، جوونکە گازەکە قورس بوو وەکو هەورێک دەنیشتە سەر زەوی بەرز نەدەبووەوە، بۆیە لەو ساتانەدا بریاردان زۆر ئاسان نەبوو جوونکە لە دوای بەرکەوتنەکە، دەزانرا ج جۆرە چەکێکە، مرۆڤ جگە لەوەی جاوەروانی مەترسی بریندار بوون و مردنی دەکرد، لە دۆخێکی دەروونی زۆر سەختدا بوو، لە نیوان کونە تەیارە و ژێر زەمین و لە نێوان شوێنی بەرزو ئاگرکردنەوەدا رارا بوو، بۆیە رژێم جارێک بە بۆمبی هێشووی بۆردوومانی دەکرد، جارێکی دیکە بە بۆمبی کیمیایی، بۆ ئەوەی سەری بەرکەوتوو یان دانیشتوانی ناوچە ئازادکراوەکان بشێوێنن، تووشی باری دەروونی سەختییان بکەن، بۆ ئەوەی لە رووی دەروونییەوە تاکی کورد لە ناوچە ئازادکراوەکاندا بروخێنێت و دواتر واز لە شۆرش و خەبات بهێنێت خۆی رادەستی دوژمنی میللەتەکەی بکاتەوە .

- ئەگەر هیشووی بووایە دەنگی بۆمبەکان زۆر بەرزبوو هەروەها تۆقێنەر بوو بەتایبەتی بۆ ژن و منداڵ . - ئەگەر بۆمبی کیمیایی بوایە دەنگ تەنها لە کاتی بەرکەوتنەکە دەهات دەنگێکی نزمتری هەبوو لە بۆمبە هێشوویەکە، هەروەها جیاوازی لە رەنگ و بۆن و دەنگ و قەبارەی بۆمبەکەدا هەبوو.

جۆرەکانی چەکی کیمیایی بەکار هاتوو:-

کاریگەری چەکی کیمیایی لەسەر باری دەروونی تاکی کورد، جەند نموونەیەکی واقیعی، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە سەر دەروونی دانیشتوانی ناوچە ئازاد کراوەکان بە هاو وڵاتی و پێشمەرگەوە، رژێم لە شەری پارتیزانی و گرتنی سەنگەر و گرتنی شار و شارۆچکە و ئازاد کردنی ناوچە فراوانەکان بێ هودە بوو بەرامبەر بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە پێناوەدا بریکی زۆر لە داهاتی نەوتی کوردستانی بە ئاگر و ئاسن دەدا بە جەستەی کوردە وەدەنا، ناچار بوو رێگە جارەیەکی رەگ و ریشەیی بدۆزێتەوە بۆ بەرەنگار بوونەوەی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا، ئەویش بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی قەدەغە کراو بوو، لێرەدا رژێم دوو جۆرە چەکی بەکار دەهێنا یەکەمیان بۆمبی هێشوویی (عنقودی) دەبووایە لە کاتی ئەمجۆرە بۆردوومانەدا دانیشتوانی ناوچە ئازادکراوەکان بجن بۆ ژێر زەمینە ئامادەکراوەکان بوو لە پاڵ گوند و شاخەکان بۆ ئەوەی پارچەی بۆمبی هێشوویی یان بەرنەکەوێت، بەڵام بۆ چەکی کیمیایی کە بەدوو جۆر بەکار دەهات یەکەمیان بە هۆی فرۆکە (هەنتەر "پیلاتوز"سۆخۆی، میک کۆپتەر) دووەمیان بە راجیمە و تۆپی دوور هاوێژ، دیارە نەخۆشخانەی ناوەندی شۆرش لە بەرگەڵو بوو هەریەک لە دکتۆر هەڵۆ و دکتۆر شوان پزیشک بوون بە هاوکاری یاریدەدەری پزیشک و وینەگری ئێکس و یاریدەدەری تاقیگەو لەهۆش بردن و دەرمانساز و برین پێچی تیادا لە خزمەتی جەماوەر و هێزی پێشمەرگەدا بوون، هەروەها لە قەرەداغ دکتۆر جەڵال و دکتۆری شۆرش محسن و دکتۆر کامەران ئیلنجاغی لە گوندی مەلەکان دکتۆر هەڤاڵ و لە گوندی خەتێ دکتۆر زریان و چەندین کارمەندی تەندروستی و کارمەندی تاقیگە و ئیکسی لەلایەن کارمەندان دکتۆری شۆرش کاروخ و دکتۆر فەرهاد سەرپەرشتی نەخۆشخانەیان دەکرد کە زۆر جار نەشتەرگەری گەورەی لێ ئەنجام دەدرا وەک "کۆلۆستیۆم" هەروەها نەشتەرگەری ریخڵۆکە کۆرەو فتق و بریندارەکانی بەرەی شەر و بۆردوومانەکانی چارەسەر دەکرد، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧ دا دوای

ئەوەی مەترسی بەکار هێنانی چەکی کیمیایی بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ئارادا بوو،

سەرکردایەتی یەکیێتی نیشتمانی کوردستان بریاری دا کەوا گشت دکتۆرەکان و کارمەندانی

ئەم چەکە کوشندە تۆقێنەرە بەدەگمەن زانیاری لەسەردەست دەکەوت بەڵام بەهۆی ئەنجامدانی ئەم خولە ماوە کورتە پر زانیاریە زۆر سوودی بە ووردە ووزەی دانیشتوانی ناوچە ئازادکراوەکان گەیاند

تەندروستی شۆرش کۆ بکرێنەوە خول ببینن بۆ ئەوەی شارەزایی لەم چەکە کۆکوژە کوشندەیە پەیدا بکەن بە دوو ماوەی جیا یەک لە دووای یەک، ئێمە لەگەڵ دکتۆرەکانی شۆرش هەریەک لە دکتۆر حسێن تاڵەبانی برازای هەڤاڵی کۆچکردوو بەڕێز مام جەلال و کارمەندانی تەندروستی دکتۆر ئازاد و دکتۆر خەسرۆ ناسراو بە دکتۆر محەمەد و دکتۆر نورەدین ناسراو بە دکتۆر نەبەز دکتۆر هونەر شەقلاوەیی و دکتۆر هیمداد کۆیی و دکتۆر بەڵێن و دکتۆر ئامانج و دکتۆر عەبدولقادر کە خوێندکاری قۆناغی سێ یەمی کۆلێژی پزیشکی زانکۆی سەلاحەدین بوو خولەکە لە نزیک مالی هەڤاڵی بەڕێز مام جەلال بوو لە یاخسەمەر ماوەی دوو هەفتە بوو دکتۆری پسپۆری وورد لە بواری چەکی کیمیایی لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتبوون لەگەڵ دکتۆر شالاو وەکو وەرگێر و مامۆستا دەستبە کاربوون دواتر هەڤاڵ مام جەلال دیاری پێ بەخشین . ئەو گازانە کە بە دۆخی شلی لە شێوەی درۆب بەهۆی فرۆکەو تۆپی قورس و ماوە درێژ هاوێژ دەرژاندە سەر خەڵکی سیڤیل و بێ دیفاعی ناوچە ئازاد کراوەکان، ئەم چەکە کوشندە تۆقێنەرە بەدەگمەن زانیاری لەسەردەست دەکەوت بەڵام بەهۆی ئەنجامدانی ئەم خولە ماوە کورتە پر زانیاریە زۆر سوودی بە ووردە ووزەی دانیشتوانی ناوچە ئازادکراوەکان گەیاند:

١ ـ گازی خنکێنەری فۆزیجین، گازێکی بێ رەنگە بۆنی سەوزەی نوێی لێدێت، ماوەی کاریگەرییەکەی زۆر کورتە نیشانەکانی بریتییە لە ژانە سەر، کۆکە، هەناسە کورتە، سووتانەوەی بۆرییەکانی هەناسە مۆر هەڵگەرانی رەنگی پێست بە هۆی کەمی ئۆکسیجین لە خوێندا هەروەها دابەش نەبوونی ئۆکسیجین بەسەر خانەو شانەکانی لەشدا .

٢ ـ گازی کاریگەر بە خوێن کە بریتییە لە مادەی (سیانید و ئیدرۆجین و کلۆرایدو سیانۆجین) بۆنی بادەمی تاڵی لێدێت، نیشانەکانی بریتییە لە ژانە سەر، گێژ بوون، ئەکتیف بوونی کۆئەندامی هەناسە خێرا بوونی هەناسە وەرگرتن هەناسە دان، لێدانی دڵ لە ژمارەی ئاسایی خۆی کە حەفتاو دوو جارە لە خولەکێکدا، سوور بوونی لێو و دەم و جاو .

٣ ـ گازی خەردەل، پۆرگ دروست دەکات، بۆنی سیری لێ دێت، گازێکی ووشکە ماوەی کاریگەری درێژخایەنە دوای بەرکەوتنەکە بە دوو کاتژمێر شوێنی بەرکەوتوو لە پێستی لەش سوور هەڵدەگەڕێت، دووای دوو رۆژ دەبێتە پۆرگ، ئاوی ناو پۆرگەکە دەتەقێت و دەبێتە برین

٤ ـ گازی کاریگەر بە دەروونی مرۆڤەوە (سارین، سۆمان، قی ئێکس) گازێکە لە شێوەی درۆپ بەر مرۆڤ و سروشت دەکەوێت، بۆنی میوەی لێدێت، ئەگەر خەست بێت بۆنی نییە، کاریگەری درێژخایەنە، نیشانەکانی هاتنە خوارەوەی ئاو لە دەم و جا و و لوت، جاو لە دۆخێکی نائاسایی و نیوە بە ئاگا دەبێت، میز بە خۆداکردن، هێلنج و رشانەوە . ئەم چەکە کوشندەیە، لە سەرەتادا زۆر ترسناک و تۆقێنەر بوو، لەبەر ئەوەی پێشمەرگەو دانیشتوانی

ناوچە ئازادکراوەکان زانیاری ئەوتۆیان لەسەر خۆپاراستن و جارەسەرکردنی ئەم چەکەدا نەبوو ؟ لە دوای کۆتایی هاتنی ئەم خولە، دوو پۆل کادیری تەندروستی ئامادە کرد، یەکەمیان بۆ سنوری هەردوو مەڵبەندی یەک و دووی سلێمانی و کەرکوک کە سنوورەکانی دۆڵی جافایەتی و شارەزوور و شارباژێر و سنووری قەرەداغ و گەرمیان بوو، دووەمیان بۆ سنووری مەڵبەندی سێی هەولێر بوو کە سنووری دۆڵی خۆشناوەتی و دەشتی هەولێر و دەشتی کۆیە و بادینان بوو، کارمەندانی تەندروستی ئەو کاتە بە دکتۆری شۆرش* ناوزەد دەکران، لە دوای خولەکەدا هەریەک لە کارمەندانی تەندروستی یان دکتۆرەکانی شۆرش ئەرکی ئەوەیان پێ سپێردرا کەوا هەر لە دۆڵی جافایەتییەوە دەست بکەن بە کۆکردنەوە و هۆشیار کردنەوەو رێنمایی کردنی دانیشتوانی ناوچە ئازاد کراوەکان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان تا گەیشتنیان بە سنوورەکانی خۆیان، ئامانج لەم خولەدا ئەوە بوو : هەریەک لە دکتۆرەکانی شۆرش دەفتەرێکیان پێ بەخشرا لە جەند لاپەرەیەکی گوڵە بەرۆژەی کیمیایی پێکهاتبوو بۆ پشکنین و تاقیکردنەوە لە کاتی بەرکەوتندا، دوای لەبەر کردنی جل و بەرگی کیمیایی و دەمامک و دەستکێش، پەرەیەک لەم دەفتەرە لێدەکرایەوە، لە بۆمبە کیمیاییەکە نزیک دەکرایەوە، ئەگەر ماددەکە خەردەل بووایە رەنگی کاغەزی گوڵە بەرۆژە کیمیاییەکە بە رەنگی زەرد دەگۆرا، ئەگەر ماددەکە فۆزیجین بووایە رەنگی کاغەزی گوڵە بە رۆژەکە شین هەڵدەگەرا، ئەگەر سیانید بووایە رەنگی کاغەزەکە لە دوای نزیککردنەوەی لە بۆمبەکە یان شوێنی بەر کەوتنەکە رەنگی کاغەزی گوڵەبەرۆژەکە رەنگی بە سەوز دەگۆرا، دواتر دکتۆرەکان لە نەخۆشخانەکانی شۆرش دەرمانی تایبەت بە چەکی کیمیای یان وەرگرت، جارەسەری خەردەل بە جیا بریتی بوو لە ئەمپوولێک دە میللیتر "سودیوم ثایوسولفیت" تێدا بوو، هەروەها لەگەڵ دروست بوونی پۆرگ لە دوای تەقاندنی بە شێوەیەک ئاوەکە نەپرژێت جوونکە هەمان کاریگەری خەردەلی هەبوو، فۆزیجین گازی خنکێنەر و سوتاندنی بۆرییەکانی هەناسەدان، جارەسەری تایبەتی هەبوو بریتی بوو لە ئەمپوول کۆرامین و ئەترۆپین، سیانید، ئەمپوول ئەترۆپین بوو، گازی تێکدانی دەروونی مرۆڤ، بریتی بوو لە "سارین، سۆمان، ئێکس "ئەمپوول ئەترۆپینی پێدەدرا تا بیلبیلەی جاو دەگەرایەوە دۆخی ئاسایی خۆی کە لە کاتی بەرکەوتنەکەدا دەبوو بەخاڵێک، یان بیلبیلەی جاو زۆر دەکرایەوە .

خۆپاراستن :-

بۆ خۆ پاراستن لەم چەکە کۆکوژە کوشندەیە، پێویست بوو ئەم خاڵانە رەچاو بکرێت:

١ ـ دوور کەوتنەوە لە شوێنی بەرکەوتنەکە، باشتر وابوو لە کوونە تەیارەکان دەرکەون بە خێرایی بجن بۆ شوێنە بەرزەکان، جونکە گازەکان قورس بوون دادەبەزین بۆ شوێنە نزمەکان، بە تایبەتی بۆ ناو کوونە تەیارە، کە لە ژێر زەمینە .

٢ ـ خاولی تەڕ کردن و لە سەر لووت ودەم و جاو دانان، ئەگەر دەماک (قناع) و جل و بەرگی تایبەتی کیمیایی هەبووایە باشتر بوو .

٣ ـ ئەگەر لە توانادا بێت ئاگرێک لە دەوروو بەری خۆیاندا بکەنەوە جونکە گازەکە لە ئاگر دوور دەکەوتە، توانای نزیک بوونەوەی نەبوو لە ئاگر .

٤ ـ بەکار نەهێنانی ئاوی جۆگەو و رووبار وگۆمە وەستاوەکانی دەوروو بەری شوێنە بەر کەوتووەکە

٥ ـ سەردان کردنی بنکە تەندروستییەکان و نەخۆشخانەکانی شۆرش، بۆ

جارەسەر کردن ئەگەر نیشانەکانی بەرکەوتن، دیار کەوتن وەک رشانەوەو تەنگە نەفەسی و سەر ئێشە و سووتانەوەی قورگ و گۆرانی رەنگی پێست یان سوور هەڵگەرانی چاو وفرمێسکی زۆر ولیک هاتنە خوارەوە لە دەم و لووت .

چەند دیمەنێکی ڕووداوی کیمیابارانی دۆڵی خۆشناوەتی:

ئێوارەی جەژنی قوربان لە ساڵی ١٩٨٨فرۆکە جەنگییەکانی رژێم هاتن بۆ دۆڵی بالیسان ودۆڵی هیران و نازەنینیان بە چەکی کیمیایی بۆردومان کرد زیاتر لە پەنجا بریندار هاتن بۆ بنکەی تەندروستی تەنها یەکێکیان بەناوی محەمەد نازەنینی دۆخی مەترسیدار بوو بۆ ڕۆژی دواتر پێشمەرگەیەک بەناوی جوتیار کە یەکێک بوو لە پێشمەگەکانی تیپی تایبەتی مەڵبەندی ٣ ی هەولێر بریندارەکەی هێنای بۆلای بنکەی تەندروستی تیپی ٩١ ی سەفین لەگوندی دۆرێ ، بەڵام ئێوارە لە لەناو شینایی لە گوندی نازەنین بەری کەوتبوو لە هۆش خۆی چوو بو زۆر بەدوایدا گەڕابوون نەیاندۆزیبووەوە، بەڵام کەهێنایان لە بنکەی تەندروستی چارەسەری بۆ کرا دەرزی ئەترۆپینی لێدراو چاوەکانی کردەوە ناوی خۆی و چۆنیەتی بریندار بوونی باسکرد، بۆ وەرگرتنی ئۆکسیجین ڕەوانە نەخۆشخانەی خەتێ کرا لەسەر شاخی هەورێ کارمەندی تەندروستی خەسرۆ ناسراو بە دکتۆر محەمەد ئەویش چارەسەری بۆکرد، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئۆکسجین شەهید بوو.

لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٧/٣١فرۆکەکانی رژێم هەستان بە بۆردومانکردنی دۆڵی هیران و نازەنین و دۆڵی بالیسان بە چەکی کیمیایی جۆری خنکێنەر و خەردەل، لە گوندی خەتێ دۆڵی بالیسان چوار کەس شەهید بوون یەکیان پێشمەرگە بوو سیانەکەی دیکە هاو وڵاتی بوون، بریندار بوونی زیاتر لە پانزدە پێشمەرگەو هاو وڵاتی، تەمەنی نۆزدە ساڵی بوو لەگەڵ شەهید بوونی سێ هاووڵاتی دیکەی دانیشتووی گوندی خەتێی خۆشناوەتی بەرکەوتن.هەروەها ئەو پێشمەرگانەی کەبەر چەکی کیمیایی کەوتبوون، ئێمە بەشێک لە چارەسەرکردنەکەمان بۆ کرد، لەگەڵ بەرکەوتنەکە توشی تەنگەنەفەسی دەبوون چونکە وەرز هاوین بوو زۆر گەرما بوو باری دەروونیان زۆر ئاڵۆز بوو، هەناسەیان بۆ نەدەدرا، دوای شکاندنی دەرزی کۆرامین ئەمپول و پرژاندنی لە ژێر گوێچکەو دەوروو بەری دەم و لوتیان بۆ ئەوەی هەناسەیان ڕەوان بێت. دواتر لێدانی دەرزی سۆدیۆم ثایۆسولفەیت کە نزیکە

دە ساڵتیمەتر سێجا بوو، هەروەها پێدانی ئەنتی بایۆتیک، لە کۆتایی مانگی پێنجی ساڵی ١٩٨٧ کارمەندانی تەندروستی یان دکتۆری تیپەکان لە ڕێگەی بێسیمەوە ئاگادارکرانەوە بۆ ئەوەی خولی شارەزا بوون لە چەکی کیمیایی لە یاخسەمەر ببینن ، ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان کەژمارەمان هەشت کارمەندی تەندروستی بووین لە تیپ و شوێنە جیاجیاکانی سنوری مەڵبەندی سێی هەولێر کۆبووینەوە لە دۆڵی سماقولی لە بنکەی تەندروستی لای دکتۆر حسێن تاڵەبانی، بەڵام لەم کاتەدا د. حسێن توشی نەخۆشی مەلاریا بوو نەیتوانی بەشدار بێت لە خولەکەدا، دواتر لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێز مام جەلال کە ئەو کاتە بارەگای لە گوندی یاخسەمەر بوو دەبووایە کارمەندو دکتۆری گشت مەڵبەندەکان بەشداری خولی خۆپاراستن و چارەسەری دژی چەکی کیمیایی ببینن، ئێمە کە ژمارەمان هەشت کارمەند بوو لە مەڵبەندی سێ ماوەی نزیکەی ١٥-٢٠ ڕۆژ لەژێر زەمینێک خولەکەمان بینی، لەسەر ڕاسپاردەی هەڤاڵی کۆچکردوو مام جەلال ئێمە ئەو زانیاریانەی کە لەخولەکەدا فێربووین پێویست بوو لەکاتی گەڕانەوەمان بۆ سنوری مەڵبەندی سێی هەولێر چەندین کۆبوونەوە ئەنجام بدەین لەگەڵ هاووڵاتیانی زۆربەی گوندەکانی ناوچە ئازادکراوەکاندا وەکو گوندەکانی خەتێ و وەرێ و باليسان و شێخ وەسانان توتمەو کانی بەرد و ئەشکەفتە، کە بریتیی بوو لە پێشکەش کردنی ڕێنمایی پێویست و تایبەت بە چەکی کیمیایی لە خۆپاراستن و چارەسەرکردن لە دژی ئەم چەکە کۆکوژە کوشندەیە، هەروەها لە ڕێگای گەڕانەوەمان لە دۆڵی جافایەتی لە گوندەکانی شێخ باخ و سێکانی و قەمجوغە خەڵکی گوندەکانمان کۆ دەکردەوە و ڕێنمایی پێویستمان ئاراستە دەکردن هەوەها لە گوندەکانی سرد و عەسکەر و سوورقاوشان و بۆڵقامیش و گۆپتەپەو کانیبی و داوداوای دەشتی کۆیە و نازەنین وکۆلکە ڕەش و کاموسەک و کونەفلوسەو هیران و دۆرێ و ئاقوبان و بەرەکەو کەوەرتیان و گشت پێشمەرگەکانی تیپی ٩١ ی سەفین وبەشێک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ ی بەرانەتی بۆ ئەوەی ڕێنمایی تەندروستی بەپێشمەرگەو خەڵک بدەین. دیارە ئەم هۆشیارکردنەوەیە کاریگەری زۆری هەبوو لە بەرزکردنەوەی وەرە و وزەی خەڵک و پێشمەرگەدا زیانە گیانییەکان بەهۆی دژەکانی چەکی کیمیایی کەمتر بووەوە، خەڵک و پێشمەرگە زانیاری باشیان لە کارمەندان وەردەگرت، دواتریش لە بنکەی تەندروستی مەلەکان کە دکتۆر هەڤاڵ و چەند کارمەندێکی لێبوو، بۆ هەر دکتۆری تیپێک داو دەرمان و پێداویستی پزیشکیان دانابوو من باری دوو ئێستر دەرمانی دژی چەکی کیمیاییم بۆ سنوری هیران و نازەنین هێنا بۆ تیپی ٩١ ی سەفین کەبریتی بوو لە لەدەفتەرێکی بچوکی پشکنینی فەحسی زانینی جۆری چەکە کیمیاییەکە کە کاغەزەکە لە بۆمبە کیمیاییەکە نزیک دەکردەوە لەو کاتەدا دەبووایە دکتۆرەکە قیناع و جلی کیمیایی لەبەر بکات ئینجا پەڕەکە بە ڕەنگی جۆری چەکە کیمیاییەکە دەگۆڕا، بۆ نموونە خەردەل ڕەنگی کاغەزە گولەبەڕۆژەکە بۆ ڕەنگی زەرد دەگۆڕا سیانید بۆ ڕەنگی کەسک دەگۆڕا فۆزجین بۆ ڕەنگی بۆ شین دەگۆڕا، دەرمانی چارەسەر بریتی بوو لە ئەمپول ئەترۆپین، سۆدیۆم ثایۆ سولفەیت ، ئەمپول کۆرامین، مەرهەمی دژی خەردەل، چەندین پاککەرەوە، بۆ چارەسەری دەروونی و دروستکردنی پیفکە و تەنگە نەفەسی.

لە سەرەتای مانگی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ سەدو پەنجا پێشمەرگە لە گوندەکانی دۆڵی هیران و نازەنینەوە بەرەو سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی

کوردستان لە دۆڵی جافایەتی دەرۆیشتین بۆ بەرگریکردن لەسەرکردایەتی لە ئەنفالی یەکەمدا لە گوندی عەسکەر نزیکەی بیست و پێنج چەکداری ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی عەرەبی شیعە لە نزیک سەنگاو ئەغجەلەر بەر بۆردوومانی کیمیایی کەوتبوون ئێمە لە مزگەوتی گوندی عەسکەر بووین، چەکدارەکان بەر چەکی کیمیایی جۆری خەردەل کەوتبوون، هەندێکیان پێڵوی چاوەکانیان هەوی کردبوو و ئەستور بوو بوو، هەندێکی دیکەیان بن هەنگڵیان تڵۆقی کردبوو، هەندێکی دیکەیان ناو رانیان یان ئەندامی میزڵدانیان تڵۆقیان کردبوو، ئێمە هەستاین بە چارەسەرکردنیان، بە لێدانی دەرزی و بەکار هێنانی پاککەرەوە و تەقاندنی تڵۆقەکان و لابردنی پێستە تڵۆقکراوەکە و کاری برین پێچیان بۆ کرا بۆ چاوەکانیان، بە شێکیان دەستی یەکیان گرتبوو بە هیچ شێوەیەک چاویان نەدەکرایەوە کێم و خوێن لە سەر پێڵوی چاوەکانیان بەدی دەکرا، بە هۆی ئاوی سۆدیۆم بایکاربۆنێت و قەترەی سولفا، توانرا چارەسەرێکی سەرەتاییان بۆ بکرێت، ئەو کاتە ئەو چەکدارانە زۆر خۆشحاڵ بوون کەوا لە ژێر دەستی دکتۆری هێزی پێشمەرگەی کوردستان چارەسەریان بۆ دەکرێت .

پەراوێز:

*** دکتۆری شۆرش، دەرچووی پەیمانگای تەندروستی یان ئامادەیی برینپێچی بوون، یان دەرچوی کۆلێژ و پەیمانگای ڤیتەرنەریبوون، بە کۆڵە پشتێکی دەرمانەوە، لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا دەجوڵا، هەر تیپێک لەناو پێکهاتەی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا دکتۆرێکی شۆرش یان دووانی هەبوو. دکتۆرە شەهیدەکانی سنوری هەولێر :**

شەهید دکتۆر چیا تیپی تایبەتی مەڵبەندی /٣ دەرچووی زانکۆ، شەهید دکتۆر کاوە و شەهید دکتۆر حەیدەر تیپی ٩٣ شەهید دکتۆر د.هەژار تیپی ٩١ ی سەفین وشەهید دکتۆر فازیل تیپی ٩٩ بیتوێن و شەهید دکتۆر هیوا تیپی ٨٥ ی بەرانەتی، گشتیان دەرچووی پەیمانگای تەندروستی بوون لەشەردا شەهید بوون، تەنها دکتۆر هەژار برین پێچ بوو لە دوای گیرانی زیندە بەچاڵ کرا .

***پژوهیسۆری یاریدەدەر و مامۆستا لە زانکۆی کۆیە (دکتۆری تیپی ٩١ ی سەفین) لە ساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨.**

لاپەڕەیەکی گەشی بەشێک لە شەهیدانی شێخ وەسانان

مەلا مەغدید شێخ وەسانی

لەدوای شەڕی ناوخۆی بەرەی جود و یەکێتی، لە بەهاری ١٩٨٣ دا، ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و لە خۆشناوەتیش بەگشتی، و بەتایبەت لە گوندی شێخ وەسان، گەشەیەکی زۆریان بە خۆوە بینی. لەو کاتەدا چەندان لە گەنج و لاوەکان پێوەندیان بە ڕیزی ڕێکخستنەکانی یەکێتییەوە کرد، بەتایبەت (ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) و کە بەشی زۆریان لەناو لایەنەکانی تر دابوون و بە ویستی خۆیان هاتنە ناو ڕێکخستنی کۆمەڵە و هەریەکە بە جیا توانیمان پەیوەندیەکەیان بۆ ڕێکخەین. دواتر لەناو ڕیزەکانی ڕێکخستندا لە چەندین شانەی بچووکی نهێنی، بە پێی ڕێنمای و ڕاسپاردەکانی ئەو سەردەمەی یەکێتی و ناوەندی کۆمەڵە، ڕێکمان خستن و زۆربەشیان جگە لە ئەندامانی شانەکەی خۆی هیچ ئاگاداری وردەکاری و چالاکی ئەوانی دیکە نەبوون. لە تایبەتمەندی شانەکان، پێوەندی کۆمەڵایەتی و گونجان و برادەرایەتی و تێکەڵاوی ڕۆژانەیان بۆ شانەکان لە بەرچاو دەگیرا، هەروەها بۆ جێبەجێ کردنی ئەو هەنگاوانە، هەر یەکە لە (هاوڕێ فەقێی ڕەحمەتی و کاک عمر ئەحمد بابکر)زۆر هاوکار و پشتیوان بوون. بەگشتی پێوەندیەکی کۆمەڵایەتی زۆر پتەو و پێکەوەیی، و گیانی هاوکاری و خزمایەتی دڵسۆزانەمان لەناو گوند دا پەرە پێدا.

هەموو ئەو گەنج و لاوانە، وەکو برا و پشتوپەنای یەکتر دەژیاین. بە داخەوە کیمیابارانی جگە لەوەی گوندەکەمانی وێران کرد، سەروەتێکی بەشەری زۆر گەورەی نەتەوەیی و نیشتیمانیش، کە ئەو گەنجانە بوون لەناو برد. هەموو شانەکانی گوندی شێخ وەسان و دەوروبەری لەناو (پۆلی شەهید زاهیر بالیسانی لە کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە) دا کاروباری ڕێکخراوەییان بە شێوەی نهێنی ڕادەپەڕاند. جاروباریش لە ماوەی چەند مانگ جارێک (کادیرانی کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە وەکو مامۆستا حسێن و ئاکۆ مهندس تەقتەقی) مان بە نهێنی دەهێنان بۆ دیتن و کۆبوونەوەی شانەکانی گوند.

شانەی دووەم، شەهیدان: (قادر رسول باپیر- حسین مام سعید - رسول ئەحمەد بابکر)

شانەی سێیەم: (جلال ئەحمەد حسین - عوسمان مستەفا - زاهیر ئەحمەد حمدەمین) بە داخەوە وێنەی شەهید زاهیرم لا نییە.

شانەی یەکەم، شەهیدان: (محمد حاجی ڕەسوڵ- عبدالواحید ئیسماعیل - حسن مام سعید).

شانەی چوارەم: شەهیدان(علی رسول خدر ناسراو بە دکتۆر علی- یوسف همزە خدرناسراو بەملا یوسف- خدر حاجی سلێمان) بە داخەوە وێنەی شەهید خدرم لانە نییە


ناوی شەهید:احمد مستەفاعزیز

ناوی شەهید:اسماعیل حسێن کریم

شانەی پێنجەم: شەهیدان (ئیسماعیل حسێن کریم ناسراو بە ئیسماعیل کیمیاوی- ئیبراهیم عبدالله حمدەمین- ئەحمد مستەفا عزیز)

ناوی شەهید: انور عبدالله حمد امینامین

ناوی شەهید: طلعت قادر جردیس

شانەی شەشەم: شەهیدان (تەلعەت حاجی قادر -ئەنوەر عبدالله حمدەمین) هەروەها شەهید تەها علی محمود، شەهید ڕەشید علی محمود، لە شانەیەکی دیکەدا ڕێکخرابوون

ئەو شانانە و زۆری تریش کە خۆشبەختانە ئێستا لە ژیاندا ماون لە شانەی تردا ڕێکخرابوون. ئاماژە بە بەشێک لە ناوەکانیان دەکەم، بەدڵنیاییەوە هەموویانم لە بیر نەماون: (عمر ئەحمد بابکر- دکتۆر عوسمان ئەحمەد بابکر- نجات حاجی تەها - خالید عبدالحمن حسن- مولود حاجی قادر - حسین حسن- عوسمان کمال

-تەها حاجی سلێمان- زۆری تریش. هەروەها { شەهید عمر محمد سلێمان کاک نادر حاجی سادق} لەڕێکخستنی یەکێتی شۆڕشگێڕان ڕێکخرابوون.

ئەوەی جێی باسە بەندە سەرپەرشتی ئەو ڕێکخستنانەم کردووە تاکو کۆتایی ساڵی١٩٨٦.

دوای ڕەزامەندی سەروی خۆمان سەرپەرشتی کردن و ڕاپەڕاندنی ئیش وکارەکانیان و کۆبونەوەی مانگانەیان بە هاوڕێی هەمیشە لەیاد (کاک فەقێ ڕەحمەتی)مان سپارد. بەدڵنیایی دوای ئەوکاتە زۆر گەنج و لاوی تریش بە هەوڵ و هیممەتی کاک فەقێ و هەڤاڵانی تر ڕێکخران .

هەروەها هەمو ئەو شەهیدانە و زۆری ترش دواتر یان بوونە پێشمەرگەی زۆر ئازا یان وەکو پێشمەرگەی پشتگیری لە لایەن مەڵبەندەوە ڕڕچەک کران بەشداری شەڕو بەرگریکردنیان کرد لە دۆڵی بالیسانی ڕزگارکراودا.

هەروەها لە گوندی شئخ وەسان چەندین فەرماندە و پێشمەرگەی قارەمان هەڵکەوتن و بونە سومبولی ئازایەتی و خەباتی شۆڕشگێڕانە

وەک:

شەهید محمد بیکەیسی
شەهید یاسین علی شێخ وەسانی
شەهید حاجی شێخ وەسانی
شەهید عزیز علی محمود
شەهید ملامحمد تەهارەش
شەهید ئیسماعیل کیمیاوی
شەهید بایز رسول خدر

هەروەهاخۆش بەختانە ئەوانەی لەژیاندا ماون وەک:

عمر ئەحمەد بابکر
عبدالله مستەفا عزیز
ئیسماعیل حمد عباس
محمد علی مستەفا
جمال کمال عسمان
عسمان کمال عسمان

بەداوای لێ بوردنەوە ئەگەر هەبن لە بیرم چوبن،

لێرەوە لە ساڵ ڕۆژی ئەو کارەساتە گەورەیەی بەسەر گوندەمان و سنورەکەمان داهات، کە بۆ هەتاهەتایە ئەو خەسارەتە پڕ ناکرێتەوە. سەری ڕێز لە ئاست ڕوحی غەدر لێ کراویان دا ئەنەوێنین. نەفرەت و ڕوڕەشی بۆ دوژمنان دەنێرین،بەڵێنی وەفاداراانە و درێژەدان بە ڕێبازەکەیان دوپات دەکەینەوە.

کوردستانی نوێ و یەکەم یادکردنەوەی کیمیابارانی شێخوەسان و بالیسان

ئا. شازدەی چوار

دوای ئەوەی لە ١٩٨٧/٤/١٦ شێخوەسان و بالیسان ی دۆڵی بالیسان لە لایەن رژێمی بەعسەوە کیمیاباران دەکرێن، ئەو دەم لە کۆمەڵێک میدیای ناوخۆیی و جیهانی دەنگدانەوەی لێکەوتەوە. هەروەها بۆردومانەکانی دواتریش بەهەمان شێوە کاردانەوەیان لێکەوتەوە...

لەدوای ڕاپەڕین، یەکەمین یادکردنەوەی ڕۆژنامەوانی کوردستانی نوێ پێی هەڵسا، کە تیایدا کۆمەڵێک نوسەر بابەتیان لەسەر تراژیدیاکە نوسیوەو هەروەها بەدواداچوون و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانیش ئامادە کراون.

لە ژمارە ٣٦٥ ی ڕۆژی ١٩٩٢/٤/١٦ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ڕوومالێکی فراوانی یادی کیمیاباران ٤/١٦ی ١٩٨٧ ی دۆڵی بالیسانی کردووە، کە تیاید لە لاپەرە چوار بابەتێک بە ناو نیشانی (دۆڵی بالیسان یادێکی نەمر) لە لایەن (اسعد حمە احمد نوسراوە)، نوسەر باس لە بەهانا وەچوونی خەڵکی ڕانیەو بارودۆخی بریندارەکان دەکات، هەروەک باس لە بارودۆخی بریندارەکان و قوربانیەکان دەکات.

لاپەرە پێنج بەتەواوی تەرخانکراوە بۆ یادی ئەو تاوانکاریە، کە تیایدا بابەتێک بە ناوی (نەخۆشی کیمیام) لە لایەن (مەولود ئیبراهیم حەسەن) ئامادە کراوە، کە خۆی لە بنەڕەتدا گفتوگۆیەکە لە گەڵ میردمندالێکی بەرکەوتووی چەکی کیمیایی بە ناوی (محەمەد عەبدوڵلا) کە ئەوکاتەی کیمیا لە گوندەکەی دراوە تەمەنی تەنها هەشت ساڵان بووە، نوسەر لە پێشەکی دیمانەکەدا دەڵێ: "بەهەموو خەڵکی دەڵێن بۆ ئەوەی بژین پێویستە هەناسە بدەن، بەڵام کەس بەو کوردە خێرلەخۆ نەدیوەی نەوت بۆ ئەوەی بژین پێویستە هەناسە نەدەن!" موحەمەد باس لە ڕۆژی کیمیاباران و ژمارەی فرۆکەکان و بارودۆخی بریندارانی دەکات، دەڵێ هەموومان دەرشاینەوە، هەروەک باس لە جیا کردنەوەی ژن و منداڵ و پیاوەکان دەکات و

دەڵێ: "هەموومان چاومان کۆرە بووبوون، پیاوەکمان لە گەڵدا بوو چاوی ساغبووین، دەستمان لە پشتی وی گرتبوو کە دەڕۆیشتین" دواتر باس لە جیابوونەوە دەکات و ئاماژە بەوە دەدا کە باوکی بە مامۆژنی گوتوە ئاگات لە محەمەدی بی، دواتر سواری زیلی عەسکەریان دەکەن دەیانهێننە خەلیفان و لەوێ فرێیان دەدەن، محەمەد دەڵێ: "مامۆژنم گوتیە عەسکەران ئەوە چمان لێدەکەن؟ گوتیان **ئەنگۆ لێرە بن هەتا گور بتانخوا، گورگ!**"

گوردستانی نوێ

تاوان

سەرەکام

عبدالله کانی بەردی

هەر لە هەمان لاپەڕە راپۆرتێک لە لایەن پەیامنێری شەقڵاوە ئامادە کراوە کە چەند برینداروبەرکەوتوبەکی خەڵکی دەڤەرەکەی دواندوون، لەوانە کچە شەهیدێک بە ناوی (ڕێزان) دەڵێ: "باوکم بگەڕێتەوە چونکە ماوە، ئەگەرنا کوا گۆڕەکەی لە کوێیە؟" هەروەها پەیامنێرەکە نوسیویەتی لە گوندی شێخ وەسانان چوینە لای ژنێکی ڕەنگ هەلبزرکاو بەناوی (فاتیمە) ئەو ژنە کە یازدە کەس لە خێزانەکەی شەهیدن، باس لەوە دەکات کە **پێویستە گرنگی زیاتر بە کەس و کاری شەهیدان بدرێت، داوای هێنانی جادەو دابین کردنی دکتۆر دەکات.**

وتارێک لە ژێر ناو نیشانی (تاوانی سەردەم) لە لایەن (عەبدوڵڵا کانی بەردی) نوسراوە، نوسەر لە ووتارەکەیدا باس لە کیمبارانی ناوچەکە دەکات و ئاماژە بەوە دەدا کە ڕژێم لە دوای داستانی ڕزگاری هێرشی کردۆتە سەر دۆڵی بالیسان گوندەکانی شێخ وەسان و کانی بەردو بالیسانی بە چەکی

کۆکـوژی کیمیـایی بۆردومـان کـردووە، نوسـەری ووتارەکـە ئاماژە بـەوە دەکات کـە هـەمان رۆژ رژێـم زنجیـرە چیاکـانی ئاراسـن و دەرەداروشـۆپەو سـەرباری خـەتێیان کیمیابـاران کردووە، هەروەک تیشک دەخاتە سـەر گواستنەوەی بریندارانبۆ نەخۆشـخانەی رانیـەو هەولێر- مەخمور لە گۆڕێکی بە کۆمەڵـدا روفـاتی ٢٥ شـەهیدی شـێخ وەسـان و بالیسـان دەدۆزرێنـەوەو دەهێنرێنـەوە لـە گۆرستانی شەهیدانی کیمیایی لە بالیسان بە خاک دەسپێردرێن.

بـەهاناوەچوونی دڵسـۆزانەی خـەڵکی شـارەکە بـۆ بریندارانی، **دواتـر بـە فیتـی سـیخورەکانی رژێـم بریندارەکان بـۆ هـەولێرو سلێمانی گوازرانەوە**، لە سلێمانی بە هەوڵی دڵسۆزان غـەم خۆران بریندارەکان دەربـاز دەکـرێن و رزگاریـا دەبـی، بـەڵام بەداخـەوە لـە هـەولێر زوو دەیانگوازنـەوە بـۆ بەندیخانـەو دواتـر ژن و منداڵەکان لـە پیاوەکـان جیـا دەکەنـەوەو پیاوەکـان بـێ سـەروشـوێن دەکـرێن، ژن و منداڵـەکانیش لـە خـەلیفان فـرێ دەدرێـن. هـەروەها عەبدوڵڵا کـانی بـەردی نوسیویە تـی لـە ١٩٩١/٩/١٨ لـە سـەر رێگـای لـە دوا لاپـەرەی هـەمان ژمـارەی کوردستانی نوێ و لەگۆشـەی (لە جیاتی ستوون) بابـەتێکی (ئازاد جونـدیانی) کـە ئـەودەم جێگـری سـەرنوسـەری کوردسـتانی نـوێ بـوە، بـاس لـە تـاوانی شـازدەی چوار کراوە، نوسـەر دەڵـێ: "**ئـەو رۆژەی شێخوەسـان و بالیسـان کیمیابارانکران ، وەک هەمیشـە دروشـمی جـوانتر دروسـتی دەکەینـەوە** لەناخـەوە دەگوتـەوە" نوسـەر باس لەوە دەکات خـەڵکی ئـەوێ دەمـێ زوو ئـەو دروشـمەیان کـردە واقیـع و لـە بنـاری چیـای شـۆپەو دەرەدار کۆلیـت و کونـە ئەشـکەوتیان ئـاوەدان کردنـەوە و لـەوێ بـەدەیان جـار میوانـداری پێشمەرگە دەکرا، ئازاد جوندیانی داوای ئـەوە دەکات کـە پێویسـتە حکومـەتی هـەرێم بەبەرنامـەی تایبـەت ئـەو دوو دێیـە ئـاوەدان بکاتەوە.

لە یەکەم رۆژی سیمیناری گوفاری کاروان‌دا

کیمیابارانی دۆڵی بالیسان و یادێکی نەمر

کیمیاو خەردەل

مەجید عەبدولڕەحمان
لەژێر سێبەری شاخی شۆپەو
ودەرەداری،
شین و واوەیلایەو ڕۆڕۆ،
خدرە بچکۆڵ لە سەر شاخی
(بەردەسێنێ)
بانگی (کیمیا)ی مەحمەدی
فەقێ دەکات،
سولەیمانی مام شێخی لەسەر

قوپی (کوێرە کاول)لەسەر
تڕۆپکی (سێمانان)چریکەی
بۆ عەرشی خوا دەڕوات،
هاوار ، هاوار، هاوار
پایتەختی سەرکردەکانی کورد
سەری دەبڕێ،
بەڵام ئەفسوس کەس لەو
گوندە
گوێی لە هاواری وان نابێ،
کەس بە هاواریانەوە ناچێ،
گەرویان گیراوە، گوێیان کەڕ
بووە بە بۆنی سێو،
ئای سێو ! هەر تۆ بوبە هۆی
تێکدانی ژیانی حەواو ئادەم
لەنازو نیعمەتی بەهەشت،
ئێستاش بوبە هۆی سەربڕینی
پایتەختی سەرکردەکان و دوو
منداڵە شەوو ڕۆژییەکەی ئێمە
کیمیاو خەردەل.
کیمیا : منالێکی یەک شەوە -
بوو، کوڕی (مەحمەدی فەقێی)
شێخوەسانان بوو.
(خەردەل) هەر لەو یەک -
دوو شەوە لەدایک بووە، کوڕی
(سولەیمانی مام شێخ)ی بوو.
لە ئێوارەی ١٦ی ٤ بالیسان
وشێخوەسانان لەداردەدرێ.
بالیسان وشێخوەسانان
لەداردەدرێ،
بەدەستووری حامورابی و گشت
یاساکان،
بە حوکمی خواو ئایەی قورئان
بە شمشێری زولفەقاری ئیمام
عەلی وبەشەرعی هەموو
دینەکان،
لەبەرچاوی ڕێکخراوی مافی
مرۆڤ وگشت نەتەوە
یەکگرتووەکان،
بە فتوای هەموو سەرکردەو
بنکردەکانی گشت وڵاتانی
موسڵمان،
فەرمانی لە سێدارەدانمان دا
بۆ شێخوەسان وبالیسان.
لەئێوارەی ١٦ی ٤ ساڵی ١٩٨٧
جێبەجێ دەکرێت

لە کیمیا بارانەوە بەرەو پێشکەوتنی بواری وەرزش

پاش ئەوەی کە ڕژێمی بەعس نەیتوانی بەرامبەر بە هێزی پێشمەرگە پێش ڕەوی بکات. ناچاربو چەکی کیمیاوی قەدەغەکراوی بەکار هێنا لەناوچەکەمان، بەداخەوە چەندین قوربانی لێکەوتەوە و گوندەکانیشمان وێران بوو. بەڵام لە دووای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، ناوچەکەمان ئاوە دان کراوە لە لایەن گوند نشینانەوە،

لەدوای ئەوە لە زۆر بواردا پێشکەوتین، بەتایبەتی بواری وەرزش، لە نێویشیاندا هونەری بەرگری کیک بۆکسینگ . لە ساڵی ٢٠٠٣ بەهاوکاری ناحیەی بالیسان و بنکەی وەرزشی ئەو کاتەو هاوکاری بەرپرسانی ناوچەکەمان تیپی کێک بۆکسنگ دامەزرا .

وە بە پشتیوانی یەکێتی کیک بۆکسینگ سلێمانی، لە ماوەی ڕابردوودا تیپەکەمان بەژداری ئیختیباری کرد لە شاری سلێمانی و نمایشی وەرزشی ئەنجامدا . وە لە ساڵی ٢٠٢١ توانیمان بەهاوکاری یەکێتی کیک بۆکسنگی سلێمانی بەژداری پالەوانیەتی کوردستان بکەین کە لە شاری هەولێر ئەنجام درا. هەرچەندە دەرئەنجامی باشمان نەبو، بەڵام توانیمان ناوی تیپەکەمان کە تیپی کیک بۆکسنگی بالسان بچێتە ناو پالەوانیەتی کوردستان.

وە تیپەکەمان کە چەندین جار دابراوین بۆ ماوەیە کی دریژ خایەن بە هۆکاری نەبونی شوێن.هیودارم لەم گۆڤارە دا دەنگمان بگاتە بەرپرسانی حکومی بۆ ئەوەی هولێکی وەرزشیمان بۆ دروست بکەن، بۆ ئەوەی بواری وەرزشی زیاتر گەشە بکات.

ڕاهێنەری کیک بۆکسینگ
مهاجیر بابکر

تەندروستی دەروونی لای بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی

جێگر فەقێ شێخوەسانی

سەرەتا بابزانین تەندروستی دەروونی چیە:

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی «WHO»بەمشێوە تەندروستی ناساندووە: «دۆخێکی تەواوەتییە لە باشبوون لە ڕوی جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتی. نەک تەنها نەبوونی نەخۆشی». لەم پێناسەیەوە دەتوانین تەندروستی بە سێ خاڵ ڕونبکەینەوە:

_ باشبوونی تەواوەتی واتە نەبوونی کێشە و ئاریشە.

_ ئەو باشبوونە دەبێت لە هەرسێ لایەنی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بێت.

3.ئەگەر نەخۆش نەبین مانای ئەوە نییە کە تەندروستین!

واتە تەندروستی دۆخێکی تەواوە نەک تەنها بەشێک بێت، دەبێت مرۆڤ هەموو پێکهاتەکانی بەیەکەوە باشبن و ئارەحەتی و سکاڵایان نەبێت! نەک تەنها لە ڕوی جەستەییەوە تەواوبێت و ئێتر بە کەسێکی تەندروست بزانرێت! یان مرۆڤێک گرفتی گەورەی دەروونی هەبێت و بە تەندروست بزانرێت .

هەرکات لە هەرسێ لایەنی جەستەییمان کە بریتییە لە لایەنی مادی ئێمەی مرۆڤ و لایەنی دەروونیمان کە بریتییە لە پێکهاتەی ڕوحی و ناوەکیمان و لایەنی کۆمەڵایەتییمان کە بریتییە لە توانا و شێوازی مامەڵەمان لەگەڵ چواردەور تەواو و باشبووین ئەو کاتە دەتوانین بڵێین ئێمە تەندروستین

-تەندروستی دەروونی ئاماژەیە بۆ باشبوونی سۆزداری و دەروونی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ. لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان لەخۆدەگرێت، لەوانە:

خۆشگوزەرانی سۆزداری

١_ ڕێکخستنی سۆزداری: بەڕێوەبردنی هەست و سۆز و مەزاج.

٢_ خۆڕاگری: ڕووبەڕووبوونەوەی ناخۆشی، زەبر، یان فشار.

٣_ زیرەکی سۆزداری: ناسینەوە و تێگەیشتن لە هەستەکان لەخۆ و کەسانی تردا.

خۆشگوزەرانی دەروونی

١_ ئەرکی مەعریفی: بیرکردنەوە، فێربوون، چارەسەرکردنی کێشەکان، بڕیاردان.

٢_ خۆئاگابوون: تێگەیشتن لە بیرکردنەوە و هەست و بەها و ئامانجەکانی مرۆڤ.

٣_ خۆبەگەورەزانین: متمانە بەخۆبوون، بەهای خۆت، و خۆ قبوڵکردن.

خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی

١_ پەیوەندی: دروستکردن و پاراستنی پەیوەندی تەندروست لەگەڵ ئەوانی تر.

٢_ پەیوەندی: پەیوەندی زارەکی و نازارەکی کاریگەر.

٣_ پاڵپشتی کۆمەڵایەتی: هەبوونی تۆڕێک لە کەسانی پشتیوان.

خۆشگوزەرانی گشتی

١_ ڕەزامەندی ژیان: هەستکردن بە ڕازیبوون و بەدیهاتن.

٢_ ئامانج و مانا: هەبوونی ئامانج و بەها و هەستکردن بە ئاراستە.

٣_ تەندروستی جەستەیی: پاراستنی شێوازی ژیانی تەندروست، لەوانە وەرزش و خۆراک و خەوتن.

بابزانین تێکچونی تەندوستی دەرنی چیە

تێکچوونی تەندروستی دەروونی: کە بە نەخۆشییە دەروونییەکان یان تێکچوونی دەروونی ناسراوە، ئاماژەیە بۆ ئەو حاڵەتانەی کە کاریگەرییان لەسەر باری دەروونی و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی کەسەکە هەیە. ئەم بارودۆخانە دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر ژیانی ڕۆژانە و پەیوەندییەکان و خۆشگوزەرانی گشتی.

جۆرە باوەکانی تێکچوونی تەندروستی دەروونی:

١_ تێکچوونی باری دەروونی: خەمۆکی، تێکچوونی دوو جەمسەری، تێکچوونی سۆزداری وەرزی(SAD)

٢_ تێکچوونی دڵەڕاوکێ: دڵەڕاوکێی گشتگیر، تێکچوونی ترس، تێکچوونی دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی، فۆبیا

٣_ تێکچـــــوونی کەســـــایەتی: تێکچوونی کەسایەتی سنووری، تێکچوونی کەسایەتی نەرگسی

٤_ تێکچـــــوونی دەروونـــــی: شـــــیزۆفرینیا، تێکچـــــوونی شیزۆئەفێکتیف

٥_ تێکچوونی پەیوەندیدار بە زەبر و زەنگ: نەخۆشی فشاری دوای زەبر(PTSD) ، نەخۆشی فشاری توند

ســـــتەم، ئـــــاوارەبوون، و لەدەســـــتدانی پشـــــتیوانی کـــــۆمەڵایەتی دەتوانێـــــت کێشـــــەکانی تەندروســـــتی دەروونی توندتر بکات.

٦_ تێکچـــوونی گەشـــەکردنی دەمارەکـــان: تێکچـــوونی چـــالاکیی زۆر کەمـــی ســـەرنج(ADHD) ، تێکچوونی سپێکتریمی ئۆتیزم

٧_ تێکچـــوونی خـــواردن: بێئاگـــایی لە خـــواردن، دەمـــاری بولیمیا، تێکچوونی زۆر خواردن

٨_ تێکچـــوونی خەو: کەمـــخەوی، وەســـتانی هەناســـەدان لە خەودا، خەوالۆویی

تایبەتمەنـــدییەکانی تێکچـــوونی تەندروستی دەروونی:

١_ نـــــاڕەحەتی: ئـــــازاری سۆزداری یان ناڕەحەتی بەرچاو

٢_ تێکچـــوون: دەســـتوەردان لە ژیـــانی ڕۆژانە، پەیوەنـــدییەکان، یان کار

٣_ شـــــێوازی ڕەفتـــــار: دووبـــــارەبوونەوەی شـــــێوازی بیرکـــــردنەوە، هەســـــتکردن، یـــــان ڕەفتار

٤_ مـــاوەی: نیشـــانەکان بـــۆ مـــاوەیەکی بەرچـــاو بەردەوام دەبن

هۆکـــاری کـــاریگەرە کـــانی تێکچونی تەندروستی دەروونی

هۆکارە بایۆلۆژییەکان

١_ بۆمـاوەیی: میـژووی خێزان و مەیلـی بۆمـاوەیی دەتوانێـت ڕۆڵ بگێڕێـت لە گەشـــەکردنی تێکچـــــوونی تەندروســـــتی دەروونی.

٢_ کیمیای دەمـار: ناهاوسـەنگی لە گواسـتەرە دەمارییەکـان وەک ســـــیرۆتۆنین، دۆپـــــامین، و نـــــۆرۆئەپینفرین دەتوانێـــــت بەشـــــداربێت لە تێکچـــــوونی تەندروستی دەروونی.

٣_ پێکهاتەی میشک: نائاسایی لە پێکهـــــاتەی میشـــــکدا، وەک گۆڕانکـــاری لە ئامیگـــدالا یـــان هیپۆکـــــــــامپوس، ئەگەری تووشـــــبوون بە تێکچـــــوونی تەندروســـــتی دەروونـــــی زیـــــاد دەکات.

هۆکارە ژینگەییەکان

١_ زەبـــر: ئەزمـــوونکردنی ڕووداوە زەبربەخشـــەکان، وەک ئـــــازاردانی جەســـــتەیی یـــــان سۆزداری، مەترسی تووشبوون بە نەخۆشییە دەروونییەکان زیاد دەکات.

٢_ ســـــتریس: فشـــــاری درێژخایەن دەتوانێت بەشداربێت لە دروســـتبوونی تێکچوونەکـــانی تەندروســـــتی دەروونـــــی، وەک دڵەڕاوکێ و خەمۆکی.

٤_ دابڕانـــــی کـــــۆمەڵایەتی: نەبـــوونی پاڵپشـــتی کۆمەڵایەتی و دابڕانی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی زیـادبوونی مەترسـی تووشـبوون بە تێکچـــــوونی تەندروســـــتی دەروونی.

هۆکارە دەروونییەکان

_ شێواندنی مەعریفی: شێوازی بیرکـــــردنەوەی نەرێنـــــی و شـــێواندنی مەعریفـی دەتوانێـت بەشـــداربێت لە گەشـــەکردنی تێکچوونی تەندروستی دەروونی.

_ کەم خۆبەگەورەزانین: خراپی خۆبەگەورەزانین و بەهای خۆت دەبێتە هۆی زیادبوونی مەترسی تووشـــبوون بە تێکچـــــوونی تەندروستی دەروونی.

_ ڕەفتاری فێربوو: ڕەفتـارە فێربووەکـان، وەک خۆپاراسـتن یـــان بەکارهێنـــانی مـــادە هۆشبەرەکان، دەتوانن بەشداربن

لە گەشەکردنی تێکچووونی تەندروستی دەروونی.

فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکان

_ دۆخی ئابووری کۆمەڵایەتی: هەژاری، بێکاری، و بێبەشی ئابووری کۆمەڵایەتی دەتوانێت مەترسی تووشبوون بە تێکچووونی تەندروستی دەروونی زیاد بکات.

_ هۆکارە کولتوورییەکان: نۆرم و بەها و چاوەڕوانییە کولتوورییەکان دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر گەشەکردنی تێکچووونی تەندروستی دەروونی.

_ سۆشیال میدیا: زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا دەبێتە هۆی دروستبوونی تێکچوونەکانی تەندروستی دەروونی، وەک دڵەڕاوکێ و خەمۆکی.

هۆکارەکانی تر

_ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان: بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان دەتوانێت بەشداربێت لە گەشەکردنی تێکچووونی تەندروستی دەروونی.

_ بارودۆخی پزیشکی: هەندێک حاڵەتی پزیشکی، وەک نەخۆشی دڕێژخایەن یان ئازار، ئەگەری تووشبوون بە تێکچووونی تەندروستی دەروونی زیاد دەکات.

_ تێکچووونی خەو: تێکچووونی خەو، وەکو کەمخەوی یان وەستانی هەناسەدان لە کاتی خەودا، دەتوانێت بەشداربێت لە گەشەکردنی تێکچووونی تەندروستی دەروونی.

بەشێوەیەکی گشتی کاری گەری [شەرو،جەنگ] لەسەرتەندوستی دەرنی:

زیانی دەروونی شەڕ

_ تێکچووونی فشاری دەروونی دوای کارەسات(PTSD) ، کە بە فلاشباک و کابوس و دڵەڕاوکێی توند تایبەتمەندە.

_ خەمۆکی و دڵەڕاوکێ: زەبر و فشاری شەڕ دەبێتە هۆی خەمۆکی و تێکچووونی دڵەڕاوکێ و حاڵەتەکانی تری تەندروستی دەروونی.

_ برینی میشکی زەبربەخش :(TBI)تەقینەوە و ڕووداوە زەبربەخشەکانی تر دەبنە هۆی تووشبوون بەTBI ، کە دەبێتە هۆی کێشەی مەعریفی و سۆزداری و ڕەفتار.

_ بریندارببوونی ئەخلاقی: تەحەددای ئەخلاقی و ئەخلاقی شەڕ دەتوانێت ببێتە هۆی هەستکردن بە تاوانباری و شەرم و پەشیمانی.

ئەو هۆکارانەی بەشدارن لە کێشەکانی تەندروستی دەروونی

١_ بەرکەوتنی شەڕ: ئەزموونی شەڕی ڕاستەوخۆ ئەگەری تووشبوون بە کێشەی تەندروستی دەروونی زیاد دەکات.

٢_ ئاوارەبوون و دۆخی پەنابەران: ئاوارەبوونی زۆرەملێ و دۆخی پەنابەری دەتوانێت کێشەکانی تەندروستی دەروونی توندتر بکاتەوە.

٣_ زیانی مەدەنی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ: شایەتحاڵی یان ئەزموونکردنی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەتوانێت لێکەوتەی توندی تەندروستی دەروونی لێبکەوێتەوە.

_ نەبوونی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی: پشتیوانی کۆمەڵایەتی و سەرچاوەی ناتەواو دەتوانێت دەرئەنجامەکانی تەندروستی دەروونی خراپتر بکات.

کێشە باوەکانی تەندروستی دەروونی لە نێوان قوربانیانی چەکی کیمیایی:

_ تێکچووونی فشاری دەروونی دوای کارەسات :(PTSD) فلاشباک و کابوس و دڵەڕاوکێی توند لەنێو ئەو کەسانەی کە لە مردن ڕزگاریان بووە باون.

_ خەمۆکی: هەستکردن بە بێهیوایی و تاوانباری و خەمۆکی

دەتوانێت زۆر دوای بەرکەوتنی سەرەتایی بەردەوام بێت.

_ تێکچوونی دڵەڕاوکێ: ترس و دڵەڕاوکێ و وریایی زۆر دەتوانێت ببێتە سەرکوتکەر.

_ ئازاری دڕێژخایەن: ئازاری جەستەیی دەتوانێت بەشداربێت لە کێشەکانی تەندروستی دەروونی وەک خەمۆکی و دڵەڕاوکێ.

ئەو هۆکارانەی کە کێشەکانی تەندروستی دەروونی توندتر دەکەنەوە:

_ نەبوونی دەستڕاگەیشتن بە چاودێری پزیشکی: چاودێری پزیشکی ناتەواو دەبێتە هۆی خراپترکردنی نیشانەکانی جەستەیی و دەروونی.

_ دابڕانی کۆمەڵایەتی: ستەم، ئاوارەبوون، و لەدەستدانی پشتیوانی کۆمەڵایەتی دەتوانێت کێشەکانی تەندروستی دەروونی توندتر بکات.

_ ململانێی بەردەوام: بەرکەوتنی بەردەوام بە تووندوتیژی و نادڵنیایی دەتوانێت کێشەکانی تەندروستی دەروونی دڕێژخایەن و چڕتر بکاتەوە

دەتوانین کاریگەریەکان لەم خالانە چربکەینەوە

کاریگەری دەستبەجێ

١_ شۆک و ئینکاری ڕووداوە زەبربەخشەکە.

٢_ دڵەڕاوکێ و ترس: ترس لە مردن، بریندارببوون، یان زیانی زیاتر.

٣_ زۆر وریایی: زیادبوونی وریایی، زیادەڕەوی لە وەڵامدانەوەی سەرسوڕمان.

کاریگەری دڕێژخایەن PTSD

١_ فلاشباک، کابوس، دووبارەکردنەوە لە هۆکارەکان.

٢_ خەمۆکی: دڵتەنگی بەردەوام، لەدەستدانی حەز، گۆڕانکاری لە ئارەزووی خواردن/خەوتن.

٣_ تێکچوونی دڵەڕاوکێ: فۆبیا، تێکچوونی ترس، دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی.

٤_ ئازاری دڕێژخایەن: ئازاری جەستەیی، زۆرجار خەمۆکی/دڵەڕاوکێ لەگەڵدایە.

لە ژێر ڕۆشنایی زانستی دەروونی و بەرکەوتن و ژیان لەگەڵ بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بارودۆخی بەرکەوتوانی کیمیاوی زۆر خراپە کەچی جێگای ئەسەفە تاوەکوو ئێستا وامامەڵە لەگەڵ بەرکەوتوانی کیمیاوی کراوە کەتەنها پێکهاتیەکی جەستەیی سرف مادین و تەنیا بەدووای نەخۆشیەجەستەیەکان گەراون بێ ئەوەی هیچ گرنگی بدرێ بەلایەنی دەروونی بەرکەوتوانی زامدار بەچەکی کیمیاوی

کتێبی گەشت بەناو بریندا

ناساندنێکی کورت

ئا. شازدەی چوار

پێکهاتەی کتێبەکە یاخود ناوەرۆک بریتیە لە:

کورد و دەوڵەتی عێراق

تاوانە گەورەکە :

سـاڵی تـاوانە گەورەکە

باسی ڕوداوەکانی ساڵی ١٩٨٨ دەکات کە ساڵی ڕووداوە گەورەکان بوو، بەتایبەتیش باسی ئەنفال و گۆڕی بەکۆمەڵی بیابان و دەستبەسەرکراوانی نوگرەسەلمان دەکات.

هەرچەندە ئەم کتێبە دەربارەی قەڵای نوگرەسەلمانە و ناوەڕۆک پەیوەندیی بە ڕووداوەکانی ناو قەڵا و ئەشکەنجە و زەلیلکردنی مرۆڤەوە هەیە، بەڵام سنووری قسەی نوسەر لەناو قەڵادا بەند نیە، چونکە دەستبەسەرکراوەکانی نوگرەسەلمان لە ناوچەی جیاجیای کوردستانەوە هێنرابوون، پەلاماری ئەنفالیش تایبەت نەبووە بە خەڵکی یەک ناوچە و چەند گوندێک و یەک شوناسی ناوچەیی، بەڵکو ئەنفال هەموو ناوچەکانی کوردستانی گرتووەتەوە، لە هەموو شارۆچکە و گوند و قوژبنێکی کوردستانەوە خەڵکیان گرتووە و ڕەوانەی تۆپزاوا، دوبز، قەڵای نزارکێ و گۆڕی بەکۆمەڵ و نوگرەسەلمانیان کردووە. بۆیە جارجار باسەکانیش سنوری ناو ئەو زیندانە دەبەزێنن، لە نوگرەسەلمانەوە بۆ گەرمیان و لە گەرمیانەوە دەچێتەوە بۆ هەڵەبجە، لەوێوە بۆ ناوچەی قەڵاسێوکە و شێخ بزێنی، شوان و خۆشناوەتی و بالیسان، هەندێک جاریش سەر بە بادینانداا دەکەن و دەچنەوە بۆ قەڵای نزارکێ، چونکە وەسفکردنی شایەتحاڵە ئازارچەشتووەکان بە دەست نوسەرەوە نیە، ئەوەی ئەوان وەسف و وێنای دەکەن ئەزموونی ژیانی خۆیانە لە شوێندا، چ لە پێش ئەنفال و چ لە دوای ئەنفال، چ لە گوند و زێدی خۆیاندا، چ لە نوگرەسەلماندا، ئەمەش کۆکەرەوەی ڕەهەندە کولتووری و دەروونی و میژوویەکانی ئەوانە، نەک خەیاڵ و وێنای داتاشراوی نوسەر... خۆیان باسی ئازاری خۆیان دەگێڕنەوە و وێنای دەکەن، نوسەر تەنها ئەرکی گواستنەوەیانی بە ئامانەتەوە لەئەستۆ گرتووە.

کەمپەکانی کۆکردنەوە و دەستبەسەرکردن

لەم کتێبەدا نوسەر نوگرەسەلمان بە تاقە شوێن ئەنفالکراوانی نازانێ کە تێدا دەستبەسەر بوون، بەڵکو ئاماژە بە چەند کەمپێک دەکات کە بۆ بەڕێوەبردنی ئامانجی کۆمەڵکوژییەکە هەبوون، هەندێکیان کەمپی کاتی و لاوەکی بوون، چەند دانەیەکیشیان کەمپی هەمیشەیی بوون بۆ دەستبەسەرکردنی ئەو گوندنشینانەی لە پەلاماری ئەنفالدا دەگیران، بەڵام کەمپی تۆپزاوا سەرەکی بوو بۆ جیاکردنەوە کێ دەبێت بکوژرێ و کێ ڕەوانەی نوگرەسەلمان بکرێت.

بەشێکی ئەم کتێبە دەربارەی دونیای مرۆڤە دڵشکاوەکانە

نوسەر دەڵێت : ئەم کتێبەش ناتوانێت هەموو ئەوەمان نیشان بدات کە لە نوگرەسەلماندا ڕووی دا، ئەوانەی نووسراون و ئەوانەی لەمەولاش دەنووسرێن، ناتوانن هەموو دیوەکانی نیشان بدەن، بگرە ئەگەر هەموو وردەکارییەکمان بووێت، نەک هەموو ئەوەی ڕووی داوە، بەڵکو هەر ئەوەندەی بیستوومە هەموو تەمەنم خەریکی بم بەشی



گێرانەوەی ناکات، چونکە هێشتا دیوێکی شاراوەی ماوە کە تەنها کارەکتەرەکان خۆیان دەتوانن ڕووناکیی بخەنە سەر، من هەرچیم کردبێت و چەندی کۆشابم، هەر ئەو وێنانەم گواستووەتەوە کە نیشانیان داوم، ئەوپەڕەکەی تواننیبێتم وردتر لە وێنەکە بروانم.

گەشت بەناو بریندا

ئەم بەشە گرنگترین بەشی کتێبەکەیە شۆربوونەوەو وردبوونەوەیە لە ڕوداوەکان لەچیرۆکی کەسەکان چ ئەوانەی خۆیان ڕاستەوخۆ قسەیان بۆ نوسەر کردووەو چ ئەوانەی قسەیان بۆ ڕادیۆو تیڤی و ڕۆژنامەنوسانی تر کردووە. سەرنج وتێبینی دەربارەی شایەتحاڵەکانی ئەنفال نوسیوە هەر لەم بەشەدا نوسەر دەپرسێت ئەمرۆ بۆچی لێرەین؟ دواتر ڕونی دەکاتەوە کە لەبەر ئەوەی ڕۆژی ١٦ی ئایاری ساڵ بە ڕۆژی گۆری بەکۆمەڵ دانراوە، لەبەرئەوەی ئەم ڕۆژە بووەتە یادەوەریی گۆری بەکۆمەڵ لەوڵاتدا، چونکە لەو ڕۆژەدا زۆرترین گۆری بەکۆمەڵ لە عێراق دۆزرانەوەو دواتر هەڵدرانەوە. لەم کتێبەدا نوسەر ئاماژەی بە خاڵێکی گرنگ کردووە و ڕونی دەکاتەوە کە گۆری بەکۆمەڵی بیابان تەنها هیی کوردانی ئەنفالکراو نین، بەڵکو هیی عەرەبەکانیشن، چ هیی عێراقییەکان و چ هیی کوێتییەکان، هیی کوردەکانیش تەنها ئەوانە نین کە لە پرۆسەکانی ئەنفالدا گیراون، دواتر بەکۆمەڵ کوژراون، بەڵکو هیی فەیلییەکان و بارزانییەکانیشن.

ئەمانەو چەندین زانیاری گرنگی تێدایە دەربارەی نوگرەسەلمان و ئەوکەسانەی تێیدا دەستەبەسەر بوون، چێژۆکی زۆرکەسی تێدایەو دەربارەی دواوە بەقاڵەکانی نوگرەسەلمان و پۆلیسەکان و سەربازەکان وئەفسەرەکان حەجاج و شەمخی و مام خەلاس و تەنانەت دەڵاڵەکان. نوسەر هەتا بەرەو بیابان شۆر بووەتەوەو بە چۆڵەوانیدا ڕۆچووە، زیاتر چووەتە ناو یادەوەریی و هەست ونەستی دەستەبەسەرکراوەکانی نوگرەسەلمانەوە. کە بەناو بیاباندا تێدەپەڕێن "ئەو شوانانەم بە بیر دەهاتەوە کە لەناو سروشت و ژینگەیەکی جوانەوە ئەنفالکراون، لە شوێنێکەوە بە زۆرەملێ، وەک دیلێک بۆمەملەکەتێک گواستراونەتەوە کە تەواو نامۆیە. ئەو شوانانەی بەیانیان تێشووی نانەبەرەیان لە پشتیان دەبەست و بەکەیفەوە گۆچانیان ڕادەوەشاند و ڕانیان ڕادەدا بۆ ئەو کەژ و کێوانەی پر بوون لە ئاوو کانی و سەوزایی و گوڵ و درەخت. مەل و باڵندەی کێوی ئاوازیان دەبەخشییە ئەو سروشتە و هەستی شوانەکانیان دەجووڵاند. وا ئێستا لەم بیابانە وشک و بێ ئاو و بێ سەوزاییەدا، لە قەڵایەکدا بەند کراون لە مەرگ زیاتری تێدا نییە. گەشتی نوسەر بەناو بیابانێکدابووە کە هەزاران مرۆڤی کوردی تێدا کوژراوە، هیچ هەنگاوێکی ئاسان نەناوە نەکا ئێسکی منداڵێک لەبن پێیدا وردبێت یان بوکەشوشەکەی ناوباوەشی وردوخاش بێت.

کوڕیژگە کۆییەکە

چیرۆکی کوریژگە کۆییەکە چەندە بەئازارە هێندەش ئومێد بەخشە.. نوگرەسەلمان تاقە شوێن نەبوو پڕبێت لە دیل، بەڵام تاقە شوێن بوو زیندانی پیران بێت ! هەتا درەنگانێک هیچ گەنجێکی تێدانەبوو، نەژن ونەپیاو هیچ منداڵێکیشی تێدانەبوو، نەکورو نەکچ ئەوەی دەبینرا هەر پیرەمێردو پیرەژن بوون کە زۆربەیان خزمەتی خۆشیان پێنەدەکرا، بەڵام دوای ئەوەی پۆلێک ژن و منداڵ لەناو قەڵای سەلمان هەڵدەرژن منداڵێکی تەمەن ١١ ساڵ بێکەس وبێ نامۆ بەناوقاعەکاندا دەخولێتەوەو دەگەری و لەوحەشاماتە تاقە یەک کەس ناناسێت هەتا ژنەگەرمیانیەکان لەودۆخە سەختەدا باوەشی میهرەبانی بۆدەکەنەوەو وەک کوری خۆیان دەیگرنە خۆ ئێستاس سەردار لەکۆیە گوڵفرۆشێکی کارامەیە.. لەبری رق گوڵ بەرهەمدەهێنێ.

لەوێستگەیەکدا باسی سروشتی ناوچەکە دەکات وسکی بیابان بێ دەنگی و بێ ڕەنگی هەڵپروکانی خۆرو کاتی خۆرئاوابوون بەراورد بە کوردستان، باسی تاریکی شەوو کۆبوونەوەی ژنان وپیاوانی کورد لەوبیابانەدا کە لەتاریکە شەوێکدا بەدەوری یەکەوە بەدەم هەنسک وگریان و لاوانەوەو لاڵانەوە ئاپۆرایان بەستووە.

ئەمانەو زۆری تر مردن لەنوگرەسەلمان، ناشتنی مردووەکان دۆخی ژنەکان چیرۆکی فەقێ سوارەو عومەر سوبحان عەلی مەلاعارف ومەرگی ئەنوەری برای. حەجاج وسەعیدو پیازو ئاوی سویر حەجاج و ژنەکان، حەجاج و منداڵەکان، حەجاج و پیرەکان.. حەمەخولەو بەقاڵەکان.

ناوەرۆکی ئەم کتێبە پێکدێنن

شێخ محەمەد بالیسانی

وەك نوێكەرەوەیەكی سەردەم

هاوكار عەبدوڵڵا شێخ وەسانی

شێخ محەممەد بالیسانی زانا و موفەسیر و مونەوەر و نوێكەرەوەی زەمان، ناوێكی دیار لەنێو نوخبەی كۆمەڵگەی عێراقی، ڕەنگە ئەوەندەی لە بەغداو ناوەڕاستی عێراقدا ناسراوە كەمتر لە كوردستان خەڵك ئاشنایەتیان لەگەڵ ئەم ناوە هەبێت. بە داخەوە دەبێت بڵێین لە ئێستادا لە كوردستان نەك هەر یادی ئەم كەڵە زانایە ناكرێتەوە و نایەتە نێو باسان، تەنانەت لە كتێبە مێژوویەكانیش چەند لاپەڕەیەكیان بۆ تەرخان نەكردووە.

بالیسانی خزمەتێكی زۆری بە وێژەی كوردی كردووە، سالانی هەشتاكان زۆرێك لە گەنجانی كورد بە نووسینەكانی گۆشكراون، بەشێك لە مەلاكانی كوردستان ئەم هەنگاوەیان بە لادان لە دین لە قەڵەمدا كاتێك ئەو وەك یەكەم كەس لە ساڵی چلەكان وتاری هەینی كردووە بە كوردی و گوتی مەرج نییە زەكات تەنیا بدرێتە مەلاكان، بەڵام ئەو باكی بە قسەی كەس نەبووە و زانست و زانیارییەكەی بایی ئەوە بووە كە بەرپەرچی نەیارانی خۆی بداتەوە.

شێخی بالیسانی لە ڕووی فەتواداو و شەریعەتدا بۆچوونێكی فروانی هەبووە و تەنیا بە مەزهەبێك پابەند نەبووە، ئەوەندەی ڕێی تێچووبێت لە دەقە ئایینییەكان فەتوای ئاسانی بۆ خەڵك هەڵگوزیوە. بەڵای زۆرێك لە مامۆستایانی ئایینی ئێستاش كردنەوەی ئاگری نەورۆز لادانە لە دین، بەڵام شێخی بالیسانی پێش دەیان ساڵ فەرموویەتی: "ئاگرێك بە دنكە شقارتەیەك هەڵبگیرسێت و بە قومە ئاوێك بكوژێتەوە ئاساییە و كەس ناپەرستێت" هەر بۆیە ئەوانەی لێیەوە نزیك بوونە لەبەر زانایی و حەكیمیەكەی لە بەغدا كاتێك پرسیاریان لێكراوە لەسەر چ مەزهەبێكن گوتویانە ئێمە لەسەر مەزهەبی بالیسانین.

بوونی بالیسانی لە بەغداد كاتی خۆی بۆ بەشێكی زۆر لە خەڵكی

وەک مەرجەعێک بووە بۆ زۆرێک پرس و ڕاوێژ، هەروەها سەرەڕای خراپی باری ئابووریی مالیان بووەتە کاروانسەرا بۆ زۆرێک لە ڕێبوارانی کورد.

شێخی بالیسانی سەرەڕای نووسینی چەندان کتێب لە بواری جیاجیاکانی ژیان هاوکات خاوەنی کۆمەڵێک شیعری ناسک و ناوازەشە کە هیچی کەمتر نییە لە شاعیرانی سەردەمی خۆی، شایانی باسە نازناوی شیعری (داعی) بووە، تا ئەو کاتەی لە ژیاندا بووە شیعرەکانی لە دووتوێی چەند کتێبێکدا بڵاوکردووەتەوە.

شێخ محەمەد بالیسانی ئەگەرچی بە (شێخ) ناسراوە، بەڵام لەبەرئەوەی بەشێکی ژیانی لەگەڵ شێخانی تەریقەت بووە، بۆی دەرکەوتووە کە زۆربەی شێخەکانی کوردستان شیخایەتی بە مەبەستی کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و بە نێوبانگبوونیان دەکەن بۆیە زۆر گرینگی بە لایەنی شێخایەتی نەداوە، لەلای ئەو زانست و دینداری گەلێک لە پێشتر بووە لە پایەی شێخایەتی.

تەفسیری بالیسانی یەکێکە لە تەفسیرە بەهێزەکانی جیهانی ئیسلامی، کە بۆ تەفسیرکردنی زۆربەی ئایەتەکان پشتی بە بۆچوونی خۆی بەستووە، بڵاوبوونەوەی ئەم شاکارە گەورەیە خزمەتێکی گەورەی بە کتێبخانە و مێژوو و کولتووری کورد کرد...

خۆم لە کتێبی (ژیان و بیرەوەرییەکانی شێخ محەمەد بالیسانی) بە وردی سەبارەت بە ژیان و هەڵوێستی ئەم کەڵە زانایەم نووسیوە، لەم نووسینەش کورتەیەک لە لە ژیاننامەی شێخ محەمەد بالیسانی بڵاودەکەینەوە.

ناوی تەواوی (شێخ محەمەد بالیسانی کوڕی شێخ تەهای کوڕی شێخ عەلی گەورە کوڕی شێخ عیسا کوڕی شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ مستەفا کوڕی شێخ عیسای گەورە، ڕەچەڵەکی دەچێتەوە سەر (پیر خضری شاهۆیی) لە نەوەی موسای کازمە، لە ساڵی (١٣٣٦ە - ١٩١٨ز) لە گوندی بالیسان لە بنەماڵەیەکی زانستپەروەر و دیار لە دایک بووە کە چەندان زانای گەورەی شەرعزان و ڕاقەکاری قورئان و بانگخوازیان تیادا هەڵکەوتووە.

لە تەمەنی حەوت ساڵی چووە بۆ خوێندنی حوجرە و بۆ ئەم مەبەستە چەندان شوێنی کوردستان گەڕاوە و باوکی شێخ تەها زۆر خۆشی ویستووە هەر بۆیە لە منداڵیەوە لەگەڵ خۆی بردووە بۆ کۆڕ و مەجلیسی زانست، زۆر ئومێدی پێ بووە کە لە دواڕۆژدا ببێتە پیاوێکی گەورە. شێخ محەمەد لەلای کۆمەڵێک زانای گەورە وانەی خوێندووە، (باوکی خۆی شێخ تەها و برا گەورەی شێخ عەلی و شێخ عومەر، وە خاڵی مەلا ئەحمەد تۆتمەیی، مەلا عەبدولقادر محەمەد جەرجیس بالیسانی و مەلا عەبدوڵڵا سکتانی، مەلا مستەفا تۆتمەیی، مەلا محەمەد سماندارەیی، مەلا محەمەد سکتانی (کاکە مەلا)، مەلا عەبدولرەحمان غەریبۆکەیی). هەروەها سوودی

لە هەریەک لە مەلا فەندی هەولێر و مەلای گەورەی کۆیە بینیوە.

لە ١٩٤١/٤/٥ بڕوانامەی زانستی وەردەگرێت لای بڕا گەورەی شێخ عومەر، هەر لەوساڵەدا ئامۆزایەکی خۆی دەخوازێت بەناوی (عائیشە شێخ محەمەد شێخ عەلی)، لە ساڵی (١٩٤٦) دەبێت بە پێشنوێژو وتارخوێن و وانەبێژ لە مزگەوتی گەورەی بالیسان، لە ساڵی (١٣٧١)ک لە سەر داوای شێخانی بیارە بە وانەبێژ لە قوتابخانەی بیارە دادەمەزرێت کە بۆ ئەوکات بە ئەزهەری کوردستان ناسرابوو، شێخ محەمەد لە بیارە دەمێنێتەوە تا ساڵی (١٣٧٤)ک، لەبەر چەند هۆکارێک بیارە جێدەهێڵێت.

دوای ئەوەی (شێخ عومەر)ی برای دەچێت بۆ هەولێر لەسەر پێشنیاری (شێخ محەمەد)، دواتر خۆشی دەچێت بۆ هەولێر و دەبێتە وتاربێژی مزگەوتی (شێخ عومەر بالیسانی) لە گەڕەکی سێتاقان، وە پێشنوێژ و وانەبێژ لە مزگەوتی (حاجی مەجید قەردار)، دواتر هەر لە شاری هەولێر مزگەوتێک دروست دەکات بە ناوی خۆی کە کاری وانە وتنەوەی تێدا ئەنجام دەدات، بەڵام وەک وتارخوێندنەوە هەر لە مزگەوتی شێخ عومەر دەمێنێتەوە.

لە دوای کۆتایی هاتنی پاشایەتی لە عێراق و هاتنی حوکمی کۆماری، شێخ محەمەد بالیسانی بەشداری دەکات لە خەبات کردن بۆ بەدەستهێنانی مافە ئایینی و نەتەوەییەکان، بۆ ئەم مەبەستە هەڵدەستێیت بە کردنەوەی دەستەی (زانایانی ئایینی سەربەست) (جمعیه علماء الدین الاحرار). هەندێک چالاکی ئیسلامی و نەتەوەیی ئەنجامدا، لەوانە بەشداریکردنی لە ئاهەنگی بۆنەی نەورۆز و هەر لەو یادەدا وتارێکی پێشکەش کردو ڕای خۆی سەبارەت بە نەورۆز دەربڕی کە وەکو یادێکی نەتەوەیی وەربگیرێ نەک وەکو یادێکی ئایینی، وە بکرێتە هۆکارێک بۆ لادانی زوڵم و ستەم و ڕامالینی کۆشک و تەلاری دکتاتۆر و ستەمکارەکان.

دوای دەرچوونی یاسای باری کەسێتی (قانون الاحوال الشخصیه) لە ساڵی (١٩٦٠)ز کە بە پێچەوانەی دەقی قورئانی پیرۆز بووە، شێخ محەمەد بالیسانی نامەیەکی دەنێرێت بۆ سەرۆکی ئەوسای عێراق و بە ڕاشکاوی پێی ڕادەگەیەنێت کە ئەم یاسایە پێچەوانەی دەقی قورئانەو نابێت جێبەجێ بکرێت، بە بەڵگەی عەقڵی و نەقڵی ڕوونی کردەوە، نامەکەشی ناونا (الحق یقال وللمناقشه مجال)، بە شێوازێکی جوان بیری دەخاتەوە کە دەسەڵاتەکانی ڕابردوو بە هۆی لادان لەشەرع و عەدالەت لە ناو چوون، وە عەدالەتی تەواو و ڕاستەقینەش تەنها لە ئیسلامە.

ئەم هەڵوێستەشی بە فەرمی بۆ خەڵک لە مینبەر ڕاگەیاند، دوای ئەوە بە فەرمی لەلایەن حکومەتی (عەبدولکەریم قاسم) فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچوو لە ١٩٦٢/٤/٩، جێبەجێکردنی درایە دەستی (متصرف) (پارێزگار)، ئەم هۆکارە بووە هۆی ئەوەی کە شێخ محەمەد ڕوو بکاتە چیاکان و بەشداری بکات لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلەکەی و لە پێناو لادانی ستەم و خراپەی دەسەڵات .

شێخی بالیسانی بە هۆی زانایەکەی لە نێو شۆڕشدا ئەرکی دادوەری پێ دەسپێردرێت، بەهۆی ڕاستگۆیی و دڵسۆزی و دوور بوون لە بەرژەوەندی تەسکی کەسی و حیزبی دەکرێ بە سەرۆکی (لێژنەی چاکسازی بەردەوام). هەروەها ئەم کارانەشی پێ سپێردراوە: (ئەندامی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی شۆڕش، قازی گشتی کوردستان و ئەندامی دادگای پێداچوونەوە).

بەهۆی لاوازی باری گوزەرانی و دوور بوون لە مااڵ و منداڵ و نەمانی (عەبدولکەریم قاسم) و چەند هۆیەکی تر، شێخ محەمەد دەگەڕێتەوە و دەچێتە شاری (کۆیە) و لە شوێنی (مەلا مەعصوم)ی هەورامی دەبێتە

پێشنوێژ و وتار خوێن و وانەبێژ، ناوبانگی شێخی بالیسانی بە کۆیە و دەوروبەریدا بڵاوەبێتەوە و خەڵکی لە هەموو لایەک بۆ فەتوا ڕووی تێدەکەن، زانایی شێخ محەمەد وا لە خەڵک دەکات کە نازناوی (مەلای گەورە)ی بۆ هەڵبژێرن، کە ئەمە یەکەم کەسە دوای مردنی مەلا محەمەدی جەلیزادە (مەلای گەورە) نازناوی مەلای گەورەی پێ ڕەوا ببیندرێت لەلایەن خەڵکی کۆیەوە.

دوای چەند ساڵێک مانەوەی لە کۆیە بە هۆی خراپی باری ئابووری لەسەر داواکاری یەکێک لە کەسە ناودارەکانی کوبەیسە لە ساڵی (١٩٦٦) دەچێتە ئەم شارە و سەرپەرشتی یەکێک لە قوتابخانە ئیسلامییەکان دەکات.

لە ساڵی (١٩٧٠) شێخی بالیسانی دەچێتە بەغدا لە مزگەوتی (المصرف) دەبێتە پێشنوێژو وتارخوێن، وە لە پەیمانگای ئیسلامی (ڕەسافە) دەبێتە وانەبێژ، بالیسانی دوای ئەوەی جێگیر دەبێت لە بەغدا دەست دەکات بە نووسین لەمەشدا خزمەتێکی بەرچاوی بە بزافی ڕۆشنبیری و کتێبخانەی کوردی کرد، کە زیاتر لە (٢٥) بەرهەمی خستە بەردەمی خوێنەران. لە ساڵی (١٩٨٤) خۆی خانەنشین دەکات، دوو جار وەک (مرشید دینی) نێردراوە بۆ حەج. شێخی بالیسانی وەک سەرۆکی لیژنە بەشداری کردووە لە کۆنگرەی یەکخستنی ڕەمەزان و چێژنەکانی ئیسلامی، پاشان هەڵبژێردراوە بە ئەندامی لیژنەی نووسینی تەفسیر و ڕاڤەی قورئانی پیرۆز لە وەزارەتی پەروەردە .



شێخ محەمەد بە هۆی ئەوەی لە ژیانیدا هەرگیز لە حەق سڵی نەکردووە بەم هۆیەشەوە زۆر جار دووچاری ناڕەحەتی و مەینەتی بووە هیچ کات ملی دانەداوە بۆ ستەمکارییەکانی ڕژێمی (صەدام)، ڕۆژێکیان دەمەقاڵێکی توند ڕووەدات لە نێوان (شێخی بالیسانی) و (عیززت ئیبراهیم الدوری) جێگری (صەدام حسین)، کاتێک شێخ محەمەد بوێرانە باسی ئەو گەندەڵی سیاسی و نادادیەی دەکات کە ڕژێمی عێراق دەرهەق بەگەل و وڵاتەکەی خۆی دەکات بە تایبەت بە گەلی کورد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی چەند جارێک لە کارەکەی دووربخرێتەوە.

مامۆستا بالیسانی لە ژیانی خێزانیدا خاوەنی چوار کوڕ و کچێکە، حەسیبە لە ساڵی ١٩٤٢ لە دایک بووە، مەولانا کە لە ١٩٤٥ لە دایکبووە لە کاتی شەڕی عێراق و ئێران ون بووە، سێ منداڵی لە داوی خۆی جێهشتووە. دوکتۆر ئەحمەد کە کوڕی دووەمی شێخ محەمەدە لە ساڵی ١٩٤٨ لە دایک بووە، خاوەنی شەش منداڵە، دوکتۆر حوسێن کوڕی سێیەمیەتی لە

ساڵی ١٩٥١ له دایک بووه و خاوەنی چوار منداڵه، دوکتۆر ناسح کوڕی چوارەمی شێخ محەمەده له ساڵی ١٩٦٠ له دایک بووه و خاوەنی چوار منداڵه.

کۆمەڵێک قوتابی و زانای ئایینی لەلای شێخی باڵیسانی خوێندوویانه لەوانه: مەلا عەبدلڕەحمان شەمشولەیی، مەلا عوسمان عاڵڵایی، محەمەد تەلەرخیمی، هەردوو کوڕەکەی (د. ئەحمەد و د. حوسێن)، مەلا مستەفا بیارەیی، مەلا ئەحمەد ئیمام، مەلا رەئوف دولەژێری، مەلا عەبدوڵڵا نووربەخشی، مەلا عەبدولکەریم جانەی، مەلا عەبدولحەمید دارەبەنی، مەلا مەحمودی بەحرکەیی، شێخ عەبدولوەهاب ئەعزەمی، مەلا محەمەد صادق وەیسی (سەلمان پاک)، شێخ مەولود تورکی، فەهمی قەزاز، شێخ عەبدولستار عەبدلجەبار، عەبدولقادر عانی، شێخ شاکر جومعه کوبەیسی، د. محەمەد صابر، د. عەبدلسەلام کوبەیسی، د.شێخ عیاده ئەیوب، د. رافع عانی، شێخ فوئاد، د. یوسف حەسان،. ..هتد.

شێخی باڵیسانی کەسێکی زۆر سەخی و بەڕێز و خۆبەکەم زان و دوور له (تکبر) بووه، خۆشەویستیەکی زۆری هەبووه له نێو هەموو چینەکانی کۆمەڵگا به کورد و عەرەب، تابڵێی مێوان دۆست بووه. هەروەها سینگێکی فراوان و عەقڵێکی کراوەی هەبووه، گوێی له بۆچوونی بەرامبەری دەگرت و دەمارگیر نەبوو بۆ مەزهەب و بۆچوونی خۆی. بۆ ئاسانکاری خەڵک هەمیشە فەتوای ئاسانی داوه، کێشەکانی بۆ چارەسەر دەکردن به تایبەت له مامەڵه و مارەیی و تەڵاق، له بیروباوەڕی ئیسلامیدا زۆر خۆگر و دامەزراوبووه. له قسەوگووتار و مەجلیسی دا زۆر ڕاشکاوانه دواوه هەرگیز ڕیایی و دووڕوویی نەدەکرد، هەمیشه دەیگووت ئەوەی له مینبەر دەیڵێم هەر ئەوەش له دەروون و ژێر پێخەف بیری لێدەکەمەوه. زۆر جار گووتوویەتی: لەلای من دانیشتن و هەڵکردن لەگەڵ دوو جۆر خەڵک زەحمەتە، یەکەم: دەوڵەمەند و خوا پێداو، دووەم: دەسەڵاتدار و بەرپرسەکان، چونکه ئەوان دەیانەوێت به ئارەزووی ئەوان بڕۆم منیش ئەوە ناتوانم. پەیوەندی لەگەڵ زانایانی سەردەمی خۆی زۆر باش بووه و سەردانی کردوون و ئەوانیش هاتوونه بۆ دیدەنی.

پێی وابووه (دین و سیاسەت لەیەک جیانابێتەوە)، له یەکێک له قسەکانی دەڵێت: "بۆ (موفتی) دروستە لەسەر هەر مەزهەبێک بێت فەتوا بدات لەبەر بەرژەوەندی موسڵمانان و دۆزینەوەی ڕێگه چارەوڵادانی زەحمەتی و ناخۆشی، لادان له مەزهەب ئاساییە، بەڵام نەک به ئارەزوو" وه بۆچوونی وابوو که "یاسادانان بەبێ گەڕانەوە بۆ قورئان و سوننەت و بۆچوونی زانایان، دروست نیە و بەڵکو هاوبەشی دانانه بۆ خودا، چونکه مافی یاسادانانی ڕەها تەنها هی پەروەردگارەو بەس". وه پێی وابوو "ئەوانەی ناچار دەکرێن بێ ویستی خۆیان حوکمی پێچەوانەی ئیسلام جێبەجێ بکەن ئەوانه کافر و موشریک نین، بەڵام ئەوانەی بەحەڵاڵی دەزانن و به ویستی خۆیان هەڵی دەبژێرن کافرن". وه پێی وابوو: "سیستەمی ولات دەبێ لەسەر بنەمای (شورا) ڕاوێژ بێت."

شێخی باڵیسانی دوای خزمەتێکی زۆری موسڵمانان و گەلی کورد له بەرواری ٤ی ژی القعدەی ١٤١٥ه بەرامبەر ٢٤ی نیسانی ١٩٩٥ له تەمەنی (٧٧) ساڵی به هۆی نەخۆشیەوه ماڵئاوایی له خۆشەویستانی کردوو بەرەو دیوانی خودا گەڕایەوه. خەڵکی بەغدا وەک ڕێزلێنانێک بۆ مەرگی باڵیسانی به ئاپۆرە و حەشاماتێکی ئێجگار فراوان تەرمەکەیان ناشت له گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی، دوای ئەوەی به هەزاران له خەڵکی بەغدا و دۆست و یاوەرانی ڕێپێوانیان ئەنجامدا که بووه هۆی وەستان و گیرانی ڕێگا سەرەکیەکانی هاتووچۆ. یەکێک له مامۆستایانی شاری بەغدا ئەوکات گووتوویەتی ئەوه (٥٠) ساڵه ناشتنی مردوومان بەم شێوەیه لەم شاره نەبینیوه.

تێبینی: هەرکەسێک حەز بکات زیاتر لە بارەی ئەم زانایه بزانێت، سەیری کتێبی (ژیان و بیرەوەرییەکانی شێخ محەمەد باڵیسانی) بکات.

سەردەمی رژێم و دوای ڕاپەڕین.. هەستی نیشتیمانی و هەڵوەستەیەک!

سەعید عوسمان

تائێستاشی لەگەڵبێ، ئاوڕی پێویست بۆئاوەدان کردنەوەو دووبارە بووژانەوەی ژیان لەوگوندانەی وێران بوون نەدراوەتەوە.

سەردەمی رژێمە یەک لەدوایی یەکەکانی عێراق بۆ خەڵکی کوردستان هەمیشە کوشتن وگرتن و وێرانکاری دێهات و شارە بچوکەکانی بەدواوەبووە، بەتایبەت ئەوناوچانەی کەحکومەت دەستی وێرانەدەگەیشتن، هەمیشە دەکەوتنەبەر بۆردومانی فڕۆکەو تۆپی دوورهاوێژ. خەڵک زەحمەتیەکی زۆریان دەبینی، هەموکات ڕوەو ئەشکەوت و پەناگەکان دەڕۆیشتن، کاروباری خەڵکی بەزەحمەت ڕایی دەبوو. ئەوان هەرخەریک بوون مااڵ و منااڵ و ئاژەڵەکانیان لەچاوی فڕۆکەوانەکان بزربکەن، چونکە سااڵنێکی زۆرە کورد ئەزموونی لەگەڵ لەناوبردن و قڕکردن و پاکتاوکردندا هەبووە، وەڵێ هەرگیز بیری بۆگەورەترین کارەسات نەدەچوو، کە کیمیا باران بوو، ئەویش لەبەرسنوری بەزەیی ڕژێم نا، بەڵکو لەبەرهەڵوێستی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بوو، کەچی ئەوەڕویدا هیچ هەڵوێستێکیش نەبوو نە لای کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی، نە لای ئەودەوڵەتانەش کەئێستا ئیسالمیان پەیڕەو دەکرد، لە کاتێکدا بەشێکی زۆری گەلی کوردیش موسوڵمان بووە، کەچی بەبەرچاوی ئەوانیش بەبۆنی سێو لەکۆاڵن و نێومااڵ وچۆم وئەوڕێگا یانەی کەنیازبوون ژیانی خۆیانی تێدا ڕزگار بکەن کەوتبوون، کامە زامی قوڵ بوو لەو بارودۆخەی خەڵکی کوردستان دەکرایە جەستەی نیشتمان و هەرچی دەردەسەری هەبوو، دەدرا لەبەرۆکیان، کەچی کاریگەری نەکردە سەرهەڵوێستی نیشتیمان پەروەری وکوردبوونیان، بەڵکو بەژنی کوردبوون و خۆشەویستی گەل ونیشتیمان بەرزتر هەڵدەچوو، سااڵنی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بۆکورد، ناخۆشترین کات بوو، بەتایبەت بۆ گوندییان، چونکە هەرچی گوندبوو لەناوچە سنوریەکان کە بوو بوونە پێخووستی بارەگاکانی پێشمەرگە وشۆڕش، هەمیشە لەترسدابوون.

کۆتایی هەشتاکان ئااڵوزیەکی زۆر لەناوچە ڕزگارکراو و گوندەکانی سەرسنورو دروست ببوو.

چونکە شەڕی عێراق و ئێران وەستا، بەمەش حکومەتی عێراق دەست کراوەتربوو، هەرچی هێزی هەبوو لەخواروی عێراق هێنایە کوردستان.

ئەمجارە نیازی ڕژێم وشەڕی ئەمجارەی لەگەڵ کورد شەڕی یەکال کەرەوەبوو.

چونکە لەولاوە ترسی ئێرانیشی نەمابوو. ئەوناوچانەی کەبەرشالاوی پێنجی ئەنفال کەوتن دۆڵی بالیسان و مەلەکان و ئالانەشی لەخۆگرتبوو، کە هەریەکە لەم دۆڵانە چەند گوندێکیان لەئامێز گرتووە.

خەڵکی ئەوناوچانە ژیانێکی زەحمەتیان لە دورە شاری و نەبوونی ڕێگای ئۆتۆمێل بەسەر دەبرد، بەتایبەت دۆڵی مەلەکان، هەموشیان لەنێوخۆیان دا تەباو ڕێک و خزم بووا، کەم کێشە بوون، بەیانیان هەرگوندە و چەند مێگەلە بزنێک و چەندین مانگا، ڕووە و بنار و شاخان هەڵدەکشان، کارو باری ڕۆژانەی گوندییان بەپێی وەرزەکان دەگۆڕا، هاوینان و کۆتایی بەهار و سەرەتایی پایزان زۆرتر ماندوو دەبوون ، بەڵام زستان ماندویەتیان تەنها ئەوکاتانەبوو، کەبەفرێکی زۆر دەباری ئەویش ئەوانەی کە ئاژەڵداربوون.

ئەوکاتانەش کەمتر هەنگاویان بەرەو شار هەڵدێنا چونکە تەنها پیادەڕۆ بوون، یان بە ئەسپ و ئێستر دەهاتن، چونکە خۆش بەزتربوون، کەمتر کەریان بەکاردەهێنا، ئەوان لەپایزان هەموو پێدا ویستیەکانی خواردنیان ئەمبار دەکرد، بۆئەوەی سەختی زستان کاریگەری نەبێ بۆ سەر ژیانی ئەوان، ئەو ستەمەی بەسەر ئەو خەڵکەداهات ، تەنها ویژدانی گەلی کورد خۆی هەژاندو ڕقی بەرامبەر داگیرکەران ئەستورتربوو.

دوای ئەوەی بارودۆخی نێودەوڵەتی بەهۆی داگیرکردنی وڵاتی کوێت لەلایەن عێراقەوە، زەمینەی ڕاپەڕینی خستە بەردەم خەڵکی کوردستان و خواروی عێراق، ئەوەبوو، بەوهۆیە تەواوی شارو شارۆچکەو گوندەکانی کوردستان ڕزگار کران و خۆشترین ساتەکانی ژیان و هەناسە دانەوەی ئازادی، بەڕوخساری خەڵک بەهەموو چین و توێژەکانەوە بریسکەی دەدا. دواتر حکومەت و پەڕلەمانیش لەچاوی خەڵکەکە خۆشی زیاتری خستە دڵی خەڵکی کوردستان.

بەڵام هەرزوو هێندەی نەبرد خەڵکی کوردستان ڕووبەڕووی ناشیرین ترین و بۆگەنترین ڕوداوێک بوەوە، ئەویش شەڕی خۆکوژی بوو، هەرچی قەتماغەی برینی ئەنفال و کیمابارانو ویرانی گوندەکان و ئەوژیانە ناخۆشەی جاران بوو، هەڵگرت و دوبارە خوێن کەوتەوە سەربرینەکان.

چونکە چەندین ڕۆڵەی جوانی ئەو نیشتیمانە بەگوندو شارەکانەوە کوژران و برینداربوون و دیسان، ڕەشپۆشی بەرۆکی دایک وخوشک و ژنانی گرتەوە، دیسان منالان هەتیو کەوتنەوە. دیسان زیندانی وشوێن بزریمان بینیەوە.

هەرگیز نەدەبوو ئەوە ڕوبدا بوایە، دەبوایە هەموو دێهاتانەی کوردستانیان ئاوەدان کردبایەوە، پێداویستە کشتوکاڵی وئاژەڵداریان بۆخەڵکی دابین کردبا، ڕێگاوبان وکارەباوئاو خوێندنگە و بنکەی تەندروستیان دروست کردبونایە.

تائێستاشی لەگەڵبێ، ئاوڕی پێویست بۆئاوەدان کردنەوەو دووبارە بووژانەوەی ژیان لەوگوندانەی وێران بوون نەدراوەتەوە.

ئەمەش وای کردووە ئەو هەستە نیشتیمانی و خۆشەویستیەی جاران لای خەڵکی کاڵ بێتەوە.

بابەر لە کۆچ بەرەو شاربگیرێ، چیتر کەلاوەی خانوە چۆڵکراوەکان نەبینین، چونکە ئاوەدانی گوندەکان بەرەووبوومی کشتوکاڵی و شیرەمەنیەکان زۆرتر دەخاتە بازارەکان، گوندەکان کاریگەری زۆریان لەسەرخانی ئابووری نیشتیمان دەبێ.

کیمیابارانی خۆشناوەتی
لە زمانی پێشمەرگەیەکەوە

ئا. توانا موسلیح

زۆرن ئەوانەی شایەدحاڵی کیمیابارانی شێخ وەسان و باڵیسان بوون، ناوچەی خۆشناوەتی بە گشتی و دۆڵی باڵیسان بەتایبەت ئەوێ ڕۆژێ لانکەی بەرەنگاربوونەوەی ستەم و زۆرداری ڕژێمی بەعسی لەناوچوو بوو، ئەوێ دەمێ پێشمەرگە شان بەشانی خەڵکی ناوچەکە ئەو دەڤەرەیان کردبووە ناوچەیەکی ئازادکراو، مەملەکەتێک کە ئیدی خوێندن و ژیان کردنی کوردانە لە سیما هەرە دیارەکانی بوون...

د. خدر کە ئەو کات هاوڕێ لەگەڵ کۆمەڵێک دکتۆرو کارمەندی دیکە نەخۆشخانەی شۆڕشیان لە گوندی خەتێی باڵیسان بەرێوە دەبرد، ڕۆژانە سەرقاڵی چارەسەرکردنی خەڵکی ناوچەکەو پێشمەرگە بوون، ئەو پیاوە کە ناوی تەواوی (خدر موحەممەد ئەمین عوسمان) ە لە لە ڕۆژی ١٩٧٦/٧/٢١ بووە بە پێشمەرگە لە ریزەکانی یەکێتی نشتیمانی کوردستان، لە ساڵی ١٩٧٩ هاتۆتە باڵیسان و درێژەی بە خەباتی ڕووبەڕووبونەوەی ستەم داوە، لە دیمانەیەکی تایبەت بە گۆڤاری شازدەی چوار دەڵێ:

من لە ساڵی ١٩٧٩هاتمە ناوچەی باڵیسان و خۆشناوەتی بە پارتیزانی، ئەوکاتەی زۆربەی شوێنەکانی کوردستان پڕبوون لە جەیشی عیراق، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٠جارێکی تر گەڕامەوە ناوچەی خۆشناوەتی و بەڕانەتی کە سەرەتای شەڕی عیراق ئیران بوو، عیراق زۆر ناوچەی کوردستانی چۆل کردبوو، من ماوەی پێنج مانگ لە جەولەی پارتی زانیدا لەم ناوچەیە ژیاوم. وە لە ساڵی ١٩٨٢جارێکی تر لە سەر داوای مەکتەبی سیاسی من بەڕەسمی لەگەڵ هەڤاڵانی خۆشەویستم هاوڕیان خوالێخۆشبوو دکتۆر کەمال خۆشناو هاوڕێی فەرماندە شەهید سەید کەریم گەڕامەوە ناوچەی باڵیسان، ئەوکاتە یەکەم جارمان بوو بتوانین بە ئازادی بارەگا دانێین لە ناو کۆمەڵگای گوندەکان ئێمە لە گوندێ

بالیسان بووین کە گوندێکی زۆر قەڵەبالغ خەڵکی باش هەروەها قوتابخانەیەکی گەورەی لێبوو کە بەزۆری مامۆستاکانیان تەنزیمی کۆمەڵەبوون. خەڵکی بالیسان خەڵکێکی خوێندەوار شیخ و مەلای زۆریان هەبوون، ئەوەی لەوێی یەکەم چار ناسیم شەهید شێخ سلێمان بوو کە کادیرێکی زۆر هوشیار تیکۆشەربوو خەباتی لە پیناو گەلەکەی دەکرد، بەداخەوە زوو لەلایان خۆفرۆشان شەهید کرا، وە شەهید جەعفەر و خوالێخۆشبووان مەلا فەتحوڵڵا و مەلا ئیبراهیم و شێخ مەلا سلێمان شەهید علی میرۆ و چەندانی دیکەم ناسین.

دکتۆر خدر لە بارەی کردنەوەی نەخۆشخانەی شۆرش لە دۆڵی بالیسان وورردەکاری زیاتر باس دەکات:

لە گەڵ برای زێدەخۆشەویستم کاک دکتۆر زریان وەک کادیرێکی پزیشکی هاتم بۆ گوندی تووتمە، ئەوکاتە تەنیا خێمەیکی لێبوو بۆ عیلاجکردنی هاوڵاتیان و پیشمەرگە کە شەڕی دوای موفاوەزاتی ١٩٨٥زۆر گەرم بوو شەڕێی یەکتر بەزاندن بوو، ڕۆژانە شەهید و بریندارمان هەبوون، دووژمن زۆر دڕندانە بەتەیارەی گەورە بوردومانی گوندەکانی دەکرد، زۆر لە گوندەکان لە ترسی تۆپباران و فڕۆکەی دوژمن ئاوارەی شارەکان بوون یاخود لە کون و ئەشکەوتەکاندا دەژیان، هەرەها شەڕی عیراق ئێرانیش زۆر گەرم بوو، ڕۆڵەی کوردیان دەگرت و بەزۆری بۆ سەربازی بە کوشتیان دەدان، بۆیە زۆرکەس بە دەردەسەری دەژیان، لە ژێر ڕوحمی تۆپ و تەیارە کاسبی خۆیان دەکرد شەوانە ئیشیان دەکرد ڕۆژانەش خۆیان پەنا دەدا.

دواتر بەڕەسمی داوا لە دکتۆر زریان کرا لەلایان کاک کۆسرەت لە مەڵبەندی (٤) لە ساماقوڵی منیش چوم لەگەڵی، ئەوکاتە تەنیا دکتۆر زریان و من بووین کورێکی لێبوو بەناوی دکتور مەزن هەستاین بە دروستکردنی

نەخۆشخانەیێکی شۆڕش لە گوندی سوسی. کاک کۆسرەت زۆر هاوکاری دەکردین دەستی والاکردبووین، هەر ئەوەش بوو لە کاتی بریندارى کاک کۆسرەت لە فریای هات.. ڕۆژانە لە خزمەتی هاوڵاتان پیشمەرگە توانیمان زۆر خەڵک لە مردن ڕزگار بکەین.

لەساڵی ١٩٨٦ ڕژێمی عیراق لە هەر چوار لاووە پەلامارى مەڵبەندى چوارى دا، لە دواى چوار ڕۆژ شەڕێکى خوێناوى و محاسرەبوونمان لە چیاى بەنەبراوى بە سەرماوبەفر، توانیمان کەمەرى دوژمن بشکێنین دەرچین بۆ گوندێ سپنداره، حەوت شەهیدمان هەبوو لەگەڵ کۆمەڵى بریندارى خەتەر، ئێمە هاتین بۆ گوندى تووتمە کە خەستەخانەیێکى بچکۆلانەى لێبوو، شەهید دکتۆر چیا و دکتۆر کارۆخى لێبوون بەڵام هیچ دەرمانێکیان نەبوو، هەرچۆنى بوو توانیمان بریندارەکان لە مردن ڕزگار بکەین، من لەوێ مامەوە. دکتۆر زریان سەردانێیکى سماقوڵى کردەوە بەڵام هیچ شتێکمان نەمابوو، گوندەکان سوتابوون خەستەخانەکەى ئێمەش سوتا، گەڕایەوە گوتى کاک کۆسرەت پیگوتووم برۆ خەستەخانەیێک دروست بکە لە دۆڵى بالیسان، ناوەڕاستى هەردووک مەڵبەندێ سێى و چوارە ئەوەبوو یەکەم جار دکتۆر زریان و خۆم بووین، گەڕاین گوندى خەتێمان بەباش زانى کە خەستەخانەى شۆڕشى لێ دروست بکەین، ئەوەبوو دروستمان کرد، دوایى دکتۆر کارۆخیش هات لە دواى ئەوەى خەڵکى فیرار زۆر لە بەر ڕژێم هەڵدەهاتن دکتۆر هەڤاڵ هاتەدەرەوە، دەرچووى کۆلێژ بوو هەروەها دکتۆر فەرهاد سەرسپى هاتەدەرەوە لە موختەبەر بوو، زۆر ئیشمان بە موختەبەر بوو دەوریکى زۆر باشى هەبوو، لە دواى ئەو دکتۆر جەمال هاتەدەرەوە زۆر بەجوانى ئەرکەکانمان بەجێ دەگەیاند... وەختى شارۆچەى تەقتەق گیرا جیهازى ئەشیعەیان هینا دەوریکى زۆر کاریگەرى هەبوو بۆ نەخۆشخانە دەتوانم بڵێم گەورەترین خزمەتى بریندارى دەکرد، ئەویش لەلایان موعاون توبى بەناوەکانى کاکە هەژار و کاک محمد حاجى بەڕێوە دەبرا، ئەرکەکانمان زۆر بەباشى بەڕێوە دەچوو لە هەموو بەشەکانمان کادیرمان هەبوو، بەڵام لە دەرمان نەقوستانیمان هەبوو ئەویش لەلایەن خەڵکى ڕێکخستن و ڕێکخراوى کۆمەڵە و شەهید عبدالڕەزاق زۆر هاوکارى دەکردین، هەروەها کاک کۆسرەت دەستى والا کردبووین لە خزمەتى پیشمەرگە و هاوڵاتى... دەبێت ڕۆڵى دکتۆر زریان لەبیر نەکەین کە کەسێیکى ئازاو ووردبوو لە ئەرکى خۆى هەروەها لە پێگەیاندنى کادیران هاوڕێیکانى کارێکى زۆر باشى دەکرد.

لەبارەى ژیانى ئاسایى ئەو کاتى خەڵکى ناوچەکە بە گشتى دکتۆر خدر باس لەوە دەکات کە خەڵکى جگە لە سەرقاڵیان بە کەسابەتى ڕۆژانە لە کشت و کاڵ و ئاژەڵدارى ئاوێتەى شۆڕش و پێشمەرگە بوون، ئەو زێتر باسى ئەو زەمەنە دەکات و دەڵێ: ٠

هەموویان خۆش گوزەران دەژیان هەر کەسەو بە ئەرکى ژیانى خۆیانەوە خەریک بوون هەندى بە ئاژەڵ دارى و هەندێیک بە فەلاحەتى، بەزۆرى ئەم ناوچەیە پیوازى زۆر لێدەکران، بەزۆرى شەوانە بەرهەمەکانیان هەڵدەگرتەوە لە بەر تەیارەى دووژمن، ئەوەش وایکردبوو شەوى وا هەبووە دەکەسیان دەهینایە نەخۆشخانە ئەوەى دووپشک یان مار پێیەوە دەدان، لەوێ عیلاجمان دەکردن. ئێمەش خەڵکانێک بووین باش لە زمان و گفتوگۆو هەڵسو کەوتى خەڵکەکە تێدەگەیشتین، من بە شەخسى خۆم زۆر سپاسى گوندێ تووتمە دەکەم کە خەڵکێکى زۆر باش بوون هاوکارى زۆرى منیان کردووە، تاکو ئیستاش برادەرایەتى و

خۆشەویستی ئەم ناوچەیە بەردەوامە.

لە رۆژی کیمیابارانی نەخۆشخانەی شۆڕش هاوکاریەکی زۆری بریندارانو بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی کردووە، بەشێوەیەک زۆرینەی بریندارەکان سەرەتا گەیەنراونەتە نەخۆشخانەکەو چارەسەری سەرەتاییان بۆ کراوە، لەبارەی رۆژی کیمیابارانی ٤/١٦ و روداوەکانی ئەو دەمی دکتۆر خدر ئاماژە بەوە دەکات کە وەک رۆژی حەشر وابوو، ئەو زیاتر دەدوێ: "لە رۆژی ٤/١٦ ١٩٨٧مالّم لە گوندی خەتێ بوو کاتژمێر پینج و چل دەقیقەی ئیوارە وەکی هەموو رۆژەکانی تر، چاوەڕوانی هەواڵەکانی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بووم بزانم ئەمڕۆ چالاکی پێشمەرگە یاخود بۆمبارانی کام لادێ کوردستان کراوە، لەسەر لێوەسواندەی خانوو (گوێسەبانە) دانشتبووم و هاوڵاتیانی گوندەکەش هەرکەسە و بە ئەرکەکانی خۆیانەوە خەرک بوون، ئەوەی بە ئاژەڵداری ئەوەی گەڕانەوە لە شاخ ئەوەی بە کۆڵی گیاوگوڵی بەهاری، دونیایەکی خۆش و ئارام، دەنگی بولبولو تەیرەکان هینان و بردنی ئافرەتانی گوزە لە سەر شان تابڵی دیمەنێکی سەرنج ڕاکێش، خەڵک لە ئاسودەیدا دەژیا، من ئەو ڕۆژە بڕیارم دابوو منداڵەکانم بنێرمەوە شار، بەڵام برادەرێکم هات بۆ لام لەبەر ئەوە منداڵەکانم نەناردەوە، ئەوەندەم زانی بەرەو مەغریب دەڕوات لە سەر شاخی شۆپە دوو تەیارەی سیخۆ دەرکەوتن دووایی بوون بە چوار بوون بە هەشت تا گەیە چواردە تەیارە بە دوی یەکدا، تەیارەکانی دووی بە ڕەش دەچون یەکەم جارم بوو ئەم جۆرە فڕۆکەیە ببینم، من تەسەورم کرد فڕۆکەی ئیرانی بن لە سەدەی دووکان بدەن، ئەوەندەم زانی دووبارە لە سەر شاخ دەرکەوتن هەندێ ئیشارەتی هەوایان فڕیدا کەوتنە بۆمبابارانی ناوچەی شێخوەسانان و بالیسان، بەڵام دەنگی سارۆخەکان زۆر کەمبوو، وەک بڵی مەشقی سەربازی بێیت هەر هەڵدەستان دادەبەزین تا ماوەی بیست دەقەیەک، خەڵک هەمووی ڕایکردە ناو کونەتەیارەکان، کە خەڵکی بۆ خۆپاراستنیان لە بۆردومانی بەردەوامی فڕۆکەو تۆپ ئامادەیان کردبوو، من بەردەوام لە سەر بانەوە سەیرم دەکردن ئەوەندەم زانی دەنگەکان کەمبوون، چومە سەر ئەم چاڵەی منداڵەکانم لەناوی بوون لەگەڵ خەڵکی ئاوایی پێمگوتن وەرنە دەری هیچ نەما تەیارەکان ڕۆشتن، بەڵام لەم کاتە بۆنێکی زۆر ناخۆش هاتە بەر لووتم منیش گوتم ئەی دەڵی کیمیاوی لێیدا، خەڵکەکەش گوتی چی منیش گوتم هیچم نەگوت، پەشیمان بوومەوە لە قسەکەم، بۆ ئەوەی ورەیان نەڕوخێ، هاتم بۆ ماڵ هەستم بە ئازاری سینگم دەکرد هیچم بۆ نەخورا من بەمنداڵەکانم گوت خۆتان ئامادەبکەن بۆ لای ماڵە برادەرێک کە لە لای خەستەخانەکە بوون، دەبێیت من بچم نەخۆشخانە ئیستاکە بریندار دێن. وەختی چومە نەخۆشخانە

هەموویان گیانیان بلۆقی ئاوی کردبوو چاویان هیچی نەدەدی شوێنی حەساسیان سوتابوو ، دەموو چاویان هەمووی بلۆقی ئاوی کردبوو چاوەکانیان وەک گۆمی خوێن سوربوونەوە تەنگەنەفەسی، هاوار و ئازاری زۆر

پرسیارم کرد کوا دکتۆر زریان گوتیان لە ئیواریوە چۆتە مەڵبەند نەگەڕاوەتەوە، ماتۆڕی کارەبامان هەبوو هەڵیان نەکردبوو گوتم بۆ ماتۆڕتان هەڵنەکردووە، گوتیان لە بەر تەیارە گوتم پێیبەکەن، ماتۆڕیان هەڵکرد لەم کاتەشدا خواکردی هەڵی کردە یەک باران بایەکی زۆر بەهێز، ڕێگای خەتێ

بۆ خەستەخانە زۆر ناخۆش بوو، زۆر جاران سەیارە و مەکینە لە قوڕ گیر دەبوون سەرنەدەکەوتن، شەو سەعات حەوت بوو هەر دەنگی گڕەگڕی زۆر دەهات من وامزانی مەکینەیە سەرناکەوێت، لەبەر دەنگی ماتۆریش باش گوێیم لێنەبوو، وەختی دوورکەوتمەوە، کە سەیری ئاسمانم کرد یەک پارچە ئاگر لە ئاسمان دەباری، لە هەمووڵایەک وەک هەورە تریشقە شاخەکان بۆمب باران دەکرێن بە کۆپتەر، لە دوای تەواوبونی ئەرکەیەیان (١٧) کۆپتەر بە سەر شاخی زینەتیردا بە لایەتەوە گەڕانەوە بەرەو هەولێر،بۆمان دەرکەوت دووبارە بۆمب باران کراوین بە چەکی کیمیاوی، وەختی دکتۆر زریان هاتەوە، گوتی شیخ وەسانان و بالیسان بەچەکی کیماوی کیمیاباران کراوە، تاکو ئیستا هەوالّی مردنی و چارەی خەلّک نازانین هەمووی رایکردووە ...

ئەم دنیایە خۆشەی کە سەعاتێک لەمەو پیش هەبوو نەما، هەوری ڕەش و دووکەڵی غەزەب دەباری، هەموو کەس فریای منداڵەکانی خۆیان دەکەوتن، ڕایان دەکرد، لەم کاتەشدا خەبەر هات کە ڕژێم هێزێکی زۆری لە جۆلەمێرگ و سەروچاوە ئامادەکردووە بەرەو ئیرە دێت، تەنیا ئەوەی کەس نەبوو فریای بکەوێت عایلەی پیشمەرگە بوو کەس خۆی لێنەدەکردنە ساحیب، ئەوەندەم زانی جلالی سایەق کە توتمەیی بوو هات نەخۆشێکی پێبوو گوتی زگی دیشی بەڵام لە ئەساسدا بەرکەوتەی چەکی کیمای بوو، سەرەتا بە کاک جلالم گوت ئەوە ئاسانە عیلاجی، بەڵام دەبێیت تۆ چارەیک بدۆزیەوە بۆ دەرچونی ئەم مالّومندالّەی ئێمە، گوتی بەسەرچاو، دەرزیێکم لە نەخۆشەکە دا خۆشبەختانە عەلەمی لێنەما، دوای ئەو کاکە عەبەش هات پاڕایەوە بۆ ئەوەی منداڵەکانی ئەویش بەرێ، مالّی ئاوەدان بێیت منداڵەکانی نەجات داین..

شەو تاک تاک وجووت جوت نەخۆشی بەرکەوتەی کیمیاوی دەهاتن، هەموویان گیانیان بلۆقی ئاوی کردبوو، چاویان هیچی نەدەدی شوێنی حەساسیان سوتابوو وەک بنکەوش ناو ڕان، دەموو چاویان هەمووی بلۆقی ئاوی کردبوو چاوەکانیان وەک گۆمی خوێن سوربوونەوە تەنگەنەفەسی هەناسەدانی بەزەحمەت، هاوار و ئازاری زۆر.... هەروەها ئێمە یەکەم جارمان بوو بەم جۆرە حاڵەتانە ئاشنابین، شارەزای بەرکەوتەی

کیمیاویمان نەبوو، هەروەها دەرمانی پێویستیشمان نەبوو، زانیاریمان لەسەر گۆڕینی جلوبەرگیش نەبوو، جەوەکەی سەرمابوو سۆبەی دارمان پیکردبوو، ئەوەش یەکێک بوولە هەڵەکانمان، دەبوایە دایم ئەوان لە بەر هەوایکی سارد و پاک دابانە، هەرچەندە هەوای پاک نەمابوو ئەوەی خواکردی ئەم شەوە باو بارانێکی بەهیز دنیای شوشتەوە دەنا تاکە هەس دەرنەدەچو، ئیمە ئەوەی فریایان کەوتین توانیمان هەندێ لە ئازارەکانیان کەم بکەینەوە و بیان پارێزین لە تەنگەنەفەسی و خنکان، هەروەها توانیمان بە بیری خۆمان قەترەی کریستەلاین لەگەڵ زایلۆرک بەنج تێکەڵاو بکەین، بۆ ئەوەی ئیلتهاب نەهیلێن هەروەها چاوەکانیش سرپبکەین ئازارەکان کەم بکەینەوە، بەم تێکەڵەیە توانیمان بتوانن رێگا بکەن، ئەوەی هاتە لایمە دەوری شەست کەسێک دەبوو توانیان بەسەلامەتی دەرچن.

دکتۆر خدر دریژە بە گێڕانەوەی ئەو تراژیدیایە دەدات و دەڵێ:

ئیمە پێشمەرگەکانمان هەمووی لە شەڕی سەرکردایەتی بوون، هێزێکی زۆر کەم مابوو لە ناوچەکە، دووژمن بەهیزێکی زۆری فڕۆکە کۆپتەر و دەبابە و جەیش و جاشەوەوە پەلاماری داین، بۆ ڕۆژی دوای ئێوارەکەی ڕژێم گەییە سەرمان، تەنیا فریای کۆڵی دەرمان و نەجاتدانی ئەم برینداران کەوتین قوتاریان بکەین، بە دۆڵی خەتێ بەرەو چیای شۆپە

لەناوچەی دۆڵی بالیسان هەتاکو هەروتیان و گەرەوان زیاتر لە چوارده جار کیمیاوی لێیداون

سەرکەوتین، ئەشکەوتێکی لێیە هەمومان بەسەلامەتی گەیاندنە ئەوێ، هەروەها نابێیت ڕۆڵی شەهید بەهرام ڕەسوڵ کۆیی لە بەرچاونەگرین کە لێپرسراوی کەرتی سجن بوو، زیاتر لە سێی سەت سجنی بەسەلامەتی دەرکرد بۆ شاخی شۆپەو مەلەکان ئەوەی... من باسی دەکەم ئاسان نیە کەس بتوانی ئەم مێژووە بگیڕیتەوە لە ژیر ڕکێفی تۆپ و تەیارە و کیمیاوی بتوانی ئیدارەی ئەم بارودۆخە بدەی بەبی نان و ئاو سەرماو بارانیش لە جێگای خۆی...

بەداخەوە خەڵک هەموویان پەڕاگەندە بووبوون، هەندێکیان بەرەو شار ڕۆیشتبوون بەڵام ڕژێم ئەوانەی بەردەستی کەوتن هەموویانی زیندەبەچاڵ کردن، هەندێکشیان پەڕاگەندەی شاخەکان بوون، بەداخەوە بەشێکیان لە کون و قوژبنی ئەم شاخانە بەبی کەسی مردبوون..

هەتاکو هەبوو ژن بەکوێری منداڵی بووبوو کەس لەلای نەبوو، عایلەی شەهیدانی علی میرۆ لە دوای یەک مانگ دۆزرانەوە لەناو ئەشکەوتێک هەمویان شەهید بووبون خۆی خیزانی چوار منداڵی...

هیچ شتێی بە ساغی نەما نە تەیرەکان، نە بزن، نە چێڵ، ئاژەڵە کیویەکانیش هەموی مردبوون یاخۆ کوێر بوبوون .

بە پێی ئەم مەعلوماتەی ئەو کات بەدەستی ئێمە گەیی زیاتر خەڵکێکی زۆر شەهید بوون لە کیمیاوی ئەم غازەی ڕژێم بەکاری هینا غازی خەردەل لە گەڵ غازی فسفۆڕی سوتێنەر.

بەداخەوە ڕژێم توانی هەموو گوندەکانی ئەم دۆڵە بسوتێنێیت، جاشە خۆفرۆشەکانیش تونیان سەروەتوسامانی ئەم گەلە بەتاڵان بەرن، هیچ ژیانێک لەم ناوچەیە نەما..



خواکردی ئەم شەوە باو بارانێکی بەهێز دنیای شوشتەوە، دەنا تاکە هەس دەرنەدەچو

پاش سوتاندن و کاولکاری ناوچەکە، دووای دووڕۆژ دوژمن پاشەکشەی کرد ئێمەش دوابەدوای ئەو لە شاخەکان دابەزین.

ئیمە کۆڵمان نەدا چارێکی تر نەخۆشخانەی شۆڕشمان دروست کردەوە لە خەتێ، سنوری مەڵبەندی سێ و چوار لێکدەرا کرایە سێی چوار، بەرەو بادینان ڕۆیی خەبات دڕێژەی هەیە، خەڵک نەمابوو لە ناوچەکان تەنیا ئەوانەی فیراری عەسکەریە بوون ناچار دەگەڕانەوە ناوچەکانیان، خێزانی پێشمەرگەش لەم ناوچانە هەردەم لە ژێر ڕەحمی تۆپ و تەیارە دابوون، ئەم ناوچەیە ناوچەی موحەڕەمە بوو...

لەناوچەی دۆڵی بالیسان هەتاکو هەروتیان و گەرەوان زیاتر لە چواردە جار کیمیاوی لێیداون. زۆر جاران بەتۆپ و کاتیوشاو ڕاجیمە لێمان دراوە، وەڕێم چەندین جار دەرمانی تری بەسەر پێشمەرگەو ئەو ناوچەیەدا باراندووە، بۆ نمونە ڕۆژێم مێشولەی فڕێدا بەهۆیەوە بەشێکی زۆر لە پێشمەرگەکانمان توشی مەلاریا بوون.

لە بارەی کیمیابارانی دۆڵی مەلەکان، ناوبراو ڕوداوەکە بەو شێوەیە دەگێڕێتەوە:

لە ١٩٨٧/٦/١٧ زۆر بە خەستی بە هەشت تەیارە لە دۆڵی بلەو دۆڵی مەلەکانی دا، کە کۆمەڵی شەهیدی لێکەوتەوە، ئەوکات ئێمە لە خەتێ بووین تەنیا من و دکتۆر زریان لەوێ بووین، برادەرانی ترمان هەریەک بە ئەرکێک ڕۆیبوون، ئەوەندەم زانی گەنجێک بە سواری ئەسپێک گەیە لامان گوتی فریامان بکەون لە گوندی بلە کیمیاوی لێیداوین وەزعمان زۆر خراپە مالّی حاجی خدر اغای ئێنی هەمویان بەرکەوتوون، دکتۆر زریان بەمنی گوت دەبی بچیت، منیش جانتام پڕکرد لەدەرمان، ئەوکاتە دەرمانمان هەبوو لە ڕێگای هەندێ غەمخۆرەوە دەستمان دەکەوت ،من بە کابرام گوت ئەو ئەسپەی بدەمن بۆ ئەوەی زوو بگەمە فریایان، گوتی زۆر باشە من بە سواری ئەسپ گەیمە لایان، وەختی گەیشتم وەزعیان زۆر خراپ بوو، هەمویان هاتبوونە دەرەوەی گوندی لە سەر

قەبرستانێک خۆیان حەشاردابوو کەوتمە چارەسەرکردنیان، بەڵام ئیمە نەمانزانی کە سارۆخی لە سەروی ئێمە لە ناو ئاوی داوە، ئێمە هەتاکو ئێواری نەخۆشەکانمان لە ئەم ئاوە دەشوشتن، هەر لەم ئاوەشمان دەخواردەوە ئەوە کاریگەری زۆر خەراپی هەبوو لە سەرمان، هەروەها بەهاریش بوو گیاوگوڵ هەستابوو هەرچۆنی رۆیشتبای دەستت بەری دەکەوت، ئەوەش کیشەی بۆ دروست کردبووین، تاکو ئێوارە لەناویان بووم هەندێکیان وەزعیان باش نەبوو کیتابمان بۆکردن ڕەوانەی ئێرانمان کردن، یەک لە کورەکانی جەباری حاجی خدر ڕەوانەی ئەڵمانیا کرا بەڵام بەداخەوە شەهید بوو...

ئێوارە بەرەو گوندی تارینان هاتم لەوێش خەڵک زۆر بەرکەوتبوو کچێکی گەنچ وەزعی باش نەبوو دوای عیلاچ باشتر بوو، بەڵام دەرمانم پێنەما، خۆشم لە کاتی ئشکردندا زۆر بەسەختی تووشبوم بە وەڵاخ منیان هینایەوە خەستەخانە...

هەروەها د. خدر هاوڕێ لە گەڵ ستافی نەخۆشخانەی شۆڕش شایەدحاڵی کیمیابارانی گوندی وەرێ ی خۆشناوەتی بوە، کە لە ١٩٨٨/٥/١٥ کیمیاباران کرا، لەم بارەیەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەدوێ:

لە ساڵی ١٩٨٨ هیرشی کیمیاوی کرایە سەر گوندی وەرێ، هەروەها هجومی سەر کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کرا، بەداخەوە لەگوندی وەری ٣٦ کەس شەهیدبون زیاتر لە پەنجا شیست کەس بریندار بوون، ئەمکاتە هیزی پێشمەرگەی کوردستان فریایان کەوتن هەمویان گەیاندە نەخۆشخانەی خەتێ ئەمجارەیان جیاواز لە جارەکانی تر گازی ئەعسابی بەکارهینا، کە زۆر کوشندەیە گازێکی خەستە، لە شوێنی چاڵ و نەویدا زۆر کوشندەیە، ئەم گازە توشی ئیفرازات و ڕشانەوە ئاولەبە ررۆینی زۆری دەکات، زوو وشکە دەبێتەوە کاریگەری لەسەر کۆئەندامی دەمار هەیەو دەیکوژێ، بۆیە زۆر خێرا دەمرن، دەبێیت بەردەوام لەژیر چاودێری دابن بەردەوام مغەزی ئەترۆپینێ بدەیتی تا بست و چوار سەعات ئینجا بەرو چاکبونەوە دەرۆن، ئەوەی لە خەستەخانە شەهید بوو تەنیا کورێکی گەنچ بوو، تاکە نەفەریشە لەم خەستەخانە شەهید بێیت، ئەوانەی تر گەرانەوە بۆ ماڵ ئەم عیلاجانەی بەکارمان دەهینا بۆ غازی ئەحساب بریتی بوون لە ئەترۆپین موغەزیی دەرزی ئەمیلناترێیت بەدەمدا دەکرد بۆ ئەوەی هەڵی بمژێیت...

لە کیمیارانی کونەسیخوڕ ی بالیسان کە شەش هاوڵاتی شەهید بوون، د. خدر باس دەکات و دەڵێ:

لە ١٩٨٨/٧/٣١کاک کۆسرەت پیگوتم برۆ بناری قەندیل جێگایەک بۆ نەخۆشخانە بدۆزەوە، وەختی لەخەتی وەرێ کەوتم گەیمە سەر ڕێگای دەرەدار، ئەوەندەم زانی (١٢) فڕۆکەی ڕژیم هاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکە، یەکەم جار چەند تەنوریکیان فڕێدا بۆئوەی ئاراستەی هەوا وەرگرن، دوایی کەوتنە لێدانی دۆڵی بالیسان لە کونە سیخوڕ هەروەهاگوندی خەتێ و دەشتی توتمە، بەداخەوە لە کونەسیخوڕ هاوڕێی خۆشەویستم کاکە جەعفەر بالیسانی ئامینەخانی خیزانی کچە جوانەکەیان بەناوی نازەنین و چەند کەسێکی تر شەهید بوون .. زۆر چیگای داخ بوو هەروەها کوڕێکی کاکە عبدالله حەبیب شەهید بوو.

دوو دیمانەی تایبەت

مخلص اسماعیل ابراهیم

لە سی و هەشتەمین ساڵوەگەڕی بۆردومانی باڵیسان و شێخوەسان بەچەکی کیمیاوی لەلایەن حکومەتی ڕوخاوی بەعسی عێراقی، گیانی شەهیدان ئاسودەبێ و هیوای تەندروستیەکی باشتر بۆ بەرکەوتوانی ئەو چەکەئەخوازم، بەهیوای ئایندەیەکی گەش و ڕۆناک بۆ میلەتەکەمان و کورد بەگشتو و یەک هەڵوێستی نیشتیمانی لە هەرشوێنێ هەن، چارەسەرکردنی بریندارانی کیمیاوی ئەرکی لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەرکەوتوان بە تێپەڕبونی کات زیاتر کاریگەرییان لەسەردروست دەبێت، بەم هۆیە کە ٤/١٦ ی هەمو ساڵێک ڕۆژی ژینگەی کوردستانیشە پلانی لایەنی پەیوەندار بۆ ژینگەی ناوچەکە نابینرێ ...؟!

دیمانەیەکی تۆمارکراوم لەگەڵ محەمەدی مام صالحی کە بۆ پەرتوکێکی چاپ نەکراو وەرمگرتوە لەسەر داوای ستافی گۆڤاری شازدەی چوار لێرەدا بڵاوی ئەکەمەوە. بەداخەوە کە ناوبراو بەنەخۆشی لە ٢٠٢٥/١/١٤ کۆچی دوایکرد ..

-١-

محمد صالح حسن
ناسراو بە محەمەدی مام صالحی
موالید/ ١٩٥٦

بەرواری وەرگرتنی دیمانە/ ٥ / ١ / ٢٠٢١
کاتژمێر ٧:٣٠ شەو
شوێن/ باڵیسان

باسی کرد وتی: ڕۆژی ٤/١٦/ ١٩٨٧ ئێوارەکەی دەرچوم بە تراکتۆر بۆ گوندی سیساوە، ماوەیەک بو هەندەک ماڵ و منداڵم گواستبونەوە سیساوەی بەس (سەمیع)ی کوڕە گەورەم لە لای دایکم بو لە باڵیسان، شەو لە سیساوەی بوم بەیانی نزیکی سعات سێی دوای نیوەڕۆ زانیم باڵیسان کیمیاباران کرایە، تراکتۆرم هەرکرد و بە ڕێکەتم هاتمە گوندی شێخمەمودیان چومە ماڵێ مام جەباری کەچوم مامەی خاڵم و حەسەنی مام برایمی کوڕە خاڵم و مامەشێخ لەوێبون، دەنگ و باس هەبو حکومەت هێرش دەهینێ و گوندەکانی دۆڵی باڵیسان

ئەسوتێنێ و ئەڕوخێنێ دەنگی کۆپتەرانیش لەسەر چیای دەهات، وەمان بڕیاردا بە پێیان بچینە بالیسانێ، تراکتۆرم لە مالّی مام جەباری بەجێهێشت، هەرچوارمان بە گەری نیشاوێ دا سەرکەتین بۆ کلّاو قاسم و لەوێشەوە شۆڕنکردەوەو سعات

خەڵکەکی زۆری شاری ڕانیە هاتبون جل و بەرگ و خواردن و شیری مندالّان و کێك و شەربەتیان بۆ ئەو خەڵکەی هێنابو

دەی شەو گەیشتینە ناو ئەشکەفتێ عەلیەبۆزی، کە گەیشتم پڕ بو لەخەڵک زۆربەی بریندارەکان حالّیان زۆر خراپ بو، بۆ بەیانی بریندارەکان ڕێگەیاندرابو بچنە سەروچاوێ و ڕانیەی بۆ عیلاجی، تراکتۆرەکی دەراشیان هات بۆ گواستنەوەیان، من و مامەی خالّم بوینە دوو ڕەئی هەرچی مامەبو دەیگوت اسماعیلی برازام وحەسەنەسۆری برات بە سواری وراغی ئەبەینە شەقلّاوە چونکە فیرارو پێشمەرگەن، ئەمیش سەرەتا پێم باش بو دوای پلکە حەیشێ داکێ سمایلی گوت ئەدی کورەکانی دیکەم و مەلا خالید و ئەو مارومندارەی دی، ناوەلّا باهەمو بەیەکەوە بین ژین و مانن، بۆیە بریندارەکانن هوردە هوردە گواستنەوە ناو تراکتۆری لای گردی زینۆکێ خڕێ کفری خوار ئەشکەفتێ، چونکە ڕێگە نەبو تەرەکتەر هەروازبێت، گەلەک لەوانەی حالّیان شڕبو لە ژن و منداڵ و پیرو گەنج گواستراندەوە سواری تراکتۆری کران هەتا پڕبو، منیش لەگەلّیان بوم بەڕێکەتین تاگەیشتینە مەلۆکی لەوێ گوتیان ڕێگە نادرێن تاکو بەیانی شەو ماینەوە لە مالّی حاجی عومەری توتمەی ئەوکات مالّی لە مەلۆکی بو، خەڵکێکی زۆر بون بەئازاربون ئەومالّە هەتا سبەینێ خەریکی خزمەتی ئەو بریندارانە بون، نانیان حازرەکرد جل و بەرگیان ئەگۆڕین ئەوەی کە هەیانبو، من ئەوانم داناو بەخۆم هاتمەوە بەڵکو سەیارەک تراکتۆرەک هەبیت ئەوانەی ماینە بگوازینەوە، لە ڕێگە گەیشتمە خالیدی عومەر توتمەیی تراکتۆری وێبو دەهاتە دوو بریندارانی مالّی ئاوابێ زۆر مەمنونی بوم، پێکەوە ئەو بریندارانەی هاتبونە خوارێ دونیا تاریک بو هەمون بارکردن، وەڕێکەتین هاتوچۆی سەیاران هەبو، پێیانگوتین نەکەن بڕۆن بچنە سەروچاوێ ڕێگە نادرێن هەتا سبەینێ چونکە ئێواران ڕێگە ئەگیرێت، ناچار چوینە گوندی مەلۆکی ئەو وەختی زۆر لە خانیەکان چۆڵبون و ناوێراین بریندارانیش ببەینە مالّی ئاوەدان لەبەر خەڵکەکەی، شەو لە مەلۆکی ماینەوە تاکو سبەینێ، بیرم چو بڵێم مامەشێخ و خاڵ مامەو حەسەن لە گەری مانەوە گوتیان ئەچینە دوو کەس و کارەکانی ترن بەس کەس نازانی چوینە کێندەر، کە ڕۆژبۆوە زەردەهەڵاتن وەڕێکەتین، سعات ٨ی بەیانی گەیشتینە مەفرەقی شکارتەی سەیتەری عەسکەروجاش دانرابو، سەرداری ئەنوەر بەگی لەناو سەیتەرەی ئەچو دەهات شوڕکەکی دەدەستیدابو ئەمناسی پرسیارم لێکرد گوتم ئەوانە زۆربەیان فیرارو موتەخەلیفن، بەخێرایی جوابی دامەوە گوتی بریندار هەمو گەیشتنە هەولێرێ کاکم تازە لە فیرارو موتەخەلیفان ئەپێچیتۆ، ئەمیش قسەی ئەوم باوەڕکردو وەڕێکەتین بۆ سەروچاوێ، چوینە پێش دیوەخانێ مارێ ئەنوەربەگی چەکدارە جاشەکان گوتیان دایانەبەزێنن هەمومان دابەزاندن، سەیارەکی ڕیمی زەردیان هێنا باریانکردن بۆ نەخۆشخانەی ڕانیە سعات بوە بە ١١ی پێش نیوەڕۆ، گەیشتینە نەخۆشخانەی ڕانیە چ ببینم پڕبو لە بریندارێ کیمیاوی بالیسان و شێخوەسانان، خەڵکەکی زۆری شاری ڕانیە هاتبون جل و بەرگ و خواردن و شیری مندالّان و کێک و شەربەتیان بۆ ئەو خەڵکەی هێنابو، لێرەوە زۆر بە

پێویستی ئەزانم سوپاسی هەمو خەڵکی ڕانیە بکەم بەتایبەتی ئەوانەی بەهانای بریندارانی هاتبون و خزمەتی خەڵکیانکرد کارێکی پیرۆزو بوێرانەبو ئەو ڕۆژی، من بەدوای خەڵکی خۆمان دەگەڕام لە ناو قاوشەو ژورەکان بزانم کێ دەبینمەوە، وەختەکی زانیم گۆتیان کۆستەر هاتینە ئەو بریندارانە ئەگوازنەوە هەولێرێ، ئەوەی هەبو سواری کۆستەریان دەکردن ژن و منداڵ و پیاو گەورە و گچکە سعات بوبوە ١٢ نیوەڕۆ، ئەوەی بە چاوی خۆم دیتن سێ کۆستەر پڕکران لە بریندارانی، ئەمن حەسەنی برام و سمایلی باوکی تۆم (مەبەست لە ئیسماعیلی باوکم.. نوسەر) لەگەڵ سێیوێ خێزانێ حەسەنی و سمایلی مام مستەفای ئامۆزام لە کڕاونەکی تەکسی بارکردن و بە (سێیوێ)م گوت سێ سەد دینارێ سویسڕیم دە گیرفانێ حەسەنی دانا بۆ مەسرەف و پێویستی، وەڕێکەتن لە دوو کۆستەرەکان بۆ خەستەخانەی هەولێرێ ،هەستام گەڕامەوە سەروچاوێ سعات وو بە ٢ی دوانیوەڕۆ قالبم زۆر تێکچو نەمزانی ئیشی چیە لەمێژبو هیچم نەخواردبو دووپاکەتم کێشابون، چومە لای دکتۆر سەروەتی لە عیادەی خۆی لەبەرجادەی سەروچاوێ بو، هەموم لۆباسکرد چمکردیەو چۆنبویمە، دکتۆر دوو دەنکە حەبی دامێ گۆتی یەکی ئێستا بخۆ یەکیش ئێواری هەستە بڕۆ خۆت جوان بشۆ ئەوەی لەبەرتدایە جل و بەرگ و تەنانەت پێڵاو و سعاتی دەستیشت هەموی فڕەدەو بسوتێنە، لەپاش دکتۆری چومە دوکانێ فەوزی بەگی خەیات بو ناسیارم بو، قوماشەکی مەیلەو خاکیم دەستنیشان کردو گوتم فەوڕی لۆم بدرو، زۆرم برسیبو چومە مالێ (عەبدولا)ی ناسیارم بو لەسەروچاوێ نانم خوارد ساوارو مەرەگەیان دامێ، دوای نان و چا چومە بازاڕی پشتدێن و کلاو و جەمەدانی و کراس و بێجامەکم کڕی، چومەوە خەیاتی قاتم حازربو دەستم دایەو ڕۆیشتمە سەر جۆگەی ئاوێ سەروچاوێ خۆم جوان شووشت بە سابونێ، هەرچی جل و بەرگم بو سوتاندم، جلک و بەرگی نوێم دەبەرکردن و سعات بو بەچوار، جێبەکم بە قسوسی بەکرێ گرت و وەڕێکەتم بۆ بالیسانێ، گەیشتینە گردی دێگەی سایق گوتی نەوێرم چیتربێم چونکە کۆپتەر لە ئاسمانی ناوچەکە دەسوڕانەوەو دەنگێ تۆپ و دەبابان دات، جەیش گەیشتبوە ناو بالیسان و گوندەکان، بەپێیان هاتم بۆ مەفرەقی بالیسانێ، یەکەمجار گەیشتمە چەکدارەکی جاش پرسیاری کرد لە کوێوەدێی؟ حاڵ و مەوزوعم بۆ باسکرد هەموی گۆتم ئێستاش دایکم لەناو گوندی بەجێمایە نزانم مردیە یان زیندیە، گوتیەمن ئەوهە بچی دەگیرێی بڕۆ لای ئەو پیاوەی بەدەست ئیشارەتی کرد کە جل و بەرگی کوردی دەبەردابو کەمەک لە دوری من و ئەوی وەستابو لەگەڵ کۆمەڵە چەکدارەکی لەسەر مەفرەقی بالیسانێ ڕاوەستابون، گوتی بڵێ کامە عەقید محەمەدە بڕۆ لای ئەوی بۆی باسبکە، چومە لای ئەو کەسەی ڕانکۆچۆغەری کوردی لەبەربون پرسیم کامە عەقید محەمەدە گوتی ئەوە هەوە لەناو کۆمەڵەک دەرەجەداری عەسکەری ڕاوەستابو، منیش چومە لای وسەلامم کردو سەلامی وەرگرتەوە کوردبو بۆم باسکرد کە دایکم لە گوندی بە جێمایە، پرسی بۆ بەجێمایە گوتم پیرو ئیختیارە حەزەکەم بچم بزانم بە مردوی یان بە زیندوی بیهێنمەوە، بانگی ئەوکەسەی کرد ڕانکوچۆغەری دەبەردابون، گوتی دوو کەسانی دەگەر بنێرە ناو گوندی کێندەری مەخسەدە با لەگەڵی بچن و باتوشی هیچ نەبی، دوو چەکداری وەگەرخستم یەکیان بیکەیسی پێبو ئەوییدی قەناسی وێبو، گوتی لەگەڵ ئەو پیاوەی بڕۆنە ناو گوندی ئاگاو لێبی، چومە خانی خۆم گەڕەکێ کانیێ کاولان، خانون دونهۆم بو، دایکم لە قاتی بنی لەسەر دووگوردێ



ڕاکشـــابو زۆر ڕشـــابۆوەو زۆر بێهێزبـــو، پـــیلم گـــرت و هێنـــامە دەرێ، شۆفڵ خەریکی مالّی کاک ســـەلامی حوســـینی جیـــرانن بـــو بیرۆخێنـــێ، کە ســـایق شـــۆفڵ ئەمەی دیـــت شـــۆفڵی ڕاگـــرت و هـــاتە خـــواری جلـــی ســـەربازی لەبەردابـــو ســـەلامی کـــردو گـــۆتی ئەوە دایکـــتە، گـــۆتم بەڵـــێ گـــۆتی تائێســـتاش لێـــرە مـــایە گـــۆتم وەبەرکیمیای کەتیە ئەتو کوردی، گـــۆتی بەڵـــێ کـــوردم بەس بریـــا کـــورد نەبـــام خـــۆ نەهاتبـــای ئەو خـــانوەم بەســـەردا دەڕوخانـــدو نەشـــمەزانی لەبـــن قـــاتی خـــوارێیە، ئەمـــن بڵـــێمە تـــو چ ؟ ئەمە جەماعەتی ئیشغالین ناچاری ئەو کـــارەی کـــراینە بەدەســـتەخۆمان نـــیە، ئێســـتاش وەعـــد بیـــت زۆری نەمـــایە بـــۆ ســـعات پێـــنج و نیـــوی چونکە پاشی ئەو وەختەی دەبێت ئێرە چۆڵکەین و نابێت هیچ کەس لە جەیش و جاش لە نـــاو گونـــدی بمێنـــی، ئەو خـــانوەی بـــڕەک دەســـکاری ئەکەم خـــانوی تـــۆ دەســـت لێنـــادەم، ئەمە هەر دوو شـــۆفڵ عایـــدی زابتەکـــی عەسـکەرین دیـــاربو زابـــتەکە لە دوری شـــۆفڵەکان لەگەڵ دوو چەکداری تـــر پیاســـەی دەکـــرد و چـــاودێری ئیشـــی شـــۆفڵەکانی دەکـــرد، گـــۆتم تـــازە چ لە خـــانی و مالّی بکەم چلێکەی وەلێبکە، ئەو دوو چەکـــدارەی لەگەڵـــم بـــون گۆتیان تازە دایکت دیتەوە ئێستا وەچ ڕاگەی ئێـــوارە قەدەغەی هـــاتوچۆ لەوســـەرو ئەو ســـەری خەلیفـــانێ و ســـەروچاوێ ڕاگەیەنـــدرێت، گـــۆتم نـــاکرێ هەستام بەناو خانی خۆمدا گەڕام دۆشـــەکەک و کەچە لـــێفەکم دیـــتەوە چـــونکە گونـــد هەمـــو تـــاڵانکرابو لە لایەن جەیشـــی بەتـــایبەت جاشـــەکان، ئەمـــن پیلی دایکـــــم گـــــرت و دوو چەکدارەکانیش دۆشەک و لێفیان هەڵگرت بون و هـــاتین گەیشـــتینە کـــانێ بـــاراوێ، پیکـــابەکی شـــینی جاشان پەیدابو دوو چەکدارەکان ڕایـــانگرت، پیکـــابەکە ســـێ چەکـــداری تێـــدابون جـــاش بـــون گۆتیـــان هـــاتینە شـــەو لەســـەرجادەی دەمێنێـــنەوە هەنـــدەک داران لەنـــاو گونـــدی ئەبەیـــن بـــۆ ئـــاگری شـــەوێ، دوو چەکـــدارەکان گۆتیـــان کە دارو بـــارکردن ئەو دوو نەفەرانە ببەنەخـــوارێ ســـەرجادەی لای خۆتان، زۆری پێنەچو داریان لە مزگەفتـــێ بەگـــزادان بـــارکردن و هاتنە خوارێ، چونکە دایکم حاڵی زۆر بـــاش نەبـــوو پیربـــو دوو کەســـی پێشـــەوە هـــاتنە خـــوارێ چـــونە بـــۆدی ســـواربون ئەمـــن و دایکـــم لە پێشـــەوە ســـواربوین، چوینە سەرجادەی بەینی توتمەو

بالیسانێ، دیاربو جەیش دەهاتەوە ئەوێ بۆ شەوێ، مەغریب داهات دونیا تاریکە بو جاشەکان هەندەک داریان دامێ کەمەک لە دوری ئەوان ئاگرم هەرکرد و دوایی جاشەک هات دوو سەمونی پڕ لە برنج و مەرەگەی فاصۆلیای بۆ هێناین، تابەیانی ماینەوە کەڕۆژ بۆوە جەیش و جاش دەستی بە ئیشی خۆی کردەوە خەریکی ئەو گوندانە بون ئەیانسوتاند و ئەیانڕوخاند، ئەمن چاوەڕێ بوم سەیارەک بێت چ بۆ خەلیفانێ چ بۆ سەروچاوێ، سعات بو بە هەشت و نیو سەیارەک هات ڕایگرت، کە هاتە خوارێ دیتم صالحی مام ڕەسولی خزمم بو گۆتی ئەو سەیارەم بە قسوسی بە هەشتا دیناری گرتیە هاتیمە دوو داکت گۆتیان لەناو خانی پلکە خەجیج بە جێمایە بە بریندارێ یان ئەوەتا زۆر خراپە یان مردیە، دڵم زۆر خۆش بو کە مام صالح هات، گۆتم ئەتۆ دایکم بەبە هەریرێ لای دکتۆری مام صالح بەخۆم دەچمەوە سەروچاوێ بۆ سۆراخێ بریندارانە، لێرەوە ئەمەوێ سوپاسی ئەو عەقید محەمەدەی بکەم ئەگەر ئەو نەبوایە لەوانەبو دایکم مردبا، بەخۆم مامەوە بو بە سعات نۆ و نیو دەستم بە ڕۆیشتنێ کرد هاتم گەیشتمە مەفرەقی جادەی ئێستای شەهیدان خوار بالیسانێ، لەوێ گەیشتمە حەسەنی دەرویشی بە پێیان بو، پرسیم کێوە مام حەسەن؟ گۆتی کچەکەم لە مارێ مام عەولای خەزوریتی لە کانی بەردێ، گۆتی دەبی لەگەڵم بێی، ئەمنیش چونکە مام حەسەن خەزوری حەسەنی برام بو پێم عەیب بو نەچم وەگەری کەتم، گەیشتینە قەبرستانێ خدرخەزایی جەیش و عەسکەر دەڕێدابو بۆ ناو گوندی کانی بەردێ، پێش بگەینە قەبرستانێ بەلای چەپدا دوو قومبەلەی نەتەقیو ڕەنگیان کەسک کەسک بو وەکو بتلەغازی بون لەناو زەوی کەوتبون، سێ زابتی دەرەجەدار لەلای ئەو قومبەلانە ڕاوەستابون، هەتا ئەڕۆیشتین سەیرمکردن، دیتم سەیارەکی جێب قیادە هاتو دوو گوشیان هێنانەدەرێ و بە پێی قومبەلەکانیان خستنەسەرو لەناو سەیارەکەیان بارکردن، گەیشتینە کانی بەردێ کەس لە ناو گوندی نەمابو نەک هەرمالّی مام عەولای، شۆڕنکردەوە بە ڕەشەکانیان هاتینە خوارێ سەرجادەی قیرێ، پیکابەک هاتو سواربوین و چوینە سەروچاوێ سعات بو بەیەکی پاش نیوەڕۆ، نانی نیوەڕۆم لە مالّی دکتۆر حەمەدەمینی خوارد، بەیانی هەستام چومەوە سیساوێ بە نەفەر چومە خەلیفانێ لەوێشەوە چومە سیساوەی، پاش ماوەکی گۆتیان ئەوەی چوینە هەولێرێ حیجز کراینە، دوایی ژن و پیاوەکانیان جیاکردینەوەو پیاوەکانیان شوێن بزرکردینە ژن و منداڵیشیان لە خەلیفانێ فرێدایە، بەداخەوە تا ئێستاش هەمو ئەو پیاوانەی بردرانە هەولێر بۆ عیلاج نەماندیتنەوەو بێسەروشوێنکران،پاش ماوەکی کەم مالّم گواستەوە سەروچاوێ، سێوێ خێزانی حەسەنی برام هاتەوە لا بەخۆی و فکری کوڕی، سێوێ براژنم دەرکەوت دوگیانە خوای گەورە کوڕەکی پێدا کەناوی (هاوار) ە پاش بابە، دوای ماوەیەکی مالّم گواستەوە ئۆردوگای شکارتە، دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ مالّم گواستەوە بالیسان تائێستا لە بالیسانێ ئەژم، ئەو ژیانەی ئەمە دیتیەو تێدابوینە هەتا بڵێی سەخت و قورس بوە، گێڕانەوەی هەروا ئاسان نیە. بەداخەوە لەناو سجنەکانی بێسەرو شون کران حەسەنی برام و سمایلی ئامۆزام و هەرسێ کوڕە خاڵم ئیسماعیل و تەها صابیرو یەک کۆمەڵە دۆست و ڕەفیقم هەمو شوێن بزراکران و شەهیدکران بە دەستی حیزبی بەعس..

-٢-

لە بەسەرهاتێکدا کاک محمەدی مام صالحی ڕەحمەتی بۆ سۆراغی ونبوانی کیمیاباران سەرکێشیەکی گەورەی بە ژیانی خۆی کردوە لە ساڵی ١٩٩٠ بۆتە

فریاد ڕەسوڵ حەسەن سەنگەسەری زۆر یارمەتی داوەو ژیانی ڕزگار کردوە لە بارودۆخێکی زۆر ناهەموار بۆیە دیدارێکم لەگەڵی سازدا بۆ بەرهەمی ژیانی کۆچکردو بەم شێوەیە باسیی ئەو ڕوداو چیرۆکەی خۆی بۆکردم. بۆ ئاشنابونی نەوەی ئێستا بە ڕابردو لێرەدا بڵاوی ئەکەمەوە.

حسن نبی رسول

موالید/ ١٩٧٥

دانیشتوی سەنگەسەر

خەڵکی گوندی دوگۆمان

بەرواری/ ٢٠٢٥/٢/٥

کاتژمێر/ ٢:٤٥ دوا نیوەڕۆ

کاک حەسەن نەبی باسی کردو گوتی:

بەحوکمی هەندێ ناسیارو خزمانم لە ئۆردوگای شکارتە کە کاک محەمەد ئاشنایی لەگەڵ هەبون، ڕۆژێک هات بۆ لام باسیکرد کە من بە حوکمی ئەوەی هاتوچۆی ئێران ئەکەم و کاری قاچاغی ئەکەم گوتی من برایەکم لە کیمیابارانی بالیسان لەگەڵ چەندین کەسی ترم گیراون و بیسەرو شوێنن تاکو ئێستا، باسیکردو گوتی دەمێکە بەدوای سۆراغی برام و کەسوکارەکانی تری خۆم، لە ڕێگەی چەند کەسێک واڕێکەوتوە کەسێکی ئەفسەری سوپای عێراق برایەکی بەدیل گیراوە لە سەرکردایەتی یەکێتی لە ساڵی ١٩٨٩، وە ئەو ئەفسەرە گوتیەتی ئەگەر سۆراغی برایەکەم بۆ بکات و بزانم کە ماوە یان چارەنوسی چ لێهاتوە بەڵێنیداوە کە ئەویش سۆراغی حەسەنی برای و خزمەکانی ئەکاتن لەناو بەعس، لەبەرئەوە گوتی من لەگەڵ ئێوە دێم بۆ ئێران بە ڕێگەی قاچاغ ئەوکات تەنها ڕێگەی قاچاغ هەبو لە نێوان عێراق و ئێران، کەوتینە ڕێ من بوم حسێن ئەحمەدی ئامۆزام بو کاک محەمەدی مام صالحی بو سێ کەسی تریشمان لەگەڵ بون بەناوەکانی کامەران خەڵکی هەولێر بو ڕەسول کۆیی بو جەلال کەرکوکی بو هەرسێکیان دەهاتن ببنە پێشمەرگە، لە ڕێگە بەیەکەوە بوین من و ئەحمەدی ئامۆزام وەک شارەزاو چاوساغ ودەلیل ئەوانمان ئەبرد بۆ سەرکردایەتی یەکێتی، کاک محەمەد بۆ مەبەستی خۆی و سێ کەسەکەی تریش ئەبونە پێشمەرگە ، تەنها من و خزمەکەم وڵاغی ئێسترمان هەبو باری (موس و پاکەتی جگەرە)مان بارکردبو هەردووکمان چەکیشمان وێبو لەگەڵ پارەیەکی باش ئەوانیش هەمویان پیادەبون وەڕێکەتین بۆ ئێرانێ، بە ڕێگەی دیلمان وسەر شێخان و لای قەندیلی کەتینە ڕێگەو ئاودیوی ئێران بوین، دوای دوو شەو ڕۆژ ڕێگە بڕین لە شێخ ئایشان گەیشتینە ناو پێشمەرگان ئەوانیش (عەزەی داودی و قادر خەبات و کەمالی حاجی ئاغاو مرادی حاجی کوێخای و حوسێنە چۆپە) بون، تەنها حوسێن چۆپە پارتی بو دۆستایەتیم لەگەڵ پەیداکردبو کەسێکی زۆرئازاش بو، ئەوانی تر هەمویان پێشمەرگەی یەکێتی بون، لەوێ من و حسێنی خزمم باری قاچاغمان بارکردبو فرۆشتمان، هەر ئەو ڕۆژی لەوێوەوە وەڕێکەتین بۆ گوێزێ سەرکردایەتی یەکێتی لەوێ بو ئەوکات لە مەنتیقەی (ئالۆەتان) بەلای ئێرانێ من شارەزاو چاوساغیان بوم کە بیانگەیەنمە سەرکردایەتی لە گوێزێ هەرشەش کەس پێکەوەبوین، زۆرمان نەمابو بگەینە گوێزێ سوپای ئێران وایزانی ئێمە

پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتیی ئێرانین قەسفی کردین بە مەدفەعی و هاوەن و بەچەکی بیکەیسی، سوپای ئێران وایانزانی چەکداری حیزبی دێموکراتین، حسێن ئەحمەدی خزمم و جەلال کەرکوکی و کامەران هەولێری شەهیدبون من و ڕەسول کۆیی بریندار بوین ڕەسول باسکی شکاو منیش قاچی چەپم زۆر خراپ شکاو بریندارێکی سەخت بوم قاچم لە گوێزینگێ بەسەرەوە شکابو ئێستاش ئاسەواری زۆری پێوە دیارە پاش دوو نەشتەرگەریش، ئەو ڕۆژی ١٩٩٠/١٠/١١بو کە لێمان درا کات سەروبەری نوێژێ عەسرێ بو، ، کاک محەمەدیش خەریک بو خۆی لەپەنای بەردو شت حەشاربدا، هاوارمکرد کاک محەمەد وەرە لام زۆر خراپم قاچم شکاوە، ئێستەرەکەشم لەگەڵ تەقەو دەنگی تەقە وەدور کەوتبۆوە، کاک محەمەد گوتی چیبکەم؟ گوتم وەرە دوورم خەوە لێرە هات بۆلام کاک محەمەد یەک ساچمەی بچوکی وە چەناگەی کەتبو کە هات ئازایانە منی هەڵگرت و بەهەر شێوەیەک بو دوری خستمەوە گەیشتینە پەنا بەردێکی گەورە زیاتر لەیەک کیلۆ مەتری دورخستمەوە، برینی بە پشتێن و جەمەدانی وەرپێچام کاک محەمەد تەجرەبەی هەبو زۆر بە ورە بو گوتی ئاو نەخۆیەوە ئەبورێیەوە بەس بەخۆی لێوی کەمێک تەڕ ئەکردم، گوتم کاک محەمەد چۆن جەنازەی ئەحمەدی خزمم بێنینەوە ئێستری کۆژرابو پارەو سیلاحی هەبو گوتی باشە ئەچم، هاتەوەگوتی ئەوە سەیارەیەکی مێکزەمینی سوپای ئێران دێتە خوارێ بۆ ئەو شوێنەی زۆر نزیک بوینەوە لە جەنازان، لەبەرئەوەی بەنیازبوم ئەگەر جەنازەی ئەوانەی تریشم پێ نەهاتباوە جەنازەی ئامۆزای خۆم بگوازمەوە لەبەر عەجەم و پاسدار نەمانتوانی بیانهێنینەوە بوە بەفروباران لەبەرئەوەترس زۆربو بگیرێین جەنازەکان لەوێ بە جێمان تەنانەت تفەنگ و کەل وپەلیشی هەموی بەجێما، دەبو لەوێ بڕۆین بۆ شوێنێکی بێ ترس منی لە ئێستر بارکرد بە باوەشی خۆی توندی کردم و وەڕێ کەتین، ئەگەر ورە بەرزی و بەخشندەیی کاک محەمەد نەبوایە منیش لەوێ بە جێئەمام نەمەتوانی یەک هەنگاویش بڕۆم خوێنم زۆر لەبەر ڕۆیشتبو لەدوای خوای گەورە کاک محەمەد بەهانام وەهات، (ڕەسول)یش بریندار بەدوای ئێمەدا دەهات بە پێیان، لە ڕێگە کاک محەمەد دڵی منی دەداوە پێشتر ئەو ئاشناییەم نەبو لەگەڵی هەرئەوە لەڕێگە ئەوەندە محەبایەتیەمان لە نێوان بو لەمن بو بە خدرو ئەلیاس فریام کەوت کاک محەمەد، کەوتینە ڕێ بەرەو (شێخ ئایش) هاتینەوە کاک محەمەد ڕێشمەی ئێستڕێی گرتبو دەڕۆیشت، لە ڕێگە نانی لە گیرفانی دابو تەڕ ببو پێکەوەنانی تەڕبوی بەبارانن ئەخوارد، هەرچیم گوتبا لە ڕێگە کاک محەمەد بۆی ئەکردم چونکە ئازارم هەبو باران و بەفرو سەرما بو ڕێگە زۆر سەخت بو کارەساتەکە گەورەبو بەسەرمان هاتبو، ئەو ناوچەیەی ئێمە پێیدا دەڕۆیشتین محەڕەمەبو هەوارگەی مەڕداران بو شوێنەکە ناوی (ئاغەسەری مەنگوڕان) بو شەو لە هەوارگەکی مەڕداران ماینەوە ئەوکاتی هەموی محەڕەمەبو ئەو ناوچەیە کەسی لێنەبو بەس درندەی لێبو چۆلگەبو ئەوەنەبو بڵێی کەس هەبێ یان بگەینە ئاوەدانیەکی، کاک محەمەد ئاگری دەچیغێ کۆنی مەڕداران دا گوڕی بڵند بو گوتی نان وچایەکی ئامادە ئەکەم، ئاگر بۆلای من هات کاک محەمەد خەریک بو ئاوی دەهێنا بە (کتلی) بۆ ئەوەی چای وەسەرنێ، بانگم کرد کوڕە سوتام خەریک بو بسوتێم بە پەلەپەل هات منی گواستەوە من نەمەتوانی دووربکەومەوە بە بای ئاگر بۆلای من دەهات باشبو جلوبەرگم تەڕبون بە بارانێ نەسوتام، شەوێ (هورچ-هەرس) بۆ وڵاغی هات کاک محەمەد تفەنگی پێوەنا دوری خستەوە، کەلە ڕێگە بەرەو شێخ ئایش دەهاتین گەیشتینە مام ڕەسول ناوێک زۆر نامناسی کاری قاچاغی ئەکرد خەڵکی چوارقورنەی بو قاچاغچی بو

مام ڕەسول وڵاغی پێبو کەسێکی پیادەی لەگەڵ بو زۆر پاڕامەوە کە بەپارەیەکی زۆر بمباتەوە مام ڕەسول گوتی بەپارە ناییم ئەو شارەزابو گوتی خۆم بەپارەنادەم نەهات لەگەڵمان وەک دەلیل و شارەزا، (دوای ڕاپەڕین زانیمەوە کە مام ڕەسول لەو ڕێگەیە جلوبەرگی لە زینی ماخۆبزنان دۆزرایتەوە – عیبرەت ئەوەیە گەر ئێمەیی بردبا کێ ئەیزانێ چارەنوسمان چی ئەبو)، ئەوشەوەی لە هەوارگەی مەڕداران بوین کاک ڕەسول بەدرەنگەوە لای بەیانی گەیشتەوە لامان، وەڕێکەتین گەیشتینە شێخ ئایشێ بە ڕێگەی خۆماندا هاتینەوە هەرلە دیوی ئێرانێ، شەوێک و دوو ڕۆژ لە ڕێگە بوین تا گەیشتینەوە شێخ ئایشان، پێشمەرگەکان لەوێبون پێشمەرگان پرسیان چیتان بەسەر هاتوە؟ حاڵ و مەوزوعمان بۆ گێڕانەوە گوتیان کارێکی وابکەن بگەنە شارێکی ئێران بۆ عیلاج و ڕزگاربونتان ناتوانن بگەنەوە دیوی عێراقێ،پێشمەرگەکانی پێشتری باسمکردن هەر ئەوانەبون گوتیان بۆ ئێرانێ گەر بچنە هەرشارێکی دەتوانین یارمەتیتان بدەین بەڵام بۆ دیوی عێراقێ ناتوانین ئەوکاتی پێشمەرگەش حاڵی خراپ بو ئەوانەش جۆرەک لە کاسبیان ئەکرد لەوێ وەزعی پێشمەرگە خراپ بو، دوای تۆزێ ئیسڕاحەت و نان و چا خواردن گوتم کاک محمەد ماڵە خاڵێکم لەشاری ئێرانێیە ناوی (مەلا خدرە) ئەچمە ئەوێ ئەویش گوتی ئێستا بچمەوە کەس باوەڕناکات کە چیمان بەسەر هاتوە وە باوەڕناکەن کە تۆش بە زیندوی مایەوە دەڵێن نەماوە، ئەوکاتی تەلەفۆن و شت نەبو منیش گوتم مادام تۆ وا بەفریام هاتی و منت ڕزگارکرد دەباشە منیش دێمەوە لەگەڵ تۆ، ئێستڕێکم بە کرێ گرت بە سەد دیناری عێڕاقی بۆ کاک محمەد لە شێخ ئایشێ تا ماڵەخێ، ڕەسول بەجێما ناوێرا بێتەوە عێڕاقێ تا ئێستاشی لەگەڵ بێ ئاگام لێی بڕا، من و کاک محەمەد کەس نەبو لەگەڵمان بێ بەپارەش بۆ شارەزایی ڕێگا چونکە من و محمەد شارەزای ئەو ڕێگەیە نەبوین کە دەبو بەوێدا هاتباینەوە بۆ دیوی عێڕاقێ، دواتر باشبو حوسێنە چۆپە گوتی بە پیاوەتی لەگەڵ و دێم چونکە بەفرێ قەندیلی لێوداتەوە ئەفەوتێن ئەو کەسە مالّی ئاوا هات لەگەڵمان هەتا (مالەخێ) لای قەندیلی لە بەفرو سەختی دەرچواندین زۆر مەردانە بەبێ بەرامبەر بەخۆی گەڕاوە ئێرانێ کاک حسێن چۆپە چونکە پێشمەرگەبو ناوێرا زیاتر لەگەڵمان بێ، کەگەیشتینە مالەخێ مەغریب بو هاتینە دیوی عێڕاقێ ئەوکاتی دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکرات لە گوندی (بۆڵێ و ئەستێرۆکان) بو، بارەگایەکیان ئەوکاتی چۆڵی ئەکرد لەبەر بەفرو سەختی خۆیان ڕزگار ئەکرد بەرەو گەرمێنێ دەهاتنەوەگەیشتینە ئەو پێشمەرگانە لە (مالەخێ) لەلای ئەوان شەو ماینەوە لەبن (خێمە-خێوەت)ێ تا بەیانی، گوتمان شارەزانین حکومەت هەمو ڕێگەی تەنیوە نازانین چۆن دەرچین لە شوێنی محەڕەمەو قاچاغ، پێشمەرگان گوتیان ئیشی پارە ناکەین شەو لەوێ خزمەتیان کردین و خواردنیان داینێ، ، باش بو یەکیان خێزاندار بو وابزانم ناوی (خالید کۆمەڵە) بو گوتیان ئەو عایلەی هەیە ئەگەر ئەو لەگەڵ و بێ پارەی بدەنێ، خالید کۆمەڵە هات لەگەڵی پێکهاتین بە دوو هەزاری سویسری بەشارەزای لەگەڵمان بێ هەتا گوندی ئێنزێ، لەگەڵمان هات شارەزابو هاتینە (خێڵاپ و سەری کونەکۆتر و سێکانیان) ئەوێش هەمو ڕەبایەی عەسکەری حکومەتی عێڕاقێ بو دونیا بەرەو تاریکی ئەچو باران بو معامەلەمان هەتا گوندی ئێنزێ بو بەڵام باران و تەمتومان و تەمو مژ بو چاوساغەکەمان ئێمەی هێنا هەتا گوندی (لێوژێ)، هەمو محەرەمەبو بەس ئەوان گوند دێمۆکراتی لێبون و ئاوەدانیان کردبۆوە، شەوێ لە گوندی لێوژێ چوینە بارەگای دێمۆکراتان و دکتۆرەکەیان هات زۆر گەنج بو پێڵاوی ئەدی داسی منی بە چەقۆ هەڵدڕی قاچم زۆر ئاوسابو، برینی پاکردمەوە و تەداوی کردو دوو

دەرزی لێدام و بریندی وەرپێچام، گـــوتی زۆرباشـــە کـــەماوی بریندەکـەم بـۆنی کردبـو خـوێنی تیدا مابۆوەو خوێنەکە مـەیی بو قـاچم زۆر ئەستور ببـو، شـەوێ دوو لێپرسراویان هـاتن پرسیان ئێوە چین بۆ لێرەنە حاڵی خۆمان باسکرد وگوتمان زۆر هیلاکین و ماندوین سێ چـوار ڕۆژان لێرە ئـــەبین،گوتیان نـــاتوانین لێـــرە ڕاوگرین تـازە ژنـە پێشـمەرگەک لێـــرە دەســـگیرکرایە لـــە ژێـــر چاودێری حیزبی بەعسین لەگەڵ ئێمـــەش بـــێن ئەترســـێین لێکۆڵینـــەوەو لەگـــەڵ بکـــەن و بگیـرێن دەبـێ ئەوشـەو لێـرەبن بـەیانی بـرۆن نابێ دونیا ڕۆناک بـێ دەبێـت بـەتاریک و ڕۆنـێ بـــرۆن، کـــاک محەمـــەد گـــوتی ئەچینـە پشـتی شـاخی ڕێگـەی کەشـف ئەکـەین بـزانین ڕەبیـەی عەسـکەری هـەن یـان کـەمینیان هەیـە بـەیانی دواتـر ئـەڕۆین، منـیش پێشـتر قاچـاغیم کردبـو هەندێک شارەزایم هـەبو هاتبومە ئـەو ناوە لای خوارەوە دەمزانی لە چ شوێنێک کەمین هـەن، دونیا باران بـو گوتم کاک محەمـەد بـە (گـۆڕێ مێردینێ)دا ئـەڕۆین هـەر ئەوشـەو بە بارانێ کـەمین و هـیچ نیـە ئـەڕۆین دەربـازەبین، کـاک محەمـــەد گـــوتی بکەوینـــە نـــاو کەمینێ ئەمن دەربـازەبم بـەڵام چ لەتۆبکـەم هـەتا ئێرە هاتینـە لێرە ئـــەمری یـــان ئـــەگیرێی تـــرس و شـــیدەتی حکومـــەتی بـــەعس لەوپەڕیـــدابو هەرکـــەس گیرابـــا چارەنوسی نادیارەبو، هـەر شـەو بـو نـوێژی بـەیانی نـەبوبو کـاک محمـەد سواری ئێستڕێی کردم و هەوســـارێ ئێســـتڕێی گـــرت و کەتینـە ڕێ، سـوپاس بـۆ خـوا بەســـەلامەتی گەیشـتینە شـاخی (تـەورە) هاوینـە هـەواربو لەڕێگـە لایتـی عەســـکەری هـــەبو یـــان جاروبـــار (گـــوێ درێـــژ)ی عەسـکەران هەسـتی ئێسـتڕێیان ئـەکرد ئـەزەڕین بـەڵام باش بـو بەســـەلامەتی گەیشـتین، ئـەوێش هـەمو ناوچـەی قەدەغـەکراو بـو حکومـــەت هـــەمو خـــەڵکی ڕاگواسـتبو، بـۆ نـوێژێ بـەیانی گەیشـتینە گـــۆڕێ (مێردینـــێ) هـەموی هـەر چـۆڵ بـو، دونیـا ڕۆنـاک داهـات بـە ناوچـەی قەدەغـەکراو دا هـاتین بـەڕۆژ گەیشـتینە گونـدی مـەمکان و زەنگڵان ئەوێش چۆڵ بو، لەوێش ســـەروبەری نـوێژێ عەســـرێ پەڕینـــــەوە گەیشـــــتینە شـــاخی(کێوەڕەش)ێ، شـــۆرمان کردەو بـۆ گوندی (کونەسـە) لـە ڕێگە گەیشتینە دوو کەسی فیرار پرسیان بۆ سواری وڵاخی بوی لـــەو ڕێگـــە ســـەختە خراپـــە ئەکـەویت، هـەردوکیانم دەناسین و هەردووکیان ناویان محمەد بو خـەڵکی گوندی ماخۆبزنان بون، گوتم ئازاری سکم هەیە ناتوانم بـــڕۆم نـــەوێرام بڵـــێم بڕینـــدارم چونکـە دونیـا زۆر مەترسـیداربو ئـەوکات لـە ترسـی تونـدو تیـژی حکومەتی بەعس، گوتم هەوێـەک شتەکتان پێنیە هەویەو شتم لانیە بچمەوە ناوشاری گوتیان نا وەڵا بـــەخۆمان فیـــرارین هەڵـــدێین لەترســـی حکومـــەت، گەیشـــتینە گوندی کونـە سـە بـوە مـەغریب، کـاک محمـەدم ڕاسـپارد بچیتـە ماڵی مام ڕەسوە سوری زەنگڵی لـــەناو گونـــدی ناســـیارم بـــو کەســـێکی کۆمەڵایـــەتی و کەسایەتی بو، گوتم کاک محمـەد بڵێ ئەتوانین بێنە ماڵتان و شـەو بمێنینـەوە لەبـەر حکومـەت تـرس زۆربـو، هـەمو کـەس نـاوێرا بریندار ڕاگرێت، محمـەد هاتـەوە گـــوتی مـــام ڕەســـول ئـــەڵێ بابفـــەرمون، چوینـــەماڵی مـــام ڕەسـول زەنگڵـی لـە گونـدی کونەســـە شـــەوێ خزمـــەتیان کـــردین نـــەوێراین قـــەرەبالغی دروسـت کـەین شـەوێ مـام ڕەسولم نارد بەسەیارە چو بۆ مـاڵی بـابم لـە حاجیـاوا مـاڵی حوسـێنی ئامۆزاشـم جیـرانن بـو لەحاجیاوا، مام ڕەسول بە بابمی گوتبـو کـە حوسـێن کـوژراوەو حەســـەنی کوڕیشـت بڕینـدارە کەســـێکی بالیســـانی بـــەناوی محەمـــەدی مـــام صـــالحی هێنایتیـــەوە، بـــاوکم کەوتـــە مشـورخواردنی مـن لەگەڵ خاڵم چوبو بۆ (کەڵەکێ یاسین ئاغای) ئەوکاتی ماڵی برایم ئاغای خزم و کەســـایەتی لـــەوێ بـــو مستەشـــاری حکومـــەتی بـــو، شـەوی دواتـر منیان گواستەوە مـاڵی دۆسـتیکم بـە نهێنـی بـۆ ئەوەی کەشـف نـەبم لـەوێ کاک محمـەدم مۆڵەت دا بۆ ماڵی خۆی لە ئۆردوگای شکارتە بابم کاک محمـەدی نـەدیت، دوای دوو ڕۆژ بـــرایم ئاغـــا مەفەرەزەیـــەکی

چەکداری نارد منیان گواستەوە کەڵەکی یاسن ئاغای، لەوێ ناسیارەک هەبو چەکداری حکومەت بو بە سوتفە بەهەمان ناوی سیانی من (حەسەن نەبی ڕەسول)، بەناوی ئەو نوسراوێکیان بۆ کردم کە من گوایە لە کاروباری چەکداری بریندار بوم منیان گەیاندە نەخۆشخانەی سەربازی لە موسڵێ، دکتۆر محەمەد عەقراوی لەوێ بو دوو نەشتەرگەریان بۆ کردم بەڵام ئیلتیهابی هەر مابو، دکتۆ گوتی دەبێ داخیل بی لێرە لەوێ داخیل کرام نزیکەی یەک مانگ، دوای هاتمەوە دکتۆر گوتی دەبێت بێیتەوە دوبارە، هاتمەوە بیست و پێنج ڕۆژ لەماڵ بوم، دوبارە چومەوە موسڵ من و بابم و مام برایمی ئامۆزام، کە گەیشتینە موسڵ گوتیان لە رانیە بوەتە ڕاپەڕین واتا ١٩٩١/٣/٥ لە موسڵ بوم لای دکتۆر، باس لەوە ئەکرا کە حکومەت ڕانیەش ئەنفال ئەکاو ئەسوتێنی ترس زۆربو، دوای تەداوی کردنم گەڕاینەوە هەولێرێ ماڵی مام برایمی ئامۆزام، هەفتەک زیاتر ماینەوە تاکو هەولێر ڕزگار کرا گەڕاینەوە حاجیاوا، دوای من خزمەکانم چوبونە لای کاک محمەد بۆ هێنانەوەی جەنازەی حوسێنی بە واسیتەو بە یارمەتی هەندێ خزمان، کاک محمەد ئامادەبو لەگەڵیان چوبو جەنازەیان هێنابوەو لە حاجیاوا ناشتبویان باسیانکرد کە تفەنگ و کەل و پەلی نەمابو دەبێ سوپای ئێران چوبێتە سەر جەنازەیان، ئەوانەی تر نازانم چیان بەسەر هات جەنازەکان، کاک ڕەسول کە بریندار بو ئەو لە ئێران گوتی من ئەچمە لای هەندێ کەسی ناسیارم ئاگام لێی نەما، پاش ڕاپەڕین لەگەل کەسوکارم هەر بەدار شەق ئەڕۆیشتم چوینە سەردانی ماڵی کاک محەمەد لە شکارتە بۆ سوپاسگوزاری ئەوکارەی کەلەگەڵ منی کرد بو، چونکە ژیانی ڕزگار کردم لە ڕێگەش ئەو هەمو سواربون و هێنانە خوارەوەو نان و ئاو تەنانەت لەهەندێ کات لەسەر وڵاخ (میز)ی پێ ئەکردم بە (دەبە) لەسەر پشتی ئێستێ، هەندە پشو درێژو بە ورەو بە جورئەت بو وامەزانی باوکی خۆم لەگەڵە زۆر دڵم پێخۆش بو هەتا ماوم ناتوانم چاکەی ئەو پیاوە لەیاد بکەم چوار پێنج شەو ڕۆژ لەو ڕێگایە سەخت و پڕ مەترسیە منی هێناوە، ئەو مەسەلەی کاک محەمەد بۆی هاتبو بۆ سۆراغی ئەوکەسە وازی لێهێنا دوای کارەساتەکەی کەبەسەرمان هات لەپەرۆشی بۆ من و مشوری دەربازبونم، دوای کۆڕەو هەتا ئێستاشی لەگەڵدابێ هاموشۆو برایەتیمان پاراستوە زۆر بەگەرمی، ئەو دەیگوت من یەک برام هەبو شەهید بو ناوی حەسەن بو ئەتۆش ناوت حەسەنەلە جێگەی حەسەنی برامی بۆمن، پیاوەتی و سەخاوەتی و جوامێری ئەو پیاوە بەمن وەسف ناکرێ، وەسیەتم کردوە بۆ منداڵەکانم و کەسوکارم هەمویان هەتا ماون پەیوەندی نەپچڕێنن لەگەڵ ئەو خێزانە بۆ من وەک برا وابو، ئەو ڕۆژەی کە هەواڵی مردنیم بیست لە ڕێگە بوم بۆ قەڵادزێ تەلەفۆنم بۆ ماڵێ کرد گەرحازرن دەنا من دەبێ بچمە سەر جەنازەی، چومە سەر جەنازەی ماچم کرد بۆی گریام نوێژم لەسەر کرد لە پرسەی وەستام تا تەواوبو پرسەکەی، لەگەڵ کاری خودا هیچ ناکرێ هەزار ڕەحمەت لەگۆڕی جێگەو مەکانی بەهەشتی بەرین بێ خوای گەورە بە میهرەبانی خۆی لەگەڵ بکاتن، وە داوایەکم هەیە بۆ هەمو خەڵکی خۆشناوەتی بە گشتی و بەتایبەت بالیسان گەر ڕێیان کەوتەلامان حەزەکەم بێنە لامان و میوانمانبن و خزمەتیان بکەین گلەیی ئەکەم لێیان گەر میوانداریمان نەکەن لەبەر خۆشەویستی کاک محەمەد بۆمان چونکە ئەو هەوێنی ئەو پەیوەندیەبو لە نێوانمان، داواکارم لەخوای گەورە ئەولادەکانی سالحتربن و جێگەی باوکیان بگرنەوە، کاک محمەد هەرلەمن و کەسوکارم نا بگرە لەهەمو بالیسان و خۆشناوەتی چو، چونکە بەڕاستی کەسایەتی و ڕیش سپی و بە هەڵوێست بو لە ژیانیدا.

ڕۆماننووس ئارام محەمەد:

دۆخێك دروست كراوە، بۆ ئەوەی چیرۆكێك بگێڕینەوە، دەبێ چیرۆكێك لە بیر بكەین.

سازدانی: توانا موسلیح

ڕۆماننووس (ئارام محەمەد) لە ساڵی ١٩٨٥ لە شێخوەسانان لە دایک بووە. بەکالۆریۆسی لە زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی دهۆکدا وەرگرتووە. خاوەنی شەش ڕۆمان و کۆمەڵەچیرۆکێک و دوو کتێبی تیۆرییە لەبارەی گێڕانەوە و ڕەخنەوە. دواترین ڕۆمانی بە ناوی (ئەو هاوارەی نەبیسترا)، چاپی وەشانی نووسیار، بووەتە جێی سەرنجی خوێنەر و ڕەخنەگران و براوەی خەڵاتی کاڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. نووسەر براوەی خەڵاتی لاوی ساڵ ٢٠١٢- بۆ ڕۆمان و براوەی خەڵاتی یەکەمی فێستیڤاڵی گەلاوێژە بۆ چیرۆک لە ساڵی ٢٠١٤ دا. لە

دیمانەیەکی تایبەت بە گۆڤاری شازدەی چوار تیشک دەخاتە سەر گرنگی نوسین و ڕۆڵی ئەدەب و ڕۆمان بەتایبەت لە گێڕانەوەی تراژیدیای جینۆساید.

دوایین بەرهەمی نوسەر زێتر قوڵبونەوەیە لە مەرگەساتی کیمیابارانو و ئەنفالی خۆشناوەتی.

پ: ڕۆمانی (ناوی خۆیان بیر نەماوە)، بەپێی هەندێ ئاماژەی کات و شوێن، گێڕانەوەی ئەنفال و کیمیابارانی دۆڵی خۆشناوەتییە، ویستووتە لەو ڕێگەوە چێ بگێڕیتەوە؟

ئارام محەمەد: پێش هەر شتێک من لەگەڵ ئەو ڕوانینەدا نیم، کە لەناو ئەدەبدا بە دوای فۆرمی واقیعدا بگەڕێن، خۆی ئیشی سەرەتایی ئەدەبیات ئەوەیە، واقیعی زانراو و بەردەست تێک بشکێنێت و بە جۆرێکی دیکە دروستی بکاتەوە. ڕەنگە خوێنەر خۆی ئەو مامەڵەیەی حەز لێ بێت، بەڵام لە واقیعدا من خۆم لەگەڵ هیچ سنوور و بازنە و کۆنکرێتبەندییەکدا نیم بۆ مانا، چونکە ئەم کارە خۆی بە دیوێکدا دژ بە نووسین و ئەدەبیاتە. هەڵبژارنی بابەت و پێوەندی لەگەڵ نووسەر، باسێکی دیکەیە. ڕاستییەکەی بە هۆی ئەوەی خۆم و کەسوکارم بە ڕێککەوت لەو ڕووداوەدا دەرباز بووین، هەمیشە فشارێکم لەسەر بووە، کە بتوانم ئەو ئازار و ژانە لە ڕێگەی گێڕانەوەیەکی هونەرییەوە بخەمە ڕوو، بەڵام ئەمە تەنیا لە چوارچێوەی بابەت و بیرۆکەدا کەڵکی لێ وەرگیراوە.

لێرەوە پێش هەر خوێنەرێ، من خۆم کردووەتە کەنالێک بۆ دامەزراندنی دیالۆگ لەگەڵ خۆمدا. لەو دەرچەیەوە هەوڵم داوە بە پرسیار و ڕامان ڕووبەڕووی خۆم ببمەوە.

ئەم دۆخە بۆ نووسەر گرنگە و دەکرێت سوود لەو کاریگەرییە وەربگیرێت، تا بچێتە کونجە تاریک و دیوە پەنهانەکان. بەگشتی دەتوانم بڵێم: لە ڕێگەی ڕۆمان، چیرۆک، شیعر، و یادداشتەوە ئێمە دەتوانین باشتر لە هەست و نەستی قوربانییان بگەین. دەکرێت لەنێو ژانرە ئەدەبییەکاندا دەیان سیمبۆڵ و ئاماژە هەبن، کە بە هۆیانەوە خۆڕاگری و ئازایەتیی مرۆڤەکان لە سەختترین هەلومەرجی ژیاندا ببینین. لە ڕۆمانی (ناوی خۆیان بیر نەماوە) بە فۆرمێکی دژ بە گێڕانەوەی کڵۆنۆلۆژی و دژ بە حیکایەت و گێڕانەوە زانراو و ڕۆژانەیە دووبارەکان، لە زیاد لە لایەکەوە باسم لەو چیرۆکە وردانە کردووە، کە تەنیا لە دیوێکەوە بیستراون. ئەدەبیاتی گێڕانەوە ئیشی گواستنەوەی بینراو و بیستراوی ڕۆژانە نییە، کە ئەوە نابێتە گێڕانەوەی هونەری، بەڵکوو کارەکە بە گشتی هەوڵە بۆ دروستکردنەوە بە بەکارهێنانی کەرەستە بەردەستەکان بە شێوەیەکی ئیستاتیکی و هونەری. ئیشەکە یەک خاڵ و ئامانجی نییە، تا بۆی بڕوات، بەڵکوو ئامانجی ئەدەبیات لەوە فراوانترە و مامەڵەیە لەگەڵ ڕووبەڕێکی کەشفنەکراو. سەرنج لەسەر ئەو پەراوێزە پەنهانانەیە، تا لەو ڕێگەیەوە شتی دیکە بڵێین. بەکورتی ئەوەی دەیگێڕمەوە، ئەوە نییە، کە هەمووان دەیگێڕنەوە، بەڵکوو هەوڵە بۆ ئەوەی ڕووناکی بخرێتە سەر تراوما و دیوی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیی چەند نموونەیەک. ئەو تراومایەی باسی دەکەم، بە جۆرێک تێکەڵ بە سێبەری قوربانییان بووە، تا ئاستی نەناسینەوە.

پ: بۆ زۆرینەی کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەت، ئەوانەن کە بە تراوماوە دەمرن یان خۆیان دەکوژن؟

ئارام محەمەد: ڕاستە کارەکتەرەکان لەگەڵ شۆک و نائارامییەکی دەروونیدان. بەشێک لەوان هۆشیارییان بەرانبەر بە نەخۆشییەکەیان نییە. لەو شوێنەدا دەزانین ئەم دەردە درێژکراوەی کاریگەرییەکانی تراومایە، کە کارەکتەرکان ناتوانن گوزارشت لە ئازار و نائارامییەکانیان بکەن. بەگشتی لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە تراوما چیرۆکێکی پچڕپچڕە، کە نەتوانراوە بخرێتە نێو گێڕانەوە و گوزارشتکردن. فرۆید پێی وایە تراوما لەو شوێنەدا دەمێنێتەوە، کە بوار نییە بە وشە دەربڕرێ. بۆ ئەوانەی بە تراوماوە دەژین، ئەدەبیات ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، بە تایبەت ئەگەر لە ڕوانگەی (ڤیکتۆر فرانکڵ)ەوە لە بایەخی واتای ئازار و ژان بڕوانین، ئەدەبیات و نووسین یارمەتیدەرن بۆ دۆزینەوەی واتا لە دۆخە سەختەکاندا. دەکرێ لە چەمکی لۆگۆتێراپی (Logotherapy) یان چارەسەری دۆزینەوەی واتا، زیاتر وردبینەوە. گێڕانەوەکە هەوڵە بۆ پێشاندانی ئاڵۆزییەکانی ژیان و ژانە دەروونییەکان و گەڕان بە دوای واتا لەناو ئازارەکاندا. بە ڕامان لە دۆخی تراومایی و خواستی گەڕان بۆ مانای ئازار، دەزانین کارەکتەرەکان لە دۆخێکی ناجێگیردان. لێرەوە کارەکتەرەکان ئازادن لە چۆنیەتیی هەڵوێستگرتن بەرانبەر بە ژیان. خۆکوشتن لای هەندێ کارەکتەر، جۆرێکە لە هەڵوێستوەرگرتن بەرانبەر ئازار و دژ بە ونبوونی واتای ئازار. لە لایەکی دیکەوە، لە ڕۆمانەکەدا کارکتەرێک هەیە، کە شاعیر و چیرۆکنووسە، وەک دەرمان و چارەسەر بەرانبەر تراوما و ئازارەکان دەوەستێتەوە. ئەمەیش هاوشێوەی خۆکوشتن هەر هەڵوێستە. بەم جۆرە لە بایەخی ئەدەب و هێزی دەربڕین تێدەگەین. بەگشتی ئەدەبیات لەو سپەیسەدا چالاکە، کە زمانی

دەربڕین تێیدا ناچالاکە. نووسین یان خوێندنەوە بوار دەڕەخسێنێت بۆ خستنەڕووی ئازارەکان، بە شێوەیەک کە بەرگەگرتن و تێگەیشتن زۆر قورس نەبێت. لە گێڕانەوەکەدا ئەم تێگەیشتنە جەختی لێ کراوەتەوە، نەک دیوی مەرگدۆستی و هەڵاتن لە ژیان. ئامانجە بڵێم، ئەوەی دەگوترێت، گوایە ئەدەب وەک هێزێکی ڕزگارکەر، یان ئەدەب وەک چارەسەر و دەرمان ڕۆڵ دەگێڕێت، ڕاستە.

پ: تۆ لە ڕۆمانەکانت، تا ڕادەیەک دەتەوێ بە ناڕاستەوخۆ، ئیش لەسەر نەهامەتییە نەتەوەییەکان بکەیت، ئایا ڕۆمان تاچەند دەتوانێت سوود بە دۆسیەی جینۆساید و تراژیدیاکانی ئێمە بگەیەنێت؟

ئارام محەمەد: لە ڕۆمانەکانمدا هەوڵم داوە، بە گشتی خەم و ئازارەکان بە فۆرمی ئەدەبی بخەمە ناو دەقەکانەوە. پێم وایە ڕۆمان دەتوانێت بە چەندان ڕێگە یارمەتیی گوزارشتکردن و قسەکردن لەسەر دۆسیەی جینۆساید و تراژیدیاکان بدات. دەتوانێت ببێتە ڕایەڵەی نێوان نەوەکان، لەو ڕێگەوە دەیان پرسوباس دەخرێنە ڕوو. مەبەستمە بڵێم زۆر لایەنی مرۆڤ هەن لە دۆکیۆمێنت و هەواڵ، تەنانەت لە وێنە و ڤیدیۆدا دەرناکەون، لە کاتێکدا ئەدەبیاتی گێڕانەوە لەو ئاڵۆزییانە قووڵ دەبێتەوە و ئەو دۆخانە بە وشە دەکاتە وێنە و دواتر وێنەکان دەخاتە دڵ و هەستی خوێنەران، کە لەوانەیە بە ڕاپۆرتی میژوویی و سیاسی ئەستەم بێت ئەوە بکرێ. کاتێک خوێنەر لەگەڵ کارەکتەرێکدا دەژی، هەست بە ئازار و ترس و هیواکانی کارەکتەرەکە دەکات، ئەمە پێوەندییەکی قووڵ و ڕەسەن لەگەڵ ڕووداوەکاندا دروست دەکات. لەو ڕێگەوە دەکرێ خەباتی نەتەوەیی و هێزی کەلتووریی خۆمان بۆ هەمووان بخەینە ڕوو. ئەدەبیاتی گێڕانەوە هاوشانی سینەما ڕۆڵی هەیە لە گەیاندن و پێشاندانی تاوانەکان بە جیهان، بەو مەبەستەی بۆ دەیان ساڵی دیکە ئەو تاوان و کارەساتانە لە یادگەی گشتیدا بمێننەوە و دووبارە نەبنەوە.

پ: لە ڕۆمانی(ناوی خۆیان بیر نەماوە) سێ خێزان هەن، ئەندامانی هەرسێ خێزان تووشی خۆکوژی و هەڵوەشانەوە و دەربەدەری دەبن، بەتایبەت دوای ڕووخانی ڕژێم، مەبەستت لە تۆخکردنەوەی ئەو سنوورە چیە، پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دوای ڕووخانی ڕژێم؟

ئارام محەمەد: ڕاستییەکەی نامەوێ ورد لەبارەی ئاماژەکانەوە قسە بکەم، چونکە ڕەنگە زیاد لە سیمبۆڵ و ئاماژەیەک هەبن و زیاد لە مانا و مەبەستێکیان لە پشتەوە بن. بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکان لەوە قووڵترن، کە تەنیا گێڕانەوە و ناسینەوەی ڕووداوەکان بن. ئەوەی زۆر بە لامەوە جێی بایەخ بووە لەم کارەمدا، پێشاندانی دۆخی چەند مرۆڤێکە، کە هەم لە ناوەوە، هەم لە دەرەوە تێک شکاون و هەڵاهەڵابوونە. سەرەڕای دەرد و ئێشە جەستەیی و دەروونییەکان، ئەم مرۆڤانە تا کاتی ڕووخانی

> **"پێم وایە ڕۆمان دەتوانێت بە چەندان ڕێگە یارمەتیی گوزارشتکردن و قسەکردن لەسەر دۆسیەی جینۆساید و تراژیدیاکان بدات"**

بەعەس، دەستیان بە خەون ئومێدێکەوە گرتبوو، ئومێدی گەڕانەوەی ونبووەکان، بەڵام دواتر خەونەکەیان دەگۆڕێت و ڕازین ئەگەر ئێسکوپرووسکەکانیش و دەتوانن ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕن لە لەبیرنەچوونەوەی ئەو تاوانانەی دژ بە گەل و نەتەوەیەک یان تەنانەت مرۆڤێک کراون. ئەم هونەرانە دەتوانن چیرۆکی ئازار و تاوان و ئازادی وێنەیەکی سینەمایی، دیمەنێکی شانۆیی، یان مێتافۆرێکی ئەدەبی دەتوانێت پەنجەرەیەک بکاتەوە، تا ئازارەکان بە قوواڵی پێشان بدات. ئیستاتیکا لە ئەدەبدا پێوەندییەکی ڕاستینە لەگەڵ

هونەر بە گشتی لە تێپەڕاندنی سنووری زمان و ڕووبەڕووبوونەوە توانایەکی سەرسووڕهێنەری هەیە

بەدۆزرێنەوە. چاوەڕوانی وەک نەخۆشییەکی نادیار و کوشندە، ژیان دەکاتە دۆزەخێک کە مرۆڤ، مەگەر بە هۆی ئەدەبیاتەوە، دەنا ناتوانی ئاسان گوزارشتی لێ بکات.

پ: لای کورد چەند بایەخ بە ئەدەب و سینەما و شانۆ دراوە، تا لەو ڕێگەوە هەم نەوەی نوێ ئاشنا بکەین، هەم ئازارەکان ببینرێن و سنوور ببڕن؟

ئارام محەمەد: ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکان بە گشتی کاریگەرن بە فۆرمی جۆراوجۆر بهێڵنەوە و هاوسۆزی جیهانی دروست بکەن و ببنە بەشێکی هەمیشەیی لە میراتی کولتووری ئێمەدا. هەروەها بۆ داهاتوو هۆکاری فێربوون و پرسیار و ڕامان بن. هونەر بە گشتی لە تێپەڕاندنی سنووری زمان و ڕووبەڕووبوونەوە توانایەکی سەرسووڕهێنەری هەیە. هەندێجار قسە هێزی گوزارشتی نییە لە باسی بەشێ لە تراژیدیا و تاوانەکان. لێرەدایە، کە خوێنەر دادەمەزرێنێت و ناچاری دەکات مرۆڤ ببینێت، نەک وەک ئامارێک یان وێنەیەک مامەڵە و شرۆڤە بکات. کارەکە تەنیا گێڕانەوەیەکی ڕۆژانەیی و میللییانە نییە، بەڵکوو پڕۆژەیەکە بۆ دووبارەدروستکردنەوەی ناسنامەی کۆمەڵگا.

پ: لە ڕۆمانەکەتدا ئاماژەی ئەوە هەیە، کە دەکرێ بازرگانی بە ئازاری قوربانیانەوە بکرێ، هێنانەوەی ئێسکوپرووسک بە

پـــارە، دەکـــرێ ئەوە ڕوونتـــر بکەیتەوە؟

ئـارام مـحەمەد: ئەمەیش دواجـار ئامـاژە و مێتـافۆرە بـۆ پرسـێکی دیـــکە، کە ڕەنـــگە لە چەمکـــی ئەخلاقـدا جێـی بکـرێتەوە. بە دریژایـــی نووســـینی ڕۆمـــانەکە

"هەندێجار یادکردنەوەی تراژیدیاکان فۆرمێکی ئابووریی سیاسی وەردەگرێت"

ترسـم لەوە هەبـووە، کـارەکەی منیش بە دیوێکدا ببێتە بەشێک لەو پرۆســـەیە، بـــۆیە دەبێـــت هەمیشـــــە، بە شـــــێوەیەکی ڕەخنەگرانە و هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسەدا بکرێت. ئیشی نووســـەرە لە زیـــاد لە لایەکەوە بـوار بـدات بە قوربانییەکـان، تـا گوزارشت لە خۆیان بکەن، نەک ئەوەی قســـــەیان لە جیـــــاتیی بکرێـت، چونکـە ئەدەب کەنـاڵێکە بـۆ ئەوەی قوربانییەکـان لە زیـاد لە گۆشـــەیەکەوە چیرۆکەکانیـان بگێـڕنەوە. پرسـی گەڕاندنـەوەی ئێسکوپرووســـک بـــە فـــۆرمێکی ناباو، یەکێکی دیکەیە لـە چیرۆکە پەنهانەکان.

بازرگـــــانیکردن بە ئـــــازار، پرسوباســـێکی ئـاڵۆزە لە ڕووی ئەخلاقیـیەوە. پـێش هەر شـتێک، بـــابەتەکە دەبێـــتە فۆرمێـــک لە مـــامەڵە و کـــاڵادا. کـــاتی خـــۆی (ئـــادۆرنۆ) ورد لەو بـــارەیەوە نووســـــیویەتی، بەکـــــاڵاکردنی تراژیـدیا بە مانـای بەکـاڵاکردنی ئـازارە. لەم پڕۆسـەیەدا لایەنێـک یان کەسێک هەیە قازانج دەکات. ڕامـانە ئەخلاقیـیەکە ئەوەیە: ئایـا ئەمە دووبـارە چەوســاندنەوەی قوربانییان نییە؟

بـا ڕوونتـری بکەمـەوە: لایەنێـک هەیە خـۆی بە خەمخـۆر پێشـان دەدات، جـا ئەو لایەنە کەســـێک بێـت یـان دەســـەڵاتێک بـێ، یـان گـــرووپ و ڕێکخراوێـــک بیـــت، ڕەنـگە بە ئاگایـانە یـان نائاگایـانە بەشێک بن لەم بازرگـانیکردنە بە ئازاری ئەوانی دیکە. دەکرێ بڵێم هەنـــــدێجار یـــــادکردنەوەی تراژیـدیاکان فـۆرمێکی ئـابووریی سیاسی وەردەگرێت. لێرە ئەگەر لە مەرام و جـوولەی دەســتەڵاتی کـــوردی ڕا بمێنـــین، دەبینـــین دۆخێـک دروسـت کـراوە، کە بـۆ ئەوەی چیرۆکێـــک بگێـــڕینەوە، دەبـێ چیرۆکێـک لە یـاد بکەیـن. ئەم ڕامـــانە بە لای مـــنەوە زۆر گرنگە، چونکە ئەمە دەرێژکراوەی هەمـان ڕامـانە بازرگـانییەکەیە. ڕاســـــتییەکەی ئەگەر ورد لەو دیـالێکتیکە ڕا بمێنـین، تێـدەگەین مـامەڵەکە بەردەوامە. ئەوەی لای ئـــێمە زۆر زەقە، جـــۆرێکە لە یـادکردنەوە، (ئێستا ئەو فـۆرمە ســـواوە و بە دوای جێگـــرەوەدا دەگەڕێـن، بە هەمـان مەبەسـت). مەترسـییەکە ئەوەیە بیرکـردنەوە لە خودی کەلتووری یادکردنەوە، بـووەتە فۆرمێـک لە کەلتـــووری بەکاربردن.

پڕۆفایل:

بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:

ســـەمای ســـڕبوون (ڕۆمـــان) ٢٠١٢.

خەوتوو (ڕۆمان) ٢٠١٤.

مەرگی مێژوونـووس (ڕۆمـان) ٢٠١٦.

دەرگەکـانیش هـیلاکن (چیـرۆک) ٢٠١٨.

ڕۆژێـک لەو ســـاڵانە هەڵـدەگرم (ڕۆمان) ٢٠٢٠.

پـۆڵ ڕیکـۆڕ و پرسـی گێـڕانەوە (ڕەخنە) ٢٠٢١.

ئـادۆرنۆ و ڕەخـنەی کولتـووری (ڕەخنە) ٢٠٢١.

ئەو هـاوارەی نەبیسـترا (ڕۆمـان) ٢٠٢٢.

ناوی خۆیان بیر نەماوە (ڕۆمـان) ٢٠٢٥.

شوکریە موحەمەد بەرکەوتووي چەکي کیمیایی:
ئەو مینحەیەشیان پێ ڕەوا نەبینیم کە بۆ بریندارانی چەکي کیمیایی بڕابووەوە

ئا. باوکی لارا

لەدوای کیمیابارانی ١٩٨٧/٤/١٦ی شێخ وەسان و بالیسان، لەگەڵ کۆمەڵێک خێزانی تری گوندی توتمەی دۆڵی بالیسان، بارگەی ماڵێکی ساکار دەپێچنەوەو ڕووەکەنە گونی وەرێ، لەوێ چاوەڕێی چارونوسێکی نادیار دەکەن، شوکریە موحەممەد کە لەمێژنەبوو هاوسەرگیری ل گەڵ یوسف کەریمی پێشمەرگە کردبوو، گوندی وەرێ دەکەنە نیشتیمانێکی بچکۆلە، نیشتیمانێکی ئازاد، لێ بێ ڕەحمی و درندەیی ڕژێم، تەنها سنوری گوندێکی بچوکیش بە شیاوی ژیان بۆ ئەوانە نازانێت کە کوردبون...

شوکریە لە دیماینەیەکدا لەگەڵ شازدەی چوار دەگەڕێتەوە بۆ ئەوێ ڕۆژێ، دەگەڕێتەوە بۆ بۆرۆژی عەرەفەی بەرلەجەژن، جەژنێک تیایدا مەرگ و کیمیاو ماڵوێرانی جەژنانەی ڕژێمی لەناوچوبوو....

ئەو دەڵێ: نزیک بەربانگی ڕۆژی عالفە، دونیا بوو بە ڕۆژی حەشر، دەنگی فڕۆکەو تەقینەوەو هاتوهاوارو زریکە تێکەڵ بوون، کەس نەبووە هاودەمی کەس، خەڵکی هەمووی بەرەو کونە تەیارەو کانیاوەکە رایان دەکرد، من زوو چاوەکانم لەدەست دان، تەنها دەمزانی وا قاچەکانم دەجوڵێن و بەسەر دارو بەردو کەندو کۆسپدا ڕێدەکەم، نازانم چەند ڕۆیشتم و بەرەو کوێ دەچووم، خەریک بوو سیەکانم دەتەقینەوە، ئیدی ئاگام لە خۆم و کەس و کارم برا...

ئەو لە دریژەی گێڕانەوەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە نازانێ چەند ماوەتەوە، لێ ئەوە دەزانێ وەختێک برا پێشمەرگەکان

هەتا ئێستاش بەدەست ئازارو کاریگەریەکەکانی ئەو چەکی کیمیاییەوە ژیانم لێ تاڵ بووە

دەیدۆزنەوەو دەیبەنە گوندی میرگەسەر، دواتر دەیگەنێنە گوندی خەتێ و لە نەخۆشخانەی شۆڕشدا خۆی دەبینێتەوە هەرلەوێش دەزانێ کە بەر هێرشی چەکی کیمیایی کەوتوون. شوکریە باس لەوە دەکات کە چۆتە نەخۆشخانەی گوندی خەتێ دووەم رۆژی جەژن بووە، دەڵێ: خوا هەڵناگرێ دکتۆرەکانی ئەوێ زۆر دڵسۆزانە چارەسەری سەرەتایی وەک دەرزی و مەرهەمی سوتانەوەو قەترەی چاو یان بۆ کردم، هەر لە گوندی خەتێ دوای ئەوەی هەندێ چارەسەری‌ان بۆ کردم زانیم کە هاوسەرەکەم شەهید بووە.

شەهید یوسف کریم توتمەیی، هاوسەری شوکریە موحوممود، لە کیمیابارانی گوندی وەرێ شەهید بوو.

ئەو خاتونە زێتر باس دەکات: دواتر خزم و کەس و کارمان هاتن و چوینە ئۆردوگای شکارتە، لەوێ ژیانێکی پر لە ئازارو مەینەتیمان هەبوو، هەتا ئێستاش بەدەست ئازارو کاریگەریەکەکانی ئەو چەکی کیمیاییەوە ژیانم لێ تاڵ بووە، رۆژ بەرۆژ زیاتر هەست بە تونبوونی ئازارەکان دەکەم، نەخۆشیە دڕێژخایەنەکانی وەک کەم خوێنی و حەساسیەت و تێکچوونی بینایی چاوەکانم و تەنگە نەفەسی و نەخۆشی پێست بەرۆکم بەنادەن.

لەبارەی هاوکاری حکومەتی هەرێم و ئەو مینحەیەی کە بەبرینداران چەکی کیمیایی دەدرێت دەڵێت: بە داخەوە هیچ شتێکم بۆ نەکراوە، تەنانەت ئەو مینحەیەشیان پێ رەوا نەبینیم کە بۆ برینداران چەکی کیمیایی برابووەوە، لە کاتێکدا دەبێ بەبەردەوام لە ڕێی دکتۆرو عیادان بین، دەبێ دەرمان و چارەسەری پێویستمان لێ نەبڕێت، بۆیە داواکارم لە حکومەت ئاوڕێک لەو خەڵکە بێدەرەتانە بداتەوە، قەرەبووی ئەو زیانانەمان بۆ بکاتەوە، بەتەنگ چارەسەری بریندارانەوە بێت و هەندێ لە ئازارەکانی سەر شانمان کەم بکاتەوە، مەگەر ئەو حکومەتە بەرهەمی خەبات و ماندوو بوون و ئەو بەدبەختیانە نیە کە ئێمە چەشتومانە!

بڕیندارانی کیمیابارانی هەڵەبجە بۆ شازدەی چوار دەدوێنن.

ئا. زریان فەتاح تارینەیی

دۆڵی هەڵەبجان دەکەوێتە شارەدێی خەلیفانی شارۆچکەی سۆرانی شاری هەولێر، ئەم دۆڵە پێکدێت لە(٩) گوند بە ناوەکانی: (بەڵەی ژێری -خواروو، بەڵەی سەروو، بەردوک، کەندۆر ، تارینانی خواروو، تارینانی سەروو، گۆڕەشێر، هەڵەبجان، سەروچاوی باران) ئەو گوندانەش لە سەردەمی شاخ و پێشمەرگایەتی شوێنێکی گرنگ و ستراتیجی بووە بۆ پێشمەرگە، ئەو کات گەورەترین نەخۆشخانەی شۆڕشی ئەیلولی لێبووە، بە سەدان نەشتەرگەری و بریندارێ تێدا چارەسەر کراوە، هەروەها لەسەردەمی شۆڕشی نوێش دا شوێنێ:ی گرنگی بەرخودان بەرگری هێزەکانی پێشمەرگە بووە.

دۆڵی هەڵەبجان لە ٢٢-٥/٢٧/ ١٩٨٧ و ١٩٨٧/٦/١٧ بە چەکی کیمیایی لەلایەن رژێمی بەعسی لە ناو چوو کیمیاباران کراوە، لەو راپۆرتەدا گوزەرێک دەکەین بەناو گوندەکانی دۆڵی هەڵەبجان و بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی دەدوێنین.

کاک نجم الدین کەخەڵکی گوندی کەندۆرە بەم شێوەیە بۆمان دوا: کاتێک کیما باران کرا لەخوارەوی گوندیدا مالی کەماڵی حاجی ئاغای یەکەم جار بەرکەوتن و منداڵیکیان شەهید بوو، تەواوی ئەندامانی خێزانیان بریندار بوون زۆر بەسەختی، ئێمەش هاوکاریمان کردن و بەڕێمان کرد بۆ گوندی خەتێ و وە خەڵکی گوندەکەش زۆریان لێ بریندار بوون، هەندێکیان ڕۆیشتین بۆ ئێران و هەندێکە تریشمان ڕۆیشتین بۆگوندی خەتێ و بۆ ئەشکەوتەکان و لەوێ ماینەوە تا چوار بۆ پێنج ڕۆژ، بەڵام ئەم کیما بارانە کاریگەری تەواوی لەسەرمان هەبوو هەموتووشی کۆخە و ئاو لەچاو هاتن و دەست قەلشینەوە بووین یەکێک لەوانە



کاک عباس خۆێنی لەچاوان دەهات.

هەروەها دەشڵێت: بەشی زۆری دانیشوانی گوند بەرکەوتەی کیما وین تەنها یەک ئەنفالمان هەیە و تائێستا کەس مان سودمەندی هیچ نەبووین

مام ڕەمەزان کە خەڵکی بلەی خواروو و ناسراوە بە (موختار)دەڵێ: دووجار کیما باران کراین ٧بۆ ٩شەهیدمان و بەشی زۆریشمان بریندا وون و ئەنفال کراومان هەیە و تائێستاش بێ سەروشوێن و بەرکەوتی کیمای زۆرمان هەیە، کاتێک لێیداین بەشی زۆری ئاوی لەچاو دەهات و کۆخە یان گرتبو، ئاگرمان کردنەوە لەدەوری کۆبووینەوە ، کە یەکێک لەو مالانە مالی مەلا سالح خۆی و خێزانی زۆر بەسەختی بەرکەوتی کیمای بوون تائێستاش کاری گەری بەسەریانەوە ..

محمد بلەیی کە خەڵکی گوندی بلەی سەروە بەم شێوەیە بۆمان دوا: پێش کیما باران کردن گوندەکەمان وبە ئاژال داری وبەشێکی کەم لە کشتوکال کە تەنها بۆ خۆمان بەکارمان دێنا خەریک بووین، هەندێکمان پێشمەرگە بووین و کە بەشی زۆر دانیشتوانی دۆڵی مەلەکان دەگرتەو، کاتێک کیمای لێدا کەسمان شەهید نەبوو بەڵام بریندارمان هەبوو دوای دووڕۆژ دکتۆر زریان هات بۆ چارەسەر کردنیان، ئەم کیما بارانە کاریگەری لەسەر دار و بار و میووە هەبوو و بەشێکی زۆریش مەڕومالات مرداربوو، خەڵک زەرەرو زیانی مادی بەرکەوت و گوندمان چۆل کرد و ڕۆیشتین بۆ شاخ..

خێزانی مام جباربەردوکی دەڵێ: کە کیما باران کرا لەناو زەویان بووین، بۆنەکی پیس و ناخۆش بوو و خەڵکی کۆخەیانگرتبوو وەک کەڕو لاریان لێهاتبوو، هەموو چووینە ئەشکەوتان و هەندەکان لایلۆنیان هەردابوو نەهاتنەوە خوارێ تا چوار بۆ پێنج ڕۆژ، پێشمەرگەی لێبوون و ئەوانیش بەرکەوتبوون، ئێمەخزمەتمان کردن بەڵام لەگوندی مە کەس شەهید نەبوو تەنها بەر کیمیا کەوتین.

بریندارەکان دکتۆر زریانەک هەبوولەگەل پێشمەرگان بوو، بەزۆری لەگوندی خەتێ و مەلەکان دادەنیش هات بۆ لامان و چاراسەری کردین.

فەتاح حەمەد حەسەن حەڵکی گوندی تارینانی سەروو دەڵێ:

لەکاتی کیما بارانی گوندەکەمان بەشێکمان لەمال بووین و هەندێکمان لەشاخ وهەندێکمان لە ناو ڕەزو باخ بووین، کاتێک لێی دا تەواوی گوند بۆنێکی وەک سێو بلاو بۆیەوە و ئێمەش ئاگرمان کردەو و بەتانیمان تەڕکرد و بەخۆمان دادەدا، خۆش بەختانە هیچ کەسمان شەهید نەبوو و تەنها بەرکەوتەمان هەبوو ئەوانەش لای دکتۆر چارەسەری سەرەتایی کران و بەشێک لەدانیشتوانی گوند ڕۆیشت بۆ خەلیفان و گوندی خەتە.. ئەم کیما بارانە کاریگەری تەواوی هەبوو لەسەر ژینگەی ناوچەکە و گەلای دارەکان دەورین ڕەنگی ئاوەکان گۆڕابوو،بۆ چەندین سال ئەمە کاریگەری هەبوو.

هاولاتی ئەیوب جەلال ئۆمەر بەرکەوتی چەکەی کیمایی و خەڵکی گوندی سەروکانی باران لەبارەی کیمیاباران کردنی ناوچەکەیان باس لەوە دەکات کە دووجاران لە لەسالانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨گوندەکەیان کیما باران کراوە، هەروەها دەڵێت: ڕۆژێک پێش جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز گوندەکەمان کیمابارانکرا و بەمەش شەهید و بریندارماندا، شەهیدەکان بەهاوکاری دانیشتوانی گوندی مەلەکان ژێر خاک کران و بریندارەکان بەهاوکار و کاک محمد گۆڕەشێری و مام تەها گۆڕەشێری کۆمەلێک پێشمەرگە چارەسەری سەرتاییان بۆکرا لەلایەن دکتۆر زریان کەدکتۆری پێشمەرگە بووله سەروی گوندی مەلەکان لەئەشکەوت دابوو، دواتر گوندەکمان چۆل کرا و بەشێک لەدانیشوانی گوندەکەمان بەرەو خەلیفان و بەشێکیان بەسواری هێستر بەرو ئێران بەڕێکەوتن و حەوت شەوو حەوت ڕۆژ بەڕێگاوەبووین تاگەیشتین بە ئێران. تائێستاش بەرکەوتوانی چەکی کیمایی بەم نەخۆشییە دەنالێنن و بەبەردەوام چارەسەر وەردەگرن...

حسێن ڕەسول حەمەد ناسراو بە(حسێن بەشان) کە خەڵکی گوندی مەلەکانە بەم شێوەیە ڕۆژی کیمیابارانرکردنەکە دەگێڕێتەوە: بەیانی زوو زیاتر لە ٢٤ قومبەلەی کیماوی لێدان، ئێمە لەناو باخەکانمان بووین، بەگوێرەی توانا خەلکمان ئاگادار کردەو کە بچنە شوێنی بەرز و دوور بکەونەوە لەئاو و ڕووبار، زیاتر لە ١٥ شەهید و ٤٠ بریندارمان دا، زیاتر لە ١٠٠ بەرکەوتوی کیماییمان هەیە.تەنها لەگوندی مەلەکان

مەحسومە سالح حەمەد خەڵکی گوندی گۆڕەشێر دەڵێ: لەکاتی کیما بارانی گوندەکەمان قومبەلەی کیمایی لەسەروی گوندەکەمان درا، بۆنێکی پیس بلاو بۆوە وهەموومان دەستمان بەچاوە گرت، چاومان ئاوی لێدەهات گوندمان جێهشێت و چووین بۆ ئەشکەوتەکان. لای دکتۆر زریان قەترە و مەلهەم مان وەرگرت بۆ چارەسەر..

ئیبراهیم تارینەیی کە خەڵکی گوندی گوندی تارینانی خواروو بەم شێوەیە بۆ مان دوا: گوندمان کیما باران کرا، ئەو خەرکە هەموو کڕو ومات بوو، بەزۆری چاو وسەری دێشا و دەستمان وەشاخی دا چووین بۆ شاخ و لەئەشکەوتان ماینەوە، بریندای سوکمان هەبوو دکتۆر هات بۆچارەسەر کردنیان.. ئەم کیمابارانە زەرەرو زیانی زۆری هەبووبۆ گوندەکەمان لەڕووی مادی یەوە و بەشی زۆری مەڕومالاتی خەلک مرداربوو و نەخۆش کەوت و هەرچی بەربوومی کشتوکالی بوو خراپ بوو و کەس نەدەوێرا ئاویش بخواتەوە.

دۆسیەی سەردەشت بۆچی؟

ئەحمەد مستەفا زەکی

ستەم و نادادی بەرامبەر بە گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەسەر مێژووی گەلەکەمانەوە لە ڕابردووی دوور و نزیکەوە، دیارە لەلایەن نەیاران و دوژمنانی مرۆڤایەتیەوە ئەنجامدراوە، شاراوە نیە ئەو زوڵم و ستەمکاریە بە شێواز و فۆرمی جیاواز لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەردەوامە و شەرمی لە پرسەکانی دیموکراسی و ئاشتی گەلان و مافی مرۆڤ و بەیەکەوە ژیان بڕیوە و نەیارەکانی گەلی کورد بەردەوام خەریکی قەوماندنی نوێترین تراژیدیان بەسەر گەلی کوردەوە، هەر کاتێک لەگەڵ یەکتر ناکۆک بووبن لە ئاست پرسی کورد هیچ بەربەستێک و نەڕێنیەکیان نەبووە، زل هێزەکانی دونیا و کۆمەڵگای مەدەنی و نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەبەرامبەر ئەو هەموو کارەساتە مەزانەمان دا نەک هەر داکۆکیەکیان لێمان نەکردووە بگرە لە بچوکترین دێریشدا ناڕەزاییان نەداوەتە بکەرەکان، کورد زیانی بۆ هیچ گەل و نەتەوەیەکی دونیا و مەزهەبێک نەبووە تەنانەت کورد لە ساتەکانی شۆڕشیشدا خواستی بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانەی بۆ مرۆڤایەتی خواستووە، ئەمە چ مەترسیەک بۆ هەر لایەک دروست دەکات؟

لە پاداشتی ئەو هەستەی کورد هەیبووە بەرامبەر گەلانی ناوچەکە دەوروبەری بەردەوام ستەمی لێکراوەو توشی روداوی مەزن و نەخواستراو کراینەوە، کیمیاباران و پڕۆسەی ئەنفال دوو کارەساتی لەیاد نەکراون کە کوردیان تیا خەڵتانی خوێن و کۆمەڵکوژ کردوون، کیمیابارانی شێخ وەسان و بالیسان و خەتێ و وەرێ و دۆڵی مەلەکان، سێوسێنان و دەشتی کۆیە و وەرتێ و بادینان، ئەمانە هیچیان ناسنامەی ئێمە ناسڕنەوە، هەروەک کیمیابارانی سەردەشتیش دریژەی ئەو جینایەت و ستەمکاریەیە کە ڕژێمی بەعس ئەنجامیدا، بۆ سەردەشت کیمیاباران کرا؟ لەبەر ئەوەی نەیاری حکومەتی ئێران بوو؟ بێگومان ڕژێم دوو ئامانجی لە کیمیابارانی سەردەشت دەپێکا هەم سەردەشت وەک شارێکی کوردی و دانیشتوانی کورد بوون ڕووبەڕووی جینایەتی کردنەوە، هەم ترسێکیش بوو بۆ ڕژێمی ئێران، لێرە دەپرسین کوا کۆدەنگی ئەو پرسە؟ پێویستە خەم و ئازاری کەس و کاری هەموو قوربانیەکان ڕێک بخرێن و پەیامی گەلی کورد لەو کارەساتەنەدا بە هەموو زمانەکانی جیهانی بگەیەنرێت بەتایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

هەر لەم سۆنگەیەوە بوو لەم ژمارەیەدا پانتاییەکی گۆڤارەکەمان بۆ کارەساتی کیمیا بارانی سەردەشت تەرخان کرد، هیوادارین لە ساڵانی داهاتوودا زیاتر بە لایەنە شاراوەکانی ئەو شارە دڵگیرە رابگات و خزمەتیان بخەینە بان سەرمان.

هەروەها دەمەوێ زۆر سوپاسی بەڕێز م. حەمەدەمین لاسە بالیسانی بکەم کە لەکاری تایپ کردندا هاوکارم بووە.

تێبینی: دۆسیەی سەردەشت لە لایەن فەرەیدوون حەکیم زادەو ئەحمەد مستەفا زەکی سەرپەرشتیکراوە.

ڕاستی چیرۆکی کارەساتی مام قوربانیە

خدر مەحموودیان(شکۆ نستانی)

کاروان

١

دیکتاتۆرێک بەتەمای تاوێ
دەسەڵات و توانا
بۆ تاپۆی تاج و تەختی، ئاوتای
تاوانەکانی بێ
هاوتا دەبووە ٥٠هەنگووتی
تاوانەکانی بە سینگی دامرکاوی
ئافرەتانی کوردەواری دەبرژاند،
نردوو نردوو، لەسەرکاسە و
سفرەی مەرگ و خوێنی دادەنان،
بۆ تۆزێک دەسەڵات لە پاش
سیلە و سووچەی تاوان ماتەی
بردبوو، بە دیلی و گیراوی
هەزاران لاوی لە ناوو دیوی بە
شیش گیراوی، یا لەناو بیراوی
تەرۆتەنگدا ڕازی نەبوو بە
داپلۆخان و داپلۆسان و
هەڵاوەسانی گەنجان، سوکنایی و
وازی نەبوو ماڵەغانی ڕق و قینی
بەچک و سندانی ڕم و ئەنفال و
کیمیایی دەرەقانەوە، بیر و
فکری بیرمەندانی پێدەدروی،
هەیکەلی بە هەیبەتی
شێرەمەردانی لە گیشە دەدا،
وەک ڕندوو ڕوخانوو ڕمێنی بە
ڕمێن بوو، هەزاران هەزار ژن و
پیاوی کوردەواری لە لێواری
خەندەکان و قوڵکان و چاڵاوان
گوولله باران دەکران، بێ شتن،
بێ کفن ژێر خۆڵ دەخران، هەر
دەیانگوت گۆڕی کوردان،
دەکەوایە ئەی کوردان بە یەکەوە
ماوان ؟ لە یەک گۆڕ خراون؟
مانای ئەوەیە دوژمن بەیەکوو
دەزانێ ئەی بۆ هیندە خەراون
بەیەکەوە ناژین ؟
دەگێڕنەوە سەردەمانێک
زووحاک دوو مار، یا دوو ڕەگی
لەسەر شانی دەر پەڕیون ، بە
میشکی گەرم و تازەی لاوان
ئەهوەن دەبۆوە، ڕەنگ بێ سەت
لاوێکی سەر بڕیبێ، میژوو زاری
کردۆتە کەوان و تیری نەفرین و
نەعلەتی داوێتێ، مادامێک
سەدامێک ئێسک و ڕەگەو
هەناسەی سەرەخۆرەن، دەبێ
ناوی بنێن چی؟ با میژوو
نووسان بەملی تاوانەکانیەوە
بنووسێن و بنووسن، دەگێڕنەوە
پادشایەک هەبوو، زاڵم وخوێن
ڕێژ، بزۆز و دەست دڕێژ، کاتێ
ڕقی هەڵدەستا بەجارێ دەی
قەوماند، ڕۆژێ لەکاتی ئارامیدا
وەزیر ڕووی تێکرد و عەرزی
کرد، بەڕێز پادشای وەڵات، خودا
سایەوسێبەری تۆ لەسەر ئەو
وەڵاتە کەم نەکاتەوە، ڕێزدار
خەڵکەکە چاوەڕوانی نەرمکێشی
و دڵۆقانیان لە بەڕێزتان هەیە،
پادشا پاش هەڵکێشانی
هەناسێکی قوول، پێی گووت
وەزیر بۆخۆم باش دەزانم، کاتێ
تووڕە دەبم بڕیارەکانم ناڕەوان،
دەسەڵات و پادشاییم لێ بوونە
دەردێک، ئاوا پۆزو لووت بەڕزی
خۆم بەسەر خەڵکدا ڕادنێم بەڵام
لە بەیانیەوە چارەیەک دەکەم، بۆ
بەیانی بڕیاری دەرکرد، هەموو
شاعیران و زانایانی لە کۆشک و
سەرای پادشایەتیدا کۆکردنەوە،
داوای لێکردن شتێکی وا
وەدۆزن، با لەسەر نەقیمی
ئەنگووستیلەکەم بنووسرێ،
لەکاتی هەڵچوون و هەڵ بوونداً،
کەچاوم پێکەوت ئارام و ئەهوەن
ببمەوە، هەرچی بەبیریان داهات،
لەشێعری جوان، لەقسەی
ڕەسەن و ڕێک، لە پەندی
پێشینیان، بەڵام هیچیان
پەسەندی پادشا نەبوون.
سێ مانگان سەریان لەپەڵاو و
گۆشتێ گیرا، ئەوەی بەبیریان
داهات عەرزی پادشایان کرد بێ
ئاکام بوو.
چاپەزێکی بێسەواد، بەڵام ژیر و
بە ئەزموون، لەکاتی چا گێڕاندا
ڕووی لەپادشا کرد، با ئەمنیش
شتێک بڵێم، زانایانی کۆڕ لە

قاقای پێکەنینیان دا، ئێمە لە مەکتەبخانە چ شک نابەیین، تۆ لە چاپەزخانە چ شک دەبەی ؟پادشا سەرێکی لەقاند، ئەتۆ خەریکی چاپەزیە خۆت بە، بەوان نەکرێ بەتۆش ناکرێ، چاپەز ووتی: عەرزی جەنابی پادشای خۆم بێ ، ئەوان سێ مانگە دەیڵێن، با ئەمنیش چرکەیەک بڵێم، بەدڵت بوو باشە، بە دڵت نەبوو گەورەیی تو کەمی من.

پادشا ئیزنی دا بەڕێز: لەسەر نەقیمی ئەنگووستیلەکەت بنووسە، دنیا هەرئاوا نابێ، پادشا حەبەسا!

زۆری بەر دڵ کەوت، زانی چاپەزێکی دڵپاک و ژیرە، با بێ سەوادیش بێ، گەلێ لە گۆشت خۆرەکانی سەرا، کەلافی زانین و زل بوون لێدەدەن باشترە.

کۆڕی بڵاوە پێکرد، کە دەهات کارەسات بقەومێنێ، و چاوی بە ئەنگووستیلە دەکەوت، دنیا هەر ئاوا نابێ؟! ئارام دەبۆوە، بوو بە پادشایەکی عادڵ و دادپەروەر!

ئەو دیکتاتۆرەش نەیدەزانی دنیا هەر ئاوا نابێ، ڕۆژێ دادێ، ڕۆنگ و سرشک و ئەسرین لەڕوومەتی کیژە کوردان دەسڕێنەوە، بۆ گەنجان دەگونجێ ناو چاوانی لێ گرژ وگنج کەن، گورزو مەتاڵی لێ تاودەنێ، لەبسکی قژنی تاوانەکانی تای تەنافی بۆ ڕەیاڵ کەن، تا قەخەی پێنەکەن و قرخەی لێ نەبڕن بەری نادەن، بەڵام زۆر جاریش ویژدان مردوانی دژە کوردان لە دوویانداوە، مەلوانکەی بەخەیاڵ حەقیان بۆ لە ئەستۆ بەستوە، ئۆباڵی ناحەقیان بۆ لەمل داوە، بۆیە دەڵێم :

لەهەر شوێنێ، مەزڵوومێ کەوتە بەرتەقە،

ناحەق دەڵێن، وا لەخۆڕا نیە حەقە،

نەم بیستوە کە بتوانێ ڕاستی بجوێ

زار و دەمێ کە ددانی حەقی لەقە.

٢

لەناو گوندی ئێمەدا هەرکەس بەکارێکەوە خەریک بوو، هێندێک جووت بەندە بوون بە کشتووکاڵ و زەوی و زارەوە، بڕێکیان ڕەشایی بوون بە ئاژەڵداری و مەڕداریەوە، قۆڵێک وەڵاغە بەرزەیان دەکڕین بۆ هاتووچۆی بەشەکانی دیکەی کوردستان، خەریکی کاروان کردن بوون، لە ڕیزی کاسبکاراندا کاروان چیەکان گەورەترین زیانیان پێدەگەیشت، بەناو دوو دەوڵەتی ئێران وعێراق، دەبوو بە شەو بە دزیەوە، چۆمی هەستاو شیوو دۆڵی پڕ لەکەمین، ڕێگە و ڕێچکەی پرپڕ لە مین، باج و گوومرگ و رووتی و دامااڵین، تا نانێک بۆ منداڵان پەیدا کەن، یەک لەو بازارانە گۆڕ تێسوێ بوو، لە بناری قەندیل، بە تاتی دۆدا بۆی دەچووین، تاتی دۆ تیشە شاخێکی بڵند و بەرز و ساف و لووسە، سەت وپەنجا گەز بەرزایەتی ، شوێنی پێ لێ قایم کردن و دەست لێ گیر کردنی زۆرکەمە، دەگێڕنەوە، ماڵێکی دەوڵەمەند و مەڕدار لەو شوێنە ڕەشماڵیان هەڵداوە، ڕێبوارێکی لاو بەوێدا ڕا دەبڕێ، لا دەداتە ڕەشماڵ ئاوێک دۆیەک بخواتەوە، تووتنیایەتی بشکێنێ، دەبێنێ کچێکی سەنگین وچاوشین و روح شیرین، خەریکە جلان هەڵدەخا کۆڕ ئاشقی کچێ مەڕدار دەبێ، دەچێتەوە باوکی و پیاو ماقوڵ و کەیخودایان دەنێرێتە خواز بێنی ! باوکی کچ بۆ ئەوەی خۆ لەو داخوازیەی ببوێرێ، مەرجێک دا دەنێ، ئەوان لە عۆدەی نەیەن ! دەڵێ: کاشیەک پڕ دەکەم لە دۆ، لە سەر پەنجەی دەستی دانێ، بێ ئەوەی دڵۆپێکی لێ بڕژێ، لەو شاخە سەرکەوێ، کچی منی پێشکێشە، باوکی کۆڕ کەدەزانێ کاری کەس نیە کۆڕ بەهیلاک دانە، بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە ، کۆڕ کاتێ مەڕج لەبابی دەبیسێ، بێ سێ و دوو، چەند هەواڵی خۆی بۆشاهیدی دەبات، داوای کاشیە دۆیان لێدەکات، جامی بۆ پڕ دەکەن لە دۆ، لەسەر پەنجەی دەستی دادەنێ ئاسکانە وێ هەڵدەڕوسکێ، بێ ئەوەی

دڵـــۆپێکی لـــێ بـــڕژێ، بە هەر دژواری و دەردێک خۆدەگەێنێتە پۆپەی شاخ. کچەی بۆ خۆی دەســتێنێ! نــاوی تــاتی دۆ بــۆ شاخەکە لاوی کوردان ئاشق بن، کـــوون کردنـــی بێســتوونان، وێ هەڵڕوســـــکانی شـــــاخی وەک هەڵماس لایان گەمەیە.

لەگەڵ چەنـــد کەس لەخەڵکـــی ئـاوایی نستان ئەوان، ســەرەمێر قۆچاغ و بەهەیبەت بوون، ئەمن تـازە خەت و خـاڵم دابـوو، گەلـێ لە بازاڕی گۆرتیسوێدا

هەڵســـووڕایین، هەر خەریکـــی ســەودا بـووین، بـاو بـاوی ئـێمە بـوو، بـــازاڕخۆش، ســیر، خەنە، دۆشـاوی تەمـاتە، ئەوەی پێمـان بوو باش فرۆشرا، شەکر و چا و خورمـــای زۆر تێـــدا بـــوو، هەرزانمـــان کـــڕی، چـــووینەوە مزڵـــێ، ئێســـترمان ئـــاو دان، تـــوورەکەی پـــڕ لە کـاو جۆمـان سەرخستن، هەر پڕمەیان بـوو ، بـۆ خۆشـمان نـان و چایەکمـان خـوارد، بارمـان شـریت کـردن، هەر بە دوو نەفەران چووست و چـالاک باریکمـان لێدەنا، هەمـوو بار بەست بووین، نـاوی خوامـان لێ هێنا کەوتینە ڕێ، ڕێگا خۆڵە پەتە تەرت و تەلان دوور و درێـژ، گەرمـای هـاوینێ ڕێگـای گەرمێنێ، ئی وا هەبوو بن هەنگڵ و نێوشـانی هەمـوو ببـونە کەف، دەتگوت لێواری بەحـرە، ئێستری وابـــــوو زوو زوو پـــــاڵوی هەڵـدەگرت، دەبـوو خـاوەنەکەی



وریا بێ ڕاکا پاڵووی داکێشێتەوە دەنـا کلکـی بریندار و شـانی بە ئازار دەبوو، کاروان چوار ســاعەت بـاری نەخستبوو، هەر بەڕێـوە بـووین، ئەو مەڵبەنـدە هەمـووی بەحـوکمی حکـومەتی بەعس، چـۆل وخـاپور کرابـون، لەوەڕگە پـاوان و قـۆرغ بەڕەڵاو عەرەڵا کەڵەک ڕووخـا بـــوون، زەوی و خـــڕ هەمـــوو ئـــاو درِ ببـــون، گەێشـــتینە گـــۆڕایەکی کانیەکی سـارد، کـانیە کەنێـرەی جێ مزڵـی چـاک بـوو بارمـان لە عەرزێ دان ، ئێستران دەسـتیان کـرد بە خـۆ گەوزینـێ، لەبـن سـێبەرێ دارانبەسـتمانەوە، کـاو جۆمان بۆ تێکردن.

مەحمەدە سووڕە کەوتە چیلکە و چـرپ و چـاڵ کـۆکردنەوێ، بـۆ ئـــاوری لەهەمـــوان چـــووکتر و چـــالاکتر بـــووم، هەر خێـــرا، قەروانەڕەشەم دەرکێشا کردم بە فڕکـان فڕکـان، بـۆ سـەر کـانی ئـاوێ بێـنم، چـای لێنـێم. کـاتێ ڕوانـێم، پیـاوێکی پیـر، زۆر پیـر ڕەق و تەق، کـز و داڵ، بە بـــاڵا درێـــژ پـــاڵی بە دارە بەنـــێکەوە دابوو، دەتگوت پەیکەرە داندراوە، یـا بەدارەکەوە مـوتربە کـراوە، نەدەبـزوت نەدەجـوڵا، قەرەوانەم پڕکـرد، ئـاوێکم بەچـاوان داکـرد، گەڕامەوە کـــوچکە، ئـــاورم دروستکرد، برایم حەداد، عەوڵا بـلە، حەسـەنی حەمەمـچەی، زۆر قۆشـمە و جەفەنـگ بـاز بـوون، هەر پێکەنین و فڵقە فڵقیان بـوو، ئـاورم ڕەپـێش خسـت، قەروانە کەوتە زڵقەزڵـق، چـام لێدا، سـاڵە قـووچ زۆر ئازایـانە دوو بەردی پانی هێنان، بـۆ ژێر ئیستیکان و

ژێر پیالان، پیاوێکی قسەخۆش و باوەفا بوو، حووسێنی عەولای خدری و حەسەنی شێخە عەلیمی، کوتیان: پیاوی چاک بە، بانگی ئەو پیاوە پیرە بکە، بێ چایەکی وەخوا، هەرجی هەرام لێکرد نە ئاوڕێک، نە جوولەیەک، چۆنم دیبوو هەر

ئاوا بوو، چووم بۆ لای، دەستێکم لەسەر شانی دانا، بانگم کرد، خالە خالە ؟ بۆ ئاوا دۆش داماوی؟ وەرە چا سازە چایەکی وەخۆ، بە حاڵ سەری حەوا دا لە ناو بەحری خەیاڵاندا مەلەی دەکرد، چاوەکانی پڕ کردن لە ئاو، هەستم پێکرد، ئەو پردانەی لەسەر ڕووبارە سەختەکانی ژیانیدا هەڵی بەستوون، بۆ ئەوەی کاتێ لەباڵ و مەلە کەوت، بە سەریاندا وەپەڕێ، هەموو تێک تەپیون، هەناسەیەکی لە ناخی دڵەوە هەڵکێشا! بە قورگی پرگریانەوە، مینگەیەکی لێ هات، بە سەر ئاماژەی پێکردم، نایەم، هەر لەمن دێی، لە ئەو نایەم، بەزۆری لەگەڵ خۆم برد، هەموو لە بەری هەستان، تێلیسە کایەکی بچووکمان بۆ کردە ڕاخەر.

٣

چایەکی پڕ ڕەنگم بۆ تێکرد، تورەکە قەندم هەڵپێچا بردمە پێشی، لێم پرسی : خالە گیان بۆ ئاوا دڵ بەخەم و خەمباری ؟ چاوی پڕ کردنەوە لە فرمێسک، دیار بوو بەو پرسیارەی برینەکانم برژاندنەوە، زوو پەژیوان بوومەوە ، وام لێکدابۆوە کێشەی ناو مالێ هەیە، ژن و منداڵەکەی دەریان کردوە ، یا ڕەنگ بێ قەرزداربێ !موحتاج و ئاتاج بێ، هیندەش خۆش نیە هەموو جەوهەری غیرەت و توانایی جحێلیت بڕژێ، بێ کەس و کەساس بێ هێز و بێ ڕێز لە قوون دەرکان بی، هەر بۆخۆشم لەو خەیاڵە هاتمە دەرێ، خۆ لە دڵی ئەو دانیم، ئاگام لەهیچ نیە، بۆ لەخۆڕا بڵێم، وابوو، واچوو، هەستام ماستاوێکی خەستم گرتەوە، دوو نردووە نانم بردنە پێشێ، خووڵقم کرد، زۆر کەمی خوارد، ساڵە قووچ، لێی پرسی: خالە گیان خەڵکی کوێی؟

ئەتۆ کێی ؟ بۆ گەیشتوویە ئێرە ؟ دیار بوو دەی هەویست کوڵان هەڵ ڕێژێ بەڵکوو بلۆقی جەرگی کوڵاوی بدرێن،

کوتی: کاکە خەڵکی هەڵبجەم ، ناوم قوربانە، بە هەلم زانی، باشە خالۆ قوربان پێم ناڵێی چە کەمیەکت هەیە ؟ با یارمەتیت بدەم، پارەت دەوێ جێگاو ڕێگات دەوێ، خۆ کاکە، دەور دەوری عەروسایەتی نیە ! کەس ئاوڕێ وەکەس نەداتەوە، مرۆڤ مرۆڤی بخوا لە برسان، ئەتۆ عەمرێکت تێپەڕ کردوە ، ئەزموونێکت وەسەر یەک ناوە، دەبوو یا ئێمەش لە ئابلۆقە و گەمارۆی ژیان داباین، پەلت کێشا باین، ڕەهات کردباین، کاکە حەمە و وان هەرکەس بەنۆرەی خۆی دەردو مەرگێکیان دەگێڕاوە، پەند و ئامۆژگاریەک بەدوایدا دەستم پێکردەوە، خالە گیان ئەو خەمە دڕێژە بۆ ئەو دنیا کورتەی نابێ! هەموو ئێش و ئازارەکانت بکە گڕۆڵە بە سەر و ژێری لەبیر چوونەوەدا غلۆریان کەوە، تەوراسی هیمەت بێنە بیسو ، باغی ژیانت هەڵ پرتێوە، ژیانت وەک کێڵگەیەکی خۆش و سەوز بێنە پێش چاو، بست بە بستی بە گاسنی قاقا و پێکەنین وەکێڵە، هەر خەریکی دڵخۆشی دانەوەی بووم، هەناسێکی لە ناخی دڵەوە هەڵکێشا: کوتی چ وەکێڵم مەگەر شین و شەپۆڕ، کەس هێندەی من بە غیرەت نیە، دەستت دەگاتە ئەو عاسمانەی؟

کوتم: بۆ مام قوربانی؟

کوتی: هەر وادەڵێم

کوتم: نا

کوتی: ڕۆڵە خەمەکانی من هەورن، هەورێکی ڕەش بە ئاسمانی چارەنووسمەوە نوساوون، نە ئەمن نە ئەتۆ، ئەو هەورەن پێ لاناچن، مەگەر بۆ خۆم وەپشت هەوران کەوم.

کوتم: مام قوربانی چت لێ تێناگەم ؟

کوتی: خۆ دەزانم تێناگەی ڕۆڵە، با باش تێت گەیەنم، ئەمن خاوەن کەس و کار و عەشیرەت بووم، لەسەر دابی باب و باپیرانم مابوومەوە، مەبەستم لە عەشیرەتی ئاغایەتی و بەگایەتی

نیە، ئەوان غولغولەن، مەزراقن، شەلاقن، لەسەر مجوومعەی پۆز و دەمار و درۆ بینی دەخۆنەوە، ئەوانە وەک گوێزی پووچ وان، پاشەرۆکەوان هەڵیان ناگرنەوە مەبەست لە عەشیرەتی بنەماڵەی خان و مانە، بە داب و دەستوورە، مەبەست لە ماڵی نان بدەو نێو بەدەرەوەن، رۆڵە گیان با باش تێت گەێنم، زۆر کەسم نان داوە زۆر کەس لە حەوشەو بانانم حەواونەوە، بە بانگ و هاوارانەوە بووم، چەندەم ئاوری بێ ئامان کوژاندونەوە، سوڵح و مەسڵەحەتم بووژاندونەوە، جاخۆ پیری، بێ برستی، ڕووتی، برسیایەتی، ناهومێدی و بێ ئەنوایی هەرشتێ بەبیرتدا بێ، هەر هەموویان یەک بگرن، ببنە ڕەشەبا و تۆفان، ببنە گەردەلوول و گێژەڵوکە، هێشتا تاڵە موویەکی منیان پێ نابزوێ، خەم و خەفەت و کێشەی دنیایە ببنە شانی رگە، مامی خۆت لەسەر نرکەی شانی دادەنا، بێ ئەوەی بێڵم کەس لۆسان هەڵبەستێ و شانی وەبەر دات، بەڵام ئەو بڕینەم خوێی پێ بکەی و پێ نەکەی هەر دەبرژێتەوە، چاوی پڕ کردن لە ئاو دڵی، کەوتە کوڵان و کوڵی هەڵ ڕشتن، کوتی: هەر کاڵ بووم ژنیان بۆ هێنام بەرهەمی ئەو زەماوندەم سێ کوڕو سێ کچ بوون ناسیاوان بۆ نەسیحەتی منداڵەکانیان، ڕەوشتی منداڵی منیان بە نموونە دێناوە، سامانم لە هەموان چووکتر بوو، دوکانێکی گەورەی پێڵاو فرۆشی لەسەر شەقام لە پەنا مزگەوتی گەورە دانا بوو، بۆ پێڵاو کڕین جار جار دەچۆ کەرکوکێ، لە عۆمدە فرۆشێکی دەکڕین سێ کچ و دوو کوڕیشم لەسەر تەختی بەختی خۆیان ڕۆنیشتبوون، تاجی ئاواتیان بە لا تیلاگی سەریەوە نابوو، دە دوازدە نەوە وەک کۆتر لەناو دڵمدا هێلانەیان کردبوو، هاتباماوە ژووری هەموو یەک پێ هەڵدەستان، هۆشم نەبایە بڵێم دانیشنەوە سێ ڕۆژان بە پێوە دەبوون، لەگەڵ خزمەکانم هێندە بۆ یەک دڵسۆز و بە پەرۆش بووین، دەتگوت زەنگیانەین بەیەک پەتەوە بەندین، ڕۆژێ سامان بەدایکی گووتبوو: دایەگیان حەزم لە کچێکی کەرکوکیە بەناوی گوڵ بەهار، کچێ مام ئاکامی حاجی عبداللەیە، بە باوکم بڵێ بۆم بخوازێ، مام ئاکام ئەو تاجر و عۆمدە فرۆشەیە، سامان سەودای لەگەڵ دەکرد، سامانی پێ ڕاست و پاک و کاسب بوو، زۆر جار دوای مامەڵە کردن، بۆ ژەمی نیوڕۆیە لە گەڵ خۆی دەبردەوە دوای خواردنی نان و چایی باری بۆ دەپێچاوە بەڕێی دەکردەوە، خاووخێزانی مام ئاکام، سامانیان بە کوڕێکی ژیکەڵە دەهاتە بەر چاو، هەموان خۆشیان دەویست، خۆبۆخۆشم هەر بۆی لە فکر دابووم، بەڵا کە خێزانم باسی کرد، سەرم سووڕما، وەک تەزووی بەرق لێمدا حەپەسام، جابۆ کەرکوکی؟ ڕووم لە خێزانم کرد ئافرەت بڕێکی نەسیعەتکە، بە سەریدا وەرەوە با واز لەو کچەی بێنێ، کەرکوک حەفتاو دوو تیرەی تێدایە، چووزانم کێن وچن!

٤

لە دەوروبەری خۆمـــــــان، لە هەولێـرێ لە زاخـۆیە، سـلێمانی، دەهـۆکێ، دەسـت لەسـەر کچـی هەر کەس دانێ بابی خـۆی، بـۆی دەخوازێ، دەبڕۆ دەی جوان تێی گەیێنە، کاتێ خێزانم وەڵامی منی بە گـوێ دابابـوو، گووتبـووی بە چاوەکانم لە سەر بڕیاری باوکم دەبم، وازی لێدێنم، بەڵام ژن هەر نـاهێنم، وەک هێنـدێک کـوڕان نەیگـووت، پێـوو خـۆش بـێ یـا پێـوو نـا خـۆش بـێ، هەر دەی هێـنم، بـۆیە دڵـی باوکـانە کەوتەسـووتان و قرچـان، بڕیارمـدا دڵـی نەشـکێنم، پـاش چەند ڕۆژ بیر کردنەوە، رووم لە عاسـمانێ کـرد، یـاڕەبی حەق تەعـالا، کـار سـازی کـاران، ئەو کارەشم بەدەستەوە بـێ، فکر و بیرم کردنە پێشـڕەو، کەرکووک بگـرەو هـاتم، زەردەی مـابوو، لە نـاو شـار قەمەرێکـم گـرت، ناوونیشـانم دایـێ و پـاش بڕینـی چەنـد کـۆڵان و شـەقام، لەبەر دەرکـی ماڵێـک دای بەزانـدم، لەزەنگمدا چی پـێ نەچـوو ژنێکی کەیخـوودا، ژن بە بەژن و بـاڵا، بەزمان و قسە ڕەسـەن، دەرگای کردەوە، کوتم ماڵی کاک ئاکامە؟ کوتی: بەڵێ فەرموو ماڵی خۆتە.
کوتم: میوان ڕادەگرن ؟
کـوتی: میـوان قەدری لەسـەر سەرانە، لەسـەر چاوانە، فەرمـوو بۆ ژووری.

وا بزانم گوڵ بەهاریش دایکی و بـاوکی تێگەیانـدبوو، سـامان بـۆ سـەروەت و سـامانی دوا ڕۆژ دەبـێ وەک شـەماڵ، عاسـمانی ژیـانی سـاماڵ دەکـات، ئەوانـیش سامانیان باش دەناسی، لە دڵەوە خوازیـاری بـوون، سـامان گـوڵ بەهـاری تێگەیانـدبوو ڕۆژێـک باوکم دێ، بۆیە هەستیان پێکرد کێم و بۆچی چووم ! پیاوێکی بە هەیکەل و بە هەیبەت، لە تەمەنی خۆمدا وێدەچوو مام ئاکام بێت، بەرەو پـیلم هـات ئەم لاو ئەولای مـاچ کـردم، لەسـەرەوە لە پەنـای خـۆی دانـام ، بەڵـێ هەوبـوو پیاوێکی قسە خۆش نووکتە زان، قسـە ڕەوان، کە خـۆم ناسـاند بـاوکی سـامانم ئەو شـۆ ڕێـم کەوتـۆتە ئێـرە گەرمتـر خۆیـان نیشـاندا، زۆریـان لە سـامانی پرســـی؟ هەر بە تـــاریفێوەی بـوون، خێزانـی مـام ئاکـام هـاتە ژووری، گەلێکـی بەخێـر هێنـام، چـی پـێ نەچـوو گوڵبەهـاریش هات، دەتگوت شا گوڵی بەهارانە، چاوشـین، زەری پێسـت، بـاڵا بەرز، بەخـۆوە، گۆشـتن، قـۆڵی مـاچ کـردم، بەخێـری هێنـام، ئەو جـار دوو ئـاو خـۆرەوەی ئـاو لەپـێش دانـاین، بە شـەرمەوە چـۆوە دەری، مـام ئاکـام هێنـدە پیـاوێکی بەدڵ و بـاوخۆش بـوو، نەم دەزانـی کـات چـۆن تێـپەڕ دەبـێ، گوڵبەهـاریش جـار جـار مەجوومعێـــک، کەشـــەفێک بە دەسـتەوە میـوەیەک، چایەکی بۆ دێنـــاین، دەڕۆیشـــتەوە دەری، هێندەم پـێ ئاقڵ بـوو لە بنەوەڕا هەرتێـی دەفکـریم، لەدڵەوە هەر بـزی و بـارەقەڵام بـۆ سـامانی دەنارد، بۆ پەسـەندو هەڵبژاردنێ کردوویەتـی، هێنـدە خـۆ مـاڵی ئاسـا دەیاندواندم، دەتگوت چەن سـاڵە لە کاشـیەکن گووشـیوە، بەرە بەرە وەخـت لە درەنگـیەی دەدا، کـــات پـــاڵی وە بـــانگی خەوتنانەوە دابـوو، بـڕێکم قسـە تێک کردنەوە، هاتمە سەر ئەسڵی مەتڵەب، کوتم، مام ئاکام دەزانی بۆچی هاتوومە ئێرە ؟
بۆ خزمەت تۆ؟ ان شالله خودا قەڵەمی پێدا بێنێ سامانی بکەی بە نـۆکەری خـۆت، بـۆ خۆشـت ببـی بە سـەروەرو سـەرداری ئێمە، بەڵام جارێ با ئەوەشت پێ بڵـێم، پـێم خۆشـە ئەوەی بزانـی هێندە بێ چاوو ڕوو یا بێ کەس و کار نیم، لە هەڵبجەوە بە تەنێ هەڵ تەک، هەڵ تەک، بـێمە ئێـرە بڵـێم کچـێم دەنـێ، دەشـزانم داواکـاری و خـوازبێنی چـۆن دەبـن٠ هەر هـاتووم تـامی زارت بچێـژم، بـۆنی وەڵامـی گوڵاویـت هەڵمـژم، دەنـا کچـێ تـۆ شـایانی ئەوەیە مەلاو فەقێیـــان بێـــنمە داواکاریە، کوێخاو ڕیش سپیانت لە ماڵێ هاوێم، ئێستاش ئەهد بێ بەئەهـدی پیـاوان، هەرکەس تـۆ بفەرمـــــووی ئەوی دێـــــنمە داواکاریە، هەرچۆنێک بڵێی
ئەمـــن ئـــاوا دەکەم، لە مـــاڵێ دنیـایەش شـکوور هەمە، فەقیـر

نیم، خودا بەشی خۆی داومێ، ڕەبی لێی بەزیاد بێ، لە خشڵ و ئاڵتوون، لەزێڕ و زەمبەر، لەتۆ کووتن لەمن کڕین، هەر ئەو کوڕەم ماوە دای مەزرێنم، بێ خەم پاڵدەدەمەوە، بە یەک جاری بۆی دەحەسێمەوە، دەتگوت مام ئاکام چاوەڕوانی ئەو داوا کاریەی دەکرد، بەڵام نا ئەمن خەراپم لێکدابۆوە، مام ئاکام هەمیشە بیری لە هاوشان و هاو تەمەن و دەوروبەرەکانی خۆی لە سەرتر بوو، دایمە کاری جوانی لە دنیای ئەورۆو قەدیمدا هەڵبژێر دەکرد، کاری ناحەزو ناشیرینی دەربژێر دەکرد، لەداب و مۆد و ئەتواری ناحەز و نابەجێ دەسبەجێ پاڕێزی دەکرد، پاش تاوێک وێستان سەری بڕێک حەوادا ڕووی تێکردم، ئاوای دەستپکرد، مام قوربان، با ئەوەت پێ بڵێم: کوڕ هەر دەبێ ژن بێنێ، کچ هەر دەبێ شوو بکات، نە ئەتۆ بەتەنێ بێی عەیبە، نە پیاو ماقوولان بێنی عەیبی کچێ من دەشاردرێتەوە، ئێستاش هاتووی بەخێر بێی سەر هەڕدووک چاوەکانم، کاری چاکت هەر ئەوەندە کردوە باسی خشڵ و ئاڵتون دەکەی، نەکچ دەبێ بە زێڕ و پارە بیقەملێنی، نەکوڕ بە پلەو پایە، هەر ئەقڵ و ئەخلاق کاسەی ئاواتیان پڕ دەکات، ئەمن لە سەر ئەو ئاقیدەم، چۆن دەبێ بۆ کچی چاک بگەڕێی، ئاواش دەبێ بۆ کوڕی باش بگەڕێی ! جا با خەڵک هەر لۆمەم بکات، کاری باش هەر باشە، کوڕی وەک سامانی دەبێ بە پارە بیکڕی ئاقڵ تێگەیشتوو سەنگین چەند ساڵە موشتەریمە، پارەم بەلایەوە بووە، پارەی بەلاوە بووم، خودا نەکا خەلەلی تێدابێ لەگەڵ خۆمدا هێناومەتەوە ماڵێ، هەروا هەتا ئەو پێی هەڵد دەگوت ئەمن بالام پێدەکرد، بۆیە کوتم مام ئاکام زۆر مەمنوونی تۆم ئەتۆ دەستی سامانت گرتۆتەوە، ئەو کوڕەی لێدەر هاتوە لە ئیتۆی دەزنم، هەتا گڵە بانم دەکەن لەچاوم دایە.

٥

ئێستاش مام ئاکام چاوەڕوانیم لێت هەیە لەو کارەشدا دەستی بگری، سەبرێکی چووکی گرت کوتی: مام قوربانی لە هیچ کارێکی خێرێدا و لەیارمەتی ئەو کوڕەی هیچ دریغیم نەکردوە ناشی کەم، پێویست ناکا زۆری لێک بکێشینەوە نە لە تۆ پارانەوە و لالانەوە، نە لەمنیش هەڵاڵەو بەیبوونە، با بێینە بنی قسێ، کوڕ و کچ با ڕازی بن بزانین ئەوان دەڵێن ؟ چی ئەوجار قسێکی لێدەکەین، کوتم مام ئاکام ئەمن بۆیە هاتووم لەخۆم ڕادیوە لە کوڕەکەشم ڕادیوە، قسەم ناشکێنێ، ئەوە ئەتۆو ئەوە گوڵبەهار، بزانە ئەو وەڵامی چیە لەسەرخۆکوتی: بە ئاوێی داهێڵم نااڵێ نا، بەڵام وام پێخۆشە بۆچوونێکی لێ وەرگرم، دایکی و گوڵبەهار لەدیوەکەی خۆیان بوون، هەرای کرد ئافرەت دا بۆچوونێکی لە گوڵبەهاری وەرگرە، تاوێکی پێچوو هاتە دیوی ئێمە کوتی دەڵێ یەک بابم هەیە و یەک سەر، واتا ئەگەر سەریشم ببڕێ دەسەڵاتم نیە، کوتی: ڕووت سوور بێ ڕۆڵە، ڕووی لەمن کردەوە ئەتۆ چۆنت بۆ هەڵدەسووڕێ و بۆت دەگونجێ ئاوا بکە، لە خۆ نووسام دەستم ماچ کرد دەستی ماچ کردمەوە، لە خۆشیان چاوم ئاوی تێ تزابوو، خێزانی مام ئاکام جار جار بە بۆنەی حاجەتێکەوە دەهاتە ژووری، بەڵام لەبزی نەدەگەڕا، لە دڵی خۆمدا دەمگووت جا ئەتۆ ئاوابی، دەبێ گوڵبەهارت چۆن بێ؟

حەک ڕەحمەت لە گۆڕی، پێشینیان کووتویانە قەت قەت مەڕوانە دەرکەو دەروازە، خەسوان ببینە کیژان بخوازە، لەگەڵ مام ئاکام بڕیارماندا پاش سێ ڕۆژی دیکە ئەمن و سامان و بڕێک لە خزمان لەخزمەت مامۆستای ڕا بێین مارەی ببڕین، شەو شەق بوو وەک خەم و خەیاڵم لە کورتیەیدا ، لەپەنای پەنجەرێ دۆشکێکی بڵێندو نەرمیان بۆ ڕا خستم، خۆ خۆشیە ئاوا هەر بەڵایە خەو لەچاوان دەتۆرێنێ، ئۆقرەی لە دڵان دەپەڕێنێ، نازانم چەندەی پێچوو خەوم لێکەوت، بە جیڕەی

دەرکەی خەبەرم بۆوە، مام ئاکام بوو دەچوو بۆ دەسنوێژێ، دوای ئەو چووم دەسنوێژم هەڵگرت نوێژی بەیانم کرد، زۆر شوکرانەی خودام کرد، ئەو کارەشم بەدەستەوە هات گوڵبەهار و دایکی لە مێژ بوو هەستابوون، سەماوەریان تێ هاویشتبوو، چایان لێدا بوو، هاتنە ژوور، مەرحەبایەکی گەرم و گوڕیان کرد، نان و چایەکی پووختیان داینێ، کوتم، جا مام ئاکام ئەوە ئەمن لەسەر قەولی شەوێ دەڕۆمەوە، دووسبەی نا سێ سبەی، سامان و خزم و کەسان دێنم خەریک دەبین، جا بە تەمای خوای بۆ زەماوەندەکەش ئەتۆ سەرپشک بە کوتی: ئەمن پێم کوتی چۆنێک بۆت هەڵدەسووڕێ ئاوا بکە، هیچ خۆت گرانبار مەکە، ئەمن خزمایەتیە دەبەستم، دەست و لاقانت نابەستم، زۆرم کوت مالّت ئاوەدان بێ، زۆریان هەوڵدا پەلەی نەکەم ئەوشۆش لایان وەمێنم، کوتم بۆ دوایی بێ هەر وا دەگەم کارەکانمبوەڕێ خەم زۆرم سپاس کردن، ئیزنم لێ خواستن هەستام بێمەدەر، هێستا خۆر گەردە زێڕی نەپژاندبوو هاتن بەڕێیان کردم، قەمەرەم گرت چوومەوە گراج هەتا سواری ماشێنی هەڵبجە بووم پێی چوو، هێستا مەودا مابوو بگەمەوە هەڵبجە، هەر بیرەوری و خۆشیەکانی شەوێ خان و مانی مالّێ کاک ئاکامی ئەقڵ و جوانیەکانی گوڵبەهارێ، مەندی و لەسەرخۆیی دایکی، لە بیر و مێشکمدا تۆمار دەکردەو ە، لەنەکاو هەودای خەیالّم پچڕا، هاتمەوە سەرخۆ کوتم ئۆخەی ئەوە شکور چەپکە گوڵی مزگێنیم لە دەستدایە، دیدەم بە سامانی زاوا، مالّوو خێزانم ٠هەموو خزمانم لەو خۆشیەدا خەنی دەکەم ، ماشێن بەرەو ڕوومان دەهاتن دەستیان لێ حەوا دەدایین کوڕە مەچنە هەڵەبجە، کیمیای کراوە، دڵم دا خوورپا، پاش تاوێک تاسان دڵخۆشیە خۆمم دەداوە، کوڕە انشاللّە هیچ نابێ، خەریک بوو هاوڕێکانم هەتا هەوالّێکی ڕاست نەبیسن نەچنەوە هەڵبجە، کوتم بەخودای ئەگەڕ بە کەشکەلانی دە عاسمانێدا ڕۆیبم، ئەمن دەڕۆم، جا کێ دێ ئەوەبێ، کێ نایە کەیفێ خۆیەتی.

خودا هەڵناگرێ شۆفیرەکە کوتی جا چۆن شتێ وا دەبێ ، حەوت قوڕعان لە بەینێدابێ ئەو کارە ساتە ڕووی دابێ ئەو عالەمە هانای دەوێ ! بە هاوارە چوونەوەی دەوێ! دەبێ بەدەنگیانەوە بچین، خۆ بەخودای دڵم بۆ تاوێک ئارامی نەدەگرت، کە چوومەوە چ ببنم ! ئەوە هەموو عالەم بە قڕ چووە! بە فەتەرات چووە ! هەموو ڕووح لەبەرەکان بە مرۆڤ وئاژەڵەوە، بە باڵندەو خزۆکەوە خنکاون، دایدایە بانگ و سەڵایە، ئەوە گوڵدانی مزگێنیەکەم لەدەستاندا خاش و وورد هەتا چاو هەتەر دەکا مەیتی کوڕو کیژی کوردە گوڵبەهارم ئەی گوڵبە هارم ئەی گوڵبەهارم

چاوەڕوانە گوڵبەهارم بۆیە نایە بە هاوارم

ئەوەی ڕاستی بێ، ئێمەش هەر هەناسەن هەڵدەکێشان، فرمێسکمان دهاتنێ چووم ئارامی کەمەوە، کوتم خالّە گیان بۆ ئاوا دەکەی؟ انشاللّە خودا سبوریت دەداتێ، فەرعانەت بەسەر دادێ ، ئارامان کردەو بەدەم هەنیسکەوە دەیگوت، گۆیا نەوەیەکم فڕێندراوە بۆ تارانێ، نازانم چی بەسەر هاتوە، ئەو مەراقەش سەرباری هەموو دەردانە، خۆ ئەگەر ئەوی وەبینم، بۆنی هەموانی لێدەکەم، بەڵام ئەمنی پیری نا شارزا، فارسی نەزان، ئەویش کۆرپەیەکی چووکی غەریب، قەڵایەکمان کەوتۆتە بەینێ، بە دێوەکانی حەزرەتی سلۆیمان نەبێ، بەکەس لا ناچێ، هەتا ئێواری لە لامان مایەوە.

٦

ئێواری ئێمە بارمان لێنا ڕۆیشتین، ئەویش ڕۆیی بەرەو کوێ بەرەو چارەنووسێکی وون و نادیار! بەرەو وەڵاتی بێکەسی و هەڵوەدایی ٠

ئەو کارەساتە هێندەی کاریگەری لەسەر دڵی ئێمە هەبوو، ئارەق و گەرما و تەپ و تۆزی ڕێگامان هەست نەدەکرد، بۆ تاوێکیش لە بیرمان نە دەچۆوە، گەینەوە ئاوایی خۆمان، پاش پێنج شەش ڕۆژ پشوودان، ساز بووینەوە بەرەو کاروان، لە گەڕانەوەدا کە هەورازێکی سەخت و دژوارمان دەبڕی، چ ببینم!؟

کابرایەکم دی بەو تەرت و تەلانەی دا دێتە خوارێ، لێی نێزیک بوومەوە، حەی حەی !ئەوە مام قوربانە، هێندەی دی پیرو کز ببوو، پرزەی لێبڕا بوو، خۆی لە فیشەکداناندا ڕەش کردبوو، کەلاشیکۆفێکی

بێ قۆنداغ بە شانیەوە، چوار نارنجۆک بە تەنیشتیەوە، دیار بوو قوور سایان زۆر لەسەر شان و شەپیلکی دانابوو، بەڵام، هێندەی بەڕق و قینەوە تاوی دابوونێ، هەستی بە قورسایی و ماندوو بوونی نەدەکرد، چوومە پێشێ سڵاوم لێکرد، چۆنی ماقوربانی گیان ئەوە بۆ کوێ بەو حاڵە ؟ ئەو ڕەخش و فیشەکدانە چیە لە خۆت داوە؟

کوتی: ئەتۆ کێی؟

بابە چۆنم دەناسی مام قوربانی شەش حەوت ڕۆژ لەوەی پێش لە سەر کانیە کەنێرێ بانگمان نەکردی وەرە چای وەخۆ؟ ڕووداوەکەی مانێ مام ئاکام و گوڵبەهار و سامانت بۆ گێڕاینەوە!

ئا٠٠٠ئا راست دەکەی ئەتو باشی ؟

کوتم ئەمن باشم مام قوربانی، ئەوە چت کردوە بۆ کوێ دەچی ؟

ڕۆڵە نەم گووت دەبێ بچمە پشت هەورەکان، دەتگوت چت لێ تێناگەم، کەسی مامی، کەس و کاری من لەسەر ئەو دنیایەی نەماون، قڕ کراون، جەستەیان لە ژێر گڵدایە و ڕووحیان چۆتە پشت هەورەکان، جا ئەوە


3-) 11 April, 1987: Khorramshahr.
In this attack, carried out at 01: 00 hour, the water treatment plant of khorramshahr was hit by missiles containing nerve gas. The report of the UN expert team, dated 8 May 1987, reads as follows.
«The first group was composed of five civilian workers at a water installation located north of the city of Khorramshahr who were exposed on 10/11 April 1987 to an attack by eight rockets launched from a helicopter, resulting in about 100 victims (including 20 workers from this installation); 15 of the victims died, including five workers.»
8

هەرچی پارەی هەمبوو داومە بەو چەک و چۆڵە، تۆڵەی خۆم و مانڵ و منداڵم لەو بەعسیە ڕەشانە دەکەمەوە، دەکوژم دەکوژم هەتا دەکوژرێم، ئەمنیش دەچمە پشت هەورەکان، لەوێ مزگێنی بە سامانی دەدەم، بەڵام ئاخ هەزار ئاخ، دوو مەراقم بە سەردڵیەوەن، یەکیان گوڵبەهارە کوێرایم دایە دەبێ چیبکات لە چاوڕواندا ؟ ئەوەی دیش چارەنووسی ئەو نەوەمە نازانم دوای من بێ دایک و باب و بێکەس چی بە سەر دێ ؟ نەم دەویست باسەکەی زۆر دوور لێک وەکێشم بریناني وەبرژێنم، هەر بۆیە کوتم خودا گەورەیە مام قوربانی زۆر بە پەلە دەستم لەناو دەستێ نا خودا حافیزی لەناخی دڵەوە کردوو ڕۆیی، دەڵێم کام گەلە لەسەر ئەو دنیایەی مام قوربانی تێدا هەڵدەکەون بە پیری و بێ هێزی بەرەو تۆڵە بڕوا، بەیتە شین گێڕیەکان لەچاو ئەو کارەساتە قاقا و پێکەنینین دەوەرن، شینگێڕێ سازکەن، دەیان سالێ تێوەر سووڕاوە ئەو کارەساتەم لە بیر نەچۆتوە، و هەتا دڵیشم لێدەدا هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە.

بەسەرهاتی شەهیدبوونی شاریێک...

وتوویژ لەگەڵ مستەفا ئەسەدزادە خاوەنی قوربانی لە کارەساتی کیمیابارانی سەردەشت

ئا: فەرەیدوون حەکیمزادە

مستەفا ئەسەدزادە لەسەرەتای گێڕانەوەی کارەساتەکەدا دەڵێت: کە سەردەشت بۆمبارانی شیمیایی، ڕۆژی حەوتی پووشپەڕی ساڵی هەزار و سێسەد و شەست و شەش من لە شاری تاران بووم.

فەرەیدوون حەکیمزادە: لە شاری تاران چت دەکرد؟

مستەفا ئەسەدزادە: من ئەودەمی سەرباز بووم، مەرەخەسیم وەرگرتبوو کە بێمەوە سەردەشتێ بۆ سەعات چواری ئێوارە بڵێتێ ئوتوبووسم (پاس) وەرگرتبوو کە بگەڕێمەوە بەرەو شاری سەردەشت کە لەو بەینەیدا خەبەرم پێگەیشت کە سەردەشت بۆمباران کراوە وا من لە هاتنەوەی خۆم تۆزێک دەستم ڕاگرت کە بە درەنگتر‌ەوە بچمەوە بۆ سەردەشت، دەمەویست خەبەرێک بزانم کە چی بووە؟ لەبەر ئەوەی ماوەیەک تەرخیرم بوو بۆ هاتنەوە بۆ بەسەردەشت.

فەرەیدوون حەکیمزادە: کاتێک کە هاتیەوە شاری سەردەشت لەگەڵ چ دیمەنێک ڕوبەڕوو بووی؟

مستەفا ئەسەدزادە: ئەو کاتەی کە من گەیشتمەوە سەردەشت، سەردەشت شارێکی چۆل و هیچ کەس لەو شارەدا نەمابوو دیمەنێکی زۆر ناخۆش بوو، لە شەقامەکان لە کۆڵانەکان ئەنواعی تەرمی ئاژەڵ و مانگاو کۆتر و چوێلەکە و باڵندە پڕپڕ داگیرسا بوو و شار وەکوو وێرانەیەک دەهاتە بەرچاوم، دیمەنێکی زۆر ناخۆش بوو ئەو ڕۆژە لە سەردەشت. دوایی من بە زووترین کات گەڕامەوە پرسیارم کرد کە نەخۆشەکان بۆ کوێ بەڕێ کراون؟ وتیان بەڕێکراونە بانە و سەقز و شارەکانی تر، پرسیارم کرد دەرکەوت کە بنەماڵەی ئێمە لە شاری تەورێزن. کە من گەیشتمە تەورێز یەکەمین جێیەک کە چووم بیمارستانی(خەستەخانەی) ئیمام خومەینی بوو کە گەیشتمەوە هەر لە حەسارەکەی بیمارستان هەر لە حەوشەکەی نزیک بە هەزار کەس لەوێ دڕێژکرابوون، هەموو عالەم دەینالاند زۆربەیان چاویان نەیدەدی، پێستیان سووتا بوو، بلۆقی کردبوو، دیمەنێکی زۆر ناخۆش و دڵتەزێنی هەبوو پرسیار پرسیار!!! چەندکەسێکم دین کە لەوانی دیکە باشتر بوون، گوتیان بنەماڵەکەتان زۆریان لێرە بوون من دیوو بە دیوو لە ناو نەخۆشخانەکەدا گەڕام ئەوەڵین کەسێکی کە دیمەوە "هادی" برام بوو تەمەن چواردە ساڵ، کە لە وەزعێکی زۆر ناخۆشدا لەسەر تەختی بیمارستان ڕاکشابوو گەرووی کوون کرابوو بۆ وەسیلەی جیهازێک کە لەسەر قورگیان دانا بوو هەناسەی دەکێشا.

من چوومە سەر سەری لێم پرسی وتم "هادی" من دەناسی؟

وتی بە سەر ئیشارەی کرد، بەڵێ! دەتناسم ئەتوو کاکەی. دوای کووتم نازانی دایکم و بابم و وان لە کوێن؟ بە دەستی ئیشارەی کرد، کووتی نازانم. گوتم چت دەوێ؟ کوتی: تینوومە، چۆڕێ ئاوم بە لێویدا کرد. دوایە کوتم ئەمن ئەوە دەچم بە شوێن دایک و بابم و واندا دێمەوە سەردانت دەکەمەوە. دوایی لەو بیمارستانەدا زۆربەی دیوەکان گەڕام، بەداخەوە هیچیانم نەدیتنەوە. چووم بۆ بیمارستانێکی دیکە بە نێوی "٢٩ی بەهمەن" کە لەوێ زۆر دیووەکان گەڕام هەموویان زۆربەیان خزم و ئاشنا و دۆست بوون جیرانەکانی ماڵەوەمان بوو کە لەوێ بەستەری کرابوون دوایی زۆر پرسیارم کرد لە بەشی پەرەستاری و ئەوانە، کووتیان سەرێکی مەدەدتکاری ئیجتماعی بدە دوای ئەوەیکە سەردانی ئەوێم کرد، وتیان چەند تەرممان هەیە ئەگەر تاقەتت هەیە وەرە بیان بینە بزانە دەیانناسی یان نا؟ کە چووین بۆ سەردخانەی خەستەخانەکە، یەکەم تەرمێکی کە دیتم "عەلی" برام بوو، تەمەنی نۆزدە ساڵ بوو دوایی تەرمەکانی دیکەم چاو لێکرد منداڵ و کەس و منداڵی دراوسێیەکان جیرانەکان بوو وە لە مابەینی ئەوانەدا تەرمی دایکی باوکیشم کە دەبێتە نەنکم لەگەڵ وان بوو کە من بە زووترین کات، نۆ شەهید بوون ئەو نۆ شەهیدانەم خستنە ناو سندوق بەرەو سەردەشت هێنامنەوە و بۆ سبەینێ را یانی ڕۆژی ٩ی پووشپەڕ گەیشتینەوە شاری سەردەشت. کە ئەوانمان بردن بۆ گوندێک لەسەر ڕێگای سەردەشت- پیرانشار، بە نێوی شینوێ کە خەڵک زۆرتر پەنای بۆ ئەو گوندانە بردبوو و زۆربەی خەڵک لە ترسی بۆمبارانی فڕۆکەکانی ڕژیمی بەعس لەوێ چادر و خێمە و کەپریان دروست کردبوو و لەوێ ژیانیان دەکرد. چەند کەسێک ڕەگەڵمان کەوتن بۆ تەسلیم کردنی ئەو شەهیدانە هاتین بۆ قەبەستانی سەردەشت و ئەو نۆ شەهیدانەمان بە خاک سپاردن. دوایی من بە شوێن ئەوانی دیکەدا ڕۆیشتمەوە بۆ تاران، لە تاران تەرمی دایکم و باوکم و پورم و کوڕە پورم و چەند کەسێکی دیکە کە چاردە یا پانزدە شەهیدی دیکە بوون، ئەوانمان بەرەو سەردەشت هێنانەوە، کە سەعات دووی شەو گەیشتینەوە سەردەشت کە هەر ئەو شەوەی بردمانن بۆ قەبرستان و ئەوانەشمان بە خاک سپاردن. ڕۆژانێکی زۆر تاڵ بوو، زۆر ناخۆش بوو من هەر ڕۆژ کە دەچوم بۆ شارێک بە شوێن بنەماڵەکەم دوو یان یەک دانەیان شەهید دەبوو و لەگەڵ چەند شەهیدی دیکە دەمانگەڕاندنەوە بۆ سەردەشت و تەسلیم بە خاکمان دەکرد.



فەرەیدوون حەکیمزادە: کاک مستەفا ئەو ڕۆژە کە خەڵک لێرەڕا دەناردران بۆ شارەگەورەکانی وەکوو تەورێز و تاران و ئەوانە بارودۆخی هاتووچۆ و هەڵس وکەوتی خەڵکی چۆن بوو؟

مستەفا ئەسەدزادە: وەزیعەتی هاتووچۆ و چۆنییەتی گواستنەوەی نەخۆشەکان وەزعێکی نائاسان و ناجوری هەبوو تا ئەوجێیەی کە من دیتم چەندانە ئوتوبوس(پاس) بوون کە کورسییەکانییان خستبووە دەرێ وەکوو ئامبۆلانس(ئەسعاف) کەڵکییان لەوانە دەکرد و بیست بیست، پازدە پازدە دەیانخستنە ناو ئەو ئوتوبوسانە(پاسانە) و بەو جادە ناخۆشەی

بانەدا کە پڕ بوو لە چاڵ و چووڵ، یەکەم جار بەڕێیان دەکردن بۆ بانە و لە بانە ڕا بە وەسیلەی دیکە دەیانناردن بۆ شارەکانی دیکە، تا ئەگەیشتنە تەورێز وەزعیەتەکە زۆر ناخۆش بوو یانی دەتوانم بڵێم زۆرتری ئەو وەسیلەیە کە نەخۆشەکانییان پێ ئینتقاڵ دەدان و پێیان دەگواستنەوە ببوو بە باعیسی ئەوەی کە خەڵکێکی زۆرتر زامدار ببێ و ڕادەی نەخۆشەکان لەو سۆنگەیەوە زۆرتر بوون، چۆن بەڕاستی وەسیلەی گوێستنەوەی نەخۆشەکان شتێکی نەگونجاو بوو و بۆ ئەو کارە نەدەبوو بەڵام لە تەورێزەوە باشتر بوو، بۆ بە تەیارە یا بە ئامبۆلانس(ئەسعاف) بە وەسیلەی باشتر دەیاننارد بۆ تاران و شارەکانی دیکە وەکوو ئەسفەهان و ئەوانە. بەڵام لە خودی سەردەشت ئامرازی پزیشکی زۆر زۆر سادە و ساکار بوو و ولامدەری ئەو ڕادە نەخۆشەی کە بە هۆی کیمیابارانەوە لە سەردەشت زامدار ببوون ولامدەری ئەو هەموو نەخۆشە نەبوو، واتە دەتوانم بڵێم ئەگەر ئامرازێکی باشتر لە پێشدا بۆ ئەو کارە تەرخان کرابایە ڕێژەی نەخۆشەکانی ئێمە تا ئەو ڕادەیەی زۆر نەدەبوو. بۆ نموونە دەڵێن یەکێک لە برایەکانی من کە هەر لە مااڵوە نەبوو و مەودایەکی زۆری دەگەڵ جێگەی بۆمبارانەکە هەبوو، دوای سەعاتێک کە دێتەوە ماڵ و دایکم و باوکم نابینێ دەیانبەن بۆ نەخۆشخانە لەوێرا وەکوو هەمڕا لەگەڵ ئەوانە سوار دەبێ کە بە داخەوە ئەو لەوانی دیکە زۆرتر گیرۆدە بوو. هەر لە لیباس و گازێک کە لە نێو ئوتوبوسەکەدا لە لیباسی ئەوان هەستابوو فەزای ئوتوبوسەکەی گرتبوو ئەویش دەرگیر بووبوو و چوار مانگ دوای بۆمبارانەکە ئەویش شەهید بوو.

فەرەیدوون حەکیمزادە: کاک مستەفا دوای چەندین ساڵ کە لە بۆمبارانی شاری سەردەشت


of 2 and 4 years of age.
One of the children, unfortunatly, passed away only one hour after the visit of the UN team. The pregnant woman also died after 5 days because of severe leukocytopenia (due to destruction of bone marrow by mustard gas) and severe pulmonary insufficiency (as a result of burning of pulmonary alveoli and blockage of oxygen entry into the blood circulation).
5-) 4 April to 5 June 1987: villages in Arbil province, located within the Iraqi territory.
During the months of April and June Iraqi regime carried out numerous chemical attacks against civilian targets inside its own territory, especially in areas controlled by dissident Kurds.
11

تێپەڕ بووە، ئایا ئەو ئیمکاناتەی کە ئەورۆ لە شاری سەردەشتێ چ لەبارەی پزیشکی و چ لە بارەی شارستانیتەوە هیچ شایانی ئەو خەڵکەی هەیە؟

مستەفا ئەسەدزادە: بەداخەوە دوای ٣٨ ساڵ کە لە کیمیابارانی سەردەشت تێدەپەڕێ ئەو ئیمکاناتەی کە دەبایە لە سەردەشت هەبێ بەداخەوە نییە و خەڵک لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا ژیان بەسەر دەبا، بۆ نموونە ئامارە دەکەم بە چۆنییەتی شەقام و کۆڵانەکان کە پڕ لە تەپ وتۆز و هەوای ئالوودەن، کە ئەوانە شوێنێکی خراپیان لەسەر وەزعییەتی هەناسەکێشانی خەڵکی شار هەیە. خەڵک زۆرتر تووشی نەخۆشی نەفسی و دەرونین و ئەگەر بەنێو شارەدا تۆزێک لێی بکۆڵنەوە دەبینن کە خەڵک لەبارێ ڕووحی و ڕەوانییەوە بارودۆخێکی سروشتی نییە و بە ڕاشکاوی بۆت دەردەکەوێ کە ئەو خەڵکە تووشی جۆری زۆری وەقسامی نەخۆشی ئەعسابە دەمەوێ ئەوە بگەڕێنمەوە کە کیمیابارانی سەردەشت لە ئیدامەی ژینۆسایدو و ئەنفال و لە بەین بردنی میللەتی کورد بوو و ڕژێمی بەعس و حکوومەتی سەددام "سەدامی گۆڕبەگۆڕ" کە دەیهەویست میللەتی کورد لە ڕیشەوە لە بنەبڕ بکا، کە بە خۆشییەوە هیچ وەخت ئەو دەرفەتەی بۆ نەهاتە پێشێ، و ئەو بە هەموو توانـاوە قەستی نابووت کردنی میللەتی کوردی هەبوو، بەڵام بە خۆشییەوە میللەتی کورد زۆر وشیارانە و هەڵەبجەدا دروست کرد وەک هیوادارم ئەو پەیوەندیەش لەگەڵ شێخ وەسان و بالیسان و ناوچەکانی تریش دروست بکەم، و بە خۆشییەوە ئەورۆ



زۆر خۆڕاگرانە، لە بەرامبەر ئەو هەموو هێرشەی ئەوانەدا خۆی ڕاگرت، و ئەورۆ ئەوە دەبینین کە لە هەڵەبجە کە ٥٠٠٠ شەهیدی پێشکەشی میللەتی کورد کردووە، لە سەردەشت کە نزیکەی ١٢٠ شەهیدی پێشکەشی میللەتی کورد کرد، لە خۆشناوەتی دۆڵی بالیسان بە هەمان شێوە سەدان قوربانی و بریندارێ سەختی بە هۆی شیمیا لێکەوتەوە، ئەوە بووە هۆی پەیوەندییەکی زۆر نزیک کە دەتوانم بڵێم من یەکێک لەو کەسانە بووم کە ئەو پەیوەندیەم لە بەینی سەردەشت و هەنگاوەکان بۆ ناساندنی ئەو زوڵمەی کە لە میللەتی کورد کراوە لە دەرەوەی وڵات بۆ ناوخۆی وڵات هەنگاوی زۆر باشمان هەڵێناوەتەوە. و هیوادارم لە داهاتوودا زۆر سەرکەوتووتر بتوانین لەسەر ئەو کارەساتە زیاتر کار بکەینەوە بۆ ناساندنی ئەو زوڵم و زۆرەی کە لە درێژایی تاریخدا لە میللەتی کورد کراوە، هەنگاوی باشتر بنێینەوە. و مەبەستم لە وتنی ئەو قسانە ئەوە بوو کە ئێمە شایانی ئەوەین کە ئیمکاناتی زۆر زۆر لەوەی کە ئیستا هەیە بۆمان ڕەچاو بکرێت،

بۆوەیکە ئەو دەردو مەینەتەی کە لە سالانی ڕابردوودا ئێمە چێشتومانەو لەگەڵی بەرامبەر بووین، وردە وردە لە زەین و یادی خەڵکی دا بسڕێتەوە و پاک ببێتەوە. بۆیە بە هیچ لەونێک ناتوانین بڵێین ئەو ئیمکاناتەی کە دوای ٣٨ ساڵ لەو کارەساتە ئێمە لە سەردەشت دەیبینین ولامدەری نیازی خەڵکی نییە. و هیوادارم کە لە داهاتوویەکی نزیکدا زیاتر سەرنجی پێ بکرێت، و بارودۆخەکە زۆر زۆر لەوەی کە ئێستا هەیە بەرەو گۆڕان بچێت و باشتر ببێت. بە داخەوە ئێستاش نەمانتوانیووە ڕێژەی ڕاستەقینەی بەرکەوتووانی شیمیایی سەردەشتێ بگەیەنین نە ئەو جێیەی کە واقعییەتی هەیە، هەر وەکوو ئاماژەم پێکرد ١٦٠٠ و ١٧٠٠ نەفەر ئێستا پەروەندەی (مەلەف)ی هەیە لە حاڵێکدا، ئەمە ئەو دەم ٨٠٠٠ نەخۆشمان هەبووە، ئەمن بۆ خۆم لە بیمارستانی ئیمام خومەینی تەورێزێ فەقەت لە حەسارەکەی ١٠٠٠ نەخۆشم دیووە کە لەسەر یەک ڕاکشابوون ئەوەندە جێگا کەم بوو، ئێستا چۆنە ئەو ٨٠٠٠ نەفەرە خۆ هەمووی چاک نەبۆتەوە!!! گازی خەردەل بەداخەوە شوێنێکی خراپی لەسەر بارودۆخی لەشیی خەڵکی، پێدەڵێن گازی "ناتەوان کونەندە"، هەرچی تەمەنی ئەو خەڵکانەی کە بەو گازەی گیرۆدە بوون دەچێتە سەرێ، شوێنی زیاتر نیشان دەدا، و ئەوان ساڵ بە ساڵ لاوازتر دەکا، ساڵ بە ساڵ نەخۆشی و موشکیلاتێکی زۆرتریان بۆ دروست دەکا. بە تایبەت کە گازی خەردەلی سەردەشتێ دەگەڵ چەشنێک مادەی شیمیایی دیکە تێکەڵ کرابوو بەنێوی سیلیس کە ڕادەی شوێن دانانی ئەو گازەی لەسەر جەستەی خەڵکی زیاتر ببێت. و ئێمە ڕۆژانە ڕووبەڕووبوون لەگەڵ خەڵکدا دەیبینین کە وا ساڵ بە ساڵ شوێنی ئەو گازەی لەسەر جەستەی خەڵکیش هەر زیاترە، و موشکیلات و ناڕەحەتییەکی زۆرتر بۆ خەڵکی دروست دەکا.

فەرەیدوون حەکیمزادە: کاک مستەفا سپاس بۆ ئەوەیکە کاتت داناو هەروەها داوی لێبوردنت لێدەکەم کە ئەو ڕۆژە ناخۆشانەم بیر خستیەوە و ماندووم کردی.

مستەفا ئەسەدزادە: نە کاک فەرەیدوون من سپاسی جەنابت دەکەم و سڵاو ڕێزیشم هەیە بۆ برادەرانی گۆڤاری ساڵانەی شازدەی چوار لە بالیسان. داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەم.

دیمانە لەگەڵ عومران نیکدوست، زامداری کیمیایی سەردەشت خاوەنی ١٣ شەهیدە لە بنەماڵەکەی خۆیدا

_ئا: سەعدون مازوجی



لە درێژەی شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران و عێراق دا زیاتر لە ٣٠ جار شار و گوندەکانی ئێران و کوردستان (شنۆ، پیرانشار، سەردەشت، بانە، مەریوان نۆدشە، نەوسوود، کرمانشا، زەردە، هەڵەبجە و سەرپێڵی زەهاو و. ..) کەوتنە بەر هێرشی چەکی شیمیایی و کەسانێکی بێ ئەژمار بریندار بوون و کوژران.

بەرچاوترین هێرشی شیمیایی ئەو سەردەم لە دیوی کوردستانی ئێران بۆ سەر شاری سەردەشت بوو، کە لەگەڵ بایکۆتێکی خەبەری سەر سوڕ هێنەر بەڕووو بوو. هەرچەند لە پاش شەڕ حەولێکی شیاوی رێز بۆ خستنە رووی لایەنە دیار و نادیارەکانی ئەو جەنایەتە دراوە بەڵام زیاتری ئەو حەولانە رووی دە دەرەوەی وڵات و کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی بووە. یەکێک لەو کەسانەی لەش و رووح و کات و ساتی خۆی وەک بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر دە خزمەت ئەو پڕۆسەیە ناوە عومران نیک دووستە. ئەو بەرێز هەرچەند ئازارە رووحی و ڕەوانی و جستەیەکانی ئەو هێرشە نائینسانییە و غەمی لە دەست دانی دوازدە نەفەر لە ئەندامانی خێزانەکەیان زۆر بەتووندی بریندار کردووە، بەڵام بە وڕە بەرزکەی توانیوێتی بەسەر زۆر لایەنی ئەو ئازارانە دا زاڵ بێ. ئەو ڕەوایەتێکی شیاوی بیستنی لە دەرئەنجامەکانی ئەو جەنایەتە پێیە کە لەو دیمانەیە دا حەول دراوە بەشێکی بگێڕدرێتەوە.

سەعدون مازوجی:کاک عومڕان تۆ چت لە بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت لە بیرە ؟

عومران نیک دوست: من هیچم وەبیر نایە، کاتێک ئەو جەنایەتە رووی داوە من دوو ساڵ و نیوم تەمەن بووە.

بێشک منداڵێکی دوو ساڵ و نیوەی خۆ نەناسیو هەر چەند ئازاریشی گەیشتبێتێ نازانێ چی بەسەر هاتووە، کەی تۆ زانیت نەخۆشیت و سەر چاوەی نەخۆشیەکەت چیە ؟

من زۆر زوو دەخۆم گەیشتم کە نەخۆشم و لەشم یاریدەی نەدەکردم وەک هاوتەمەنانی خۆم هەڵس و کەوت و قومار و هەڵبەز دابەز کەم. بەڵام هیچم لە سەر هۆی نەخۆشیەکەم نەدەزانی بابم ئەوکات لەبەر بێدەرەتانی و نەخۆشی خۆی منی لە گوندی دێگە لە ماڵە باپیرم دانا بوو. نەنکم زۆر باشی ئاگا لێم بوو، خواردنی باشی دەدامێ، دەوا و دەرمانەکانمی بەوەخت پێدەگەیاندم، نەیدەهێشت خۆ لەکاری سەخت دەم و وەک چاو دەیپاراستم. .. ساڵی چواروم یا پێنجومی سەرەتایی بووم کە باپیرم و نەنکم بە دڵێکی پڕ لە پەژارەوە و بە پاریزێکی

ژیرانەوە هەموو رووداوەکانیان بۆ گێڕامەوە.
گێڕایانەوە شەڕێکی ناخۆش لە نێوان ئێران و عێراق دا رووی داوە و زۆر کەس زیانیان گەیشتۆتێ. بەتایبەت لە ساڵانی ئاخری شەڕ دا حکوومەتی سەدام لە چەکی شیمیایی کەلکی وەرگرتووە و دەو نێوە دا شاری سەردەشتیش وەک یەکەم شاری ئێران و کوردستان کەوتۆتە بەر بۆمباران. لەو بۆمبارانە دا لە ماڵی ئێوە و ماڵی مامت یازدە کەس بە ژاری خەردەل گیانیان لە دەست داوە. مریم ئیبراهیمی (دایکم)، زێنەب و کلسووم و پەری (خوشکەکانم) عەباس (برام) و هەروەها مامە رەسوولم و منداڵەکانی بێگەرد و فواد و فەرەیدوون و دایکی مامم دایە مرۆت و ئامۆژنم فاتمە هەموو ببوونە قوربانی زێدەخوازی و جەنایەتی سەدام حوسێن.
بنەماڵەی ئێمە و مامم سەرجەم سێزدە کەس خێزان بووین ماڵمان لە لە چاکە چکۆڵەی گەرەکی سەرچاوە بوو، هەموو ژارگرتوو ببووین. بە شوێن بۆمبارانەکە دا ڕفاندبوویانین بۆ تەوریز و دواتر نەخۆشخانەی بوو عەلی تاران. لەو نەخۆشخانەیە جگە لە من و بابم ئەوانی دیکە هەموو مرد بوون. بێچارە بابیشم ئاخری هەر بە دەرئەنجامەکانی ئەو ژارە لە ساڵی ٨٤ گیانی لە دەست دا. تا ئەو کاتەی مابوو وەک شێران نەخۆشی و غەمی لە دەست دانی بنەماڵەکەی تەحەمول کرد.
سەعدون مازوچی: کاکە عومڕان بەو جۆرەی باست کرد تا ئەو کاتەی داپیر و باپیرت ئاگاداریان کردوویەوە رەنگە هەر واتزانیێ نەنک و باپیرت هەمان دایک و بابتن. بەو ڕوون بوونەوەیە وێڕای ئەوەی لە کارەساتێکی سامناک واتا مەرگی یازدە ئازیز ئاگادار کراوی تێگەیشتووی ئەو هۆویەتەی تا ئێستا هەتبووە هی تۆ نیە. ئەو دونیایەی سازت کردبوو بەسەرت دا رووخا. چۆن تاقەتت هێنا ؟ چۆن توانیت دەگەڵ دەوروبەری خۆت لە خزم و کەس و شار و وڵات پێک بێیەوە ؟ من دەزانم ئەو زانینە زۆر پڕ ئازار بووە.
عومران نیک دوست: بەڵێ لە زووە گوتوویانە زانایی بێ خەرج و هەزینە نیە، هەر چەند من بەو زانینەوە زۆر ئەزیەت بووم، زۆرم خەفەت خوارد و بە زەحمەت توانیم بەسەر بارودۆخەکە دا زاڵ بم، بەڵام ئەو زانینە بەڕاستی بە نرخ بوو. هەر وەک ئێوە فەرموتان من ئەو هۆویەتە و زۆر نیعمەتی دیکەم لە دەست دابوو. لە خۆشەویستی و لاوێنەری و ڕاهێنانی دایک بێ بەری کرابووم. لە خۆشەویستی خوشکان و براکەم بێ نەسیب ببووم. باوکێکی نەخۆش و غەمبارم بۆ بەجێمابوو کە هەر غەم و نەخۆشی خۆی بۆ تەحەممول دەکرا و بەس، بۆیە منیشی بە نەنکم و باپیرم


Some Iranian children were even exposed to poisonous gas before the birth, because there were four pregnant women among the wounded...

1- A woman, 7 months gone with a baby, lost her life after 5 days
2- A pregnant woman delivered her child a short time after the chemical attack. On the same day, the baby and 12 days later, the mother lost their lives because of systemic infection and septic shock, while they were kept in ICU.
3- A woman, 8 months gone with a baby; her overall condition is satisfactory.
4- A woman, 7 months gone with a baby, showing symptoms of serious poisoning with mustard gas. Her vast skin lesions are gradually healing.

22
SADAGHAT, 36 yrs.

MARYAM BABAKZADEH, 40 yrs., Martyr

سپاردبوو. دەنا ئینسانێکی زۆر بەڕوحم بوو. غەمی مااڵی مامم کە قەت کەسیان نەمابوو وەخت و ناوەخت خۆی بە مااڵی وێرانی دڵی من دا دەکرد.

ئەوانە و زۆر بابەتی ورد و درشتی تر ببوون بە سەرباری ئازاری لەشم کە بە تەنیا بۆ لە بنە هێنانی هەر ئینسانێک بەس بوو. جا کەسێک ئەوەی بەسەر هاتبێ بەدڵنیایەوە بە هاسانی دەگەڵ کۆمەڵ پێک نایەتەوە، زۆری خایاند تا من توانیم وەک خۆم، دوور لە رق و قین دەگەڵ دەوروبەری خۆم هەڵس و کەوت کەم.

سەعدون مازوجی: کێت بە تاوانبار دەزانی ؟ گلە و گازەندەت لە کێ هەبوو ؟

عومران نیکدوست: من هیچ شکم نەبوو و نییە کە ئەو جنایەتە لە دەستی ڕێژیمی بەعس و سەدام حوسێن قەوماوە و تاوانباری سەرەکی هەر ئەوان بوون. هەمیشە لە بەر خوا دەپاڕامەوە کە بە چاوی خۆم ببینم بە سزای تاوانەکانیان دەگەن، شووکر بۆ خودا دوعاکەم گیرا بوو، سەدام و هاو بیرانی کەوتنە دەستی عەدالەت و ئێمەی زیان دیتووش ئۆخژنێکمان هاتە گیانی. هێندێک کەس یا شیرکەتی ئوروپایی هەن یارمەتی سەدامیان داوە بۆ وەدەست هێنانی ئەو چەکانە ئەوانیش تاوانبارن. سەر ئەنجام ئەو ڕاگەیەنەرانەی هەواڵی شیمیایی بارانی سەردەشتیان سەرپۆش کرد و سەدامیان لە دەکارهێنانی ئەو جۆرە چەکە کۆمەڵ کوژانە سەرخۆش کرد، بێ تاوان نین.

من بەر لە هەموو پێکهاتەکان گلەییم لە مودیرییەی مەملەکەتی خۆمانە، کە بۆ چی ئاوڕ وە زیان دیتوانی بۆمبارانی شاری سەردەشت و باقی شوێنە سنووریەکان نادا. کوا نەخۆشخانەی تایبەت ؟ کوا تیمی لێکۆڵەر ؟ کوا قەرەبوو کردنەوە ؟ و... ئێمە خەڵکی کوردی نیشتەجێی ئەو سنوورانە ئەوەی لە دەستمان هاتووە وەک ئەرکێکی ئینسانی و نەتەوەیی بە شیاوترین شێوە بەجێمان هێناوە، ئەو خاک و خەڵکە بەخوێنی ئێمە پاریزراوە. بەاڵم ئاخۆ مودیران ئەرکەکانی خۆیان لە حاست ئەو بریندارە دڵبەغەمانە بەجێهێناوە ؟ تا چ ڕادەیەک ئەو برینە ڕووحیانە ساڕێژ بوونەوە ؟

پاشی ئەوان من پێم خۆشە سووکە هەڵوێستەیەک لە سەر هەڵس و کەوتی ئەو خەڵکەی ئەو هەمووە ڕەنجەمان بەیەکەوە کێشاوە بکەم، بەداخەوە ئێستاش لە دەردی منی بریندار شیمیایی حاڵی

نین. نازانن چیان بەسەرهاتووە، ئەوەی بەسەر ئێمە هاتووە دە راستی دا بەسەر ئەوان هاتووە، خۆ ئێمە لە هەسارەیەکی دیکە را نەهاتووین هەر کورِی ئەو خاک و خەڵکەین. ئەو دەردەی لە منە ئەویش ئازاری پێوە دەبینێ.

سەعدون مازوجی: کاک عومران تۆ بۆ ئاشکرا کردنی لایەنە شاراوەکانی ئەو جەنایەتە چت کردووە ؟

عومران نیکدوست: دوای ئاشنا بوونم دەگەڵ گرفتەکانی خۆم و هاوشاریانم بێ راوەستان ئەوەی لە دەستم هاتووە دریغیم نەکردووە، لە ئاستی نێونەتەوەیی دا لەشی خۆم کە زۆریشم خۆش دەوێ و بە ئەمانەتی خواشی دەزانم وەک بەڵگەیەک دە ئیختیاری ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەم ناوە. هەموو دەمێک ئامادە بووم بۆ هاوکاری ناوەندە نێو نەتەوەیی و خۆجێیەکان تا پەردە لە سەر جەنایەتەکانی دژە مرۆڤان لابدرێ. سەفەری زۆر وڵاتی وەکو بێڵژیک و هوڵەند و ئاڵمانم کردووە،. دەگەڵ ناوەندی بەرگری لە پەرەئەستاندنی چەکە کۆمەڵ کوژەکان هاوکاریم کردووە. . چاوپێکەوتنم دەگەڵ دوا پاشماوەی جەنایەتی هیرۆشیما هەبووە و...

لە ئاستی ناو خۆییش دا قەت لە چالاکی نەوەستاوم. دایمە و هەمیشە دەفکری ناسین و ناساندنی جەنایەت و جەنایەتکاران دابووم. لە کۆڕ و کۆبوونەوە و بۆنە و موناسیبەتەکان دا بەشداری چالاکانەم هەبووە. سەردەمێک لە زانستگاکان بۆ خوێندکاران قسەم دەکرد و لە گیر و گرفتەکانی خۆم و هاوشاریانم دەدوام.

سەعدون مازوجی: ئێوە وەک زیان دیتوویەکی چەکی شیمیایی ئێستا سەرەکی ترین کێشەتان چیە ؟

پزشکەکان زۆر بەزەحمەت جیاوازی ڕبۆ و عەوارزی چەکی شیمیایی دەکەن

عومران نیکدوست: سەرەکی ترین کێشەی ئێمە نەبوونی ناوەندی دەرمانی تایبەت و تێر و تەواوە. لە سەردەشت دەبوو ناوەندی دەرمانی ئاوای لێ بایە، بەڵام بە داخەوە نەتەنیا لە سەردەشت ناوەندی ئاوا نییە لە پارێزگاش وەگیر ناکەوێ. پزشکەکان زۆر بەزەحمەت جیاوازی ڕبۆ و عەوارزی چەکی شیمیایی دەکەن. خەتا لە ئەوانیش نییە ئاشنایی دەگەڵ ئەو نەخۆشیانە راهێنانی تایبەتی دەوێ. بێ لەوانە نەخۆش بۆ خۆی دەبێ فێربکرێ و رابهێندرێ چۆن دەگەڵ لەشی خۆی و نەخۆشیەکەی بجوڵێتەوە. بەداخێکی گرانەوە نەخۆشەکانیش لەو زانستە بێبەرین. زۆربەی نەخۆشەکان کە رادەشیان کەم نییە لە سەردەشتن و لە ئیمکانات دوورن. ئیمکاناتی کەم کردنەوە عەوارزی نەخۆشە شیمیایەکان تەنیا لە تاران هەیە، لە کاتێک دا زۆربەی نەخۆشە شیمیایەکان لە سنووری رۆژئاوای ئێران، ناتوانن بەهاسانی بچن بۆ تاران. من خۆم لە ترسی بێ ئیمکاناتی لە سەردەشت بارم کردووە و هاتوومەتە مەهاباد.

سەعدون مازوجی: دیارە ئێوە سەرەڕای تەواوی گرفتەکانتان ژیانێکی ماناداراتان بۆخۆتان ساز کردووە، چۆن گەیشتوونە ئەو جێگە و پێگەیە ؟

عومران نیکدوست: من توانیومە لەشی خۆم بناسم و لە ڕووی توانایەکانمەوە هەڵس و کەوت دەکەم. زۆر خۆم گیرۆدەی دەرمان و ئۆکسیژێن و.. نەکردووە. وەرزشی تایبەت دەکەم و لەمااڵێ خۆم نەتواندۆتەوە. ئەو کارانە لەشێکیان بە من بەخشیوە کە یارمەتیم دەکا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانم.

لە ڕووی ڕووحیەوەش من دەگەڵ گرفتەکە ڕاهاتووم، حەولم داوە بە تێفکرینی خۆم کێشە

رووحیەکان بناسم بەسەریان دا زاڵ بم.

سەعدون مازوجی: دیارە ئەو گرفتانەی تۆ دەگەڵیان بەرەو ڕوو بووی زۆر هەراو و جۆراوجۆر بوون ئایا کەس یارمەتی داوی بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ ئەوان گیر و گرفتان ؟

عومران نیکدوست: بەڵێ مرۆڤ هەرچەند خۆکردبێ بێ یارمەتی دەوروبەریان ناتوانێ سەربکا. ئینسان بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە و دەکۆمەڵیش دا دان و ستانی کۆمەڵایەتیمان هەیە، هەر کەس بە گوێرەی نیاز دەستێنێ و بەگوێرەی توانا یارمەتی دەدا. من یارمەتی باشم لە لایەن بنەماڵە و کۆمەڵگاوە وەرگرتووە. نەنکم و باپیرم یەکەم یارمەتیدەرانی من بوون هەم لە جێی خۆیان بوون و هەم لە جێی دایک و بابم. هاوبەشی ژینم کە بە ئاگاداریەوە دەگەڵم دەژی خۆبەخشانە هەموو گیر و گرفتەکانی ژیانی منی تەحەمول کردووە و دەکا.



لە زۆر جێگا ڕێزم لێگیراوە و یارمەتی دراوم قەت ئەو یارمەتیانە لەبیر ناکەم. بنەماڵەی من بە هۆی نەخۆشیمەوە لە زۆر شت بێ بەری بوون بەڵام سەبوورانە ڕایانبواردووە. ڕێزم بۆ هەموویان هەیە.

من و هەموو زیان دیتوانی چەکی شیمیایی پێویستیمان بە یارمەتی هەموو لایەک هەیە، هەر بۆیە بەر لە هەموویان داوا لە خەڵک دەکەم هەر چەشنە یارمەتییەکی کە لە دەستیان دێ دریغ مەکەن، ئێمە ئەنجومەنێکمان هەیە بۆ بەرگری لە ماف و بەرژەوەندیەکانی زیان دیتوانی بۆمبارانی سەردەشت باشترین شوێنە بۆ گەیاندنی ئەو یارمەتیانە. داوا لە پارێزەران دەکەم لە ڕووی حقووقیەوە یارمەتیمان بکەن، تاک و کۆی ئێمە پێویستیمان بە یارمەتیان هەیە. داوا لە پزشکانی خۆوەڵاتی و دەرەکی دەکەم لە هەر دەرفەتێک بۆ گەیاندنی یارمەتی پزشکی کەلک وەرگرن. لێرە لەو جوغرافیایە دا کەسانێک بریندار ماونەوە ڕۆژ بە ڕۆژ بریندەکانیان کاریگەرتر دەبێ، هەموو ڕۆژێ نیازەکانیان بە زانست و دەرمانی دەستی ئێوە زیاتر دەبێ. ئێوە کە وەفادارن بەو سوێندەی کە خواردووتانە، ئێرە باشترین شوێنە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو سوێندە.

سەعدون مازوجی: بەر لە ماڵ ئاوایی دوا قسەت چیە ؟

عومران نیکدوست: من هەرچەند بەقەد نووکی سەرەدەرزێ لە مەرگ ناترسێم، بەڵام ئاشقی ژیانم. پێم خۆشە پڕ بە سێیەکانم لە هەوای ئەو نیشتمانە هەناسە هەڵکێشم. بەداخەوە سێیەکانم (ریە) زۆر خراب بوونە یاریدەم نادەن، بۆیە ئێستا کاندیدای وەرگرتنی سێم (ریە). پەیوەندی سێ زۆر سەختە دوعای دڵە پاکەکانی ئێوە و خوێنەرانی گۆڤاری شازدەی چوارم دەوێ.

هەر وەها دەڵێن چەکی شیمیایی بۆ ماوەی سەد ساڵان شوێنی لە سەر خاک و وڵات دەمێنێتەوە تۆ بڵێی سەردەشت لە ئاسارە زیانبارەکان پاک کرابێتەوە ؟ !

ئێرە سەردەشتە بەکاتی بەغدا

فەرەیدوون حەکیمزادە

پێشکەش بەو کچە شەهیدەی زۆر نەژیا و ڕەوتی ژینمی گۆڕی

بەدبەختی گەورەیە چاوت لەوەرینی گەڵای داری ژینی شارێک بێ. نەهاتییە، شاهیدی تێکڕمانی هیوای کۆشکی شارێک بی و دەستەوئەژنۆ لە بێدەسەڵاتی فرمێسک و چاو ڕابمێنی.

لە کارەساتی ماتەمینی سەردەشت، هیرۆشیما و ناکازاکی ڕاچڵەکین، ئێوارە درەنگ وەختانە، لە ئەنگۆرە زەماوەندی خوێن و دووکەڵە، سەرچۆپیش بە هەناسە سپێردراوە. دیمەنی بووکی شار ڕەش دەنوێنێ، شاباشی مەرگی خۆی لە باوکی وەتەن دەستێنێ. 7ی پووشپەڕ سالڕۆژی لە دایک بوونی زام و فرمێسک لە دایکی وەتەن بە بێدەنگی کۆتایی هات. 7ی پووشپەڕ ڕۆژی مەرگی چەند سەت جووتە چاوی گەش و دابەزینی چەند دڵە سوار لە ئەسپی ژین؛ بۆیە ئێستاش خوێن و ئەسرین تێکەڵ دەژین.

کامێرای چاوی نووسەری دەروەست وەک پەپوولە پایزە لە ئاسمانی بیرەوەریدا خولا و خولا تا لە بەستێنی ژیانی ئەودا - شاعیرێکی ماتکراودا - داسکنی، شاعیری مات سەری داخستبوو، لایەک دەروونێکی پڕ لە کەفوکۆ، لایەک لە قاو نەدانی فێڵ و درۆ، لایەک عەشق، لایەک بەستنەوە، لایەک ژیانێکی بێ ئاسۆ، دەرونێکی پڕ لە ژان و سۆ. کاتێک وشەکان لە ئەسپی هزر دابەزین، بوونە هەوێنی چیرۆکێکی تێڵبەندکراوی کچانە، کچانەبیرێک بە پانتایی نووسراوەی قەڵەمی لەرزۆکی کچێک.

ساعەتی سەر دیواری ماڵەکەیان وەک کوند بەرامبەری هەڵکورماببوو. ڕووناک سەدان جار هاوڕێ لەگەڵ میلەکانی کاتژمێرەکە سووڕابوو. چاوی لە ئاسمان بڕی، ئەستێرەیەک ڕاخوشی، تەزوویەک سەرتاپای لەشی داگرت، دەنگی لێدانی دڵی گوێ لێ بوو. ئەو زۆر شەوان چاوی لە ئاسمان دەبڕی، شەوی یەکجار خۆش دەویست؛ چونکوو دەیزانی شەو پەردەی ڕەش بە سەر نەیاران و بیرکورت و زاڵمان دادەدا. ئیتر ناچار نییە وەک ڕۆژ، فیزمالکی شێعرەکانی بکا. هەگبەیەک نووسراوە و دەفتەرە شێعری خوایی کردبوونە هەنگوین و قووتی دابوون، نەک چاو و گوێی حیزی شار لە گەڕانێکی قڕێژدا سێوی ژانی بدۆزنەوە و "ژاوێر"ی بازڕەسی وە دوا بخەن تا پەتی سێدارە بۆ "ژان والژان"ی ڕووحی دابمەزرێنێ. چیرۆکی نەدەنووسی، بەڵام کاتێ تینی شێعرانەی بۆ دەهات، لە پشت پەنجەرەی بیرەکانی بە ئاستەم پەردەی وشەی لادەدا و بە ورتە و بە دزی شەڕابی گریانی دەخواردەوە. کاتێ مەست و پڕ لە شێعری گوتراو و نەنووسراو دەبوو، چاوی دەبڕیە دوور؛ دوور لەوەیکە لە زەیینداً بگونجێ، نە وەک بە میتر شوێنی چاوی هەڵگرن و بیدەنەوە و خەزێنەی بیرەوەرییەکانی

بدۆزنەوە و بە دیاری بۆ زەحاکی زەمانەی ببەن و شێعر و هەست و هیوای بدرێ بە ماران.

ساعەت 4:11 خولەک بوو. ڕووناکیش وەک زۆر کەسی تر بە تاوانی زیندوو بوون، بارگە و بنەی بۆ دیاری نەمان تێکپێچا. کاتێک بە هەڵەداوان وێستیان لە بەر چاوی حیزی شار بیشارنەوە و ژێر گڵی نێن، نووسراوەیەکی لە دەستابوو، نووسیبووی:

"دەڕۆم، دەڕۆم تا هەتاوی شار لە گۆشە و کەنار، لە هەندەران بدۆزمەوە. دەڕۆم، دەڕۆم تا پەری ئاسمان بدۆزمەوە و پێی بڵێم لێرە شایی شینە، زەماوەند بڕینە، شێعر وڕێنەیە پڕ لە هەڵپچڕان و پینەیە. لێرە شێعر خۆی لە خۆیدا مەقەستە. خۆی دەنوێنێ دژی عاتیفە و هەستە. لێرە شاعیر گرە و شێعر ئاوە. هەر دێرەی دژکردەوەیە، داوە."

سی‌وحەوت ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوە نگریسە تێپەڕی. کۆمەڵی کورد هەنووکە ئاڵوگۆڕی بە سەر دێ. ئەسپی ژین جار هەیە ڕوو لە دەشتایی و جار هەیە ڕوو لە هەورازانە. کارەساتێکی ئاوا گەورە و جەرگبڕ بەداخەوە هەنووکە بەردەوام بۆتە ملە و گیان و گوزەرانی خەڵکی سەردەشتی لە مەترسی هاویشتووە. ئەگەر لە هەڵەبجە بە هۆی گازی سیانور لە ماوەی چەند کاتژمێر 5 هەزار کەس شەهید کران، ئەوەتا گازی خەردەل لە درێژایی زەمەندا گیان و وزە دەستێنێ.

بەربڵاو بوونی مەودای فکری و لە زۆر جێدا بیرتەسکی وای کردووە کە ئەوانەی ئێستا لە ژیان دان، نەتوانن بە دوور لە کەڵکەڵەی زەینی و کاغەزبازی، بە جوانی بژین. ئەوە لە سەدەی بیستوویەکدا فاجعەیە! شەڕی دەستەویەخە و ڕمبازی و شەڕە شمشیر نییە، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ بەردەوامی ژیانێکی بێ چەرمەسەری. ئاخێزێکە بۆ یەکدڵی و پێکەوە ژیان. نووسەری دەروەستی کورد ناتوانێ چاو لە ڕاستییەکان بپۆشێ، بەئاگایی و مرۆڤدۆستانە دەنووسێ و بۆ هاوزمان و هاوواڵاتی خۆی بە پەرۆشە.

بە بۆنەی سی‌وحەوتەمین ساڵی بۆردومانی کیمیاوی شاری سەردەشت و نووسانی چەند سەد جووتە چاوی گەش و دابەزینی چەند دڵە سوار لە ئەسپی ژین، بۆیە ئێستاش ئەسرین و خوێن تێکەڵ دەژین.

7ی پووشپەڕ لاپەڕەیەکە لە مێژووی بوێری کۆمەڵێک کە هەرگیزاوهەرگیز بای خەزانی پایزی توانای ژاکاندنی گوڵی ڕووی سوورهەڵگەڕاوی نییە و سێوە سوورەی سەرلقی داری شار بە تیری چلکنی نەخۆش دڵانی پیس و بەدفەڕ ناگچڵێ. کاروانی خوێن و گڕی پووشپەڕ کەوتەڕێ

ساردبانی 7 ی پووشپەڕ
منالێکە زیت ووریا
هەڵۆیەکی خوێناوییە
گراوییەکەی، دۆڵ و چیا
گەڵای دار بەڕوو و چنارە
عاشقی بەلەنجەوە لارە
شمشاڵی بە سۆزی شوانە و
وا لە گۆرستان میوانە
باڵۆرەی خەماوی دایکە و
ئێشک دەگرێ و بە کوڵ دەگری
بلۆق، دەمی هاواری بە ستراوە
هاوار لەناو دڵی زامار، قەتیس
ماوە
وا شار چۆلە، منداڵ شووشەی
دڵی شار ناشکێنێ
ئیتر شەقام، باوەش بۆ ڕووباری
خەڵک، ناکاتەوە
کۆتری بریندار، ئاوڕ وەسەر،
نەمامی ئیشک
ڕووبارەی وشکی دڵداری،
دەداتەوە
لە 7ی پووشپەڕدا سەدان دڵی
پڕ لە کوڵی گوڵی شار لە لێدان
کەوتن. لە خەزانی ناوەختی
وەرزی دووکەڵ و کیمیایی
سەدان لکوپۆ بە نامۆیی لە گۆی
مەمکی دایکی دار کراونەوە. لە
ڕۆژی ڕەش هەزاران وشەی
خۆشەویستی لە زەلکاوی ژاردا
پەنگیان خواردەوە. هەر لەو
کاتەدا سەدان گوڵ ئەستێرەی
چاوی منداڵان ڕاخوشین.
لە زەلکاوی پێک هاتوو دەیان
مەلی گیان لەبەر ڕێی وڵاتی
غەریبیان گرتەبەر. بۆیە
شاعیرێک کە دەفتەری باوکی
کردەوە ئەم سێ تابلۆیەی
تیابوو:
تابلۆی یەکەم: قۆڵ بەستی
وێنەکێشێکی وەرزی کۆچی
مەلانی شاپەری بوو.
تابلۆی دووەم: قرمژنی تیری
چلکنی نەفرەت و نامەردی بوو
بەری ئاسمانی گرتبوو و دەباریە
سەر لەش و پێنووسی وێنەکێش
.
تابلۆی سێیەم: هەڵگرتنەوەی
پێنووس بوو لە لایەن منداڵی بالا
کردووی جێ ماو لە پۆلی مەلانی
کاروانی شاری گڕو وشەی
ناتەواو.

ئەمیر رەشیدی (دڵبەخوێن)
سەردەشت

سەردەشتەکەم

خوێنی سووری لاوەکانت دەبنە لالە و دێنە بەر
گوڵ دەکەن بەو قامەتەی تۆ سەر لە خاکی دێننەدەر

بەو شەهیدەی گیان فیدا بوون قارەمانی میللەتن
سەر لە پێناوی وڵات و دژ بە ژینی زیللەتن

نافەرین بۆ بارەقەڵا بوونە مێژوی سەردەمان
تیری تانە و تۆپ و تانکن بوونە خوێی بەو دەردەمان

کەس بە هاواری غەریبی و بێکەسی نێمە نەهات
بەو دەمەی دەم نوقمی تەم بوو بۆنی کیمیایی دەهات

تازە بووکی شارەکەم تارای لەسەر هەڵدرایەوە
مردوشۆر هات و بە زاوای تەرمی بووکی دایەوە

لایەلایەی سۆزی دایکی کۆریەکەی تەسلیم دەکا
خۆش بنو لەو خاکە پڕڵەم بەشکو خوا تۆڵەت وەکا

مەڵحەمێک بۆ زامی هێش و تازیەداریمان نەبوو
مەرهەمی چی تا خورەی خەم کەوشەنی لەو شارە بوو

نامەوێ سەر نانەوێ، تا تۆم هەبی سەردەشتەکەم
سورمەای چاو گەش دەبێ بۆ دینی کۆ و دەشتەکەم

هەوتی پووشپەڕ

هەوتی پووشپەڕ هات و خەڵکی شارەکەم نوقمی تەمە
شێن دەگێڕین بۆ ولاتی هەرچی داخ و ماتەمە

تا ئەبەد فرمێسکی چاوم دیل و گیرۆدەی خەمن
زامەکانم ژێر چەپۆکی تۆپخەکەی بن نێخەمە

شەونخوونی کۆخە کۆخم عەرشی ڕۆژگاری بڕی
کۆڵەواری زەبر و قینی دوژمنانی سەردەمە

شەو لەبەر تەنگی نەفەسم و ڕۆژ لەبەر ئێشی شەوێ
بڕینی من عیلاجی ناکرێ تا بەشم بەو دەردەمە

ساڵەهایە بۆنی خەردەل تێکەڵاوی ژینگەمە
ئەو هەناسەی بۆ ژیان بوو بێ بەری کراوە لەمە

شاهیدن ئەستێرەکان و خۆر و مانگ و ئاسمان
ناڵەکەی دێ لەو کەلاوەی نیخەنیخی سینەمە

خوایە تاوانی چ بوو ئەو شارە کیمیایی کرا
کەوتە گێژی گەردەلوڵێ، بۆ زەمان چی بەرهەمە

وا لە نێو بێ دەسسەلاتی و چۆمی خوێن دا ماینەوە
بوویینە چیرۆکی زەمانەی کارەساتی ئەو دەمە

بۆیە ئەورۆ لاوەکانت کۆچ دەکەن سەردەشتەکەم
دەنگی تۆی تێدا بزر بوو لەو هەنیسکەی مەحکەمە

چارەنووسم بەستراوە بە مرۆی سەگێکەوە



فەوزیە سوڵتانبەگی- بۆکان

بەرەبەیانێک نەگەر
لە بڵێندگۆی مزگەوتەکانەوە
گوێتان لێ بوو
" ژنێک وەن بووە بە دوو چاوی
حەیرانەوە
بە جوتێ مەمکی هەراسان و
ملوانەکەیەک لە حیکایەتەکانی
نەفالەوە"
گووێتان لێبوو نەگەر
لە بڵێند گۆی مزگەوتەکانەوە
بانگەواز کرا
" ژنێک بە ((چارەنووسم
بەستراوە بە مرۆی سەگێکەوە))
بەرەبەیانێک نەگەر
لە بڵێندگۆی مزگەوتەکانەوە
گوێتان لێبوو
" ژنێک وەن بووە بە دوو چاوی
حەیرانەو
بە جوتێ مەمکی هەراسان و
ملوانەکەیەک لە حیکایەتەکانی
نەفالەوە"
گووێتان لێ بوو نەگەر
لە بڵێندگۆی مزگەوتەکانەوە
بانگەواز کرا
" ژنێک بە کراسێکی پێ پۆڵکە و
چەپکێ پرچی پەریشان و
کتێبێک لە ئایەتەکانی وەن
بوونەوە
بەشوێن ئاوازی باخێکدا
هەڵفڕی و
ڕێگاکان مەودایان نەدا بگەڕێتەوە"
گومانتان نەبێت منم!!!
ئێوارەیەک ،لەبڕەی پشتمەوە
ئازارێک هەڵیکردو
ڕاپێچی نام تا!!!
بەرزترین لوتکەی وەبوون
وەبوونێک لە سۆزی دایک
لە شێوەی گریان
لە بۆنی سەفەر و نەگەڕانەوە
کێ دەڵێ؛
ئەو هەنارە کاڵەی
بە دیار وەرزێکی پێ تامەوە
شەقی برد
دڵی من نەبوو؛
ئەوە نییە هەموو مەیلەو
ئێوارانێکی کۆچ
١٨٢هەزار ژان دەزرێکێنێ
١٨٢هەزار دەنکی ڕووحی
دەوەرێنێ
١٨٢هەزار جار
شەفاعەت لە پیرۆزی ئەو
گوناهانە
دەخوازێ
فریای زیارەتیان نەکەوت
چارەنووسم بەستراوە بەمرۆی
سەگێکەوە
گەر شانسم پێ و ئەم نیوەڕۆیە
تێر بێت
هەناسەم لە کۆرپەکەمەوە
دەئاڵێنم و
ڕادەکەمە ژووری دەستپێژێکەوە
بیابانێک حەشارم دەدات پڕ لە
خۆم
پڕ لە کۆرپەکم
پڕ لە مەمکەمژە و قەترەی
ئیستامینیفۆن
پڕ لە سەرپایی دڕاو و جامانەی
عاشق
ژیان بەسەر لێوەکانیانەوە
قەتیس ماوە
کێ دەڵێ خودا قاچی نییە؟!
ئەوە نییە خۆم بە قاچەکانیدا
نووسام و
موو بە موو پارامەوە
خودایە خودایە خودایە
پێ من و ئیسماعیل و ئاو
ئەم بیابانە کوێرایی دادێ و
ناگاتە خوانی عەرەب
خودایە خودایە خودایە
پێ من و ئیسماعیل و زەمزەم
حاجیێکان لە پێ غوسڵیدا دەمرن
و
فریای دەستنوێژێک ناکەون
لە پێنجەمین ڕکەتی دوعایەکدا
وەن بووم
هاوار بۆ تۆ خودایە بۆ قەرامۆشت
کردم
ئەم بیابانە پڕە لە ئیسماعیلی
تینوو
پڕە هاجەری دڵشکاو
پڕە لە حاجی پێ غوسڵ
فریامان خە زەمەمێکی تر.

ئیش و کاری جارانی

ژن

لە خۆشناوەتی

محەمەد جەمال توتمەیی

ژن وەکوو هاوبەشێکی سەرەکی پیاو، رۆڵێ کی گرنگ گێڕاوە لە بەرەو پێش بردنی ژیانی رۆژانە کەی، هاوشان لە گەڵ هاو سەرو پ یاوانی دەورو بەری ما ندووبوون و ئیش و کارەکانی ئە گەر لە ئیش و کاری پ یاو زیاتر نەبووبێ، کەمتر نەبووە، من لێرەدا بە شێك لەو ئیش و کارا نەی کە هە ندێکیان هی ژنیش نەبوو نە، بەڵام هەندێ جار ناچار بووە دەبوا یە بیکات، چونکە لەوانە یە هاو سەرەکەی نەیتوانیبێ وە کوو پێویست بەهۆی سەرقاڵی ئەو ئەرکە راهی بکات.

ئەوەی لێرەدا دەی خوێنیتەوە بۆ سەردەمێك دەگەڕێتەوە کەوا ئەو ئامێرە نوێیا نەی ئێستا هەن بۆ ئاسانکاری دەستی کار، ئەوسا نەبوون، زیاتر بۆ سەردەمی پێش (کیمیا باران و جینۆسایدو ئەنفال) دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی نەوەی ئێستا بزانێ و ئاگاداربێ کە جاران ژیان چۆن بووەو لەو دە قەرە چۆن ژن هاوکاری پیاو بووە.

جاران ژن زۆر ماندوو و هیلاك بوون، بە جۆرێك هەندێك جار زۆر لە پ یاو ما ندوو تر و هیلاك تر بوون، شەوان لە بەر ماندووبوو نەوەو لە بەر نالێ و نر کەی خەوی لێنەکەوتووە، ئەوەندە ما ندوو و شەکەت بووە، سەربارەی ئەوەش دەبوایە ئاگای لە منداڵی ناو لانك بێ و ناوە ناوە هەڵسێتەوەو شیری بداتێ.

وە کوو پێ شان ئەیان گوت (پ یاو بای دە شتێیە)، وا تا پ یاو زۆر لە ماڵ نامێنێتەوە، بە لکوو ئیش و کاروفر مانی یان لە دە شتە خەریکی جووتکردن و گەنم چاندن و تۆو کردن و درووێنەیە، یاخود لە چیایە، ئنجا لە چیاش یان ئەوەتە لەدوای مەرو ماڵاتە، یاخود خەریکی دار بڕین و خاوێن کرد نەوەی رەزی دێ مەکارە، یاخود خەریکە باریك دار بۆ سووتاندن بێنێ.

پ یاو بەیانیان هەر کە دە ستی داری دە گرت، سبەینان زوو لە ماڵ دەردە چوو، تا کاتێکی ناد یار نەدەهاتەوە ماڵەوە،

ژ نیش هەموو ئیش و کاری ما ڵەوەو دەرەوەی ماڵی دە کردن، لە گەڵ ئەوەش دا هەندێ جار ناچار بووە ئیش و کاری پ یاوانیش بـ کات، ئەو ژنا نەی کەوا کا بانی مالێ بوون، بەیانیان کەلە خەو هەڵدە ستان، دوای ئەوەی نوێژی بەیانیان دە کرد، دە ستی دە کرد بە هەویر شێلان، دوو سێ بەرەنانی دە کردن و ئە گەر هاتباو خاوەن مەڕو

بزن بان، دەبوا یە بەچن بیان دۆشن، ئنجا چ مەڕو بزن، چ مانگا، دوای ئەوە شیری دە پارزنی و دەیهاوێشتە سەر ئاگرو دوای ماوە یەك هێنی دە کردو دەیکردە ماست، ئەوە ئە گەر بەهارو هاوین با یە، دوا تر دێیە نە سەر وەرزەکانی تر.

هە ندێك جاریش لەدوای نانکردن، هەندێك ستوورکە بەڕوون یان ستوورکە پاش نان یان هەندێ ناسکە نانی بەرۆنی خۆمالّی دروستەکردن و سفرەی ئا مادە ئەکرد، بەلاّم تاکوو ماندگای نەدەبردە لای گاوانی و مەڕو بزنی دەردە کردن و ئەیبرد نە لای شوان، ئەوجا بانگی پیاوە کەی دە کردو منداڵەکانیش هەڵدەستاندن و نانی بەیانیان دەخوارد، ئنجاڕ یاوی سەرداری مالّێ جلو بەرگی ئیشی لە بەر دە کردن و ولاّغە کەی کورتان دەکرد و دەڕۆیشتە دەرەوە بۆ ئیش و کاری ڕۆژانەی.

دوای ئەو هەموو ئیشانە هەڵدە ستا مەشکەی دێنا هەڵی دەخستو دەی ژاند، دوای ژاندنی مەشکە، ڕۆنە کەڕەی لەمە شکە دێنا یە دەرەوەو لە دیزەی دە کردو دۆیە کەش ڕۆ دە کردو بە شی پێ خۆری ڕۆژێ کی هەڵدەگرت و ئەوەی تریش چ دراو سێ، چ ئەوا نەی دۆیان نەبوو دە هاتن هەرما لّەو بە شی خۆی دە برد، ئەوکاتی ئە گەر نان و دۆ هەبا یە نیع مەتێکی گەورەبوو، ئنجا مەشکەی دەشووشت و هەڵی دەگرتەوە و ئەو دۆیەی کەزیاد بوو دەی کولاّند و پێداویستیەکانی مالّی پێ دابین دەکرد.

دوای ئەو ئیشانە ئە گەر ژنە کە مندالّی ساواشی هەبایە، ئەوا دەچوو لە لانکێی دەردەهێناو خاوێنی دە کردەوەو شیری پێئەدا بە پێدانی سروشتی، تا ماوەیەك یاری لە گەڵ دە کردو هەڵی دەپەڕاند، گۆرانی بۆ دە گوت و دەی لاوا ندەوە، ئەوجارە دە چووە لای مرێ شکەکانی و هێلکەکانی هەڵدەگرتنەوەو هەندێ دانی پێدەدان، ئیدی بەرە بەری نیوەڕۆیەو دەبوا یە مشووری ئەوە بخوات کەوا نۆبەتە دروێنەی گەنمیان هە یە، بۆیە دە چوو هە ندێ ستوورکە بەرۆنی ئامادەدەکردو دەی پێچانەوە لەناو نان و هە ندێك دۆی ساردیشی هە لّدەگرت و منداڵەکەشی لەپشتێ دەکرد و بە سواری گوێ درێژ دەچووە سەر پەڕێزێ، لە بن کەپرۆکێ سەپانان منداڕە کەی دادە ناو جۆللانەی بۆ درەست دەکرد، پاش ئەوە قۆڵ و با سکی لێ هە لّدەکردن و گێشە گەنمی کۆ دەکردنەوە لەدوای سەیانان، ئنجا سەرەڕای ئەو هەمووماندووبوونە دەبوا یە نانی ئیوەڕۆش ئا مادە بکات، دوای نو ێژی ئیوەڕۆ سەپانەکان دەهاتنەوە ژێر کەپرە کەو نان ئا مادەبوو، دوای نان و چایە خواردنەوە، سەپانەکان هەندێکیان سەر خەوێکیان دە شکاند و دوای ئەوەی گەرمای ئیوەڕۆ تێدە پەڕی، دە ستیان بە دروێنە دەکردەوە.

ئەویش دەچوو کوندەو دێمکەی لەکانی پڕ دەکردو بۆ سەپانانی دێنا یەوە، بۆ ئەوەی تاکوو ئێوارە ئاوی ساردیان لێ نەبڕێ، دەمەو ئێوارەش دەبوایە ئەو ژنە زوو بگەڕابایەوە بۆ ماڵەوە، منداڵە کەی هە لّدەگرت و دەگەڕا یەوە بۆ ما لّەوە، لەماڵەوەش منداڵەکەی لەناو لانك دە ناو هە ندێ شیری پێ دەدا و دەی نوا ند، دە چووە کانی یەك دوو رێ ئاوی دەهێنانە ماڵەوەو ئامادەکاری دەکرد بۆ ئا مادەکردنی چێشتی ئێوارە، لە بەر ئەوەی پیاوەکان ماندوو بوون، دەبوا یە بەلای کەمی ساواڕێك لێبنێ و چایەش دە دێ مدا دا نێ، دوای نان خواردنی ئێوارە وەکوو دەیان گوت (ئیسراحەتی نیسك دروینە) دەبوا یە چایە شیان بۆ تێبکات، ئەوجا هەڵبستێ بە شوشتنی قاپ و مەنجەڵ و پیاڵە، ئنجا دوای ئەوە جێگای بۆ رادەخستن بۆ نووستن.

لە سەرەتای وەرزی چاندنی تووتنیش وەکوو دەیان گوت (ئیشی تووتن وەکوو بەخێوکردنی منداڵی ساوا وایە) هەر لە کۆتایی بەهاران دا تاکوو کۆتایی پاییز، هەر لە شتڵە تووتن هەڵقەناندنەوە بگرە تاکوو چاندن و دوو جار بژار کردن و سەرو جۆتە لێهاویشتن و دوو جار کارتە لێ فرەدان و ئنجارنین و سۆرەپەڵ کۆکردنەوەو کارتەرنین، هەر بەزار خۆشە.

هەروەها هەر لەسەرەتای بەهاراندا پیواز چاندن و بژار کردن و هەڵقە کردنی هەمووی لە سەر شانی ئافرەت بوو، جگە لە تەما تە چاندن و بژار کردن و لێکردنەوەی تەما تەو بامیەو ئارو و باینجان و لۆبیە. وە لەتکردنی تەما تەو راکردنیان لەبەر تیشکی ڕۆژ لە سەربان، وەگو شینی تەما تەو کردنی بە ئاوە تەما تە و ئنجا لەناو خواچە کردن و لەسەر بان دانان، هەروەها لێکردنەوەی هەنجیرو هەندێك لەو هەنجیرانە دەکرانە ستوورکە هەنجیرو هە ندێکیش دەکرانە لەتك، وەلێکردنەوەی ترێ و کردنی بە دۆشاو و مێوژ.

ئه مه لەلا یەك، لەلا یەکی تریش دوای کۆ تایی هاتنی دروێ نەی گەنم و گوا ستنەوەی بۆ سەر جۆخین و جەنجەڕکردن و لێك جیا کردنەوەی گەنم لەگەڵ کا، ئەوانەی باسمان کردن ئیشی پیاوان بوو، لەوە بەدواوە جارێکی تر ئیشی ئافرەتان دەها تەوە، ئەویش بۆ دابینکرد نی دانەوێ لّەی ز ستان دەبوا یە گەنمی ساوار هەمووی پاك بکرێ تەوە هەرچی بژارو پیسایی یە لێی فڕێ بدرێ، دواتر لەناو مەنجەلاّن بکرێ و بکوڵێنرێ و دوای چەند رۆژ یّك تاکوو و شك دە بووەوە و پا شان شەوێك بە هۆی بازووی چەند پ یاوێکی قالّبووی ئەم بواره، وا تا ساوار کوتا نەوە، گەنمە کەیان لەناو قۆرت یّك دە کردو بە کوت کان لێ یان دەدا تاکوو بە تەواوی ئامادە دە بوو بۆ لێکرد نی و کرد نی بە ساوار، لەکاتی کوتا نەوەی گەنمە کە گۆرانی تای بەتیان بە ساوار کوتا نەوە دە گوت، پاش یەك دوو رۆژ، شەوێك چەند ژن و کچێك کۆدەبوو نەوە بۆ دەستارهێڕان و تا درەنگانی شەو ئەو ژنا نە بە هێزی با سکیان دە ستارپان لێدەکردو تاکوو ئەو گە نمە ورد دە بوو، پاش دە ستارهێڕان ژ نی کا بانی مالّ هەڵدە ستا بە (سەرەدو بێژینگان) ساواروپیرخەنی و بڕوو شی لە یەك جیا دە کردەوە، هە ندێك گەنمی پاك کراوە شی لەناو (جۆنی) بە (دە سکە جۆنی) دەکوتا بۆ گەنمە کوتا.

دوای ئەوا نە دانەوێ لّەکانی یەك یە کە لەناو (هەمبانان) دەکرد، هەر هەمبانەی نی شانەیەکی پ یّوە دە کرد بۆ ئەوەی بزا نێ کا مە هەمبان کا مە دانەوێ لّەی تیادا یە، هەموو هەمبان و گوز یەکانی کەوا دانەوێلّەو خواردنی تیادا یە لە سەر (ئە ستەڕك) دادە نا، لا یەکی ئە ستەڕك تای بەت بوو بە کەلو پەلی نوو ستن و لایە کەی تری شی بۆ کەلو پەلی خواردەمەنی تەرخان دەکرا.

ئەمە جگەلەوەی هەندێ سالّ بە تایبەتی ئەو سالاّنەی کەوا ئاو زۆر بوون، برنج و کونجی ماش زۆر دە چێنران، ئەوانیش ئەرکێکی قورِس بوون لە سەر شانی ئافرەتی خۆشناوەتی.

هەروەها لەزستانانی شدا ژن بە هەمان شێوە دەبوایە بەیانیان زوو هەڵبستێ و یەك دوو بەرەنانان بکات و مە نجەلّێك (ماشیش) وە سەر بنێ، ما شەکەی پڕ دە کرد لە قەرێ، وەدەبوا یە نانیش سوور بکا تەوەو بیبرژێنی بۆ تێکو شین لەماش، ئنجا دەبوایە نەوت لە فانۆس و لامپاش بکات و سۆبەی دارا نیش پاك بکا تەوەو ئەو مشکیەو پا شماوەی سوتانەکە فڕێ بداتە دەرەوە.

خوێنەری ئەزیز ئەوەی خوێندتەوە ئەوە بە شێکی کەم بوو لەو هەموو ماندووبوو نەی ژنی کورد، بەتای بەتی ژنی خۆشناوەتی، بۆ یە هە قە هەرگیز ئەو ماندووبوونەو ئەو ئەزیەتەی ئەو ژنە کابانانەی کەوا شەو و رۆژ لە ئیشکردن دا بوون بەهەند وەربگرین و هەمیشە ڕێز لە ژن و ماندووبوونی بگیرێ.

ئاشی ئاو

بەختیار حەمەدەمین

کاتێ مرۆف بیری لە کشتوکاڵ کردن کردەوە، پێویستی کاری کشتوکاڵکردن وایلێ کرد لە نز یك کشتوکاڵەکەی نێ شتەجێ ببێت، چونکە کشتوکاڵ پێویستی بە خز مەتکردن و ما نەوە هەیە، گەنمیش بەرهەمێکی کشتوکاڵییە و دانەوێڵە یەکی گرنگە، کە هەر لە سەردەمانی زووەوە پێداویستیەکانی مرۆ قی دابین کردووە، وە کو: خۆراك، بەڵام هەرچی گەنمە کاتێ پێ ئەگات پێویستی بە گۆڕینی شێوەکەی هەیە بۆ خۆراکی مرۆڤ، ئەمە بووە هۆی ئەوەی مرۆڤ بیر لە درو ستکردنی ئامێر یك بکاتەوە بۆ گۆڕینی شێوەی لە گەنمەوە بۆ ئارد، دواتر بکرێتە نان، ئەو کە سەی یەکەم جار توانی ئامێریك (ئا شی ئاو) دروست بکات (٣٠٠٠) سالێ بەر لە ئێستا ناوی (ئاسیاوش) بوو، خەڵکی یۆنان بوو لە کیشوەری ئەورووپا.

دوا یی ئەو زاد ستە (ئا شی ئاو) گواستراییەوە کیشوەری ئا سیا. ئەوەی لەلا یەن من ئا شکرایە کە گو مانم لێی نەبێ لە کاتی هەبوونی ئا شی ئاو لە کیشوەری ئا سیا (٦٣٧) زایینی یە، (یەزدگورد) پاشای ساسانیەکان کاتێ لە شەڕی دژ بە مو سڵمانەکان شکا و ئەیوێ ست ڕابکا تە وڵا تی سین لە خورا سان لە شاری (مەرۆ) خۆی لە ئاشێکی ئاودا شاردەوە، ئا شەوانەکەش بۆ ئەو زێڕ و ماده بە نرخانەی پێی بوو لە ناو ئاشەکەدا کوشتی، ئەکرێ بەر لەو کاتەش ئاشی ئاو لەو وولاتە هەبووبێ.

نەتەوەی کوردیش نەتەوە یەکی دێرینە لە کوردستان و ڕۆژهەلاتی ناوەڕا ست و کیشوەری ئاسیا، وە مێژوویەکی دێرینی هەیە، لە کشتوکاڵکردن لە وولاتە کەی، بۆیە پێویستی بە ئامێرێکی لەم جۆرە هەبووە، مێژووی دامەزراندنی ئا شی ئاو لە کورد ستان زۆر ڕوون نیە یە، بەڵام بە پێی گێڕانەوەکانی دەماو دەمی کەسانی بەتەمەن کە پشتاو پشت بۆ یەکتریان گێڕاوەتەوە، ئەو کاتەی لەشکری ئیسلام لە شکریان کردووە تە سەر با شوری کورد ستان بەتایە بەتی دە ڤەری خۆ شناوەتی لە بەر جۆ گای (قە شە و لەندەهۆ) لە دۆڵی بالیسان چوار ئا شی ئاو کار یان کردووە، ئێ ستاکەش شوێنەواریان ماوە. لێ ڕە بە دوا نوسینەکەم تایبەت دە کەم بە سەدەی بیستەم لەو دەڤەرە، ئا شی ئاو لە ذێو چەم و ڕووبارە کان لە بەر جۆگا کان دادە مەزرێنران وە کو: چەمی دواووێ و بێتوا تە و مە لەکانی زێوە و هەر تەل و چیوە و بالیسان و شیرە و هیران و...هیتد. ئا شەکان هەتاکو سەرەتای سالانی (٢٠٠٠) هە ندێکیان کار یان دەکرد، لە ئێستادا تەنها شوێنەواریان ماوە.

خانووی ئا شی ئاو: ئا شی ئاو لە ذێو خانو یەك دادە مەزرێنرا کە دوو ژوور و هەیوانێك بوو، ژوورێك تایبەت بوو بە مالّی ئا شەوان و ژوورێ کیش ئامێری ئا شی تیادا بوو، هەیوانە کەش باراشەکانی لێ دادەنران.

چۆنیەتی پێکەوەبە ستنی پار چەکانی ئاش و خستنەکاری:

دامەزراندنی ئاشی ئاو وەستای تایبەتی هەبوو، کە پێ یان دە گووت (ئاش وەستا)، پیاوێك بەناوی (حاجیە پەش) خەڵکی بێتوا تە بوو پێ یان دە گووت (حاجی ئاش وەستا)، زوربەی ئاشەکانی بێتواتە و دەوروبەری دادەمەزرا ندن، لە

ناوەڕاستی ژووری ئامێرەکە جۆگایەک بە دڕێژی ژوورە کە بە قوڵایی مەترێک و بەرینی مەترێک هەڵدەکەندرا، بۆ نی جۆگاکە بە بەردی پان بەرد ڕێژ ئەکرا و بە هەردوو لایەوە دیوار دەدەنرا، ئەوجا خواد کە (قاع یدە)ی ئامێرە کەی تێیادا جێگیر دەکرا، لایەکی دیوارە کە بە قەد بەرینی و بەرزی جۆگاکە کون دە کرا بۆ ئەوەی ئاوەکەی تیادا دەربکرێ، خوانکە پارچەدارێکی ئەستور بوو کون دە کرا و مۆریە (گولەتۆپ) ی تیادا دەچەسپێندرا و کونێکی تێیادابوو پار چە ئا سنێکی لو لەکی کە پ ێی دە گووترا (بۆ ستە) سەرێکی بستەکە دەخرا یە ناو مۆر یە و بۆ ستەکە مەترێک در ێژ بوو بە شێوەی ستونی جێگیر دەکرا، دارێکی لولەکی کە پێی دەگووترا (تەموو)، نیومەتر در ێژ و سی سانتیم ئەستور کونێکی تێیادا بوو لە سەر بۆ ستەکە هەڵدەکێ شرا و هەموو لا یەکی تەمۆ کە کون دە کرا و چەند پەڕە یەکی دار یان تێ دەکوتان، وە کو پاڵ کە وا بوو، نزی کەی بێ ست پەڕەی لێدەدران کە درێژیە کەیان مەترێک بوو، لە سەرووی تەمۆ کە لەو بەرەو بەری دیواری جۆگاکە دارەڕێیەک دەکرا، پێیان دە گووت (بەرازە)، بە شی بۆ نەوەی ئامێرە کەی دادەپۆ شی، سەرەوەی بە قوڕ سواق دەدرا، واتا ناوەوەی ژوورەکە تەخت و ڕێک دە کرا و لە بستەکە سی سانتیم دەکەوتە سەرەوەی بەرازە وا تا وە کو سینگێک لە ناوە ندی ژوورە کە دەردەکەوت، بەشی بنەوەی بەردا شەکە کونێکی لە ناوەڕا ستی بوو کونە کە لەسەر بستەکە هەڵدەکێشرا، دوو بۆ سێ سانتیمی بۆ ستەکە لە بەردا شەکەوە دەردە چوو، ئەو بە شەی بەردا شەکە لەسەر بەرازە لە قوڕ چە سپ دە کرا و نەدەچووڵا، پاچە ئاسنێکی پێنج سانتیم پان و بێ ست سانتیم در ێژ کە پ ێی دە گووترا (تەورە) بە سەر نوکی بستەکەوە توند دەکرا، ئەوجا بەردا شی سەرەوەی دەخرایە سەر، بە شی ژ ێرەوەی بەردا شی سەرەوە دەکەو تە سەر بەردا شی خوارەوە، لە دەرەوەی ژووری ئاشەکە بە هۆی چەند بەرمیلێکی لو لەکی کە سەرو بن یان لێکرا بۆوە و بەیەکتریانەوە چە سپاندبوون شەش بۆ حەوت بەرمیل لە جۆگا کەی دەرەوەی ئاش بە شێوەی تا ئا ستێک ستونی بەشێکی هاتبۆ د یوی ژورەوەی ئاش و بەرمیلی هەرە کۆ تایی بۆ نەوەی لێنەکرابۆوە و کونێکی بچووکی تیادا بوو ئاوەکە بە خور بەو کونەدا دەردە چوو و بەر پەڕەکانی تەمۆ کە دە کەوت و بۆ ستەکەی هەڵدە سوڕاند و بەردا شی سەرەوە بە خێرا یی لە سەر بەردا شی خوارەوە دە سوڕایەوە، کۆڵ ێک لە سەرەوی بەردا شەکە لە د یوار تو ند دەکرا و گەنمی تێدەکرا و کونێکی بچوکی تیادا بوو لەو کو نەوە دن کە گە نمەکان هەڵدەڕژا نە ناو کونە کەی بەردا شی سەرەوە و لەوێوە بۆ ن ێوان هەردوو بەرداشەکە و دەهاڕدران و دەبوو نە ئارد و لە چواردەوری بەردا شەکە ئاردە کە دەها تەدەر و ئاشەوانەکە کۆی دەکردەوە و دەیکردە تەلیسێک و دەیدایەوە خاوەن بارەشەکە و بەشی خۆشی لێ دەگێڕایەوە.

بەشەکانی ئاشی ئاو:

ئا شی ئاو بە گشتی لەو بە شانە پ ێک هاتبوو: خوانکە، مۆریە، ئامور، لەوازە، بۆ ستە، تەمۆ، پەڕە، بەرداش، تۆق، تەورە، زمانە، گەڕۆمە، لانکۆرە، لەقێنە، کەپو لە، بەرمیل (دۆڵی ئاو)، پۆ سکە، پەلکە، خانوو، بەرازە و...هیتد.

تایبەتمەندیەکانی ئاشی ئاو:

١ـ ئەو ئاوەی ئا شەکەی هەڵدە سوڕاند هیچی کەم نەدەکردو کە لە ئا شەکە دەردەچوو کشتوکاڵی پێ ئاو دەدرا.

٢ـ ئاردی ئا شی ئاو تامێکی خۆ شی هەبوو.

٣ـ هەر ئاشێک لە ماوەی شەوو ڕۆژێکدا نزی کەی (٥٠٠) کیلۆ گەنمی دە هاڕی و دەیکردە ئارد.

٤ـ هەر ئاشێک بژێوی دوو خ ێزان وە کو: خێزانی خاوەن ئاش و ئا شەوانی دابین دەکرد.

ئە مەی ل ێرەدا نو سیومانە کورتەیە کە دەربارەی ئا شی ئاوو، گەر بە ووردی لە سەری بنو سین زۆر لە مە پتر لەخۆ دەگرێت...



حاجی حوسێن شێخ وەسانی

پیاوێك لە پەڕەی گوڵدا

هاوکار عەبدوڵڵا شێخ وەسانی

ئەو کەسەی چەند ساتێک پێش لە سێدارەدانی لێخۆشبوونی بۆ دەرچوو.

دۆڵی خۆشناوەتی پڕە لە چیرۆکی ئەو پیاوە مەزنانەی کە بە خەبات و تێکۆشان و خوێنی خۆیان توانیان بۆ هەموو جیهانی بسەلمێنن کە بەڵێ ئەو مافەی ئێمە داوای دەکەین حەقە و ڕۆژێک دێت دەبێت پێی بگەین.

لەم نووسینە دەتانبەم بۆ چیرۆکی نەبەردی کەڵە پیاوێک کە هەرچی شاخ و بەرد و گرد و دۆڵی خۆشناوەتی هەیە شایەتی ئەوە دەدەن کە بەڵێ ئەمەیە بەرخودان و قوربانی دان، ئەمەیە نەسروتن و سەرکەوتن، ئەمەیە پاڵەوانی مەیدان و ڕۆژە سەختەکان.

بەڵێ (حاجی حوسێن شێخ وەسانی) پاڵەوانی ئەم باسەیە، پیاوێک هەموو خەڵک خۆشی دەویست، لە مەجلیسی ئەودا کەس هەستی بە دڵتەنگی نەدەکرد. بزە و پێکەنین لەگەڵ هەموو قسە و بەسەرهاتەکانی ژیانی تێکەڵ بووبوو. ئەو ڕقی لە کەس نەبوو، کەس ڕقی لە ئەو نەبوو. خواناس و دەم بە زکر بوو، ناوی خودا لە دەمی نەدەبڕا، دڵپاک و ڕەفتارپاک و کردار چاک بوو...

حاجی حوسێن عەبدولڕەحمان حەسەن شێخ وەسانی لە ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی شێخ وەسان لە دایک بووە، هەر لە منداڵیەوە بووەتە شوان و نزیکەی بیست ساڵ لە گوندەکەیان شوانی کردووە، دواتر دەبێتە پێشمەرگە و بەشداری شۆڕشی ئەیلوول دەکات.

حاجی حوسێن شێخ وەسانی لە ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە لە نزیک چیای هەیبەسوڵتان لە گوندی هیزۆپ کاتێک دەیانەوێت پلانێکی چەکدارانی بەعس تێکبشێنن، شەڕێکی گەورەی دەستەویەخە دەکەن، حاجی حوسێن لەم شەڕە بریندار دەبێت گوللەیەکی بەر قۆڵی دەکەوێت، سەرەڕای لەبەررۆیشتنی خوێنێکی زۆر بەڵام واز لە بەرگری ناهێنێت، سەرئەنجام لەبەر بوونی فرۆکە و دەبابەی زۆر ٤٥ کەسیان دەستگیر دەکرێن، ڕاستەوخۆ دوای گیرانیان ٥ کەس هەر لەم شوێنە ڕەم دەکرێن.

دواتر هەموویان دەست و چاویان دەبەستن و دەیانخەنە نێو دەبابەکان و دەبردرێن بۆ کۆیە، دواتر بە کۆپتەر دەبردرێن بۆ بەغدا و دواتر بەرەو کەرکووک و ئازاریکی زۆریان دەدەن.

حاجی حوسێن دەستێکی بالای هەبووە لە پاراستنی ئەو شیعر و بەستە و بالۆرە و سەردوولکە و حەیرانۆکانەی کە لە گوندی شێخ وەسانان هەبوونە

دوای نۆ مانگ مانەوە لە هەیئەی کەرکووک فەرمانی لە سێدارەدان بۆ حوسێن عەبدولڕەحمان شێخ وەسانی لەگەڵ ١٢٠ پێشمەرگە دەردەچێت.

ئەگەر هەبە تەنیا کتێبێک سەبارەت بە ئازار و شەشکەنجە زۆرەکانی زیندانی (حاجی حوسێن شێخ وەسانی) بنووسین هێشتا کەمە، چونکە وەک خۆی دەیگێڕایەوە و دەیگوت هیچ ئازارێک نەماوە ئەوان نەیبینن، هەزار جار ئاواتیان بە مەرگ خواستووە.

مۆری سێدارەدانیانی لە دەستی دەدەن و ئامادەکاری دەکرێت بۆ ئەوەی لە سێدارەیان بدەن لە چەند رۆژێکی نزیک. پاش دوو ساڵ چاوەڕوانی، چەند کاتژمێرێک پێش ئەوەی سزای لە سێدارەدان جێبەجێ بکرێت، بڕیاری لێبوردنی گشتی دەگاتە ئیدارەی زیندان،

حاجی حوسێن لە ١٩٨٧/٤/١٦ لە کاتی کیمیابارانکردنی گوندی شێخ وەسان خۆی و خانەوادەکەی بە سەختی بریندار دەبن، دواتر بە زیلی سەربازی دەیانگوازنەوە بۆ هەولێر و لەوێ سەرەڕای بریندارییان دەستبەسەریش دەکرێن. دوتر بە هەولێ خزم و کەس ڕزگار دەکرێن.

حاجی حوسێن دەستێکی بالای هەبووە لە پاراستنی ئەو شیعر و بەستە و بالۆرە و سەردوولکە و حەیرانۆکانەی کە لە گوندی شێخ وەسانان هەبوونە، چونکە ئەو لە زۆربەی دانیشتن و هەروەز (زبارە)کانی گوند بەردەوام لەسەر زاری بوون و دەیگوتنەوە. بە تایبەتی کاتێک زبارەی گەنم دروونە دەبوو دەبوایە حاجی حوسێن هەر لەگەڵ بایە و بە گۆرانی و بەزمەکانی خۆی گشت خەڵکی ناو هەرەوەزەکەی گەرم دەکرد.

بەشێک لە قسە خۆشەکانی (حاجی حوسێن شێخ وەسانی)

حاجی حوسێن شیخ وەسانی بەوە ناسرابوو کە قسەی خۆشی لێنەدەبڕا، ئەو لە هەر مەجلسێک بایە بە قسە خۆشەکانی سەرنجی هەموانی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا. هەوڵدەدەم لێرەدا کەمێک لە قسە خۆشەکانی بنووسمەوە.

لۆ خاتری چل و چار هەزار پێغەمبەران چاک نەبێەوە!

حاجی حوسێن شێخ وەسانی کاتی خۆی کە لە سەبازی (عەسکەر)ی دەبیت، ئەفسەرێکی عەرەب کە سەرپەرشتی کردینە زۆری خۆشدەوێ بەرواری تەواوی پێ کردییە، شەوەک ئەفسەرەکە نەخۆشدەکەویت و لە دوو حاجی حوسێن دەنێرێت، حاجی حوسێنیش لەگەڵ برادەرەکی کورد دەچیتە لای، بە حاجی حوسێن دەڵێت ئەمن زۆر نەخۆشم دەمەوێ دووعام لۆ بکەی بەشکو خوا شیفام لۆ بنێریت. حاجی حوسێنیش دەستی بەرز دەکاتەوە و دەڵێت: "یا ڕەبی خوایە لۆ خاتری چل و چار هەزار پێغەمبەران ئەو زابتە لەو نەخۆشیە هەرنەستیتەوە و سندانی بگاتێ" کە ئەو دووعایە دەکات برادەرە کوردەکەی پێدەکەنێت، زابتەکە بە عەرەبی بە برادەری حاجی دەڵێت لۆ پێدەکەنی نابینی ئەو کابرایە دووعام لۆ دەکات؟ کابراش دەڵێت: "والله دووعایەکی وەی لۆ کردی مەگەر خوا ئەگەرنا ئەتوو چاک ئەبیتەوە"! زابتەکە زۆر کەیف خۆشدەبیت و زۆر مەمنونی حاجی حوسێن دەبیت و پێی دەڵێت مادام ئەتوو ئەو دووعایە باشەت لۆ کردم فەرموو ئەوە ٥ پێنج ڕۆژان ئیجازەم لۆ نووسی.

ئەتوو بەس لە ژن دەزانی

حاجی حوسێن شێخ وەسانی کاتی خۆی لە عەسکەری زۆر ئیشیان پێ سپاردبوو بە هەندی وەرنەگرتبوون و هەمووی کردبووە فشە، چونکە پێی وابوو ئیش فێربوونیش خزمەت بە حکوومەتی بەعس دەکات، چەندان جار ویستوویانە فێری سەیاقی بکەین بەڵام ئەو سوکانەکەی لۆ لایەک شکاندیتەوە و سەیارەکەی بە بەرد و دار و دیوار دادایە. دوای ئەوەی بێ ئومێد دەبن کە حاجی حوسێن فێری هیچ نابیت، پێی دەڵێن کاکە ئێمە ئیشمان بە تۆ نییە، فەرموو ئەتوو لەسەر ئەو کورسیە دانیشە هیچ ئیشەک مەکە، ئەتوو بەس لە ژن دەزانی.

ئەگەر بە خۆشیێ بیست قەحپەخانە لە هەموو جێیان خۆشترە

ڕۆژەک حاجی حوسێن شێخ وەسانی و هیمدادی کوڕی و چەند گەنجێکی تر لە ماڵێک میوان دەبن، قسە دێتە سەر ئەنتەرنێت و گرانی و هەرزانی هێڵەکانی ئەنتەرنێت لەم ڕۆژگارەدا، کاک هیمدادیش دەڵێت واللە خۆشە ئەنتەرنێتی فریت لە ماڵێ هەبێت، حاجی حوسێنیش دەڵێت: "ئەوەی پیاوبیت ئەنتەرنێت بەکارناهێنێت، ئەگەر بە خۆشی بێت قەحپەخانە لە هەموو جێیان خۆشترە"

ئاوەکی بخۆینەوە باشترە

ڕۆژەکی ڕەمەزان حاجی حوسێن لەگەڵ دوو پیاو دەچێتە مزگەوت، لە ڕێگادا کچێکی جوان بەرامبەریان دێت بۆ کانی، حاجی حوسێنیش لە دوورەوە چاوی بە کچەکە دەکەوێت و دەزانێت بۆ لای ئەوان دێت، ئەویش بە برادەرەکانی دەڵێت: "وابزانم ئاوەکی بخۆینەوە باشترە"

ئەودێ چەند خۆشە ڕەشید

حاجی حوسێن شێخ وەسانی گێڕایەوە وتی: "کاتی خۆی کە لە عەسکەری بووم، زابتێک کە ناوی (ڕەشید) بوو سەرپەرشتی دەکردین زۆر منی خۆشدەویست، هەمووکات لە دوامی دەنارد تا قسەی خۆشی بۆ بکەم و گۆرانی بۆ بڵێم، جارێکیان لە دوای ناردم وتی دەبێت ئەمشەو گۆرانیم بۆ بڵێی، منیش دەستم پێ کرد و وتم:

ئای لە دوور لە دوور لە دوور،
ماڵ لە دوور دێیە
ئەو دێ چەند خۆشە ڕەشید
قونێ تووی لێیە

ئیتر ڕەشید هەر چەپڵەی لێ دەدا و دەیگوت خۆش غەنی حاجی خۆش غەنی

هەر باشبووە نەیگۆتییە مێردی تووشە

حاجی حوسێن دوو ژنی هەبوو، (عائیشە و مێر) مامۆستا لە مەکتەب پرسیاری لە منداڵێکی (مێر) کردبوو کە حاجی حوسێن چی ئەوانە؟ ئەویش گۆتبووی (مێردی مەو مارێ عەیشێ)یە، مامۆستاکەش قسەکەی زۆر پێ خۆش دەبیت و دەچێتە لای حاجی حوسێن قسەکەی لۆ دەگێڕیتەوە، حاجی حوسێنیش بە مامۆستاکە دەڵێت: "هەر باشبووە نەیگۆتییە مێردی تووشە"

ئەتوش عەقڵت نییە

حاجی حوسێن شێخ وەسانی ڕۆژەک لۆ نانی نیوەڕۆ دەچێتە مارڵی ئامۆزیەکی، بە ڕێککەوت مەسئولێکی گەورەی حیزبێکی عیلمانی لەوێ دەبیت، دوای نانخواردن قسە و باس دێتە سەر ئەوەی کە خوا هەیە یان نییە، مەسئولەکە دەڵێت لەبەرئەوەی خوا بە چاو نابیندرێت لۆیە خوا نییە! حاجی حوسێنیش هەرچەندە نەخوێندەوار بووە بەڵام وڵامی دەداتەوە و پێی دەڵێت مادام ئەتووش عەقڵت نییە چونکە عەقڵیش نابیندرێت. ئیدی بەو قسەیە مەسئولەکە دەم کوت دەکات.

بەخوای شورتەش بینی هەر ڕاست نابیت

ڕۆژەک حاجی حوسێن دەچێتە مزگەوت لۆ ئەوەی نوێژی بە جەماعەت بکات، مەلا دەڵێت ڕەحمەتێ خواو لێبیت ڕاست ڕاوەستن، پارۆیکەدەن، حاجی حوسێنیش کە دەبینیت خەڵکەکە هەر ڕاست ڕاناوەستن بە مەلای دەڵێت: "بەخوای شورتەش بینی هەر ڕاست نابیت"

هەرچەندە بە دەیان لاپەڕە لە بەسەرهات و سەرگوزشتەی ئەو پیاوە گەورەیە بنووسین تەواو نابێت، ئەگەرچی ئەوەی نووسیومە تنۆکێکە لە ژیانی پڕ مەینەتی حاجی، وەلێ بەمە ئیکتفا دەکەم، هیوادارم خودا بوارم بۆ بڕەخسێنێت و بتوانم تەواوی ژیانی ئەم پیاوە بۆ مێژوو تۆمار بکەم.

بە داخەوە لە ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٢٣/٩/٢٦ دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێت بەرەو جیهانی ئەبەدی کۆچ دەکات.

بەرەو روانین لە پرسی ژینگە وەک خەمێکی نەتەوەیی

ئەندازیار
عەبدولڕەحمان سدیق★

هەر چەندە خەمی ژینگە لەبنەڕەتدا خەمێکی ئینسانیی و سەرتاسەریی هەموو جیهانە، بەڵام بەهۆی سیاسەتی ستەمکارانەی داگیرکارانەوە، سەدان ساڵە ژینگەی کوردستانیش وەک دانیشتووان و شوێنەوارەکانی لەچوارچێوەی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاساو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان.

دوازدەیەم: چاوخشاندنەوە بەدیزاین و ماستەرپلانی شارەکاندا لەڕووی پێداویستییەکانی دانیشتوان و پاراستنی ژینگەداو، پشتگیریکردنی پڕۆسەی گەڕانەوە بۆ گوندەکان.

سێزدەیەم: پاراستنی سامانە سروشتییەکان و بەکارهێنانیان بەڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی ئێستای هاوڵاتییان و نەوەکانی ئایندە.

چواردەیەم: کارکردن بۆ بەردەوام هەڵمەتی سەوزکردن و نەمامچاندن.

پازدەیەم: واژۆکردنی پەیماننامە یەکی نەتەوەیی بۆ پاراستنی ژینگەی کوردستان کە هەموان بە شداری تێدا بکەن.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش زۆر میکانیزمی پێویست بگیرینە بەر وەک:

یەکەم: قوتابخانەو خوێندنگاو پەیمانگاو زانکۆکان:

١- پەروەردەی ژینگەیی لە باخچەی ساوایان و ناوەندکانی خوێندن و خوێندنی بااڵدا بخوێنرێت.

ڕووانینەپر سی ژینگەوەک خەمێکی نەتەوەیی بۆئێمەبۆتە پێویستییەکی سەردەم کە زۆرئامانجی مەزن لەخۆدەگرێت کە دەکرێت لەئێستاو ئایندەدا کاری زۆریان لەسەر بکرێت وەک:

یەکەم: داڕشتنی ستراتیژییەتێکی نەتەوەیی بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگەو گەشەپێدان بە کوالێتی ژیانی دانیشتووان، بە بەشداریی حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و هاوڵاتییان.

دووەم: کارکردن بۆ گرێدانی کۆنفرانسیکی نەتەوەیی ژینگەیی.

سێیەم: کارکردن بە چەمکی گەشەپێدانی بەردەوام و، نەخشەکێشان بۆدانانی سیاسەت و پلانێکی ژینگەیی بەهاریکاریی لەگەڵ مەزراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ چەسپاندنی مافی ژیان لە ژینگەیەکی سەلامەتدا.

چوارەم: بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزەی خاوێن و نوێبووەوە و، پشتبەستن بەچەمکی ئابووری سەوزو تەکنۆلۆژیای هاوڕێی ژینگە.

پێنجەم: کارکردن بەسیستمی ریسایکلێنگ بۆ رزگاربوون لە پاشەڕۆخاشاک، بەمەبەستی دووبارە بەکارهێنانەوەیان.

شەشەم: ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەیی بۆ گشت پڕۆژەکان.

حەوتەم: ئەنجامدانی ڕووپێوێکی ژینگەیی بۆداهەزراندنی بنکەیەکی زانیاریی ژینگەیی و دیارکردنی ناخی شەپۆلی سبووەکان و پاشماوە مەترسیدارەکان.

هەشتەم: بایەخدان بەبەرنامەی هەڵگرتنەوەی مین و پاشماوەی تەقەمەنیە کانی جەنگ و، هەوڵدان بۆقەرەبووکردنەوەی ئەوزیانانەی کە لەژینگەی کوردستان کەوتوون.

نۆیەم: پاراستنی زیندەجۆرەکان (بایۆدایڤێرسیتی)و، دامەزراندنی ناوچە پارێزراوە سروشتییەکان.

دەیەم: هاوکاریکردن لەگەڵ دامەزراوە ژینگەییە جیهانیی و هەرێمایەتییەکان.

یازدەیەم: هەوڵدان بۆپاراستنی ناوچە سروشتییەکان و شوێنەوارە کەلتوورییەکان لەچوارچێوەی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاساو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان.

دوازدەیەم: چاوخشاندنەوە بەدیزاین و ماستەرپلانی شارەکاندا لەڕووی پێداویستییەکانی دانیشتوان و پاراستنی ژینگەداو، پشتگیریکردنی پڕۆسەی گەڕانەوە بۆ گوندەکان.

سێزدەیەم: پاراستنی سامانە سروشتییەکان و بەکارهێنانیان بەڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی ئێستای هاوڵاتییان و نەوەکانی ئایندە.

چواردەیەم: کارکردن بۆبەردەوام هەڵمەتی سەوزکردن و نەمامچاندن.

پازدەیەم: واژۆکردنی پەیماننامە یەکی نەتەوەیی بۆپاراستنی ژینگەی کوردستان کە هەموان بە شداری تێدا بکەن.

بۆبەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش زۆر میکانیزمی پێویست بگیرینە بەر وەک:

یەکەم: قوتابخانەو خوێندنگاو پەیمانگاو زانکۆکان:

١- پەروەردەی ژینگەیی لە باخچەی ساوایان و ناوەندکانی خوێندن و خوێندنی بااڵدا بخوێنرێت.

٢- ئا مادەکردنی باس و توێژی نەوەی تازە بەت بەژینگە لەلا یەن زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستانەوە، بایەخدانی زیاتر بە ما ستەرنامە و دکتۆرانا مەی بەدەستهێنراو لە بواری ژینگەدا.

دووەم : میدیاو هۆکارەکانی راگەیاندن:

١- ئا مادەکردن و پێشکەشکردنی زیاتری بەرنامەی ژینگەیی یەکان، بۆ هۆشیاریی ژینگەیی زیاتر.

٢- بایەخدان بەدەستخستنی وەدەرخستنی زیاتری زانیاری لەبارەی ژینگەی کوردستانەوە.

٣- هاوکاریکردن لەگەڵ زانایانی ئاینییدا بۆ تێهەڵکێشکردنی بابەتی ژینگەپارێزیی لەگەڵ وتارەئاینییەکاندا.

سێیەم: رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تایبەت بە ژینگە بۆ:

١- دامەزراندنی فیدراسیۆنی ژینگەپارێزانی کوردستان.

٢- چەسپاندنی چەمکی کاری خۆبەخشیی لەبواری ژینگە پارێزیدا.

٣- کردنەوەو کاراکردنی پەیج و سایتی ئەلکترۆنی بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگە.

چوارەم : کەرتی تایبەت

١- بەخشینی ئارەزوومەندانەی یارمەتی دارایی وەک سپۆنسەر بە رێکخراوە ژینگەییەکان.

٢- هەوڵدان بۆدامەزراندنی کار گەی تایبەت بە ریسایکلێنگ و پرۆژەکانی دۆست بەژینگە.

پێنجەم: حزبە سیاسییەکان:

١- دانانی بەتی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە پەیڕوو پرۆگرامی حزبەکاندا.

٢- تەرخانکردنی بەشێک لە چالاکییەکانی سالیادو بۆنەی حزبەکان بۆ هۆشیاریی ژینگەیی.

شەشەم: پەرلەمانتاران:

١- جەختکردنەوە لە سەر پێکهێنان و کاراکردنی لیژنەی ژینگە لەپەرلەماندا.

٢- پشتگیریکردنی ئەو یاساو بڕیارانەی کە لەبەرژەوەندی پاراستن و چاککردنی ژینگەدان.

٣- چاودێریکردنی وردی چالاکییەکانی هەردوو کەرتی گشتیی و تایبەت لەرووی ژینگەوە.

حەوتەم: حکومەت:

١- بایەخدانی زیاتر بەژینگەو، بەرزکردنەوەی لەئاستی دەستەوە بۆ وەزارەت، بۆیاشترجێبەجێکردنی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە.

٢- کاراکردنی سندوقی پاراستنی ژینگە بەبودجەی پێویست و بەهاوکاریە نێودەوڵەتییەکان و کۆمەکی نێوخۆیی.

بەم جۆرەش دەتوانین و پڕای نا سینی تاوانی جینۆسایدو، تاوانەکانی جەنگ و، تاوانی پەلاماردان و هەڵگیرسانی ناڕەوایانەی جەنگ و تاوانەکانی دژبەمرۆڤایەتیی، هەموان ئاگادار بکەینەوە لەجۆرێکی دیکەی تاوان کە دژبەژینگە دەکرێت، ئەویش تاوانی ئیکۆسایدو قڕکردن و لەنێوبردنی خودی ژینگەو پێکهێنەرەکانیەتی.

***یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق سەرۆکی پێشووی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان**



چەکی کیمیایی

Chemical weapon

د. ناجح گوڵپی

کورتە

لەم بابەتەدا سەرەتا پێناسی چەکی کیمیایی دەخەینە ڕوو، پاشان بەراوردکردنی لەگەڵ جۆرەکانی تری چەکی کۆکوژ، ئینجا دیاریکردنی جۆرەکانی چەکی کیمیایی و کاریگەریەکانی لەسەر مرۆڤ، دواتر مێژووی دروست کردن و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە جیهاندا و لە عیراق و سوریا دا، هەروەها ڕێکارەکانی پاراستنی مرۆڤ لەم چەکە مەرگهێنە، دواتر پەیماننامەکانی دژ بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و ئەو وڵاتانەی کە چەکی کیمیایان هەیە و گەلێک زانیاری تریش.

دەکرێ بڵێین گەلی کورد لە هەرێمی باشوری کوردستان گەلێکی کیمیا زەدەیە، زۆربەی ناوچە کانی و گوندو شارۆچکەکانی بەم چەکە بۆمباران کراوە، هاوکات چەندین شارو گوند لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهەمان شێوە بۆمباران کراوە و زیان مەند بوون. بۆیە پێوست دەکات هەر هەموو زانیاری دروستمان هەبێ لە سەر چەکی کیمیایی، چیرۆکی ئەم چەکە بزانین لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بزانین لەچەند شوێنی تری ئەم سەرزەمینە تاوانی خولقاندووە، دیارە ئەم چەکە کۆکوژە مرۆڤ خۆی بەرهەمی دەهێنێ بۆ کوشتنی خۆی.

چەکی کیمایی چیە؟

چەکی کیمیای جۆرێکە لە جۆرەکانی چەکی کۆکوژ، اسلحه الدمار الشامل weapons of mass destruction، کە هەریەک لەچەکی (بایۆلۆجی و ناوکی و تیشک) دەگرێتەوە، بەکارهێنایان بە پێی یاسای نێودەوڵەتی قەدەغە کراوە، واتە چەکی کیمیایی کۆمەڵیک گاز و ژەهری کوشندەیە لەکاتی بەرکەوتنی بە مرۆڤەکان دەیان کوژێت، بە جۆرەها شێوە ئاراستە دەکرێت لەڕێگای تۆپی دوور هاوێژ، هاوەن، موشەک، کاتیوشا، هەناری دەستی، مین، بۆمبی فرۆکە، هەندێ جار بە شێوەی پرژاندن لە ئاسمانەوە،یان لەڕێگای چەکی ئاگر پژێنەوە، بەشێوەی شل، گاز، مادەی ڕەق هەیە. هەروەها موشەکی دورهاوێژ و هەڵگری سەری کیمیایی دەبێت لەبەرزی (٦٠)مەتر لەسەرئاستی زەوی بتەقێتەوە، بۆئەوەی کاریگەری هەبێت و بلاوبێتەو، بەلام تەقینەوەی گەورەی موشەک و گەرمی کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر گازە کیمیایەکە و دەبێتە هۆی لەناو بردنی هەندێکی. ئاراستەی جوڵەی هەوا-با، ڕۆڵیکی گەورە دەبینی لە بلاوکردنەوەی گازی کیمیایی بۆیە هەمیشە لە پێش وەشاندنی چەکی کیمیایی دەبێت ئاراستەی با بزانرێت.

چەکی کیمیایی بەکاردێت بۆ یەکلاکردنەوەی شەڕەکان، لەکاتی جەنگدا ناهێڵێ دوژمن بەرەو پێش بێت و سنورێکی بۆ دائەنێت، جێگا گرنگ و ستراتیجیەکانی لێ دەسەنرێتەوە، قوڵایی بەرەکانی جەنگی دوژمن لێی ئەدرێ و دڵەراوکێی و سەرگەردانی و نەمانی ورە لەناو دوژمن دەخوڵقێنێ.

چەکی کیمیایی کاریگەری لەسەر بوونەوەری زیندوو هەیە واتە مرۆڤ و گیانلەبەرەکان دەکوژێت، لەڕێگای کاریگەری راستەوخۆ لەسەر جەستەیان، بەلام چەکی ناوکی زیندو نازیندو دەکوژێ و دەروخێنی. چەکی بایۆلۆجی وەک چەکی کیمیایی گیانلەبەرەکان لەناو دەبات، بەلام کاریگەریەکانی هێواشترە لەچاو چەکی کیمیایدا ئەویش لەڕێگای(هەواو،خواردن،ئاو،یان دەرزی لێدانەوە) توشی مرۆڤ دەبێت. توش بون ماوەیەکی دیاری کراوی پێ دەچێ هەتا بەکتریاکە یان ڤایرۆسەکە ماوەی کڕکەوتن و زۆربوونی دەگوزەرێنی لە جەستەدا ئینجا نیشانەی نەخۆشیەکە دەردەکەوێت، دواتر نەخۆشیەکە بڵاوە دەکات لەناو جەستەدا. پاشان چارسەرو کۆنترۆڵ دەکرێت. ئەمەش مانای ئەوەیە مرۆڤەکان توانای داهێنیشیان هەیە لە ڕوخاندن و مرۆڤ کوشتندا.

لەڕوانگەی سەربازیەوە سوپاکان بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بە باشتر دەزانن چونکە کاریگەریەکانی خیراتر و زوو دەردەکەون لە چاو چەکی بایۆلۆجیدا، هەربۆیە ئەمەریکا لەسالی ١٩٦٩ دا بڕیاری هەڵوەشاندنەوە بەرنامەی چەکی بایۆلۆجی ولاتەکەی دا.

خالێکی نەرێنی چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی ئەویش بەهۆی گۆرانکاری کەشو هەواوەیە، بەتایبەت ئاراستەی با، زۆرجار بە هۆی گۆڕانی ئاراستەی باوە، ئەو ژەهرە یان بەکتریاکە دەگەڕێتەوە بۆ سەر هێزەکانی خۆی یان هاوڕێکەی، ئەوکات ئەنجامەکەی پێچەوانە دەردەچێت.

جیاوازیەکی تری چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی ئەوەیە، بە بڕێکی کەم لە باکتریا کە جەند کیلۆیەک بێت دەتوانی خەڵکیکی زۆر توش بکەیت بەهێواشی، بەلام لەبەرامبەردا دەبێت چەندین تەن چەکی کیمیایت هەبێ ئینجا دەتوانی بەکاری بهێنی تا ئەنجامی هەبێت. هاوکات شوینی دروست کردنی چەکی بایۆلۆجی

دەکرێ زۆر بجوک بێت و لە هۆدەیەکدا یان خانوێەکدا کە (٥٠-١٠٠) مەتر بێت و لەدەبەیەکی ترشیدا بەکتریا بچینیت و گەشە بکات و کەس نەیبینێت، بەلام بۆ دروستکردنی چەکی کیمیایی شوینی گەورەتر و ئامێری زیاتری دەوێت و کەشف کردنیش ئاسانترە، بۆیە هەموو دەوڵەتانی فەقیر و بێهێز دەتوانن ئەم چەکانە بەرهەم بهێنن و بە مانایەکی دی لەڕوی خەرجەوە هەرزانەو دروستکردنیشی ئاسانە و کۆنترۆڵکردنی گرانە.

زۆربەمان بەرنامەکانی چەکی بایۆلۆجی عیراقمان لەبیرە کە لە راگەیاندنەکانەوە باسیان دەکرد، گوایە تاقیگەکانی دروستکردنی ئەم چەکە، گەرۆکن و بەسەر پشتی سەیارەی گەورەی تریلەوە دەگوازرێنەوە و لە پیش چاوی پشکنەرەکان ونیان دەکەن، واتە دەکرێت بەوشیوە گەرۆکەش چەکی بایۆلۆجی بەرهەم بهێنرێت.

جۆرەکانی چەکی کیمیایی

زیاتر لە ٧٠ جۆر چەکی کیمیایی تۆمارکراوە لە ماوەی سەدەی بیستەمدا کە لەشیوە و دۆخی شل و گازو ڕەق دایە، لەوانە هەندێکیان کوشندە نین و هەندێکیان کوشندەن. ئەوانەی کە کوشندە نین لە سەرەتاوە ئاماژەیان پێ دەکەین،کاریگەریان تا ٢٤ کاتژمێرە مرۆڤی بەرکەوتوو باش دەبێتەوە، وەک. گازی هەراسان کەر : کە لەکاتی خۆپیشاندان و هەندێ کردەوەی تردا بەکار دێت، هەرگیز نابێتە هۆی کوشتنی مرۆڤەکان، تەنها بۆماوەی ٢٤ کاتژمێر کاریگەری دائەنێت لەسەریان.

گازی فرمیسک ئاوەر: ئەمەش دەبێتە هۆی ڕوشان و سوربونەوەی روپۆشەخانەکان و فرمیسک هاتنە خوارەوە لەچاو. هەندی گازی تر دەبێتە هۆی ڕشانەوە، یان ڕشانەوە و فرمێسکو پژمینو کۆکە پێکەوە.

چەکی کیمیایی جۆری کوشندە : بە هۆی شێوازی چونەژورەوەیان و کاریگەریەکانیان لەسەر جەستەی مرۆڤ، دەکرێن بە چەند بەشێکەوە:

یەکەم: چەکی کیمیایی خنکێنەر، ئەم جۆرە چەکە (هۆکار) هیرش دەکاتە سەر کۆئەندامی هەناسە و دەبێتە هۆی خنکاندن وەک گازی کلۆر.

دووەم: چەکی کیمیایی (هۆکار)ی سوتێنەر یان ڕوشێنەر وەک گازی خەردەل

سێیەم: چەکی کیمیایی خوێن. کار لە تێکدانی فەرمانەکانی خوێن دەکات، وەک گازی سیانیدی هایدرۆجین.

چوارەم :چەکی کیمیایی دەمار یان هۆکاری دەمار: کار لەسەر دەمارەکانی هەست و جوڵەی مرۆڤ دەکات وەک گازی "سومان، توبان، سارین، (ڤی ئیکس).

پێنجەم : چەکی کیمیایی لەبیرچونەوە: جۆری ئیفلیج کردن و لە جوڵە خستنی مرۆڤ.وەک "کلایکۆلیتز،فینیسایکلیدین، " BZ ئەم جۆرە چەکە وا لەمرۆڤ دەکات (هەستی نەمێنی، ئیفلیج و بێ جوله دەکەوێ، ناتوانی هیچ بڕیارێک بدات وەک نەخۆشی لەبیرجونەوەی توش بوبێت).

ئێستاش بە کورتی و پوختی جۆرەکانی چەکی کیمیایی باس دەکەین

یەکەم: چەکی کیمیایی خنکێنەر(هۆکاری خنکێنەر) Choking agents:

بەشێوەیەکی گشتی هیرش دەکاتە سەر سیەکان و کۆئەندامی هەناسە، نمونەی گازە خنکێنەرەکان) کلۆرCL ، فۆسجینPG ، دای فۆسجین DP، کلۆربایکرین PS .

گازی کلۆر : chlorine ڕەنگی زەرد و مەیلەو سەوزە، بۆنێکی تیژی هەیە، قورستر لە هەوا، بۆیە هەمیشە لە سەر ئاستی زەوی بەنزمی دەمێنێتەوە، کاتێ بەر جەستە دەکەوێ دەبێتە هۆی ڕووشاندن و برینداربوون و چاوەکان و پێست، ئاو بەچاوەکاندا و بە لوتدا دێتە خوارەوە. کاتێ دەچێتە سیەکانەوە بە کارلێکی کیمیایی

ئایۆنی هایدرۆجین لە خانەکان دەردەهێنێ و ترشی هایدرۆکلۆریک دروست دەکات، ئەم ترشەش ڕوشێنەرە بۆ سیەکان، زیانێکی زۆری پێ دەگەینێت، بۆچارەسەری بەرکەوتن بەکلۆر پێوستە یەکسەر کەسی بەرکەوتوو ببرێتە بەر هەوای پاک و شوێنی بەرکەوتوو بە ئاو بشۆرێت، هەمیشە گازی کلۆرو چەکە کیمیایەکانی تر لەگەڵ بۆمب و تەقینەوەدا دەهاوێژرین، ئەمەش وادەکات بۆ ئەوەی زیاتر و خێرا بڵاو ببێتەوە، ئەگەر گازی کلۆر بە شێوەیەکی خەست بەر پێست بکەوێ ئەوا دەسوتێتەوە و بلۆق دەکات و بریندار دەبێت.

فۆسجینphosgene : گازێکی خنکێنەرە، بۆیەکەم جار لە ١٩١٥/١٢/١٩ لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا ئەڵمانیا ٨٨ تەن لەم گازەی دژ بە سوپای بەریتانیا بەکار هێنا (١٢٠ سەرباز کوژران و ١٠٦٩) بریندارکەوتن. دروستکردنی زۆر ئاسانە. نیشانەکانی بەرکەوتن بە گازی خنکێنەر بریتیە لە (کۆکە، تەنگە نەفەسی، ئازاری قەفەزەی سنگ، دواتر سیەکان بەتەواوی کاری خۆیان ناکەن و مرۆڤەکە هەست بە خنکان دەکات).

دووەم: چەکی کیمیایی (هۆکار)ی سوتێنەر-ڕووشێنەر"بلۆق "agents vesicants blister .

ئەم جۆرە چەکە کیمیایە کاردەکاتە سەر خانە زیندوەکانی لەش و دەبێتە هۆی سوربونەوە و سوتانەوەیان دروستکردنی بلۆق. لەڕێگای پێستەوە یان کۆئەندامی هەناسە و سیەکانەوە کاری خۆی دەکات. بەر هەرشوێنێکی لەش بکەوێ وەک سوتان بلۆقی گەورەی پڕئاو دروست دەبیت، بەتایبەت شوێنە ناسکەکانی لەش (بن هەنگڵ، بن ڕان، ئەندامانی نێرینەی مرۆڤەکە)، هەروەها ئەگەر بەرچاو بکەوێ زیانی زۆری پێ دەگەنێت، مرۆڤەکە کەم بینا یان کوێڕ دەکات. هەروەها بەهەمان شێوە کار لەسەر ڕوپۆشەخانەکانی بۆری هەناسەو سیکڵدانۆچکەکان دەکات و لەکاریان دەخات بەوجۆرە مرۆڤەکە توشی تەنگەنەفەسی و خنکان و پاشان مردن دەبێت.

جۆرەکانی چەکی کیمیایی سوتێنەر (بلۆق دروستکەر) بریتین لە (کبریتی خەردەل"موستارد sulfur " mustards H,HDو نیترۆجینی خەردەل HN nitrogen mustadrds، لیوزایت lewisite L و ئوکسیمی فۆسجین phosgene oxime CX)، کاریگەریەکانی

ئەم جۆرە گازانە دڕێژ خایەن و درەنگ دەردەکەوێ لەسەر کەسی بەرکەوتوو، بۆیە هەندێجار دەبێتە هۆی کوێری چاوەکان و زیان مەندی سیەکان و پاشان مردن.

چەکی کیمیایی خەردەل: ڕووشێنەر و بلوق دروستە کەرە، بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٨٢٢ دا بەرهەمهاتوە، بەلام کاریگەریە ژەهراویەکانی کەشف نەبوو هەتا ساڵی ١٨٦٠، لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا بەکار هاتوە بۆتە هۆی زیان گەیندن بە چاو و سیەکانی سەربازەکان،وەهەندێکیان تا دوای ٤٠ ساڵ هەر بە دەردو ماکی ئەم گازەوە نالاندویانە.

تایبەت مەندیەکانی گازی خەردەل (موستارد Mustard) گازی خەردەلی پاک، بێڕەنگ و بێ بۆنە، تفتە. ناوی خەردەلی لێنراوە چونکە بۆیەکەم جار کە بەرهەم هات بەشێوەیەکی ناپاک بۆنی خەردەلی لێ دەهات، هەندێک دەلێن بۆنی وەک پیازی گەنیو وایە، بەلام ئەم بۆنە زۆر لاوازە و دوای جەن هەناسە دانێک هەست بە بۆنەکەی ناکەی، هەندی جاریش ڕەنگی زەرد و مەیلەو قاوەی دەردەکەوێت پاش تەقینەوە. گازی خەردەل بە کارلێکی کیمیایی لەگەڵ خانە و شانە زیندوەکاندا دەگۆڕێت بۆ ئایۆناتی سەلفۆنیوم، ئەمیش خۆی دەبەستێت بە ژمارەیەکی زۆر لە گەردیلە زیندوەکان لەجۆری پڕۆتینەکان و چەوریەکان، واتە کاریگەری دڕێژ خایەنی دەمێنێتەوە لە ناو لەشدا، گازی موستاردی کبریتی کاریگەری لەسەر چاو، پێست، کۆئەندامی هەناسە دائەنێت، هەروەها دەبێتە هۆی لاوازکردنی مۆخی ئیسک و ژەهراوی کردنی گەدەو کۆئەندامی دەمار. گازی خەردەل گازێکی جێگیرە و کاریگەریەکانی دەرەنگ دەردەکەوی. گازێکی جێگیر و زۆریش دەمێنێتەوە، شەش ئەوەندەی هەوا قورسە بۆیە لەشوێنە نزماکەندا کۆدەبێتەوە، بۆماوەی دوڕۆژ لە کەشو هەوای ئاسایدا دەمێنێتەوە، بەلام لەکەشو هەوای ساردا تا ماوەی جەند هەفتەیەک یان مانگێک زیاتر دەمێنێتەوە،گازی خەردەل زۆر تیژە جونکە لەسەر جلو بەرگو هەندی جاریش دەمامکەکان دەبڕیتو دەچێتە ناو لەش.

لەساڵی ٢٠١٥ تیمێکی بەریتانی سەردانی هەڵەبجەیان کردبوو، نمونەیان لە ژێر زەمینەکانی هەلەبجە وەرگرتبوو، دەرکەوتوە کە تائیستا کاریگەری ئەو گازە لەو شوێنە تاریک و نزمانەدا کە خۆریان تێ ناچیت ماوەتەوە.

نیشانەکانی بریندار بوون بە خەردەل.

کاریگەریەکانی بەرکەوتن بە گازی خەردەل لەدوای یەک کاتژمێر هەتا ٢٤ کاتژمێردا دەردەکەوی، تائیستا چارەسەرێکی تایبەت بۆ ئەم گازە ژەهراویە نیە، تەنها کارکردنی خێرا بۆ لابردنی ژەهرەکە لەشوینی بەرکەوتندا کەمێک سود ی دەبێت بۆ کەم کردنەوەی کاریگەریە خراپەکانی ئەم گازە کیمیایی

سوتانەوەی چاوەکان، هاتنەخوارەوەی فرمێسکی زۆر لەچاو، سوربونەوە و هەوکردنی پێست، سوربونەوە و ئاڵۆشی ڕووپۆشی خانەکانی ناو بۆری هەناسە و سورێنچک...هتد، کۆکە،گۆرانی دەنگی قسەکردن، نابینا و کوێر بون، دروست بونی بلۆق لەسەر لەش وەک سوتان،دڵ تێکچون، ڕشانەوە،سکچون، تەنگەنەفەسی.

گازە سوتێنەرەکان لە چاو گازەی دەمار کەمتر خەڵک دەکوژن لەکاتی وەشاندنیاندا، بۆ نمونە گازی سومان پەنجا ئەوەندەی خەردل توانای کوشتنی خێرای مرۆڤ و گیانلەبەرەکانی هەیە، بەلام بریندارانی گازی خەردەل دوای چەندین ڕۆژ یان چەندین هەفتە دەمرن، بەلام گازی دەمار یەکسەر لەجێگای خۆی دەیکوژێت.

سێیەم: چەکی کیمیایی(هۆکاری) خوێن: blood agents

کۆمەڵێ هۆکارن (چەکی کیمیایین) لەڕیگای پێست و چاو و

هەناسەوە دەچنە ناو لەشی مرۆڤ و گیان لەبەرەکانەوە، ئینجا بۆناو سوڕی خوێن، دەبنە هۆی لەکار خستنی خرۆکە سورەکانی خوێن تا نەتوانن ئۆکسجین بگوازنەوە بۆ ناو خانەکانی لەش بەهۆی یەکگرتنی سیاند لەگەڵ هیمۆگلۆبیندا، مادەی هیمۆسیانین پێک دێت، ئەمەش توانای گواستنەوەی ئۆکسجینی نیە، لەئاکامدا دەبێتە هۆی خنکاندنی خانەکانی لەش و لەکاتێکدا مرۆڤەکە توانای هەناسەدانیشی هەیە، بەلام خانەکانی لەش یەک لەدوای یەک دەخنکێن چونکە ئۆکسجینیان پێ ناگات لەسیەکانەوە.

چەکی کیمیایی خوێن لەشێوەی شل و گاز دا هەن، بریتین لە سیانیدی هایدرۆجین AC hydrogen cyanideو کلۆر سیانۆجین CK cyanogen chloride، زەرنیخ SA arsine، بەکورتی سیانیدی هایدرۆجینHCN ، یەکێکە لە گازەکانی خوێن لە پلەی گەرمی ئاسایی ژووردا شلەیەکی بێ ڕەنگە، دەکرێ لەشێوەی گاز یان خوێی سیانید بەکار بهێنرێت. لەبەر ئەوەی زۆر بەخێرایی دەبێت بەهەڵم بە چەکێکی کاریگەر دانانرێت لە شوێنی کراوەدا، واتە لەدەشت و دەرو شاخەکاندا، بەلام لە شوێنی داخراودا زۆر کوشندەیە. گازی سیانیدی هادرۆجین کار دەکات بەهۆی(لەکار خستنی ئەنزیمی سایتۆ کرۆمۆ ئۆکسیدەیز) کەڕۆڵی بنەڕەتی هەیە لە هەناسەدانی خانەکاندا، ئەمەش مردنی خانەکان دروست دەکات و پاشان مردنی جەستە.

نیشانەکانی بەرکەوتن بە گازی سیانید:

کەسی بەرکەوتوو بەم گازە هەست بە نارەحەتی و تەنگەتاوی دەکات، ژمارەی هەناسەدانی زیاد دەکات، گێژ دەبێت، سەری دێشی، هەست بە خنکان دەکات، هەناسەدانی نارەحەت دەبێت، گرژی ماسولکەکانی لەش، ڕشانەوە، هەناسەدانی دەوەستێت، لەهۆش خۆی دەچێت،ئینجا دەمرێت.

چارەسەری ژەهراوی بون بە گازی سیانید (گازی خوێن) بەهۆی بەکار هێنانی مادەی یان تریاقی(پارا ئەمینۆپرۆ پی فینۆن PAPP)، دەبێ یەکسەرو فەوری پێی بدرێ، ئەگینا مرۆڤەکە دەمرێت.

چوارەم : چەکی کیمیایی(هۆکاری) دەمار (ئەعصاب)nerve agents

بەناوبانگترینی چەکە کیمیاییەکانن، شێوازی کار کردنی لە سەر مرۆڤی بەرکەوتوو، بەهۆی لەکارخستنی ئامازە دەماریەکانەوەیە لە کۆئەندامی دەمارەوە بۆ هەموو لەش، پێکهاتەی ئەم گازانە بریتیە لە (ئاویتەی فوسفۆری ئەندامی Organophosphorus Compounds)،ئەمانە بە چەکیکی زۆر کوشندە ئەژمار دەکرین چونکە : (لە ڕووی پێکهاتەی کیمیایەوە جێگیرن، بەئاسانی بلاو دەبنەوە، زۆر ژەهراوین، کاریگەریان خێرایە چ لەڕێی پێستەوە بەرکەوێت یان لە ڕێی هەناسەوە. دروست کردنیان بە تەکنیکێکی سادە و ئاسانە. خەرجی دروست کردنیان و دەسکەوتنی مادە خاوەکەی هەرزانە. چەکی کیمیای دەمار یەکەمجار لەئەڵمانیا بەرهەم هات وەک مێروو کوژێک، سارین بۆ یەکەمجار لە مانگی (١٠ و ١١/ ١٩٣٨) لە ئەڵمانیا و لە کارگەی (I.G.Farben)بەرهەم هات لەلایەن زانای ئەڵمانی (جیرهارد شرۆدیر) لەگەڵ گازەکانی تری دەمار (تابون و سومان) بە مەبەستی پەرەپێدانی مادەیەک بۆ کوشتنی مێروە زیان بەخشەکان، کاتێ خۆی و تیمەکەی بەر ئەم گازە کەوتن بۆماوەی مانگێک لەجێگا کەوتن، (وشەی سارین پێکهاتوە لە یەکەم پیتی چوار زانا کە ئەم گازەیان درست کردوە).

جۆرەکانی گازی دەمار (Nerve agent):

•تابون GA یان توبان tabun دروستکردنی ئەم گازە زۆر ئاسانە بۆیە ولاتە فەقیرەکان وەک چەکێک دروستی دەکەن و بەکاری دەهێنن، بەلام ولاتە

پێشکەوتوەکان جۆرەکانی تر بەرهەم دەهێن.

•**سارین** GB sarin بەشێوەی شل و گاز هەیە، بێ ڕەنگو بێ بۆنە زوو دەبێت بە هەڵم، لەڕێگەی کۆئەندمی هەناسەو هەرس و پێست و چاوە وە دەچێتە ناو لەشەوە، لەخوارەوە نیشانەکان و چارەسەر بۆ هەموو گازەکانی دەمار ئاماژەی پێدراوە، هەروەها مێژووی بەکار هێنێ ئەم گازە کوشندەیەش.

•**سومان** GD somanکاریگەریەکانی لەڕێگەی بەرکەوتنی پێست و کۆئەندامی هەناسەوە دەبێت

•**سایکلۆسارین** GF syclosarin

•**ڤی ئیکس**VX ، سەد ئەوەندەی گازی سارین ژەهراویتر و کوشندەیە، بەشێوەی شل و گاز هەیە،لەسەر زەوی و کەلو پەلو شوێنە بەرکەوتوەکان بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە، بەتایبەت لە وەرزی ساردا زیاتر لەمانگێک دەمێنێتەوە. لەڕێگای چاو، پێست، کۆئەندامی هەرس و هەناسەوە کاری خۆی دەکات. یەکەمجار لەسالی ١٩٥٠ لە بەریتانیا دروست کراوە، نیشانەکانی ژەهراوی بون بەم گازە پاش چەند چرکەیەک دەر دەکەوێ.

چۆنیەتی کارتێکردنی گازی دەمار بۆ سەر مرۆڤ: زۆر بەخێرایی کاری خۆی دەکات کاتێ لەڕێگای هەناسەوە دەچێتە ناو لەش، ئینجا لەڕیگای خوێنی ناوسیەکان دەگوازرێتەوە بۆ هەموولەش، هەرکەسێک بڕێکی تەواو هەڵمژێت لەماوەی دوو دەقیقەدا دەیکوژێت، بەڵام ئەگەر لەڕێگای پێستەوە بێت کاریگەری کەمێ هیواشترو لەسەرخۆ دەردەکەوێ، هەمان شیوە ئەگەر بڕیکی تەواو لەپێستەوە بەر لەش بکەوێ ئەویش هەر کوشندەیە و مرۆڤە بەرکەوتوەکە دەکوژێت.

کاتێک گازی دەمار دەچێتە ناو لەشەوە دبێتە هۆی تێکدانی کاری ئەسیتیل کۆلین کە لە کۆتایی دەمارە کانەوە دڕژێت بۆ گرژبون و خاوبونەوەی ماسولکەکان، ئەمەش وادەکات کە بەردەوام ئەستیل کۆلین بڕژێت و ببێتە هۆی گرژبونی ماسولکەو ڕژانی لیک و دواتر مردنی بەرکەوتوەکە.

نیشانەکانی بەرکەوتن بە گازی دەمار:

ڕژانی لیک بەزۆری، ئاو هاتنە خواروە بەلوتدا، هەست کردن بە فشار لەسەر سنگ، بچوک بونەوەی بیلبیلەی چاو بەقەد یەک نوکەدەرزی لێ دیت، سەرئێشەو ماندوبون، جێگا بەخۆت ناگری و دڵت خاو دەبێتەوە، گێژدەخۆی، کۆکە و هەناسە تەنگی، ڕشانەوە و لاواز بونی ماسولکەکان، گرژبون و ڕەق بونی ماسولکە، ئینجا مردن.

لەکاتی بەرکەوتن بە گازی دەمار مردن بەهۆی گرژبونی ماسولکەکانی سیەکانەوە و هەروەها کاریگەری گازەکە لەسەر ناوەندی هەناسەدان لە کۆئەندامی دەماردا ڕوو ئەدات، واتە کەسەکە بە هۆی خنکانەوە دەمرێت.

تریاق یان چارەسەری گازی دەمار بە (تێکەڵەیەک لە مادەی ئەتڕۆپین و مادەی ئۆکسیم) دەبێت، ئەبێت زۆر خێرا ئەم چارەسەرەی بۆ بکرێت تاکو لەمردن ڕزگاری ببێت.

هەروەها دەکرێت تیمی فریا گوزاری بە خێرایی و یەکسەر فریا بکەوێ بۆ لابردنی پیس بونی شوێنەکە، شۆردنی بەرکەوتوان و گۆڕینی جلو بەرگەکانیان، وە چارەسەر لە نەخۆشخانەکاندا هەیە بۆ ئەم گازە.

**لە کیمیابارانی گوندی سێوسێنان لە ناوچەی قەرەداخ لەساڵی ١٩٨٨/٣/٢٢ دا ئەو گوندە بە چەکی کیمیایی دەمار (سارین) بۆردومانکرا بە کاتیوشا، پاش گەیاندنی بریندارەکان بۆ خەستەخانەی ئەوکاتی مەلبەندی یەکی (ینک) هەر هەموویان جارەسەرکران بە مادەی (ئەتروپین سلفیت) لەگەڵ شۆردنیان و گۆڕینی جلو بەرگیان، پێشتر زیاتر لە ٧٥٠ ئەمپول ئەتروپین گەیشتبویە خەستەخانە، پاش تەواوبونی ئەتروپین، مادەی (هایۆسین) مان بەکاردەهێنا بە ناچاری ئەویش کاریگەری ئەرینی هەبوو.

پێنجەم: چەکی کیمیایی لەبیر چونەوە

جۆری ئیفلیج کردن و لە جولە خستنی مرۆڤ، وەک "کلایکۆلیتز،فینیسایکلیدین، BZ ئەم جۆرە چەکە، وا لەمرۆڤ دەکات (هەستی نەمێنی، ئیفلیج و بێ جولە دەبێ، ناتوانی هیچ بڕیارێک بدات وەک نەخۆشی لەبیرچونەوەی توش بوبێت).

ڕێگاکانی خۆ پاراستن لە چەکی کیمیایی

کاتی جەنگی کیمیایی یان بایۆلۆجی رو ئەدات، سەربازێک پاریزراو تەرە تا کەسێکی مەدەنی، چونکە هیچ نا، کەلوپەلی خۆپاراستنی هەیە، بەلام کەسانی مەدەنی هیچ هۆکارێکیان نیە بۆ خۆپاراستن، ئەمەش مەینەتی و ناخۆشیەکانی جەنگی چەکی کۆکوژە.

لێرەدا باس لە خۆپارستنی کاتی و دیاریکراو دەکەین لەناو ماڵدا، کاتێ ڕووبەڕوی بۆمبارانی کیمیایی دەبینەوە.

•دەبێ هێمن و لەسەر خۆبین و بە زانایی و دانایی هەڵسوکەوت بکەین، یەکسەر بچینە شوێنکی ئارام و پاڕێزراوی ناو خانووەکە واتە گشت ئەندمانی خیزان.

•داپۆشینی دەموچاو بە خاولیەکی تەڕکراو، هەر پانزە دەقیقە جارێک خاولیەکە بگۆڕین بە یەکێکی دیکە، نابێت کاتی گۆڕینی خاولیەکە هەناسە بدەین.

•کاتێ جلی تایبەتی خۆپاراستن نیە لەماڵدا پێوستە جلی ئەستور لەبەر بکەین، وەک جلو بەرگی پێستە یان جلوبەرگی بارانی کە ناهێڵێ مادەی کیمیایەکە تێپەڕێت بۆ سەر جەستە.

•لەبەرکردنی جزمە یان پێڵاوێکی درێژ، دەستەوانەی پێست لەدەس بکەین.

•نابێت بەرکەوتن ڕووبدات لەنێوان خۆتو هەر کەسێکی تردا، نەبادا ئەو کەسە بەرکەوتەی کیمیایی بێت.

•داخستنی هەموو کون و کەلەبەرێکی خانوە کە یان هۆدەکە، بەتایبەت دەبێ ئاگاداری کونی موبەریدەو سپلیت بین.

•شۆردنی لەش بە ئاوی ساردو سابون، ئاوی سارد ڕێژەی بەهەڵم بوونی کیمیایەکە کەم دەکاتەوە، دەکرێت تایتیش بەکاربهێنرێت.

•کاتێ ئاو دەست ناکەوێ دەتوانی پۆدرەی تالک هی منالان بپرژێنی بەسەر شوێنی بەرکەوتودا، ئەگەر پۆدرە نەبوو دەتوانی ئاردی نان بەکار بهێنی. دەبێت خێرا دوای نیو دەقیقە پۆدرەکە یان ئاردەکە لابەیت و هەم دەس پێ بکەیتەوە.

•نابێ لە ماڵ یان لەشوێنی خۆحەشاردان بێینە دەروە تاکو دڵنیا نەبین لە نەبونی مەترسی و گازی ژەهراوی لەدەروە، هەروەها دڵنیا بین لە سەلامەتی هەموان ئەوانەی لەگەڵتن، ئەگەر باری تەندروستیان تێک چوو ئەوا دەبێت پەنا بۆ تیمە پزیشکیەکانی نزیک لەخۆمان ببەین.

•نابێت نزیک بکەوینەوە لەهیچ پەڵەیەکی چەوری، یان بااڵندەی مردوو، ئاژەڵی مردارۆ بوو، یان ئەو شتە خەڵتینەرانە کە فڕێ ئەدرێن و پاش هەڵگرتن و دەس لێدانیان ئەتەقنەوە وەک

(قەلەم،یاری،کەلوپەل و شتی سەرسوڕهێنەر).

•دەبێت پەنابەرینە شوێنە بەرزەکان، چونکە گازی کیمیایی قورسترە لەهەوا، لەشووێنە نزمەکان کۆدەبێتەوە.

•دەبێ خۆمان نەخورێنین یان بلۆقەکانی سەر جەستە نەتەقێنین کاتێ بەر کیمیایی دەکەوین.

• دەبێت پارێزگاری لە پیس نەبونی خواردن و خواردنەوە بکەین لەوکاتەدا تاکو ئەوانیش پیس نەبن بە گازی ژەهراوی، چۆن؟

شۆردنی دەست و پل بەئاو سابون پێش نان خواردن، هاوکات دەبێت کاسەو کەوچک و پێخۆرەکان بشۆین پێش بەکار هێنانیان.

هەڵگرتنی خواردەمەنی لەناو دەفرێکی تەختە یان شووشە یان کانزایی سەرداخراوی مەحکەمدا.

هەڵگرتنی ئاو بەهەمان شێوە لەناو دەفری شووشە یان تەرمۆز و سەرەکەی داخراو بێت بەوەرەقی مۆم کراو و مەحکەم.

هەوڵدان بۆ داپۆشینی سەرچاوەکانی ئاو (تانکی ئاو) لەسەر بانی تەلارەکان یان خانوەکان تاکو پیس نەبن و ڕۆژانە سودیان لێ وەربگیرێت.

چۆنیەتی دروست کردنی دەماکێک تاکو بمان پارێزی لە بەرکەوتنمان بەچەکی کیمیایی

دەکرێ مرۆڤ لەوکاتانەدا خۆی دەماکێک دروست بکات بۆ خۆی ئەویش هەندی مادەی پێوستە بۆ درروستکردنی لەوانە دوومقەبا، کەمێ لۆکە، پارچە قوماشیکی خام، پێنج کەوچک خەلوزی هارڕاوە یان کاربۆنی چالاک، لاستیک و لکێنەر "تیپ"، ئەمانە بەشێوەی دەمامک بە کارتۆنە مقەباکان کونی وردی تێ دەکەین و ئامادە دەکرێت وخەڵوزکە و خامەکە پێکەوە دائەنرێن و بە لکینەر و لاستیکەکە دەکرێنە سەرو گوێ، بەوشێوە دەماکێکی ئاسایی دروست دەکرێت، دەتوانی چاویلکەی مەلەکردن بەکار بهێنین بۆ پاراستنی چاو، گوێ بە پارچەیەک لۆکە بئاخینرێ تا گازی ژەهراوی نەچێتە ناویەوە.

مێژووی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی

بەکار هێنانی چەکی کیمیایی لە جەنگەکاندا پێشینەیەکی مێژوویی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٠ پێش زاین، لەجەنگەکانی هیندی کۆندا، جۆرە هەڵمێکیان یان دوکەڵێکیان بەکار هێناوە بۆتەهۆی (خاوبونەوە، گێژی و باوێشکدان و خەوالوویی)، لە جەنگی نێوان ساسانیەکان و ئەسپارتەکانی یۆنان لە ساڵی ٤٢٣ پێش زاینی ئەسپارتەکان دژی ساسانیەکان بەکاریان هێنا، ئەویش بەسوتاندنی خەڵوزو کبریتو قیر، کە دوکەڵێکی خنکێنەری دروست دەکرد.

بەدرێژایی سەدەکانی مێژوو چەکی کیمیایی بەکار هاتووە، بەتایبەت و زۆرترینی لە سەدەی بیستەمداو لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بووە، لایەنەکانی بەشداری شەڕ، لەوانە (روسیا، فەرەنسا، ئینگلترا، ئەڵمانیا، ئەمریکا) چەکی کیمیایان دژ بە یەکتر بەکار هێناوە، ژمارەی قوربانیان گەیشتە ملیۆنێک و هەشت سەد هەزار کەس، ئەو چەکانەش بریتیبون لە (کلۆرین، فۆسجین، خەردەل)، لەکاتێکدا ژمارەی کوژراوانی جەنگی جیهانی یەکەم گەیشتە نزیک بیست ملیۆن مرۆڤ.

لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا کە بەجەنگی کیمیایی ناسێنراوە بۆ یەکەم جار چەکی کیمیایی جۆری گازی کلۆر لەڕۆژی ١٩١٥/٤/٢٢ دا لەلایەن ئەڵمانیاوە دژ بە سەربازانی فەرەنسا و جەزائیرو کەنەدا بەکار هات لە شاری (ئیبرس)ی بەلجیکا کەدەکەوێتە سەر سنوری فەرەنسا، لەڕێگای فڕۆکەوە دەیان تەن لە کلۆری شلیان بەردایەوە بەسەر سەربازەکاندا. ئەم بۆردومانە درێژەی هەبوە تا ڕۆژی ٢٥ نیسان و تا دواتریش، زیاتر لە پینج هەزار سەرباز گیانیان بەخشی و زیاتر لە پانزە هەزار بریندار بون، بەڵام ڕۆژی ١٩١٥/٤/٢٩ دانراوە بە ڕۆژی

قوربانیانی چەکی کیمیایی دیارە لەم ڕۆژەشدا بۆردومانی کیمیایی بەردەوام بوە، دواتر لە ١٩١٥/١٢/١٩ ئەڵمانیا ٨٨ تەن فۆسجینی دژ بە سەربازانی بەریتانیا بەکار هێنا، داوتریش لەساڵی ١٩١٧دا گازی خەردەلی بەکار هێنا هەر لەنزیک شارۆچکەی ئیبرس.

ئەلمانیا بەیەکەم وڵات دائەنری لەجیهاندا کە چەکی کیمیایی بەرهەم هێناو و بەکاریشی هێنا لە جەنگدا، شیمانە دەکرێ کە ١٦٨ تەن کلۆری بەکار هێنابێت دژی نەیارەکانی، بەشێوەی گشتی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا ١٢٤٠٠٠ هەزار تەن چەکی کیمیایی بەکار هاتوە (کلۆر وفۆسجینو خەردەل).

سەرباری پێشکەوتن و گەشە سەندن و دروست کردنی چەکی کیمیایی لەسەر ئاستی جیهان، لە جەنگی دوەمی جیهانیدا ئەو چەکە بەکار نەهات، بۆیە بەجەنگی فیزیایی ناوی دەرکرد، بەلام ئەمریکا لە جەنگی ڤیتنامدا جۆرە چەکێکی کیمیایی بەکار دەهێنا بۆ لەناو بردنی (بەروبومی کشتوکاڵ و دارستانەکان) واتە گیابڕ (herbicide) کە پێ دەوترا (agent orange)، ئەویش بۆ برسی کردنی خەڵک لەڕێگای لەناو بردنی بەروبومی کشتوکاڵەوە، هەروەها دارستانەکانیشی لەناو دەبرد تاکو شۆڕشگێڕەکان شوێنی خۆشاردنەوەیان نەمێنێ.

مەغۆل و تاتارەکان سالی ١٧٤٣ مشکی تۆپیوی بە تاعونیان بەکاردەهێنا بۆ داگیرکردنی ئەوشارانەی کە گەمارۆیان ئەدا، مشکەکانیان دەخستە ناو شووراکان تاکو ئەوانەی لەوێن بترسێنو وڕەیان نەمێنی بەهۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشی تاعونەوە. هەرچەند ئەمە چەکی بایۆلۆجیە. لە کۆتایی سەدەی پانزدەهەمدا ئیسپانیا و ئینگلیز لەکاتی داگیرکردنی ئەمریکادا بۆ تێکشکاندنی دانیشتوانی هێندە سووڕەکان وخەڵات و دیاری پیسکراو بە ڤایرۆسی ئاوڵە دەنارد بۆ هێندە سوڕەکان تاکو ئەو نەخۆشیە لەناویاندا بڵاو بێتەوە، لەسەدەی هەژدەهەمدا ڕوسەکان لاشەی مردوی مرۆڤەکان بەهۆی تاعونەوە دەخستە ناو شووڕای شارەکان لە ئاسیای ناوەڕاست تا خەڵکی زیاتر بکوژێتو دواتر ناچار بە تەسلیم بونیان بکات.

ناپلیۆن لە زۆربەی شەڕەکانیدا ئاژەڵی مردارۆ بوی لە نەخۆشی تاعون و ئەنسراکس(سپڵە قەویلە) Anthrax دەخستە ناو سەرچاوەکانی ئاو تاکو پیس ببن و خەڵک نەخۆش بخات.

عیراقیش چەکی بایۆلۆجی جۆری ئەنسراکس و ژەهری بۆتیلینیومی وەدەس خستبوو، لەڕێگای موشەک و بۆمبەکانەوە بەکاری دەهێنا، بەلام بۆمبەکان کاری گەری ئەم بەکتریا کەم دەکەنەوە، بۆیە پرژاندنی لەڕێگای فڕۆکەوە کاریگەری تەواوی دەبێت. هەندێ سەرچاوە باسیان لەوە کردوە کە ڕژێم ئەو چەکە بایۆلۆجیانەی لەسەر زیندانیانی نەیاری ڕژێم تاقی

کردۆتەوە بەتایبەت فەیلیەکان، هەروەها ڕژێم سەرگەرمی پەرپێدانی جۆرە چەکێک بوو کە تێکەڵەیەک لەگازی کیمیایی و ژەهری بۆتیلینیوم و تۆزی بەکتریای ئەنسراکس بوە، کە زۆر مەترسیدار بوو، بەڵام لەلایەن پشکنەرەکانی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە ئەم بەرنامیە کەشف کراو هەڵووەشێنرایەوە لە دوای جەنگی کوێتەوە.

لە ١٩٨٧/٤/١٥ وە تا ١٩٨٨/٨/٢٩ زیاتر لە سەدان جار چەکی کیمیایی بەکار هێناوە، زیاتر لە ٤٠٠ گوندو شارۆچکەو دۆڵ و ناوچەی بۆمباران کردوە

لە سەردەمی داگیرکاری بەریتانیا لەعیراقدا هەندێ سەرچاوە باس لە بەکارهێنێ چەکی کیمیایی دەکەن دژ بە شۆڕشگێڕەکانی ساڵی ١٩٢٠ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە.

لەسەرو بەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەریتانیا بەکتریای کۆلیرای دەکردە ناو ئاوی ئیتالیەکانەوە بە هۆکاری ئەوەی ئیتالیا هاوپەیمانی ئەڵمانیا بوو، هەروەها ئەڵمانیا بە فڕۆکە بۆمبی میکرۆبی تاعونی دەدا لە لەندەنی پایتەختی ئینگلترا. ساڵی ١٩٤٦ باندێکی ئیسرائیلی ئاوی نیلی بە میکرۆبی کۆلیرا پیس کردو وەبای کۆلیرا لە میسر بلاو بویەوە. هەرووەها لە ساڵی ١٩٦٧ دا مۆسادی ئیسرائیل هەمان کردەوەی دوبارە کردوە.

وڵاتی ژاپۆن لە جەنگی دا دژ بە چین و مەنشوریا ساڵی ١٩٣١، لەئاسمانەوە کێچی هەڵگری نەخۆشی تاعون و کۆلیرای هەڵدایە خوارەوە، هاوکات گەنمیشی لەئاسمانەوە ڕۆ دەکرد تاکو مشک گەنمەکە بخوات و لەوڕێگەوە نەخۆشیەکە بلاو بێتەوە، بەهەزارن کەس بونە قوربانی ئەم چەکە بایۆلۆجیە.

تۆمارەکانی جەنگی ژاپۆن و چین باس لە کوشتنی ٤٠٠ کەس لە ئەسلی ٦٠٠ کەسی گوندێک بە چەکی بایۆلۆجی لەساڵی ١٩٤٢ دا.

هەروەها وڵاتی چنی ژاپۆنی بە بەکار هێنانی چەکی کیمیایی تۆمەت بار دەکرد لە جەنگی دوەمی جیهانیدا و بلاوی کردەوە کە زیاترلە ٢٩٠٠ جار چەکی کیمیایی دژی چین بەکار هێناوە. ژاپۆن بەردەوام بوو لەبەکار هێنانی ئەم چەکە تا کۆتایی جەنگی دوەمی جیهانی و تەسلیم بونی، دواتر ڕوسیاو ئەمریکا سودیان وەرگرت لە شارەزایەکانی ژاپۆن بۆ دروستکردنی چەکی بایۆلۆجی.

تاوانی بۆمبارانی هیڕۆشیماو ناکازاکی لە ٦-٨/ ١٩٤٥ و ٨/٩/١٩٤٥ دا کە ترۆپکی تاوانەکانی مرۆڤایەتی بوو.

لەساڵی ١٩٨٤ دا پیاوێکی دینی هیندە سورەکان هەندێ میکرۆبی سالمۆنیلای کردە ناو زەلاتەی چیشتخانەیەکەوە زیاتر لە ٧٥٠ کەس ژەهراوی بون.

ساڵی ١٩٩٥ کۆمەڵەیەکی ئیسلامی بە هۆی ڕەشاشەوە لە سەر ئۆتۆبیل دامەزرابوو میکرۆبی کۆلیراو تاعونو ئیبۆلایان دەپرژاند، ئەمش ترسێکی زۆری خستە ناو خەڵکی ژاپۆنەوە چونکە پێشتر کەسێکی نادیار شووشەیەک لە گازی سارینی لە ژێرزەمینەکانی میترۆدا بلاو کردبویەوە و زیاترلە ١٢ کەسی کوشتبوو بەهەزارانیش بریندار کردبوو.

لە ماوەی جەنگی ساردی نیوان بلۆکی سۆشیالستیو سەرمایەداریدا زۆرێک لە وڵاتان چەکی کیمیاییان دروست کرد واتە لەنیوان ساڵەکانی حەفتا و هەشتای سەدەی رابردودا (١٩٧٠-١٩٨٠)، مەزەندە دەکرێ ٢٥ وڵات ئەو چەکەیان بەرهەم هێنابێت، لەوانە (ئەمریکا ٣٠ هەزار تەن چەکی کیمیایی دروست کردوەهەڵیگرتوە،لەبەرامبەردا روسیا ٤٠ هەزار تەنی دروست کردوە، هەروەها هەریەک لەوڵاتەکانی " عراق، کۆریای باکور، چین، تایوان، هیندستان، پاکستان، کوبا، لیبیا، ئیران،

میسر، ئیسرائیل، سوریا) چەکی کیمیایی و بایۆلۆجیان بەرهەم هێناوە.

لە سەرو بەندی جەنگی ئیراق و ئیرانـدا(١٩٨١-١٩٨٨) چەکی کیمیایی بەکارهات لەلایەن عیراقەوە دژ بە ئیران لەبەرەکانی جەنگدا، هەروەها عیراق بۆ لەناو بردنی گەلی کورد دژ بە ناوچەکانی ژێر دەستی پێشمەرگە چەکی کیمیایی بەکار هێنا، لە ١٩٨٧/٤/١٥ وە تا ١٩٨٨/٨/٢٩ زیاتر لە سەدان جار چەکی کیمیایی بەکار هێناوە، زیاتر لە ٤٠٠ گوندو شارۆچکەو دۆڵ و ناوچەی بۆمباران کردوە، تۆپکی ئەم تاوانە لە شاری هەڵەبجە ڕەنگی دایەوە لە ١٩٨٨/٣/١٦ دا ڕژێم شاری هەلەبجەی بە جۆرەها چەکی کیمیایی بۆردومان کرد، پێنج هەزار کەس شەهید کەوتن و دەیان هەزار بریندارو ئاوارە بون، شاری هەلەبجە دوای شاری سەردەشت کەلە ١٩٨٧/٦/٢٨ دا کیمیاباران کرا، لەسەرئاستی جیهان بە چەکی کۆکوژی کیمییایی بۆردومان کراوە یەکەم شارە زۆرترین قوربانی بەچەکی کیمییا تیدا تۆمارکراوە.

ڕژێمی سوریا لە ٢٠١٣/٨/٢١ شارۆچکەی غوتەی بۆردومان کردوە بە چەکی کیمیایی (١٤٢٩) کەس کوژراوە، (٤٢٦) منالی تیدا بوە، دوا جار شاری خان شەیخون لەڕۆژی ٢٠١٧/٤/٤ بە چەکی کیمیایی بۆردومان کراو سەد کەس بونە قوربانی و ٤٠٠ بریندار کەوتن، لە ئالۆزیەکانی سوریادا بەپێ زانیاریەکانی نوسینەگەی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتوەکان، بەسەریەکەوە ٢٦ جار چەکی کیمیایی بەکار هاتوە بیستیان ڕژێمی سوریا لێ بەرپرسەو ئەوانی تریش هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بوون، لە نوێترین لێدوانی ئەحمەد ئۆزجو سەرۆکی ڕیکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی لە ڕۆژی ٢٠١٧/٤/٢٩ دا لە سالیادی ڕۆژی جیهانی چەکی کیمیایی دا دەڵی لە سوریا ٤٥ جار چەکی کیمیایی بەکار هاتوە.

سەرباری ناردنی شاندی لێکۆڵینەوە بۆ سوریا بەلام تائیستا یەکلا نەبۆتەوە کێ ئەم هیرشانەی ئەنجام داوە، لەکاتیکدا کە پشکنەرانی نێودەولەتی سەر بە ڕیکخراوی قەدغەکردنی چەکی کیمیایی پشکنین بۆ چەکەکانی سوریا کردوە لە حوزەیرانی ٢٠١٤ دا نەتەوە یەکگرتوەکان بلاوی کردەوە هەموو چەکە کیمیایەکانی سوریا لەناو براوە.

سەرچاوە نیو دەوڵەتیەکان دەڵێن تائیستا چوار جار گازی سارین بەکار هاتوە یەکەم جار لەهەلەبجە و لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە، کە پینج هەزار کەسی مەدەنی گیانیان بەخت کرد، تەنانەت بینراوە باڵندەی لەسەر درەختەکانەوە خستۆتە خوارەوە، بۆجاری دووەم لە ژاپۆن لە ڕۆژی ١٩٩٥/٣/٢٠ دا لەلایەن کۆمەڵێکی ئیسلامی تۆندڕەوەوە(ام شرینیکۆ) لە چەند میترۆیەکی شاردا وەشینرا بوە هۆی کوشتنی خیرای ١٢ کەسو پینج هەزاریش بریندار بوون، سێهەم جار گازی سارین لە شارۆچکەی غوطەی سوریا بوو لەلایەن ڕژێمەکەی ئەسەدەوە لە ٢٠١٣/٨/٢١ دا، چوارەم جاریش لە شارۆچکەی خان شیخونی پاریزگای ئەدلب و لە سوریا،ئەمجاریش ڕژێمی ئەسەد تاوانبارە،بەلام تائیستا یەکلایی نەبۆتەوە هەر نکۆڵی دەکات. بەڵام لە کوردستان چەندین شووێنی تر بەر چەکی کیمیایی جۆری دەمار کەوتوە لەوانە شارەدێی سیوسێنان کە لە ئێوارەی ١٩٨٨/٣/٢٢ واتە شەش ڕۆژ دوای هەلەبجە بە ڕۆکیتی کاتیوشاو گازی دەمار بۆردومان کرا، بەهەمان شێوە گوندەکانی بەلەکجار و دوکانو دوکەرۆ، ڕۆژانی دواتر بە جەکی کیمیایی جۆری دەمار بۆردومان کرا لە ناوچەی قەرەداخ، دواتریش گوندەکانی گۆپتەپەو عەسکەر ناوچەکە بە گازی دەمار بۆردومان کراوە لە ١٩٨٨/٥/٣، بەداخەوە تا ئیستا ئەم بەروارانە بە جیهانی نەکراون.

لەڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٧ دا بارەگاکانی (ینک) لەناوچەی قەرداخ نزیک گوندی بەلەکجار بۆمبارانی کیمیایی بەچەکی خەردەل کرا لەلایەن شەش فڕۆکەی جەنگی دەولەتی عیراقەوە،نیشانەکانی سوتانەوە و بلۆق دروست بون و کوێڕ بون و هەناسە تەنگیو خنکان دەرکەوت لەسەر بریندارەکان، یەکێکیان بەهۆی گاریگەری لەسەر سیەکانی گیانی بەخشی،ئەوانی تر هەموویان پێستیان سوتا و ڕەش هەڵگەڕا پاش ماوەیەک تۆپکلە سوتاوە مردوەکە لابرا و کەوتەوە سەر پێستی ئاسایی(ئەمەم بەچاوی خۆم دیوە).

لەگوندی شاناخسێ لە ١٩٨٨/٣/٢٣ و ڕۆژانی پێشوو گازی خەردەل بەکار هاتوە.

ئیسرائیل خاوەنی هەڵگیراوێکی زۆری چەکی بایۆلۆجی و کیمیاییە، لەکاتیکدا خاوەنی چەکی ناوکیە، ئەویش بۆ بەرامبەر وەستانی دژەکانی (ئیران، عیراق، سوریا)، چونکە بەکار هێنانی چەکی ناوکی بە ناهاوسەنگ دەزانێت و بۆیە پێوست دەکات بە چەکی کیمیایی و بایلۆجی وەلام بداتەوە.

لە جەنگی ڕوخانی ڕژێمی بەعس سالّی ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمریکاوە چەکی (بۆمبی نیوترۆن) بەکار هات بۆ گرتنەوەی فرۆکە خانەی بەغدا، ئەو بۆمبانە کاتێ دەتەقنەوە بەهۆی تیشکی گەرماوە هەرچی جەستەی زیندوی مرۆڤە دەسوتێنی و دەتوێنەوە، وە زیان بە بیناو تەلارەکان ناگەیەنێت.

زیاتر لە ٣٠ جار چەکی کیمیایی دژی دارفۆریەکان لەشاخی مرە لەلایەن دەولّەتی سودانەوە بەکار هاتوە لەسالّی ٢٠١٦ دا.

مێژووی پەیماننامەکان بۆ قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی

١. لەسالّی ١٨٧٤ پەیماننامەی بڕۆکسل مۆر کرا، کە بەکار هێنانی ژەهر لەگەڵ چەکدا قەدەغەیە دواتر لەلاهای سالّی ١٨٩٩ وە یاسای نیودەولّەتی بەکار هێنانی ژەهر و گازی کیمیایی لە شەڕەکاندا قەدەغە کردوە.

٢. بەپێی بەڵێنی دەریایی واشنتۆن کە لە ٦ /١٩٢٢/٢ بەسترا لە نێوان هەر پێنج دەولەتە زلهێزەکە بۆ قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی، بەلام بەهۆی پا بەند نەبونی فەرەنساوە ئەم بەڵێنە سەری نەگرت.

٣. پرۆتۆکۆڵی جنێف کەپەیماننامەیەکی جیهانی بۆ قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی مۆر کرا لە ١٩٢٥/٧/١٧ دا، وەلە ١٩٢٨/٢/٨ دا چۆتە بواری جێ بەجێکردنەوە و ١٣٣ ولات واژۆیان کردوە، کە نابێت چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی لە کاتی جەنگاد بەکاربێت، ئەم پرۆتۆکۆلە باس لە دروست کردن و هەڵگرتنی ناکات بۆیە دواتر چەندین پەیماننامەی تر هاتنە ئاروە بۆ جارەسەری تەواوی ئەم گرفتانە.

٤. پەیماننامەی ساڵی ١٩٧٢ بۆ قەدەغەکردنی چەکی ژەهراوی toxins و چەکی بایلۆجی.

٥. پەیماننامەی چەکی کیمیایی ساڵی ١٩٩٣ نوێترین پەیماننامەیە، پشتیوانی بەهێزی یاسای نیودەولەتی هەیە، ساڵی ١٩٩٧ چۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، بەمانای قەدەغەکردنی بەرهەم هێنان و نوێگەری و هەڵگرتن و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، ئەم پەیماننامە لەلایەن ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاییە وە سەرپەرشتی دەکرێت (OPCW) بارەگاکەی لە لاهایە، ١٩٢ دەولەت ئەندامن لەم ڕێکخراوەدا، ئەو ولاتانەی کە ئەندامن لەم ڕێکخراوەدا پێویستە مل کەچی پشکنینەکانی ئەم ڕێکخراوە بن، چالاکی ئەم ڕێکخراوە بەردەوامە لە سەر ئاستی جیهان، کارەکانی بە هەماهەنگی نەتەوە یەکگرتوەکان دەبات بەڕێوە، خۆیشی ڕێکخراویکی جیهانی سەربەخۆیە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی کەنالی جزیرە کە سەردانی یەکێک لە گەنجینەکانی هەڵگرتنو پاراستنی چەکی کیمییا دەکات لەئەمریکا ئاماژە بە بونی سیستەمێک دەکات کە لەکاتی هەر تەقینەوەیەکی ناخوزراو لەوشوێنەدا سیستەمێکی هەڵمژنی ئەو چەکە کیمیایە ئامادەیە و ناهێڵێ هیچ ژەهرێک بڵاوە بکات لەو شوێنەدا، هەروەها بەردەوامیش ئەزموون دەکەن لەسەر ئاژەڵ لە نزیک ئەو گەنجینەیە. هاوکات لە سەر ئەو هەنگانەی کەدانراون بۆ ئەو مەبەستە، فرینی فرۆکەش قەدەغەیە لەئاسمانی ئەو شوێنەدا.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە دەکات کە سوپای ئەمریکی لەئاستێکی زۆر بەرزدایە بۆ خۆپارستن لە چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی، بەچەشنیک لەهەمو کاتێکدا سەربازان جلو بەرگ و دەمامکی خۆپاراستنیان پێیە، وە دەمامکەکان گۆرانکاری زۆریان بەسەردا هاتوە لەروی توانای پالاوتن و سوکی کێشیان.

دکتۆر ناجح گوڵپی

سەرچاوەکان:
1. http://www.aljazeera.net/programs/infocus/2005/1/
2. کتێبی پانۆرامای بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەکوردستان ٢٠١٧ نوسینی د.ناجح گوڵپی
3. http://kurdocide.org/Detai
4. http://kurdocide.org/
5. http://orient-news.net/ar/news_show/
6. http://midan.aljazeera.net/reality/politics/
7. http://www.news24.com/World/News/chemical-weapons-allegedly-used-45-times-in-syria-opcw-chief-
8. https://www.un.org/disarmament/wmd/chemical/
9. http://nationalinterest.org/feature/the-five-most-deadly-chemical-weapons-war-10897
10. https://en.wikipedia.org/wiki/Ypres میژووی شاری "ئیپرس"
11. https://www.opcw.org/about-chemical-weapons/history-of-cw-use/

ژینگە لەجەردەم چەکی کیمیایی

ئا. شاخەوان عمر شێخوەسانی

ڕەنگە ناونیشانەکە بۆ سەردەمی ئێستا نامۆ بێت بەوەی دوا بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەگەڕێتەوە بۆ دەسالّ پێش ئێستا کە ڕژێمی سوریا دژی هاونیشتیمانیانی خۆی بەکارهێنا. مەبەست لە کاریگەری چەکی کیمیاییە لەسەر ژینگەو سروشت و مرۆڤایەتی بە گشتی لە سالّی ١٩٩٧دا، ڕێکخراوی چەکی کیمیایی (OPCW)پێناسەیەکی فەرمی بۆ چەکی کیمیایی کرد، هەر ماددەیەکی کیمیایی کە بەکاربهێنرێت بۆ کوشتن یان زیانگەیاندن بە مرۆڤ، ئاژەڵ، یان ڕووەک، کەواتە بەپێی ئەم پێناسەیە، هەموو ماددەیەکی کیمیایی سودبەخش وەک (بەرهەمە نەوتیەکان و پێکهاتەکانی، مادە پاکەرەوەکان و پێکهاتەکانی، جۆرەکانی چارەسەری پزیشکی، سەرچاوە وزە کیمیاییەکان وەک پاتری، مادە پارێزەکانی ناو خۆراک هتد. وەک چەکی کیمیایی دەناسرێت، چونکە کاریگەری کیمیایی هەیە و دەتوانرێت بۆ زیانگەیاندن بەکاربهێنرێت.

پێوستە ئەوە ڕوونبکەمەوە کە چەکی کیمیایی وەک ئەوەی رژێمی بەعس بەکارهێنا بە لەناوبەرێکی بەکۆمەڵ و خێرا هەژماردەکرێت، بەو پێیەی چڕی ئەو گازە زیان بەخشانە لە ماوەیەکی کورت لە ناوچەکی دیاریکراو زیاد دەکات و دەبێتە هۆی لەناوبەرێکی خێرا لە مرۆڤ، ئاژەڵ، یان ڕووەک. کاریگەری ئەم چەکانە لەسەر مرۆڤایەتی بەگشتی دەمێنێ و ماکەمانی ئەو کارەساتانە بەدرێژایی ژیانی دانیشتوانی ناوچەکە دەمێنێتەوە. لە لایەکی دیکە کاریگەری ژینگەیی دوور مەوداشیان دەبێت کارلێکی کیمیایی چەکە کیمیاییەکان لەسەر خاک، ڕووەک، و گیانەوەر زۆر جۆراوجۆر و کاریگەرییان زۆر بەرچاوە. لێرەدا بە وردی باسی کاریگەرییەکانی چەکی کیمیایی لەسەر هەر یەک لەم پێکهاتانە دەکەین:

١ .کاریگەری لەسەر خاک:

چەکی کیمیایی دەتوانێت پێکهاتەی کیمیایی و فیزیکی خاک بگۆڕێت و کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر بەرهەمهێنی خاک دروست بکات. ماددە کیمیاییە ژەهراویەکان وەک زەرنیخ، و کلۆر لە خاکدا بمێنەوە. ئەم ماددانە دەتوانpH ی خاک بگۆڕن و ببنە هۆی ترشبوون یان تفت بوونی خاک، هەروەها ئەو مادە کیمیایانە زیان بە میکرۆبەکانی خاک دەگەیەنن چونکە میکرۆبەکانی خاک کە بەشێکی گرنگن لە سوری خۆراکی خاک. ئەمە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنی خاک و تێکچوونی سیستەمی ژینگەیی. لەلایەکی دیکە ڕووەکان ماددە ژەهراویەکان هەڵدەمژن، چونکە ژەهرەکان دەتوانن لە خاکەوە بچنە ناو ڕووەکەکان و دواتر بچنە ناو زنجیرەی خۆراکی.

٢ .کاریگەری لەسەر ڕووەک:

چەکی کیمیایی دەتوانێت ڕووەکەکان بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ زیان بگەیەنێت. چەکی کیمیایی دەتوانێت خانەکانی ڕووەکەکان ببڕێت و ڕێگە لە گەشەکردنیان بگرێت، هەروەها دەتوانێت ببنە هۆی مردنی ڕووەکەکان یان کەمکردنەوەی بەرهەمهێنیان، هەروەها دەبێتە هەندێک لە ماددە کیمیاییەکان دەتوانن ڕێگە لە ڕۆشنەپێکهاتنی ڕووەکەکان بگرن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنی کشتوکاڵ.

٣ .کاریگەری لەسەر گیانەوەر:

چەکی کیمیایی دەتوانێت کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر گیانەوەرەکان هەبێت زیانگەیاندن بە سیستەمی هەناسەدان: گازە ژەهراویەکان
وەک سارین و کلۆر دەتوانن سیستەمی هەناسەدانی گیانەوەرەکان تێک بدەن و ببنە هۆی مردن، هەوەرها زیانگەیاندن بە سیستەمی کۆئەندامی دەمار: هەندێک لە چەکە کیمیاییەکان وەک ڤۆسکین دەتوانێت سیستەمی دەماری گیانەوەرەکان

تێک بدەن و ببنە هۆی شوک یان مردن. کاریگەری ئەم مادە کیمیایانەدرێژخایەنن لەسەر گیانەوەرەکان، چەکی کیمیایی دەتوانێت کاریگەرییەکی درێژخایەن لەسەر گیانەوەرەکان دروست بکات، وەک نەخۆشیەکانی شێرپەنجە یان تێکچوونی سیستەمی بەرگری لەش. ئەمەش دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە زنجیرەی خۆراکی

٤. کاریگەری درێژخایەنەکان لەسەر ژینگە:

چەکی کیمیایی دەتوانێت کاریگەرییەکی درێژخایەن لەسەر ژینگە دروست بکات، کە ئەمەش دەتوانێت چەندین ساڵ یان سەدە بەردەوام بێت. وەک کەمبوونەوەی جۆرەگیانەوەرەکان، تێکچوونی سیستەمی ئیکۆلۆژی، هەڵوەشاندنەوەی خاک کەواتە چەکی کیمیایی کاریگەرییەکی زۆر بەرچاو و نەرێنی لەسەر خاک، ڕووەک، و گیانەوەر هەیە. ئەم کاریگەرییانە دەتوانن کورتخایەن یان درێژخایەن بن، و دەتوانن سیستەمی ژینگەیی تێک بدەن و زیان بگەیەنن بە مرۆڤ و ژینگە. بۆیە پێویستە پێشگیری لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بکرێت و ژینگە پارێزرێت.

ئێستا دووای ئەوەی شیکردنەوەیەکی زانستین بۆ کاریگەری چەکە کیمیایەکان کرد، ئەمەوێت تیشک بخەمە سەر ئەو چەکە کیمیایە هێواشانەی چواردەوری ئێمەیان تەنیوە و بەشێکیان بەبێ ئاگایی و بەشێکیش بەبێ ویستی خۆمان خەریکە هێواش هێواش ژینگەی خاک و ڕووەک و مرۆڤایەتی تێک دەدات. چەند نمونەیەک کە لەسەرەوە ئاماژەن پێکرد لێرە ونکردنەوەی پێویستی پێدەین: (١. گازی دوانە ئۆکسیدی گۆگرد (SO_2), ٢. کلۆر(Cl_2) , ٣. ئەمۆنیا(NH_3) ، ٤. فۆسجین ($COCl_2$), ٥. هایدرۆجینی سیانايد(HCN) ، ٦. خەردەل ($C_4H_8Cl_2S$)ئەمانە وەکو چەک بەکارهێنراون و ئێستاش لە بوارەکانی پیشەسازی و دروست کردنی بەرهەمە نەوتیەکان و پیشەسازی پلاستیک و دەرمان بەکاردەهێنرێن، بەڵام کاریگەری خراپ لەسەر ژینگە دروست دەکەن و دەبێتە هۆی تێکچوونی سیستەمی هەناسەدانی مرۆڤ شێرپەنجە و زیانگەیاندن بە ژینگە بەگشتی.

ئێستا زۆر بە هێواشی و بە بێ دەنگی ئەو مادانە ڕۆژانە لەڕێگای پاڵاوگەکانی بەرهەمە نەوتیەکان و لەڕێگای کارگەکانی پیشەسازی و لەڕێگای بەرکارهێنانی مادە پلاستیەکان و جگەرە کێشان و مادە پارەیزەکانی خۆراک کارلێک لەگەڵ ئێمەو ڕووەک و گیانەوەران دەکەن، بەشێکی دیکە لە مادە زیانبەخشەکان کە وەک چەکی کیمیایی دەخزێنە هەناسەو جۆگەی هەرس، بریتین لە مێرووکوژەکان کە جوتیارەکانمان بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکاردەهێن و بەشێکیان هیچیان لەو چەکانە کەمترنیە کە بۆمبارانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی پێکرا لە سەرەکیترین زیانەکانی مێرووکوژەکان (Insecticides) لەسەر مرۆڤ و ژینگەی دەوروبەرە کاریگەرییە کاتییەکان: ژەهراویبوون، سەرئێشە، ڕشانەوە، گیانلەبەربوون، و ئازاری سک.

کاریگەرییەکانی درێژخایەن: زیان بۆ کبد و گورچیلەکان. هەوکردنی پێست و هەستیاری. زیان بۆ سیستەمی دەماری و هۆرمۆنەکان. زیادکردنی مەترسیی نەخۆشییەکانی وەک شێرپەنجە، هەروەها کاریگەری بۆ سەر گیانەوەران و باڵندەکان هەیە کە دەبێتە هۆی کوشتنی مێرووە سوودبەخشەکان وەک هەنگەکان. زیان بۆ باڵندەکان و ئاژەڵە بچووکەکان. ژەهراویبوونی سەرچاوەکانی ئاو و خاک. کاریگەری لەسەر گیانلەبەرە ئاوییەکان. تێکچوونی هاوسەنگی ژینگە. زیادبوونی مێرووە زیانبەخشەکان بەهۆی بەرگریبوونیان بەرامبەر دەرمانە مێروکوژەکان. لە کۆتاییدا وەک بەرچاورونی بەشێکی زۆری ئەو مێروکوژانە ئێستا بەکارهێنانیان قەدەغەیە جێگەی داخە ئێستا لە کوردستان ئەو مادانە بەکاردەهێنرێن، کەواتە تاکو ئێستاش کیمیاباران کردن لە ڕێگا جیاجیاکان بەردەوامەو مردنێکی هێواش لەڕێگای ئەو نەخۆشیانەی بەهۆی ئەو مادە زیانبەخشانە بەرۆکی ئێمەی گرتووە. بۆیە ئەرکی هەموومانە هەست بە بەرپرسیاری بکەین و پارێزگاری لە ژینگەی دەوروبەری خۆمان بکەین و کوردستان لەو ژەهرانە پاک بکەینەوە هەرکەسە لە ئاستی خۆی هەڵگری ئەو پەیامە مرۆڤانە بێت کە بەشداربێت لە ژینگە پارێزی ئەگەر بە وشەیەک یان کارێکی بچوکی بەرهەمداربێت.

ژینگەی خۆشناوەتی بەرەو کوێ؟

کاریگەرییە خراپەکانی گۆڕانی کەش و لێکەوتە خراپەکانی دەستدرێژیکەران بۆ سەر ژینگەی خۆشناوەتی

د. سەرکەوت هیرانی

لە ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکاندا هاتووە کە عێراق پێنجەم وڵاتە لەسەر ئاستی دونیادا زۆرترین کاریگەرییە خراپەکانی گۆڕانی کەش و هەوای لەسەر دەرکەوتووە، کوردستانیش لەم گۆڕانکارییە خراپانە بەدەرنیە. ئەوەی وای کردووە گۆڕانکارییەکان خێراتر دەرکەون بریتیە لە دەستدرێژی کردن بۆ سەر ئەم سرووشتە جوانە. لێرەدا دەمەوێ باسی تێکچوونی ژینگەی خۆشناوەتی بکەم بە تایبەتی (دۆڵی هیران و نازەنین و دۆڵی بالیسان) من وەک شاخەوانێکی ژینگەدۆست ئەو گۆڕانکارییە خراپانە ڕوون و ئاشکرایە و بەچاوی سەر دەبینێ ناکرێ بیشارمەوە و باسی نەکەم ئەوەی شاخەوانان لە شاخە جوان و بڵندەکانی خۆشناوەتی دەیبینن خەڵکی ئاسایی نایبینن بۆیە لەم نووسینە کورتەدا باسی لێوە دەکەم.

١-سوتانی دارستانە سرووشتییەکانی دۆڵی خۆشناوەتی/ داری بەڕو و مازو و گێوز و دارەبەن و .....هتد. ئە جۆرە دارانە زۆربەی دارستانەکانی خۆشناوەتیان پێکهێناوە بەڵام ئەم دارستانە سرووشتیانە لەجیاتی زیادبێت کەم دەکات هەموو ساڵێک چونکە ساڵ نیە لە دۆڵەکانی خۆشناوەتی ئاگر نەکەوێتەوە هۆکاری ئەم ئاگرکەوتنەوە هەرچی بێت (چ بە هەڵە بووبێت یان بە مەبەست بووبێت) بە خراپترین هۆکار دادەنرێت کە ڕووبەری سەوزایی دارستان ساڵانە کەم دەکات وەک لەڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا باسکراوە کە کوردستان ساڵانە بەشێک لە دارستانە سرووشتییەکەی لە دەست دەدات، بە جۆرێک لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوو نزیکەی ٢٠ ملیۆن دۆنم دارستان سوتاوە و ١٤٪ دارستانەکانی لەناوچوون. بێگومان خۆشناوەتیش پشکی گەورەی ئەم سوتانی دارستانانەی بەرکەوتووە هەموو ساڵێک لە سەرەتای وەرزی هاوین تا دەگاتە پایز ئاگر لەم گرد و شاخ و کێوانە بەردەبێت بە جۆرێک هەندێ جار بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بەردەوام دەبێت ڕووبەرێکی زۆری دارستانەکان دەسوتێن.

٢-داربڕین بە ئامێری پێشکەوتوو، ئەوەی جێگای داخ و پەژارەیە خەڵکی گوند و خاوەن باخەکان (مەزرەعەکان) دەستیان داوەتە داربڕین ئەگەرچی داربڕین قەدەغەیە بەڵام خەڵکی گوند کەمتر گوێ بە یاسا و ڕێنماییەکان دەدەن زۆربەی جاران ڕۆژانی پێنج شەمە و هەینی و شەمە دەستدرێژی بۆ سەر ژینگەی دارستان ئەنجام دەدرێت بە جۆرێک بە ئاشکرا بازرگانی پێوەدەکرێت. داربڕینی ئێستا لەگەڵ جاران جیاوازی یەکجار زۆرە جاران بە تەوردااس و بیور دار دەبڕدرا کارێکی زەحمەت و ناخۆش و ناچاری بوو کەچی ئێستا ئامێری داربڕین هاتووە (ماتۆڕی مشاری کارەبایی) بە جۆرێک یەک داری بە تەمەن کە جاران لە بەیانی تاکو ئێوارە بە بیور دەبڕدرا ئێستا بەم جۆرە مشارە بە چەند خولەکێکی کەم دەبڕدرێت. بۆیە بە کەمترین کات زۆرترین دار دەبڕدرێت هەر ئەمەش وای کردووە بازرگانیکردن بە فرۆشتنی دار و داربڕین ئاسانتر بکرێت و پیشەی کۆنی ڕەژووکردن دووبارە سەر هەڵبداتەوە. ئەوەی

تیبینیم کردووە زۆربەی دارە بە تەمەنەکان (مۆرەدار) لەناو چوون داریکی بە تەمەنی خۆڕسکی خۆشناوەتی کە تەمەنی لە ٣٠٠ ساڵ زیاترە زۆر بە ئاسانی بە چەند خولەکێک دەیبڕین وە بەهۆی ئەوەی شارەوانی ڕێگای ئاگربڕی بۆ گوند و شاخ و کێوەکاندا بردووە داربڕەکان بەم ڕێگایەدا بۆ دورترین شوێن بە ئۆتۆمبێل و بە ئامێری داربڕین زۆرترین دار دەبڕن کە پێشتر بەهۆی نەبوونی ڕێگا و نەچوونی تراکتۆر و پیکاب و نەبوونی مشاری داربڕی خێرا دارستانەکان وەکو خۆی مابوون.

بە کورتی

- ئەوانەی بەدوای هەنگوینی داردا دەگەڕێن هەموو دارە بەتەمەنەکانیان بڕی.

- ئەو گەشتیارانەی ئاگر لەژێری دارە بەتەمەنەکانیاندا کردووە دارەکان سوتان و لەناو چوون.

- ئەو داربڕانەی بۆ مەبەستی بازرگانی و ڕەژووکردن ڕووبەرێکی زۆری دارستانیان لەناوبرد.

- ئەو خەڵکانەی باوەڕیان وایە سۆبای دار ئاگر و گەرمی خۆشترە بۆ خۆگەرمکردنەوە هەرچی داری تەڕە دەیبڕن و داری وشک کۆناکەنەوە.

- ئەو خاوەن ڕەزوباخانەی دارەکانیان ١٠٠٪ سەربڕ دەکەن دواتر دارەکان وشک دەبن.

- ئەو جوتیارانەی بۆ کێڵانی ڕەز و باخ ئێواران بە پیکاب داری تەڕ دەهێننەوە.

- ئەوانەی کاری بنێشتەتاڵی دەکەن زۆربەی دارەبەنەکان (دار قەزوان) هەموو ساڵێ زۆرترین بڕین دەخرێنە قەدی درەختەکەوە ئەمەش بۆتە وشکبوونی بەشێکیان لە هەمووی سەیرتر لە جیاتی قوڕ پەرداغی پلاستیک بەکاردێنن بۆ کۆکردنەوەی بنێشت دواتر پەرداغەکە (گڵاس) لەناو سرووشتەکەدا فڕێدەدەن جگە لەوەی بنێشتە کوردیەکە ژەهراوی دەبێت لەناو ئەم پلاستیکە ناسکەدا لەبەر گەرمای هەتاوی هاویندا.

لێرەدا دەبینین جگە لە سوتانی دارستانەکانی خۆشناوەتی و کاریگەریە خراپەکانی گۆڕانی کەش و هەوا خەڵکی گوندیش بێ ڕەحمانە دەستیان داوەتە داربڕین ئەوەی یەک ڕۆژ شاخەوانی بکات ئیجا دەزانێ چ کارەستێکی ژینگەیی بەسەر دارستان و سرووشتی خۆشناوەتی داهاتووە.

٣-نەمان و کەم بوونەوەی هەندێ لە گیا بەهاریەکان و گوڵەکان، بەداخەوە دووبارە بەهۆی ئامێری هەڵکەندن (پیشک) گەورەتر و باشتر بۆ هەڵکەندن دروست دەکرێت و بەهۆی هەبوونی ئۆتۆمبێل زۆرترین گژوگیا بەهاریەکان بۆ دوورترین شوێن لە ڕەگەوە دەردەهێندرێن. هەندێ لەو گژوگیا و گوڵە بەهاریانەی کە کەم بوونەتەوە لە سرووشتی خۆشناوەتی کەنگر بە کۆلکەوە دەردەهێنرێت، بەجۆرێک ئێستا لە زۆر شوێنی خۆشناوەتی کۆتاییان پێهات، گیا سەلمە بازرگانی بە سەلکەکەی دەکرێت لە لایەن خەڵکی شارەکان، ڕیواس گەلا و نێرکەکەی دەردەهێنرێت. ساڵی ١٩٩١ لە بناری چیای سەفین ڕێواس هەبووە کەچی ئێستا تەنیا لەسەر لوتکەی هەندێ شوێنی کەمی زنجیرە چیای سەفین ماون ئەوانیش بەرەو لەناوچوونن، گوڵە نێرگز بە سەلکەوە دەردەهێنرێن و دەفرۆشرێن یاخود بۆ حەدیقەی ماڵەوە دەیهێننەوە! جاران نێرگزە جارِ هەبوون ئێستا هیچیان نەماون نێرگزەجاری دامێنی سۆرکی نازەنین بەهۆی کێڵان بە تراکتۆر بەتەواوی لەناو چوون. کاردی شاخی بە سەلکەوە دەردەهێنرێت زۆربەی خەڵکی گوند لەماڵەوە دەیڕوێنێ .هەموو ئەمانە و دەیان گوڵ و گیای بەهاری لە دۆڵی خۆشناوەتی بەرەو لەناوچوونن.

٤-نەمان و کەمبوونەوەی باڵندەکان لە دۆڵی خۆشناوەتی بەدەست ڕاوچیەکانەوە. لە کاتی

ساڵی ١٩٨١ لە دۆڵی هیران مابەینی شارۆچکەی هیران و شەقڵاوە بە پێی وتەی بەتەمەنەکان نزیکەی ٣٠٠ کانیاو هەبوون ئێستا هیچیان نەماون.

شاخەوانی کردن بۆت دەردەکەوێ ڕاوچیەکان بەردەوام خەریکی ڕاوکردنن و ئاساواریان بە ئاشکرا دیارە لەسەر گرد و شاخ و کێو و ئەشکەوتەکاندا زۆرترین ڕاو بۆ باڵندەی جوانەکان وەکو کەو و سوسکە و گاپەل و ...هتد. بە ئاشکرا لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بانگەشەی بۆ دەکرێ کڕین و فرۆشتن بەم باڵندانەوە دەکرێت کە سروشتی ژیانیان دۆڵەکانی خۆشناوەتی لوتکەی بەرزی شاخەکان و دارستانە سەوز و جوانەکانی کوردستانە نەک زیندانی قەفەس و ورگی ڕاوچیە بێ ڕەحمەکان.

٥-نەمانی کانی و ڕووبار و کارێز و بیرە دەسکردە دەستیەکان لە ناوچە جیاوازەکانی خۆشناوەتی، لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوو ڕێژەی بارینی باران و بەفر لە خۆشناوەتی زۆر کەم بووە، بۆ چارەسەری ئەم کەم ئاویە لە جیاتی دەیان پۆند و بەنداو دروست بکرێت بۆ کۆکردنەوەی باراناو، لە هەموو لایەکی خۆشناوەتی بە شێوەی زیادەڕۆیی هەڵسان بە لێدانی بیر بە ئامێری پایل هەرچی کانی و کارێز و بیری دەستکردی دەستی هەبوون وشکبوون بە یەکجاری! ئاشکرایە لەماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوو زۆرترین بیری نائاسایی لێدراون شاخ و گرد و دۆڵەکان لە هەموو لایەک کونکراون بۆ دەرهێنانی ئاو لەلایەن خاوەن باغەکان (مەزرەعەکان) و خەڵکی دەسڕۆێشتووی گوندەکان. لە ساڵی ١٩٨١ لە دۆڵی هیران مابەینی شارۆچکەی هیران و شەقڵاوە بە پێی وتەی بەتەمەنەکان نزیکەی ٣٠٠ کانیاو هەبوون ئێستا هیچیان نەماون.

٦-فرێدانی زبڵ و خاشاک و چارەسەرنەکردنی لە ناوچەی خۆشناوەتی، لە شارەکانی کوردستان سیستەمی ڕیساکلین (دووبارە سودوەرگرتن لە زبڵ و خاشاک)نیە بۆیە پاشماوەی مرۆڤ فرێدەدرێت لە تەواوی ناوچەی خۆشناوەتی لە شارۆچکە و گوندەکان شوێنێک دیاری دەکریت بۆ فرێدانی، بەڵام هەر خەڵکی گوند خۆێ بەشێک لە زبڵەکانیان لەدەروەی ماڵەکانیان فرێدەدەن ئەوەیتر کۆ دەکرێتەوە لە شوێنێک فرێدەدرێت بەڵام بەهۆی باو و بژەوە هەرچی کاغەز و نایلۆن و پلاستیک هەیە بەدەم باوە پەرش و بڵاو دەبێتەوە لەکاتی باران بارینیش ئاوی باران تێکەڵی زبڵدانەکە دەبێت و بە دۆڵ و کەند و دەشتایەکان دێتەخوارێ خاک و گڵ و گیاو کانیاو و ڕووبارە بەهاریەکان پیس دەکات. ناوچەی خۆشناوەتی دەیان شارۆچکە و سەدان گوندی هەیە بۆیە سەدان زبڵدانیشی هەیە و سەدان شوێنی جیاوازی خۆشناوەتی پیس و ژەهراوی بوون لە داهاتووشدا ڕووبەری زیاتر پیس دەبێت، ئەوەی جێگای داخە بە هۆی جوانی سروشتی خۆشناوەتی و نزیکی لە پایتەختی هەرێمەوە زۆرترین گەشتیار ڕووی تێدەکات بە تایبەت لە وەرزی بەهاراندا ئیتر ئەم سروشتە جوانەی خۆشناوەتی دەکرێتە زبڵدانی گەشتیاران هەرچی پاشماوە هەیە لەوێ فرێدەدرێت و کۆکردنەوەشی زۆر زەحمەتە چونکە لە جامی ئۆتۆمبێل زبڵ فرێدەدرێت، لەبن هەر دارێکی جوان و لەدەم هەر کانیاو و ڕووبارێکی بەهاران زبڵ و پاشماوە فرێدەدرێت.

چەکی کیمیایی: لە میژووەوە تا کیمیابارانی شێخ وەسان و بالیسان

ئا. شاخەوان عمر

سەرەتا پێویستە پێناسەی چەک بە گشتی بکەین کە بریتیە (چەک هەر ئامرازێکە کە لە پرۆسە کیمیاییەکان و ماددە کیمیاییەکان سوود وەردەگرێت بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی زیانبەخش یان کوشندە دروست بکات، لەوانەش کوشتن، بریندارکردن، یان تێکدانی ماددە یان شوێنەکان. چەکەکان دەتوانن لە شێوەی تەقینەوەی کیمیایی، ژەهرەکانی کیمیایی، یان پرۆسەی ناوەکی بن، کە هەموویان لەسەر بنچینەی کیمیاییەکان پێکهاتوون.) ئێستا بەگوێرەی پێناسەکە پارچە بەردێک کە زیان بگەینێت بە مرۆڤ یان ئاژەی یان رووەک بە چەک هەژمار دەکرێت و بنچینەکەی ماددە کیکیاییەکانە، بەڵام کاریگەری بەگوێرەی جۆری مادە کیمیایەکان و بڕی مادە کیمیایەکان دەگۆڕێت.

بۆ ئەوەی بابەتەکە رونتربێت پێناسەی چەکی کیمیایی دەکەین : چەکی کیمیایی هەر جۆرە ماددەیەکی کیمیاییە کە بە مەبەستی زیانگەیاندن یان کوشتن بەکاربهێنرێت. ئەم ماددانە دەتوانن لە شێوەی گاز، شلە، یان ڕەق بن، و کاریگەرییان لەسەر جەستە یان ژینگە دەبێت. چەکی کیمیایی زۆرجار لە شەڕ یان هێرشی تیرۆریستیدا بەکاردەهێنرێت. میژووی بەکارهێنانی مادە کیمیایەکان بۆ پاکتاو کردن و زیانگەیاندن لەگەڵ میژووی مرۆڤایەتی هاوتەریبە. مرۆڤەکان لە دێرزەمانەوە مادە کیمیایەکانیان بەکارهێنانەوە بۆ ڕاوکردن یان بۆ رکابەریکردنی یەکتر، ئەم بەربەرکانیەی مرۆڤەکان لەسەر خاک و ئاوو هەوا پەرەی سەندووە تا کارگەیشتۆتە پاکتاوی ڕەگەزی و پاکتاوکردنی یەکتر بەگشتی، ئەو مادە کیمیانەی کاریگەری خێرا دروست دەکەن و هاوسەنگی هێز دەگۆڕێت ژەهرەکان کە بەشێوەی گاز یان شلە بڵاو دەکرێنەوەو دەبێتە هۆی زیانگەیندن بە رکابەری بەرامبەر.

لە میژووی مرۆڤایەتی رووەکی ئەکۆنتیوم (Aconitine) جۆرێک ژەهر دەرهێنراوە کە بۆ کوشتنی رکابەرەکانیان بەکارهێنراوە بە شێوەی تێکەڵ کردن لەگەڵ خواردن و خواردنەوەکان یان ژەهراویکردنی تیرەکان بەکارهێنراوە بەگوێرەی بەڵگە

مێژوویەکان هەریەکە لەوڵاتانی یۆنانی کۆن و ڕۆمەکان و هیند و چینیەکان بەکارهێناوە. لەدوای ئەم ڕوەکە ژەهری هێلیۆم دێت ناوە زانستیەکەی (Conium maculatum)ە ئەم ژەهرە بۆ کوشتنی فەیلەسوفی یۆنانی سوقرات بەکارهێناوە، هەروەها لەلایەن ڕۆمانی کۆنیش دژی ڕکابەرەکانیان بەکارهێناوە. بەدوای ئەم دوو ڕوەکە زەرنیخ باڵاوترین مادە کیمیایی بوە بۆ کوشتن و لەناوبردنی نەیارەکان بەکارهێناوە بەڵگەی ٣٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا هەن کە زەنیخ بەکارهێناوە. بەم شێوەیە سەرەتا مادە کیمیایە کوشندەکان بۆ کوشتنی دوژمنەکان لەسەر ئاستی تاک بەکارهێناون، بەڵام لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و زۆربوونی ڕکابەریەکان و بەربەرکانێ لەسەر خاک بەکارهێنانی ئەم مادە کیمیایانە فراوانتر بوون و بۆ کوشتن و لەناوبردنی نەیارەکان بەکۆمەڵ بەکارهێنران بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر هەموو شەڕەکان گازە کوشندەکان بەکارهێناون وەک سەردەمی کۆنی ڕۆمانی، سەردەمی کۆنی چین، سەردەمی کۆنی هیندستان، سەردەمی کۆنی یۆنان، سەردەمی کۆنی میسر، سەردەمی کۆنی ئاشووری، سەردەمی کۆنی بابلی، سەردەمی کۆنی فینیقی. تا دەگەینە.

زۆربوونی بەکارهێنانی ئەو مادانە لەگەڵ زیادبوونی زانست و پێشکەوتنی زیاتر و بەربەرەکانی زیاتر بوە هۆی دۆزینەوەی مادەی نوێ و کوشندەبوونی زیاتر و بەکارهێنانی زیاتر، بەریتانیەکان و ئیسپانیەکان و پرتوگالیەکان لە داگیرکاری ئەمریکا ڕێژەیەکی زۆری مادە کیمیایەکانیان بەکارهێنا بە ژەهراویکردنی ئاوو خۆراکی هیندیە سورەکان تا بەکۆمەڵ بمرن و داگیرکاری خێراتر بکەن هەر ئەم پاکتاوکردنە وای کرد زیاتر لە ٩٠٪ دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ئەمریکا لەناو بران. بەم شێوەیە شەڕەکان زیاتر و زیاتر و بەکارهێنانی ئەو مادە کیمیایانە زیاتر و زیاتر، هەروەها دروست بوون و پێکهاتەی نوێ کیمیایی زیاتر هاتنە ناو جبەخانەکانی سوپای وڵاتان، هەر ئەم بەربەرەکانییە وای کرد لە شەڕەکاندا ژن و منداڵ و دانیشتوانی بۆ چەکی گوند و شارەکان ببنە قوربانی ئەم چەکە کوشندانە.

سەرتای دروست بوونی چەکی کیمیایی بەمانای بەکارهێنانی مادە کیمیایە ژەهراوەکان بەشێوەی گاز و هەڵدانیان بە بۆمب دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی جیهانی یەکەم و لەنێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩١٨ بۆمبە کیمیایەکان پەرەیان سەند و بەشێوەیکی بەربڵاو بەکارهێنران بەتایبەت گازی کلۆر و خەردەل. بریتانیا لە ساڵی ١٩١٩ چەکی کیمیایی بەکارهێنا لە شەڕی نێوان خۆی و هیندستان، ئیتاڵیا لە ساڵی ١٩٣٥-١٩٣٦ چەکی کیمیایی بەکارهێنا لە شەڕی نێوان خۆی و ئیتیۆپیا) حەبەشە) لە کاتی داگیرکاریی ئیتاڵیا بۆ سەر ئەو وڵاتە. ژاپۆن چەکی کیمیایی بەکارهێنا دژی چین، بەتایبەتی لە شەڕی نێوان ژاپۆن و چین) ١٩٣٧-١٩٤٥ . چەندە لەساڵی ١٩٢٨ ڕێکەوتنامەی جنێف بۆ قەدەغەکردنی ئەو چەکانە مۆرکرا بەڵام نەتوانرا ڕێگربێت لە بەکارهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان. لەنێوان ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٥ گازی دیکەی کوشندە دروست کران لەلایەن ئەمریکاو بەریتانیا وەک گازەکانی (تابون و سارین و ڤۆسکین) کە زۆر کوشندە بوون. ئەمانەی خوارەوە جۆرەکان و شێوگی کیمیایی و کاریگەری

ئەو گازانەن کە کراون بە بۆمب و دژی مرۆڤایەتی بەکارهێنراون.

١- مادەدە کیمیاییەکانی جەنگی جیهانی یەکەم:

- کلۆرین :(Cl_2) گازی ژەهراوی کە دەبێتە هۆی خنکان و زیانگەیاندن بە سیستەمی هەناسەدان.
- فۆسجین :($COCl_2$)گازی ژەهراوی کە کاریگەرییەکی قورستری هەیە لە کلۆرین، و دەبێتە هۆی تێکچوونی سیستەمی هەناسەدان.
- دیفۆسجین :($C_2Cl_4O_2$)جۆرێکی تر لە فۆسجین کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بەکارهێنرا.
- گازی خەردەل :($C_4H_8Cl_2S$)دەبێتە هۆی سووتانی پێست، چاو، و سیستەمی هەناسەدان.

٢- *مادەدە کیمیاییەکانی نێوان دوو جەنگ:*

- لیوایزایت :($C_2H_2AsCl_3$)گازی ژەهراوی کە کاریگەری لەسەر پێست هەیە و دەبێتە هۆی سووتان و زیانگەیاندن.
- ئەسیدی هایدرۆسیانیک :(HCN)ماددەیەکی ژەهراوی کە دەبێتە هۆی خنکان و تێکچوونی سیستەمی هەناسەدان.

٣. *مادەدە کیمیاییەکانی جەنگی جیهانی دووەم و دوایدا:*

- سارین :($C_4H_{10}FO_2P$)گازی ژەهراوی کە کاریگەرییەکی زۆر خێرا و قورسی هەیە لەسەر سیستەمی دەماری.
- تابون :($C_5H_{11}N_2O_2P$)گازی ژەهراوی کە نازوکترە لە سارین، بەڵام کاریگەرییەکی قورسی هەیە.
- ڤی ئێکس :($C_{11}H_{26}NO_2PS$)ژەهراویترین ماددەی عەصەبی، کە کاریگەرییەکی زۆر خێرا و قورسی هەیە.
- ریسین :($C_{132}H_{200}N_{34}O_{60}$)ژەهرێکی سروشتی کە لە ڕووەکی ڕیسینۆسەوە دەستدەکەوێت، و دەبێتە هۆی تێکچوونی سیستەمی هەناسەدان و مردن.

قۆناغی پێش کیمیاباران کردنی شێخ وەسان و بالیسان:

لەدوای شەڕی جیهانی دووەم لە نێوان سالانی ١٩٥٠-١٩٥٣ بەڵگەی ڕاستەقینە نین دەربارەی بەکارهێنانی ئەو چەکی کیمیایی لەشەڕی کۆریەکان، بەڵام دەنگۆی بەکارهێنان هەبوو. لە شەڕی نێوان میسر و شانشینی یەمەن لە سالی ١٩٦٣-١٩٦٧، میسر چەکی کیمیایی بەکارهێنا لە شەڕی یەمەن.

ئەوەی سەلمێنرا بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بوو لەلایەن ئەمریکا لەشەڕی ڤیتنام لە نێوان سالانی ١٩٥٥-١٩٧٥ گرنگترین بۆمبە کیمیایەکان بریتی بوون لە (ترایکلۆرۆفینۆکسی ئەسید بە ڕەنگی سپ و سەوز و شین و مۆر، شێوگی کیمیایی ($C_8H_6Cl_2O_3$) کاریگەری درێژخایەنی لەسەر ژینگەو هاولاتیانی ڤیتنامی هەبوو) لە نێوان سالانی ١٩٨٠-١٩٨٨ حکومەتی عێراق چەند جۆرێکی لە بۆمبە کیمیایەکان لە شەڕی نێوان خۆی و ئێران بەکارهێنا، بەڵام تا ئەو کات بەدرێژایی مێژوو چەکی کیمیایی دژی هاونیشتیمانیان بەکارنەهێنرابوو لەلایەن هیچ وڵاتێک ئەوەی بوە بڕینێکی گەورە و سارێژ نەبوو لەسەر جەستەی گوندی شێخ وەسانان کیمیاباران کردن بوو لەلایەن رژێمی سەدام حسێن بە مادەکانی (گازی خەردەل و تابون) کە تا ئامادە کردنی ئەم بابەتە کاریگەری کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و دەرونی بەسەر دانیشتوانی ناوچەکە ماوە.

لە ژەهری گازی کیمیاییەوە بۆ فێستیڤاڵی تریێ ڕەشمیریی

پڕۆژەیەک بۆ بوژندنەوەی دۆڵی بالیسان لەڕێی تەکنەلۆژیای نوێ و ووزەی خاوێن و گوندی گەشتیارییەوە

سەنگەر رسول

تووێژەر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئابووری سیاسی

بەدرێژایی مێژوو، زۆربەی تاوانە جینۆسایدەکان بەتەنها نەبوونەتە جێهێشتنی برینێک لەسەر دڵی کۆمەڵگا، بەڵکو بوونەتە هۆی تێکدانی ژینگەو سروشتی ئەو ناوچەیەش کە لێی ڕووداوە. گوندو لادێکانی هەرێمی کوردستانیش نموونەی زیندوون کە چۆن لەکاتی کیمیابارانەکانی رژێمی سەددام –ی دیکتاتۆر، جگە لە بەکۆمەڵ مردن و بریندارببوونی دەیان مرۆڤی بێتاوان، سروشت و ژینگەی ناوچەکەی ژەهراوی بوون و بۆ ماوەی چەندین ساڵ کاریگەری لەسەر شێوەی ژیانی هەرچی داروبەردو زیندەوەری ناوچەکەیە دروستکرد. وەکو ڕێزگرتنێکیش لەقوربانییەکانی کارەساتەکە، ڕۆژی کیمیابارانی دۆڵی بالیسان ٤/١٦ کراوەتە ڕۆژی ژینگەی هەرێمی کوردستان، ئەمەش هۆکارو پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ ئەوەی پڕۆژەکانی پەیوەست بەژینگەیی لەناوچەکە پەرەی پێبدرێت.

بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات لەڕێگەی مۆدێلی بوژانەوەی ئابووری خاوێنەوە، لەبواری ووزەی خاوێن، گەشتیاریی کشتوکاڵی و وەبەرهێنان لەبەروبوومەکانی ئاژەڵداری سەرچاوەیەکی نوێکاری بژێویی و داهات و ئابووری ناوچەکە بخاتەڕوو. مەبەست لەم پڕۆژانەش تەنها تەنها دیوی ئابووری و قازانجکردنی ماددی نییە، بەڵکو هۆکاریکیش دەبێت بۆ ساڕێژکردنی برینەکان و بووژاندنەوەی ناوچەکە.

چۆن ڕۆژی ژینگە لەمانشێتەوە بگۆڕین بۆ کردار

لەسااڵنی ٨٠ کاندا، بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیای و بەزۆرەملێ چۆڵکردنی لادێکان و پڕۆسەی بەدناوی ئەنفال، باغ و بێستان و ڕەزو بەروبوومی دیکەی کشتوکاڵی ئەو لادێیانەش نزیک لەناوچوون چوون بەهۆی بێ خزمەتی و سووتاندنییان لەلایەن هێزە سەربازییەکان و جگە لەوەش ژەهراویی بوونی دارودرەخت و سەرچاوەکانی ئاوی ئەو ناوچانەی بەچەکی کیمیایی پێکرابوون.

بۆیە لەدوای هەر جینۆسایدێک، سەر لەنوێ ڕێکخستنەوەو پشتگیریکردنی دانیشتووانی ناوچەکە بۆ دەسپێکردنەوەی کاری باغداری و کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و پڕۆژەی دیکەی هاوشێوە دەبێت پشتگیری بکرێن تاوەکو بتوانرێت شوێنەواری ئەو زیانە ڕۆحی و ماددییانەی بەهۆی جینۆسایدەکانەوە ڕوویانداوە کەمبکرێنەوەو بە پڕۆژەی داهێنەرانەش لەبواری تەکنەلۆژی و گەشتیاری و ئابووریدا دەتوانرێت قەرەبوو بکرێنەوە. یەکێک لەو ناوچانەی کە بەر کیمیابارانو و ئەنفال و چۆڵکردنی زۆرە ملێی گوندەکانی

بۆتــەوە، ئــەوا ناوچــەی دۆڵــی بالیسان-ە .

لێرەدا پێشنیاز دەکەین چەند پرۆژەیــەکی دۆســتی ژینگــە لەناوچەکــە جێبــەجێبکرێت و لەگەڵ ئەو هۆکارانەش یەکانگیر دەبێت کە وەکو ڕێز لێنانێکیش ڕۆژی ١٦ی ٤ کراوەتــە ڕۆژی ژینگەو دەبێت ئەو بەخشینەش تــەنهاو تــەنها لــەچوارچێوەی نــەزەری و مانشێت نەمێنێتەوەو بــەکرداری پرۆژەکــانی ژینگــە لەناوچەکە ڕەنگ بداتەوە .

بۆ ئەم مەبەستەش ئەم پرۆژانە دەخەینەڕوو:

یەکــەم: بەرهــەمهێنانی کارەبــا لەڕێی ووزەی خاوێن

یەکێک لەو پرۆژانەی کە پێویستە پشتیوانی لێبکرێت و دەبێتە هۆی کارئاســانی و کەمکردنــەوەی بــارگرانی نرخــی کارەبــاش لــەداهاتوودا لەســەر گیرفــانی خــەڵکی، ئــەوا پەرەپێــدانی بەرهــەمهێنانی ووزەی خاوێنــە، لەم دوو ڕێگەیەوە:

- لەڕێگــەی پانێڵــەکانی تیشکی خۆرەوە

لــەبارەی پانێڵــەکانی تیشــکی خــۆرەوە، دەکرێــت داوا لەحکومــەتی ناوەندی بکرێت، بۆ ڕاسپاردنی بــانکێکی نیشــتیمانی عیراقی بۆ پێدانی پاڵپشتی دارایی و قــەرزی درێژخایــەن بــۆ دانیشــتووان و پرۆژەکــانی وەبــەرهێنانی ناوچەکــە بەمەبەســتی دامەزرانــدنی پانێڵــەکانی تیشــکی خــۆر بــۆ بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبا .

- لــەڕێی تۆربینــەکانی باوە:

بۆ دانانی تۆربینەکانی با، ئەوا دەکرێت ببێتە پرۆژەی حکومەت بــۆ دابینکردنــی کارەبــا بــۆ نەخۆشــخانەو خوێنــدنگاو فەرمانگــەکانی ناوچەکــە ئەگــەر گونجا بۆ ئەم شێوەیە.

ڕاهێنان بۆ چۆنییەتی کارکردن لەووزەی خاوێن

- دەکرێــت ڕاهێنــان بەژمارەیــەک دانیشــتووانی دۆڵــی

بالیسان بکرێت بۆ چۆنیەتی کار لەسەرکردن و چاکردنەوەو سیانەی پانێل و پرۆژەکانی ووزەی خاوێن و دەکرێت راهێنانەکە بۆ ژمارەیەکییان چڕتربکرێنەوەو ببنە سەرچاوەی کاریش بۆیان.

دەکرێت سالانە فێستیڤاڵی تریی رەش یا رەشمیری لەدۆڵی بالیسان سازبکرێت کە بەروبوومی زۆر و باوە، تێیدا زۆرترین بەرهەمی میوەجات و بەروبوومەکانی دیکەی خۆمالی تێدا نمایش بکرێت

▪ بەئەنجامدانی ئەم پرۆژەیەی بەرهەمهێنانی کارەبا لەڕێی ووزەی خاوێنەوە، هەم ناوچەکە دوور دەکەوێتەوە لە گازی ژەهراوی مۆلیدەکان و هەمیش وەکو ناوچەیەک کە ڕۆژی ژینگەی بەناوکراوە، لەگەڵ پەیامە ژینگەیەکەش یەکدەگرێتەوەو بەکردار لەگەڵیدا دەبێت و جگە لەوەش دەبێتە هۆکاریکی کاریبوژانەوەی ئابووری ناوچەکەش .

دووەم: گەشتیاریی کشتوکاڵی

گەشتیاری کشتوکاڵی یەکێکە لەمیتۆدە باوەکانی ئابووری سەردەم، دەکرێت لە چەند ناوچەیەکی بەئاوی دۆڵی بالیسان بەتایبەتی لەزینەتیرەوە بۆ گوندی دەراش ئەو پانتاییەی وەبەرهێنانی گەشتیاریی کشتوکاڵی تێدا بکرێت بەمشێوەیەی خوارەوە:

١) بونیادنانی گوندێکی کەلتووری و مێژووی، چەند خانوویەکی کەم، بەپێی دیزاینی سەردەمی کۆن و تێیدا کەل و پەلەکانی ژیانی ڕۆژانەو ئامێرە کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و کەرەستەکانی دیکەی بخرێنەڕوو.

٢) مەیدانی ئەو لادێیانە بکرێتە بازاڕێک بۆ ساغکردنەوەو فرۆشتنی بەروبوومی سروشتی (ئۆرگانیکی) ناوچەکە .

٣) دەکرێت چەند پارچە زەوییەک بۆ بەرهەمهێنانی بەروبوومە کشتوکاڵییە وەرزییەکانی تێدا بەرهەم بێت بەبێ بەکارهێنانی مەوادی کیمیایی بۆ سەرنجڕاکێشانی گەشتیاران.

٤) دەبێت ئەو پرۆژەیە، لەشێوەی پرۆژەی هاوبەشی نێوان وەبەرهێنەران و پشکێکی بۆ ئەو جووتیارە بێت کە سەرپەرشتی مەیدانی دەکات.

٥) حکومەت بۆ ماوەی چەند ساڵێک لێخۆشبوونی باج بۆ ئەو پرۆژانە دەربکات

٦) بەپێی پرۆژەی یەکەممان، کە تایبەتبوو بە بەرهەمهێنانی کارەبا لەڕێی ووزەی خاوێنەوە، یارمەتیدەرێکی دیکە دەبێت بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان.

٧) دەبێت ئەو باج لێخۆشبوون و ووزەی خاوێنە نەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی قازانجی خەیاڵی بەڵکو بۆ ئەوە بێت نرخی بەروبوومەکانیش گونجاو بێت.

کشتوکاڵی گەشتیاریی ماکینەیەک بۆ بەگەڕخستنەوەی کەلتوور

لەڕێی کشتوکاڵی گەشتیارییەوە دەکرێت کۆمەڵێک کارلێکی کەلتووری لێبکەوێتەوە و وەبیرهێنانەوەی ڕووداو و کارەساتە مێژووییەکان بەبیر گەشتیاران بخاتەوە بەمشێوەیە:

✓ کاتێک گەشتیاران ڕووەکەنە پرۆژەکانی گوندی

کشتوکاڵی گەشتیاریی، ئەوا ڕۆدەچنە واقیعی ژیانی لادێی کۆنی کوردو ڕاستەوخۆ دەتوانن خۆیان بچن هەنار یا هەنجیر یا تریکان بەدەستی خۆیان لێ بکەنەوەو ئەمەش دووبارە پەیوەست بوونە بەسروشت و یەکانگیریشە لەگەڵ پەیامەکانی ڕۆژی ژینگە.

✓ لەڕێی هاتنی گەشتیارانەوە، دەکرێت کارەساتی کیمیابارانو و چۆڵکردنی زۆرە ملێی لادێکان و ئەنفال دووبارە وەبیریان بخەیەوە.

✓ دەکرێت سالانە فێستیڤاڵی تریی ڕەش یا ڕەشمیری لەدۆڵی بالیسان سازبکرێت کە بەروبوومی زۆر و باوە، تێیدا زۆرترین بەرهەمی میوەجات و بەروبوومەکانی دیکەی خۆمالی تێدا نمایش بکرێت لەپاڵیدا چالاکی هونەری و میوزیک و هەڵبەستی کوردەواری پێشکەش بکرێت. (بۆ نموونە: لەدەوڵەتی ڕووانداو، دوای جینۆسایدەکانی ١٩٩٤، لەنێوان دوو پێکهاتەی وولاتەکە ڕوویدا، لەئێستادا گەشتیاری گۆڕیڵا شێوەیەکی جیهانی وەرگرتووە).

سێیەم: پڕۆژەی ئاژەڵداری و شیرداری

ئەگەر لەنەخشەی دۆڵی بالیسان ووردبینەوە، ئەوا ڕێگایەکی زیاتر لە ٩ کیلۆمەتری دۆڵەکەی شەق کردووە، ئەگەر تەنها ٧ کیلۆمەتر پانی وەربگرین وەکو خەملاندنێک بە وەرگرتنی پانتایی و ڕوبەری بناری شاخەکانی چواردەوری، ئەوا ٦٣ کیلۆمەتر دووجا لەوەڕگەو پانتاییت هەیە بۆ وەبەرهێنان لەبواری ئاژەڵداریدا و بۆ ئەم مەبەستەش حکومەت دەتوانێت سوودی لێ ببینێت بە دوو شێواز :

- یەکەمیان: وەکو پڕۆژەیەکی وەبەرهێنان بۆ بەرهەمەکانی شیرەمەنی
- دووەمیان: پڕۆژەیەک بۆ بەرهەمهێنانی گۆشتی سوور بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان، هەر مانگایەک سالانە لەنێوان ١٥٠٠ بۆ ٢٥٠٠ لتر شیر بەرهەمدێنێت. بزن ١٥٠ بۆ ٣٠٠ لترو مەڕ ٥٠ بۆ ١٥٠ لتر شیر بەرهەم دێنن. هەروەها بۆ ئەو ڕووبەرەی وەکو خەملاندنێک دانراوە بە ٦٣ کم٢ ئەوا دەتوانرێت هەزار مانگا و ٤ هەزار بزن و ٤ هەزار مەڕیش شوێنی لەوەڕی بۆ دابنرێت و بەخێو بکرێت (ئەمەش بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان: مانگا ١.٥ بۆ ٣ هێکتارو بۆ هەریەکە لە بزن و مەڕ ٠.٦ هێکتار).

ئەگەر بەتەنها مانگا وەکو پڕۆژەی وەبەرهێنان وەربگرین، ئەوا سالانە دەتوانرێت زیاتر لە یەک ملیۆن و نیو لیتر شیر بەرهەم بێت و بەزیادکردنی شیری بزن و مەڕیش دەگاتە سەرووی دوو ملیۆن و نیو لیتر. دەکرێت ئەمەش تەرجومەی کۆمەڵێک بەروبوومی سپیاتی وەکو ماست و پەنیرو شیر بکرێت و هەر لەچوارچێوەی گونجاوی گەشتیاریی کشتوکاڵیشەوە بەبازاڕ بکرێت. جگە لەوەش، دۆڵی بالیسان لەڕووی پێگەی جوگرافیشەوە، شوێنەکەی زۆر باش و گونجاوە بۆ بە بازاڕ کردن، تاڕادەیەک لەنێوان سەعاتێک کەمتر بۆ سەعاتێک و بیست دەقیقە لەناوەندی شارەکانی هەولێرو سۆران و ڕانییە دوورییەکەیەتی و ئەمەش هۆکارێکی دیکە دەبێت بۆ سانا گەیاندنی بەروبوومەکان لەکاتی خۆیدا.

بۆ ئەم پڕۆژەیەش پێویستی بەپاڵپشتی حکومەتی هەرێم لەڕووی کەمکردنەوەی باج و پاڵپشتی حکومەتی عیراق بۆ

پێدانی سلفەو قەرز بۆ بونیادنانی پرۆژەی وەبەرهێنان لەبوارەکەدا. بۆ سەرکەوتنی ئەو پرۆژەیەش، دەبێت دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتی کشتوکاڵی هەریەم هەماهەنگی بکەن بۆ هاندانی وەبەرهێنەران بۆ وەگەڕخستنی سەرمایەکانیان لە پرۆژەی لەو شێوەیە. هەروەها گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی عیراق بۆ دەستەبەرکردنی پاڵپشتە داراییەکان لەڕێی بانکە نیشتیمانییەکانی عیراقەوە.

دەرئەنجام

دەکرێت و دەرفەتی زۆریش هەیە فرمێسکەکانی بەهۆی گازی ژەهراوی چەکی کیمیاویی ڕژێمی سەددامی دیکتاتۆرەوە بگۆڕدرێن بۆ دەرفەتی پێچەوانەی ژیانەی ئاشتییانەو بۆژانەوەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بونیادنانی بناغەیەکی پتەوی گەشتیاری کشتوکاڵی. ئەم پرۆژانە جگە لەوەی دەبنە هۆی بۆژانەوەی ئابووری، لەڕووی کەلتووری و مێژوویشەوە بایەخ و گرنگی خۆیان دەبێت و سالانەش لەڕێی فێستیڤاڵی تریی ڕشمیرییەوە هەم خەڵکی ئاشنای کاری جووتیاری دەبنەوەو هەمیش تامی بەروبوومی خۆماڵی وسروشتی دەکەنەوە .

لەڕێی بونیادنانی سەرچاوەکانی ووزەی خاوێنیش، ئەوا پەیامی ڕۆژی ژینگە لەمانشێت و قسەی ناو کتێبەکانەوە دەهێنێتە وە ناو واقیع و بەکردەیی ئەو پەیامە دەسەلمێنێت و بۆ یادەوەری خەڵکیش گرنگە دوورکەوتنەوە لەهەرجۆرە گازێکی ژەهراوی چونکە یادەوەری ناخۆش دێنێتەوە بیری خەڵکی ناوچەکە . پرۆژەیەکی ئابووری بێ کەموکوڕی نییەو دەکرێت کەم و زیاد بکرێت، بەڵام ئێستا تۆپەکە لەمەیدانی وەزارەتی کشتوکاڵی هەریەم و دەستەی وەبەرهێنانەو لایەنی دووەمیش حکومەتی عیراقە بێتە مەیدان، بۆ قەرەبووکردنەوەیەکی بچووکی ئەو تاوانە گەورەیەی کە حکومەتی عیراقی ئەوکات لەساڵانی ١٩٨٠ کان ئەنجامیداوە. بۆیە ئەم بۆژانەوەی ئابووری ناوچەکە، کە دۆستی ژینگەش بێت، ئەوا ئەرکی سەرشانی هەردوو حکومەتە .

باڵندەکانی خۆشناوەتی

سولەیمانم هەواڵی موری پرسیم

لەناوی ئەمثالم ئەز هودهود لە طەیران

مەحوی

هەکار تەها

چەند جار لە قسەی ڕۆژان، لە هەقایەتی شەوان، لەنێو کتێبان، لە بەیتە شیعرێکی، ناوی باڵندانمان گوێ لێ ئەبی. کەچی، ئەورۆ، کەمتر بەرەوڕوو و لەناو تەبیعەتدا ئەو باڵدارانە ئەبینین یان ئەیانناسینەوە. ئەو بابەتە وەک ئاگەزووداریک نەک شارەزایەک، هەوڵێکە بۆ وێنەگرتن و ناسینەوە و بڵاوکردنەوەی وێنەی مەلانی دۆڵی باڵیسان لە خۆشناوەتی... بەداخەوە لە دوای کیمیابارانی دۆڵی باڵیسان ڕێژەی ئەو باڵندە هەمەچەشنانە کەم بوونەتەوە، هەتا وەک ئەوەی باس دەکرێ هەندێکیان نەماون یان بەتەواوی تۆراون لە ژینگەی ناوچەکە.

باز

ناو (خۆشناوەتی): باز

ناو (کوردیی ناوەندی): باز، شمقار

ناو (ئینگلیزی): Long-legged Buzzard

ڕەشۆرە



ناو (خۆشناوەتی): ڕەشۆرە

ناو (کوردیی ناوەندی): شالوور

ناو (ئینگلیزی): Mistle Thrush

سەرنج: لەبارەی ئەم تەیرە پرسیارم لە نووسەر و فۆلکلۆرناسی خۆشناوەتی کاک محەمەد جەمال توتمەیی کرد، وا لێرە، بە سوپاسەوە، وەڵامەکەی ئەنووسمەوە: "جۆرێکە لە بولبول، شالووری پێ دەڕێن. بەهاران تاکوو نزیکی هاوینان دەخوێنن، بەیانیان بەتایبەتی، کە شەویش ڕاشکا دەخوێنن. دەنگیان گەلێک

خۆشە. جاران ئەیان گۆتنێ رەشۆرە، بەڵام رەشۆرە نین. نەوعەکی دیش هەیە ڕەنگیان زەردە ئەیانرێنێ زەردۆرە. رەشۆرە لەلای مە (خۆشناوەتی) نینە، بەو شالوورانەیان ئەگۆت رەشۆرە."

قەلەباچکە

ناو (خۆشناوەتی): قەلەباچکە

ناو (کوردیی ناوەندی): قشقەڕە، قەلەباسک

ناو (ئینگلیزی): Common Magpie



قەلەبەرخۆلە

ناو (خۆشناوەتی): قەلەبەرخۆلە

ناو (کوردیی ناوەندی): قەلەبەڵەک

ناو (ئینگلیزی): Eurasian Jay

کلک تەکێنە

ناو (خۆشناوەتی): کلک تەکێنە

ناو (کوردیی ناوەندی): کلک تەقێنە، کلک هەڵتەکێنە، کلک هەڵسەنگێنە

ناو (ئینگلیزی): White Wagtail

کویت

ناو (خۆشناوەتی): کویت

ناو (کوردیی ناوەندی): دارکۆرینە؛ دارکونکەرە

ناو (ئینگلیزی): Syrian Woodpecker

سەرنج: پیتی (ک) لەم وشەیە وەکوو پیتی (ک) لە وشەکانی کوێرەوەری، کوێستان، کێ، کێو و کێلەشین گۆ ئەکرێت.

دوا دێڕ

نەوەی دوای تراژیدیا

حەیدەر عەبدوڵڵا

نەوەی پاش کیمیاباران، نەوەی هیوا و گۆڕانکارییە. ئەوان دەتوانن بە هێزی یادی ڕابردوو و ئێرادەی پۆتیاتێنانی داهاتوو، کۆمەڵگەی کوردی بەرەو ئاشتی و ئاوەدانی و دادپەروەری ڕابکێشن.

کات دەڕوات و ڕووداوەکان دەچنە باوەشی فەرامۆشی، بەڵام هەندێک مەرگەسات هەن لە یادەوەریدا دەمێننەوە و دەبنە بەشێک لە بوونمان.

ئەنفال و کیمیاباران، دوو کارەساتی جەرگبڕ و ناخەژێن، تەنێ ڕابردوو نین، بەڵکوو ئێستا و داهاتووشن، ئاسەواریان هێشتا لە ژیانی نەوەی ئەمڕۆماندا دەزرینگێتەوە. نەوەیەک ڕاستەوخۆ ئەو ڕۆژگارە تاڵانەیان نەبینیوە، بەڵام زامی بریندارییان لە ڕێگەی گێڕانەوە و یادەوەرییەکانەوە هەست پێدەکەن.

ئەم نەوەیە، نەوەی پاش کیمیاباران، میراتگری زامێکی نەسڕەوتوون. ئەوان لە کۆمەڵگەیەکدا چاویان هەڵهێناوە کە هێشتا شیرازەی دەروونی لێک پچڕاوە، لەناو چیرۆکە تاڵەکانی دایک و باوک و کەسوکارەنیاندا، تراژیدیاکەیان دیوە.

ئەم گێڕانەوانە دەبنە بەشێک لە ناسنامەی ئەوان، هەستی نەتەوەییان بە خەم و پەژارە ڕەنگڕێژ دەکەن.

لە هەردوو گوندی شێخ وەسان و باڵیسان و دەوروبەریان، کە گورزی گەورەیان بەرکەوتووە، نەوەی پاش کیمیابارانی ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبنەوە. ئەوان لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین کە هێشتا زامەکانی سارێژ نەبوون، ئاسەواری دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەنفال و کیمیاباران هێشتا بەردەوامن. هەژاری و نەداری، بێکاری و بێ دەرفەتی، کەمیی خزمەتگوزارییەکان و ڕەنجەڕۆیی دەروونیی مەرگەساتەکە، هەموویان کۆسپن لەبەردەم گەشەسەندنی ئەم نەوەیە.

نەوەی پاش کیمیاباران، گوێیان لە هاواری بێدەنگی دڵانی دایکان لە شێخ وەسان و باڵیسان بووە، ژنانی ڕەشپۆش، کە چاوەڕوانییەکی بێ ئاکام بۆ گەڕانەوەی ئازیزانیان دەکەن. ئەوان گوێیان لە نالەی جەرگبڕی دایکان و خوشکانی ئەنفالکراو بووە، نالەیەک کە نەوە لە دوای نەوە دەگوێزرێتەوە. ئەوان شاهیدی ڕژانی ئەسرینی چاوەڕوانی و بێ ئومێدی بوون،

ئەسرینی ژنانی وەک ئەو دایکەی هەموو ئێوارەیەک جێگە بۆ ڕۆڵەکەی ڕادەخات، بە هیوا و ئومێدی گەڕانەوەیەک کە هێشتا دیار نییە.

ئەم نەوەیە گوێیان لە داستانی ژنێک بووە کە هەموو کەسوکارەکەی لە ئەنفالدا لەدەست داوە، تەنیا خۆی لەناو خێزانێکی گەورەدا ماوەتەوە. گوێیان لە تراژیدیای ژنە بووکێنییەکەی بالیسان بووە، کە خەونەکانی لەگەڵ ئەنفالدا نێژران. گوێیان لە دەربڕینی ژنە ڕەشپۆشەکەی شێخ وەسان بووە، کە خۆی بە "سێبەری بوون" وەسف کردووە. گوێیان لە چیرۆکی ژنەکەی پێڵاوی باوکی ئەنفالکراوی لە ئامێز گرتووە بووە، پێڵاوێک کە بۆ نەوەی داهاتوو بووەتە یادگارێکی بەنرخ و نیشانەی وەفاداریی.

نەوەی پاش کیمیاباران، لەگەڵ ئەم چیرۆکە جەرگبڕانەدا گەورە بوون، ئەم چیرۆکانە بوونەتە بەشێک لە ناسنامەیان و هەستی بەرپرسیارێتییان بەرامبەر بە یادەوەریی قوربانییان و ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی مەرگەساتی هاوشێوە چڕتر کردووە. ئەوان دەزانن کە ئەنفال تەنیا ڕووداوێکی مێژوویی نییە، بەڵکوو زامێکی بریندارە لە جەستەی کۆمەڵگەکەیاندا، ئەوان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە ساڕێژکردنی ئەم زامە و بونیاتنانی داهاتوویەکی گەشتر.

ئەرکی نەوەی پاش کیمیاباران ئەوەیە کە یادی ئەنفال و کیمیاباران بە زیندوویی بهێڵنەوە، نەهێڵن مەرگەساتەکان لەبیر بکرێن. ئەوان دەبێت دەنگی قوربانییان بگەیەنن بە جیهان، داوای دادپەروەری بۆ قوربانییان و سزادانی تاوانباران بکەن. ئەوان دەبێت تێبکۆشن بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگەیەک کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت و ڕێگە نەدات جینۆساید و مەرگەساتی هاوشێوە دووبارە ببنەوە.

حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەرپرسیارێتییەکی گەورەیان لە پشتیوانیکردنی نەوەی پاش کیمیاباران هەیە. پێویستە بەرنامە و پڕۆژەی تایبەت بۆ پشتیوانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەم نەوەیە دابنێن، هەروەها دەرفەتی خوێندن و کارکردن و پێشکەوتنیان بۆ بڕەخسێنن. هەروەها پێویستە کار بکرێت بۆ بە جینۆسایدناساندنی ئەنفال و کیمیاباران لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی مەرگەساتی هاوشێوە لە هەموو جێیەکی جیهاندا.

نەوەی پاش کیمیاباران، نەوەی هیوا و گۆڕانکارییە. ئەوان دەتوانن بە هێزی یادی ڕابردوو و ئیرادەی بونیاتنانی داهاتوو، کۆمەڵگەی کوردی بەرەو ئاشتی و ئاوەدانی و دادپەروەری ڕابکێشن. پێویستە هەموومان پشتیوانیان بین بۆ ئەوەی بتوانن ئەم ئەرکە مەزنە بە سەرکەوتوویی ئەدا بکەن.



مێژوو ناتوانێ لە بیرتان کا...

موحەممەدی مام صالحی بالیسانی، پیاوی رۆژانی تەنگانەو کەسی بێکەسان، ئەو پیاوەی لە رۆژانی کیمیاباران و دوای کیمیاباران فریاد ڕەسی بەشێکی زۆر لە بریندارانو بەرکەوتووان بوو.

ŞAZDEYI ÇWAR

NO.11 APRIL 2025

دواهەمین شەهید